# کردنەوەی دەقەکان

# کردنەوەی دەقەکان

## حەمە کەریم هەورامی

## بەشی سێیەم

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کردنەوەی دەقەکان** (بەشی سێیەم)
- **نووسین: حەمەکەریم هەورامی**
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران رواندزی
- بەرگ: رێمان
- نرخ: (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار
- چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٣
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٩٧٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

**زنجیرەی کتێب (١١٢٤)**



**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


شۆڕشە ڕوشەنگەریەکەی هەورامان ........................ ٩
فەلسەفەی پەروەردە ........................ ٣٢
یاڕسان ........................ ٦٢
دۆزیمەوە ........................ ٨٩
ئەلف و بێکەی ئیبراهیم باڵدارو ڕێگەکانی فێرکردنی ئەلف و بیێ ی ...... ١٠٤
پەی بەهەست کردن ........................ ١١٩
بیرکردنەوە ........................ ١٢٥
ئەندێشەو جۆرەکانی ........................ ١٢٩
سێ لایەنەی کەسێتی مرۆڤ ........................ ١٣٣
گونجاندن ........................ ١٤١
زمان چۆن داهاتووە ........................ ١٤٨
چاوی بەد .. ئەفسانەی چاو ........................ ١٥٧
پێکەنین ........................ ١٦٦
ڕێزنان .. یان ڕێزلێوەرگرتن؟ ........................ ١٧٤

## پێشەکی...

**ئەمە بەشی سێیەمی (کردنەوەی دەقەکانە).**

**ئەم بەشەش وەك دوانەکەی پێشو هەوڵدانێکە بۆ پەردەلادانەوە لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی دەقگرتووی وا بافتی ئەوەن خوێندەوارانی کورد لێیانەوە دوورنەبن، مەبەست لە لادانەوەی پەردە لەسەر ئەو دەقانە هێنانە پێشەوەی چەند فاکتەرێکی رۆشنبیرییە کە لەناو گەنجینەی بیری رابردووماندا ماونەتەوەو بەکار نەخراون، دەشێ خوێندەواری کورد بگەڕێتەوە ناو ماڵی خۆی و لەگەڵ رابردوی خۆیدا ئاشت ببێتەوەو پشت لە بێگانەو ڕوو لەخۆی بکات، ئەوەی دەیدووڕێتەوە و ئەوەی دەیچنێتەوە بیخاتە سەرکۆگای هزری نەتەوەکەی، بەو جۆرە دەتوانین وەك میللەتانی سەر رووی گێتی خاوەن پێگەی رۆشنبیری بەرفرانی تایبەت بەخۆمان بین، خۆ ئەگەر ئەوەی هەمانەو ئەوەی هەمان بووە کۆی بکەینەوەو بیانپارێزین ئەوکات خۆمان لەبەردەم سامانێکی هزری و مێژووی لە بن نەهاتوودا دەبینینەوە.**

**جگە لەو مەبەستانە، لەم بەشەدا ئەوەشمان مەبەست بووە کە ئەم بەشەی دەقەکان وەك کەرەسەیەك بۆ خوێندنەوە پێشکەشی خوێنەرانی دەکەین، داوای لێبوردنیان لێ دەکەین چاوپۆشی لە هەڵەکان بکەن، چونکە ئەمە دوا بەرهەمی تەمەنە.**

**٢٠٢٣/٧/١**

# شۆرشە ڕوشەنگەریەکەی هەورامان

## (١)

لەخەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابەوە بیگرە تا دەگاتە کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی کە لەو سەدەدا (بابا تاهیری هەمەدانی ـ ٩٣٥ ـ ١٠١٠) دەرکەوتووە، لەوماوەدا لە کوردستاندا جگە لەپارچە شیعرەکەی هورمزیار نەبێ کە نموونەی دڕندەیی عەرەبان دەخاتەڕو هیچ سۆراخێکی تری کەلتووری کوردی ناکرێت، ئەو کەمە شیعرە پەند ئامێزانەش کە هەبوون و بەهی پیرشالیاری زەردەشتی دەناسران و خەڵك سنگ بە سنگ دەیانگواستنەوەو لەبەر ئاگرداندا دەخوێنرانەوە، ئەوانیش لەو ماوەدا کپکرابوونەوەو ریێ ی وتنەوەیان لێ گیرا!.

ئەوەی لەو ماوەدا قوتار ببوو حەپەسابوو، زمانی حاڵی دەیووت: ئەوە چۆن ئەو پێپەتیانە وا غەڵەبەیان کرد؟.

هەرگیز ئەوە بەبیرکەسدا نەدەهات ئەوانە بگەنە ئەو ئاستە بتوانن واخۆ دەربخەن.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکەی جارانی خەڵکە داگیرکراوەکە لەهەموو رووێکەوە شیرازەی پسابوو خەڵك پەشێوو سەرگەران ببوون، دنیای تاریکیان شەوەزەنگ بوو، ئەوەی لەکوشتن یان لەیەخسیربوون دەرباز ببوو نەی دەزانی قوڕی کویێ بەسەر خۆیدا بکا، کەسەکانی، منداڵەکانی چییان بەسەرهات! داخۆ کوژرابن؟ یان گیرابن و لەبازاڕی کۆیلە فرۆشاندا هەڕاج کرابن؟ ئاوا ئەوەی مابوو بێدەرەتان و داماگ، هانا بۆلای کێ ببەن!. چارە نەمابوو، یان ئەمەبوو خۆی ڕادەستی ئەو دۆخە تاڵە بکات یان سەر بۆ کۆلەمەرگی دانەوێنی کە باجەکەی لەخۆی سەختترە، ئەوەش کەوتنە نێوان دوو بەردەئاشە، ژێرهارەکەی وازهێنان بوو لەو کەلتوورەی کە لەسەری دەقیان گرتبوو سەرهارەکەی خۆگونجاندن بوو لەگەڵ کەلتوورە خوێناویە هاوردەکەی دوژمندا.

ئەو عەرەبە تالاَنچیانە بەفەرمانی عومەر هاتبوون، بۆ تالاَنی ڕوویان کردبووە ڕۆژهەلاَتی ڕووباری دیجلە کە دەڤەری گوڵاڵەو گەرمەسێرو نەهاوەندو شارەزووری دەگرتەوە، وای تێگەیاندبوون: ئەگەر بکوژرێن شەهیدن، لە بەهەشتدا پاداشتیان حورو غیلمانە، ئەگەریش نەکوژرێن ئەوا بە دەسکەوتی ئەنفال و کەنیزەکی یەخسیرکراوەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە لەپەلاماردانیدا هیچ سڵیان نەدەکردەوە، لەکوشتن و بڕین و سووتاندن چیتریان نەدەزانی، کیژۆڵەیەکی بێ ئەژماریان یەخسیرکردوو لەناوخۆیاندا بەشیان کردن، بەشی خەلیفەش بەجیا ڕەوانەی مەدینەکران، لەتالاَنیش بەشی بەیتولمانیش دانرا.

لەوساوە تا ئێستا هەر نەقارەی ئەو تاریکە شەوەمان بۆ دەژەنن، بەری ڕووناکی بەرنادەن، چۆن مێشکی خەلکیان قاندا هەروا بەسڕی ماوەتەوە.

ئەوەی ئەوان کردیان لەمیتۆدی ئیسلامی پیرۆزەوە دووربوو.

## (٢)

ئەو پێشەکییەی پێشەوەمان بۆیە هێنایەوە هەتا وێنای ئەو زەمینە بکەین کە غەزاکارانی عەرەب چتۆ زەمینەیەکی وشك و ڕەقیان بەدوای غەزا کردنەکەیاندا لە وڵاتی کوردانا سازدا، خستنەڕووی ئەو زەمینەڕووتە سووتاوە بۆ بابەتەکەی ئێمە پێویستە، زەمینەکە پاشماوەی ئەو کارەساتەبوو کەهات دەستی نەپاراست تەڕو وشکی پێکەوە گڕتێبەردەدا بۆ ئەوەی جارێکی تر هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی خۆماڵی تێیدا سەوز نەبێتەوە !.

نزیکەی پێنج سەدە ئەو زەمینە وەك خۆلەمێشی بەسەردا کرابێ وەها مایەوە، لەهیچ لایەکەوە ئاوازی بەیتە شیعرێکت بەرگوێ نەدەکەوت، ئەوەی مابوو ئەو هەستە وردانەبوون کە لەناخی کەسانی ستەمدیدەدا خپ ببوون، بەتەواوای نەخنکابوون،

چاوەڕوانی دەرێکیان دەکرد بۆیان بڕەخسێ و هەناسەی تێدا بدەن و بجولێن و لەسەر بنجی خۆیان بڕوێنەوە، دیارە (گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە).

لە وڵاتی کوردان و ئەو وڵاتانە کە بەر هێرشی غەزاکارە عەرەبەکان کەوتن وەك پشتی ساجێکی رەش هەڵگەڕان، هەرچی بنکەی ڕووناکبیری ئاینی هاوچەرخیان هەبوون هەموو خۆڵیان بەسەرداکراو تروسکەیان لێبڕا.

جاران ئاتەشگەی زەردەشتییەکان هەبوو تروسکەی رووناکبیرانی لێوە دەبینرا، لەتەك کوژاندنەوەی ئاگرو تێکدانی ئاگردانەکەیان و ڕاونانی موغەکانیان دامودەزگایان پێچرایەوە، بەهەمان جۆر ئاوازی گێڕانەوەو خوێندنەوەی ئینجیلەکانی مەسیحیش هەرزو کپکرانەوە، گریان فرمێسك رشتن بەسەر سیفرەکانی تەوراتیشدا بەتەفروتوناکردنی مالوومە جووەکانیش وشکیان کردو لەگەڵ بێسەرو شوێن بوونی هەوارکەی ئەسکۆلەکانیاندا مەحف بوونە، ئیدی ئەو وڵاتانە وەك هەوارگەی چۆلێ ئاو لێبڕاویان لێ هات.

لەسەدەی یانزەهەمی زایندا بە بنیاتنانی مزگەوت لە کوردستاندا جۆرە خوێندنێك سەری هەڵدا، هەرچەند خوێندنەکەی غەوارەبوو وەلێ تروسکەیەکی رۆشنبیری لێ بەدی دەکرا، ئەو مەلایە کەفێری قورئان خوێندنەوە ببوو لەکەنارێکی مزگەوتەکەیدا سوختەخانەیەکی بۆ خوێندنی قورئان دامەزراند، لەپێشەوە منداڵانی فێری ئەلف و بێی عەرەبی دەکردن بۆ ئەوەی بتوانن سیپارەی قورئانەکانیان بەسایەو حونجە بخوێننەوە، مەبەستی سەرەتاو بنەتا لە فێربوون لە سوختەخانەدا فێربوونی خوێندنەوەی قورئان بوو، گرینگ لە فێربوونەکەدا دەربڕینی ئاوازە جەنائیزیەکەی[1] خوێندنەوەکەبوو.

دوای رۆژگارێك مزگەوت لەگەلێ شوێندا بنیات نران، سوختەخانە بوو بەحوجرە کەنموونەی ئەو (کتاتیب)انەبوو لەبەغداو لەهەندێ وڵاتانی ئیسلامدا لە گۆشەیەکی

---

[1]- بڕوانە: (اربیل فی عهد الاتابکی) د. محسن محمد حسین ـ مطبعة اسعد ـ بغداد ١٩٧٦. هەروەها (اربیل فی مختلف العصور) عباس العزاوی. الطبعة الاولی بغداد (٢٠٠١) ل ( ٦٨ ـ ٧٠).

هەروەها بڕوانە: (مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا) ل (٢٧٨ ـ ٢٧٩) بەرگی یەکەم چاپی یەکەم (٢٠٠٨) هەولێر.

مزگەوتدا کرانەوە، ئەو زانستانە کە خزمەتی زمانی عەرەبی و قورئانی دەکرد تیایدا دەخوێنران بەتایبەتی خوێندنی (النحو) و ئەو هونەرە زمانەوانییانە کە پەیوەندیان بە زمانی عەرەبییەوە هەبوو، وادەزانرا ئەو زانستانە نهێنییەکانی زمانی عەرەبی لەناو قورئاندا بۆیان کەشف دەکەن.

ئیدی خوێندنی زمانی عەرەبی باڵی بەسەر خوێندنی حوجرەدا کێشاو بوو بەتاکە مەبەستی، مەلا سەرپەرشتیاری مزگەوت بوو هەر ئەویش خۆی بەرپرسیاری حوجرە دەزانی، خوێندکارانی حوجرەیان بۆ ئەوە پێڕادەگەیاندن تا پارێزگاری ئاین و قورئان بکەن.

حوجرە لەوڵاتی کورداندا وەك قوتابخانەیەکی تایبەت بەکوردان خۆی لە کتاتیب جیاکردەوە، بەڵام مەبەستە سەرەکییەکەی هەر خزمەتی قورئان بوو.

حوجرە قوتابخانەیەکی لامەرکەزی بوو لەژێر دەسەڵاتی هیچ لایەنێکدا نەبوو، کۆمەڵە یاساو نەریتێکی تایبەت بەخۆی بەڕێوەی دەبرد.

**(٣)**

بەڵێ حوجرە وەك قوتابخانەیەکی کوردی دوای چەند ماوەیەك موسڵمانکردنی وڵاتی کورداندا پەیدابوو، حوجرە لەپێشەوە سوختەخانەبوو، تەنیا بۆ فێرکردنی قورئان خوێندنەوە تەرخانکرابوو بەڵام دوای دوو سەدەی لە مێژووی کۆچی بزووتنەوەی نووسین و بەرهەمدان و دانانی کتێب لە وڵاتی ئیسلامدا پەرەی سەندو چەندان زاناو شارەزا لە زمان و هزری یۆنان و حیکمەت و فەرهەنگی میللەتانی وەك فارس و هیندو رۆمان و سریان هاتنە ناو موسڵمانان، بۆ پشتگیری لە ئیسلام هاندران ئەوەی دەیزانن وەریگێڕنە سەر زمانی عەرەبی، لەمەوە شەپۆلێکی نووسین و داهێنان سەریان هەڵدا، کاریان کردەسەر مەلای مزگەوتەکان و دەرچوانی سوختەخانەکان، مەلاکانی هەڵنا کە لەشتە تازەکان دوورە پەرێز نەبن و سوختەخانەکان هەر لەناو پەروازەی قورئان خوێندنەوەدا قەتیس نەکەن، بۆیە ئامێزیان بۆ شەپۆلەکە کردەوە، لەمەوە مزگەوتەکان

کەرەسەی نوێیان بۆ خوێندن هێنایە ناو مزگەوتەوە، سوختەخانەکان جۆرە گۆڕانێکیان بەسەرداهات، لە جغزە تەسکەکەی خۆیان چوونە دەرەوەو بوون بە (حوجرە) بوونیان بەحوجرە لەپەنای مزگەوتدا پایە بەرزییەك بۆ ئەو مەلایە کە سەرپەرشتیاری بوو، لەگەڵ هێشتنەوەی فێرکردنی قورئاندا قوتابییەکانی فێری رێزمان و وردە ڕەوانبێژی عەرەبی دەکردن، بۆ ئەوەی توانای بەرگریان لە ئایندا بەهێزبێت، هەرلەو دەمەشدا کەسوختەخانەکان کەوتبوونە بەرکاریگەری گۆڕان لە دەوروبەری وڵاتی کورداندا کۆمەڵە مەلایەك پەیدا ببوون لەو زانستانەدا کە خزمەتی زمانی عەرەبی و قورئانیان دەکرد بەرهەمەکانیان لەمزگەوتەکاندا بڵاوبوونەوە، مەلاکان لەبەریان دەگرتنەوەو خۆیان فێریان دەبوون و شاگردەکانیشیان هەڵ دەنا بیانخوێنن، ئەمە جۆرە پرۆگرامێکی رەخساندو سوختەخانەی کرد بە (حوجرە)و فەقێ پەیدابوون، خوێندن بەرفراوان بوو، مزگەوت وەك پەرستگای ئاینەکانی دیکە مشتومالّی خۆی دا، حوجرە وەك دەزگایەکی خوێندنی سەردەمی خۆی لەکەنارێکی مزگەوتدا، دامەزرا، لەوساوە مزگەوتیش لە کوردستاندا بوو بەشوێنی خواپەرستی و حوجرەش لەپەنایدا بوو بەقوتابخانەیەك بۆ خوێندنی شەریعەت و ئەو زانست و هونەرە زمانەوانیانە کە خزمەتی زمانی عەرەبیان دەکرد.

هاتنە ئارای حوجرە نەبوو بەهۆی نەمانی سوختەخانە، بەڵکو وەك سەرەتایەکی خوێندنی بنەڕەتی حوجرە مایەوەو لەکاری خۆی نەکەوت، ئەوکەسانەی کە هەموو کتێبەکانی حوجرەیان دەخوێند دەبوون بە مەلای دوانزەعیلم، مافی ئەوەیان هەبوو ببن بەمەلای خاوەن فتواو کاربەدەستی کاروباری ئاینی، ئەوانەش کە تەنیا خوێندنی قورئان و کەمێ وردە کتێبی پەیوەنداری ئاینیان دەزانی، پێیان دەوترا کۆلکەمەلاو دەبوونە مامۆستای سوختەخانەکان.

لەوساوە مزگەوتەکانی کوردستان بوون بە بنکەی خوێندن، دەنگی خوێندنێکی نافامی غەوارەیان لێوە دەبیسرا.

لەهەر شوێنێ مزگەوت و مەلای دوانزەعیلم هەبوایە، بەڕەزامەندی خەڵك و سەردارو دەمڕاسانی ئەو شوێنە فەقێیان بۆ مەلا رادەگرت، مەرج نەبوو فەقێیەکان خەڵکی ئەو شوێنەبن، بەڵام سوختەخانەکان تەنیا بۆ منداڵانی ئەو شوێنە بوون.

له حەفتەدا رۆژانی هەینی و سیٚ شەممە پشووی خوێندنی حوجرە بوو، حوجرە تاكە بنكە نەبوو تروسكەی رووناكبیری بگەیەنیٚ، بەڵكو دەنگێكی تر ئاستەم هەبوو كە ورشەی رووناكبیری لیٚ بەدی بكریٚ و مێشكی خەڵك زاخاو بدات و هۆشیاریان بكاتەوە، ئەوەش ئەو دیوەخان و چفات و خڕبوونەوەی دەوری ئاگردانەكانی شەوانی زستانان بوو كەچیرۆكی بەر ئاگردان و چیرۆكی شیعریان تێدا دەگێڕدرایەوە، خەڵك بەتاسەوە گوێیان بۆ ڕادەگرتن، ڕووداوی چیرۆكەكانیان دەدایە بەر خەیاڵ و ئەندێشەیان و خەم و مەترسیەكانی خۆیان پیٚ دەڕواندەوەو ئەزموونی خۆیان لەتەك ئەزموونی پاڵەوانانی چیرۆكەكاندا بەراورد دەكرد، لەوەوە هۆشی گوێگران دەكرایەوەو شتی نویٚ ی وەردەگرت.

هەرچەند كاری ئەو شوێنانە بۆ بەبادانی خەم و هەمی رۆژگاربوو جۆرە هوشیارییەكیشیان دەخستە ناو مێشكەوە، كە ئەوجۆرە هوشیارییە لەخوێندنی حوجرەدا بەدی نەدەكرا، چونكە حوجرە كراوە نەبوو بەسەر خۆیدا چەما بووەوە.

بەكورتی لە وڵاتی كوردەواری ئەوسادا دوو شوێن هەبوون تروسكەی رۆشنبیریان لیٚ بەدی بكریٚ: حوجرەو ئەوشوێنانە كە حكایەتخوانەكان چیرۆكە شیعرو چیرۆكەكانی بەر ئاگردانیان بۆ خەڵك دەخوێندنەوە.

خستنەڕووی ئەو زرووف و بارودۆخەی كە وڵاتی كوردانی پاش غەزاكردنەكەی ناوچەكانی گەرمەسێرو رۆژهەڵاتی دیجلە، لەوساتەوە تا دەگاتە سەدەی هەژدەمی زاینی، بۆ ئەوەی سەرهەڵدانی شۆڕشە رۆشنگەریەكەی هەورامان باش وێنا بكریٚ و بخرێتە بەرچاو، پێویست بوو بەو جۆرەی سەرەوە وێنەیەكی ئەو سەردەمە پیشانبدریٚ، ئەو كەمە گۆڕانكاریانەش كەهاتنە پێشەوە، كاری ئەرێنی ئان نەرێنیان لە بەرپاكردنی شۆرشەكەدا هەبوو پێویست بوو بخرێنەڕوو.

هەروەها پێویستە ناوی ئەو شاعیرەی كەڕابوونی بۆ بەرپاكردنی شۆرشەكە كردوو ناوی ئەوانەش كەبەشداریان تێداكرد بخەینەڕوو.

## (٤)

شۆرشە رۆشنگەریەکە لەناوچەی هەوراماندا بەسەر دەستی (خانای قوبادی ـ ١٧٠٠ ـ ١٧٩٥) لەسەدەی هەژدەمدا ڕوویداوە، خانای قوبادی لەنیوەی یەکەمی ئەو سەدەدا لەهەرەتی گەشەی هزری و تەمامی هۆشمەندیدابووە، ڕەنگە ئەو هۆیانە کەپاڵیان بە بەرپابوونی ئەو شۆرشەوەنا، بەر سەدەی هەژدەمدا سەریان هەڵدابێ، بەلاّم کەسێکی بەغیرەت وەك خانا هەڵنەکەوتبێ بەرنگاری ئەو ستەم و ناحەقییانە بکات کە سەبارەت بەنەتەوەی کورد لەڕووی زمانەکەیەوە کرابوون، راپەڕی و پڕوپاگەندەی ناحەزان دەربارەی زمانی کوردی پووچەڵ بکاتەوە، ئەوەبوو لەو سەردەمەدا کارتێپەڕاندو هوشیارکردنەوە لە کوردستاندا بەخوێندن و نووسینی بیانی بووە، ئەوانەی ڕکیان لەنەتەوەی کورد بووە تانەو تەشەری ناشیرینیان لەزمانی کوردی دەداو بەوەی کە زمانی کوردی بەکاری خوێندن و نووسین نایە! بەوە تۆمەتباریان دەکرد، دەیانویست پەردەیەکی ڕەشی بەسەردا بدەن و لەبەرچاوی بخەن.

ئەوانەی کە لەسەر مێژووی ژیان و ڕەچەڵەکی خانایان نووسیووە چەند ڕای جیایان لەو بارەوە دەربڕیووە، بەهەمان جۆر لەسەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی و پیشەکەی ڕایان جیاوازە، ڕای هەرە سەنگینیان مەیلی بەلای ئەولایەدایە کە خانا یەکێك بووە لە میرزادەکانی هۆزی قوبادی و جاف جوانرۆ و هەورامی زمان بووە.

مندالّە میرو بەگ و دەست رۆیشتووەکانی ئەو سەردەمە کە خوێندنی حوجرەیان تەواو دەکرد وەك کەسانی تر نەدەبوونە مەلا، لەبەر ئەوەی خانا شارەزایی تەواوی لە کەلتووری کوردی و فارسی و عەرەبیدا هەبووە وەك میرزا ناسراوە، شاعیرێکی هەست ناسك و دووربین بووە، وێڕای ئەوەی کە شانازی بەزمانەکەیەوە کردووە کەزمانی دایکی بووە، دیوانە شیعری بەو هۆنیوەتەوە، چی سەرنجی لەزمانەکەی خۆی دەداو لێی وردبووەتەوە عەیبێکی وەهای تێدا بەدی نەدەکرد کە لەزمانەکانی دیکەی دەوروبەر دوای بخات، کە بەراوردیشی لەتەك ئەواندا دەکرد لەتواناو ئەداو دەربڕینی وێنە شیعریدا

لەوان کەمتر نەبووە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە زمانیان لە منداڵیەوە بەکوردی پژابوو بەکارهێنانی لەبواری ئەدەب و هونەردا وەك ئاخاوتنی سەرزاری بیٚ گریٚ و ساناو سفت و ڕەوان و پڕ بەدڵ و خەیاڵ بزوێن بوو، کەوابیٚ ئەو تانەو سووکایەتییە کە دەدرایە ئۆباڵ زمانی کوردی مەبەست نەتەوەی کوردبوو، چونکە خانا دەیزانی زمان هەڵگری شوناسەی نەتەوەیە.

## (٥)

لەپێشەوە ئەوەمان وت: کەپشووی حەفتانەی نەخوێندن لەحوجرەدا رۆژی هەینی و سیٚ شەممەیە، لەرۆژی هەینیدا مەلاو فەقیٚ لەو مزگەوتەدا کەنوێژی هەینی تێدا دەکرا کۆدەبوونەوە پێش نوێژی هەینی بکریٚ مەلاکان بەجیاو فەقێکانیش بەجیا، هەریەك لەشوێنێکدا کۆدەبوونەوەو تەموورەیان دەبەست، بیروڕایان دەربارەی خوێندن و کاروباری ئاین و ئەحکامی شەرعی و پرسە لاهوتییەکان و شیعری شاعیرە فارس و عەرەبەکانیان دەخستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لەرۆژی سیٚ شەممەشدا فەقیٚ ی مزگەوتەکان سەردانی یەکتریان دەکردو لەبارەی خوێندنی کتێبەکانیانەوە پرسیاریان لەیەکتری دەکردو بەیەك ئاشنا دەبوون.

هەردوولا مەلاو فەقێکان لەهەموو روێکی خوێندنەکەیانەوە پرسیارریان لەیەکتری دەکرد، ئەوەی لێیان نەدپرسییەوە زمان و کەلتووری کوردی بوو، کەچی کردنەوەی گریٚ کوێرەی ناو کتێبە وشەکەکانیان و فریزو عیبارەتە موعەمما ئاساکانیان بەزمانی کوردییان دەکردنەوە، زمانی کوردی ئەو کلیلە زێڕینە جاویدانەبوو کەهەموو وردو درشتێکی خوێندنی دوانزەعیلمەی ناو حوجرەی بۆ مەلاو فەقێکان ڕاڤەدەکرد، وتنەوەی کتێبە عەرەبییەکان بەزمانی کوردی بووە، هەڵبەتە مامۆستا وانەبێژەکان جگە لەعەرەبییە کۆنەکەی ناو کتێبەکانیان نەبیٚ، بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆی لە دەرەوەی کتێبەکانیان عەرەبیان نەدەزانی، خۆ ئەگەر بیانزانیایە لەوانەبوو بەکوردی دەرسیان نەوتبایەتەوە.

زمانی کوردی ئەو توێکڵ و پەردانەی کە مەبەستی فریزو عیبارەتە رەقەکانی ناوکتێبەکان دایان پۆشیبوون لای دەدانەوەو ئاشکرای دەکردن.

ئەوانە کە خۆیان بە ئەهلی سەواد دەزانی بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ژیانیان لەبوونیانەوە تا دوا هەناسەی مانیان بەندە بە نگابانی زمانەکەیانەوە.

ئەمە لەبارەی خوێندنی حوجرەوە، با بڕۆینەلای حکایەتخوانەکانی ناو دیوەخان و شوێنە گشتییەکان و چیرۆکەکانی بەر ئاگردانەکانی شەوانی زستانان، لەو سەردەمەی خاناداو پێش ئەویش لەو شوێنانەدا کاتی شەوان بە گێڕانەوەی چیرۆکە شیعرو بەیازو چیرۆکەکانی بەر ئاگردان کۆڕو جفاتەکان گەرم دەکران، چیرۆکەکانی بەر ئاگردانیان لێ دەرکە کە چیرۆکی دەماو دەمی پێشینانی کوردبوون ئەوانیتر بەزمانی فارسی و غەیرە فارسی نووسرابوون بۆ گوێگرانی ناو دیوەخان و شوێنە گشتیەکان دەخوێنرانەوە، حکایەتخوانەکان بۆ تێگەیشتن لەڕووداوە سەختەکانی ناو چیرۆکەکە ناچار دەبوون پەنا بەرنە بەر بەکارهێنانی زمانی کوردی، کەواتە لێرەشدا وەك راڤەکردنی کتێبەکانی حوجرە زمانی کوردی بەهاناوە دەهات و کۆسپی مەبەستەکانی حاڵی بوونیان بۆ گوێگران تەخت دەکرد، ئەمە سەرنجی شاعیرێکی هەستیاری وەك خانای خستە سەر ئەو بیرۆکەیە کە پێویست وایە ئەو چیرۆکانە بکرێنە کوردی، ئان بەیازو چیرۆك بەکوردی بنووسرێنەوە، بۆ ئەوەی خەڵك راستەوخۆ لەزمانی کوردییەوە خوێندن وەربگرێ و گوێ ی بە گێڕانەوەی چیرۆکی کوردی بکرێتەوە بەوەش زمانە کوردییەکە دەچێتە ئاست زمانەکانی ترەوە.

ئەو بێ ئەمەکی و پێنەزانین و نوکلی کردنە لە زمانی کوردی خاناو خەڵکانی تری بەغیرەتی سەخڵەت و بێزار کردبوو، کە ئەو پێنەزانینە درێژەی کێشاو گەیشتە ڕاددەی سووکایەتی پێکردن و وازهێنان لە زمانەکەو دەهۆڵ کوتان بۆ بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان، لەپاڵ ئەوەشدا دروشمێکی قێزەونانەی نامرۆڤانەیان داهێنا بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەبەرچاو کوردان بخەن، ئەمە پتر خانای هاژاند، ئەمەش دروشمەکەیە:

عەرەبی هونەرە، فارشی شەکەرە، کوردی گـ (.........)ە.

ئەم دروشمە قیزەوەنەی قیزەونانەی دوژمن وایکرد کەسە ساویلکەکانی ناو حوجرە لەڕووی کورداندا بەکاریان دەهێناو ڕووی خۆیان پێ رەشدەکرد، لەو دروشمەوە بوو

خانا ڕاپەڕی و لەوە زیاتر توورەبوونی خۆی پێ قوت نەدرایەوە، ویستی ئەو کەلێنەی کە دوژمنان تیایدا دژی زمانی کوردی دەڕشێنەوە بەربەستی بکات، ئەو پەڕۆ بۆگەنەش کە دروشمەکەیان پێ بەرز دەکردەوە بیدات بەدەم و چاویاندا.

## (٦)

خانا وەك شاعیرێکی هەست ناسك و میرزایەکی خاوەن بنەماڵەی ناسراو، وای دەزانی ئەوتانەو تەشەرەی کەناحەزان ئاراستەی نەتەوەکەیان دەکردن، گەلێ پێیان سەخڵەت ببوو، بەهیچ جۆر قبوڵی نەبوو کەسانی بیانی یان بێگانە پەرستی ساویلکە تانە لەزمان و میللەتەکەی بدەن، بۆ بەرپەرچدانەوەی نیازەکانی ناحەزانی زمانی کوردی کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی چارەیەك بدۆزێتەوە ببێ بە دەمکوتی کینە لەدڵانی زمانی کوردی، لەهەمان کاتیشدا زمانی کوردی بباتە ئاست ئەو زمانانە کە ناحەزان بەدەنگ و ڕەنگیدا هەڵیان دەدا: بیری هاتە سەر ئەوە هەوڵبدرێ چەند چیرۆکە شیعرو داستان و داستانە لیریکیانەی خۆماڵی بەزمانی کوردی بهۆنێرێنەوەو بخرێنە بەردەستی حکایەتخوانەکان، بۆ ئەوەی جێگای ئەو چیرۆکانە بگرنەوە کە بەزمانی بێگانە بۆ خەڵکیان دەخوێندنەوە، بەو جۆرەش دەتوانن چێژە لەرێ ترازراوەکەی خەڵك بگێڕنەوە سەر چێژە خۆڕسکەکە ڕەسەنەکەی خۆیان، هەروەهاش دەکرێ گوێ گرتن و بیستنی خەڵك لەسەر نەزمی کوردی ڕابهێنن و پشت لە ئاوازە تفت و نارەسەنەکانی بیانی بکەن، بەو جۆرەش دەکرێ ئەو کۆت و بەندانە کە بۆ زمانی کوردی دەتاشران بخرێنەوە مل ناحەزان خۆیان.

بۆ هێنانەدی و گرتنەبەری ئەو ڕێگە چارەیە، خانا هەوڵی دا ئەو شاعیرانە کەدەیناسین و غیرەتی کوردیان تێدا جەم بوو، یان ئەوانەی کە هەمیشە نامە گۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبوو لەبارەی ئەو هێرشە ناڕەوایانەوە کە دەکرانە سەر زمانی کوردی تێیان بگەیەنێ و قبوڵی ئەو عارە نەکەن کە دوژمن دەیەوێ سەری هەموویانی پێ ی

شۆڕبكات، تێ ی گەیاندن كەدەشێ فریاكەون لێشاوی ئەو سووكایەتییە لەسەرخۆیان و نەتەوەكەیان بەربەست بكەن.

پێدەچێ خانا بۆ هێنانەدی ئەو نەخشەیە كەداینا پەیوەندی بەگەلێ شاعیرو رووناكبیری سەردەمەكەی خۆیەوە كردبێ، بەتایبەتی (ئەڵماس خانی كەنۆڵەیی) و (میرزا شەفیعی كولیایی) كەهەردووكیان دوو شاعیری پایەدارو ناسراوی ئەو سەردەمەبوون.

## (٧)

خانای قوبادی لەخانەوادەی قوبادییەكانی جوانڕۆ و میرزادە بووە، لەلای نووسەرو ئەدەب دۆستانی كوردستانی باشورو رۆژهەڵات بەیەكێك لەشاعیرە ناودارەكانی ناوچەی هەورامان ناسراوەو لەپلەو پایەی شیعردا لەریزی بێسانی و سەیدی هەورامی و مەولەوی دایە.

ئەو سەرچاوانە كە لەساڵی لەدایك بوون و مردنی خانایان كۆڵیوەتەوە ساڵی مردن و لەدایك بوونەكەیان بۆ ساغ نەبووەتەوە، بەڵام بەژمارەی ئەو پیتە (ئەبجەد) یانەدا كەجاران شاعیرە كلاسیكییە كوردەكان بۆ ساڵی لەدایكبوونی خۆیان و مردنی شاعیراندا لە شیعریەكانیادا بەكاریان دەهێنا، بەوا بۆیان دەركەوتووە كە خانا لەنیوەی یەكەمی سەدەی هەژدەمدا ژیاوە.[٢]

كە چیرۆكە شیعریەكەی (شیرین و خوسرەو)ەكەی خانا دەخوێنیتەوە سەرسان دەبی و لەدڵ خۆتدا دەڵێی: ئەو هەموو دەسەڵاتەی لەشیعرو وردەكاری زمان و شارەزاییەی لەبواری كلتووری ئەو سەردەمەدا لەكوێوە هێنا؟ دیارە پایەیەكی باڵای لەزانینی زمان و هونەری شیعرو ناسینی سروشتی خەڵك و كۆمەڵدا هەبووە، وەكو میرزایەكی ڕووناكبیر ئاگای لەبەرهەمە كۆن و نوێكانی فارس و ڕۆم و عەرەب هەبووە، لە

---

٢- بڕوانە (خانای قوبادی: ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەی: كاروان عوسمان خەیات) ل (٢٠) ساڵی (٢٠١٢).

دەسەڵاتی ئەدەبیدا لەنیزامی گەنجەیی کەمتر نەبووە، ویستویەتی ئەدەبی کوردی بخاتە تەك ئەدەبی میللەتانی دەوروبەر.

حەکیمی مەلا ساڵح لەپێشەکی یوسف و زولێخاکەی خانادا دەڵێ:

(خانالەپاڵ ئەو هەستە ناسکەی شیعردا هەستێکی جوانی کوردایەتیشی هەبووە، ئەوپەڕی شانازی بەزمانی شیرینی کوردییەوە دەکات و لەزمانی فارسی بەشیرین تری دەداتە قەڵەم).

وایە خانا جگە لەوەی کە خۆی بەیەکێك لە بنەماڵە ناسراوەکانی کورد زانیوەو میرزادە بووەو خۆی بە کورد پەروەر زانیوە، بۆیە پێی وابووە ئەو تانەو تەشەرانە کە دەدرانە پاڵ زمانی کوردی

راستەوخۆ بنەماڵە ناسراوەکانی کورد دەگرێتەوە، بۆیە داوای لە ئەڵماس خان و میرزا شەفیع کردووە قبوڵی ئەو سووکایەتییە کە دەرحەق بەزمانی کوردی کراوە نەکەن و دژی راوەستن.

ئەمانەی خوارەوە ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەریانەی خانای قوبادین:

**١- دیوانی شیعر.**

**٢- ئەسکەندەر نامە.**

**٣- شیرین و فەرهاد.**

**٤- لەیل و مەجنون.**

**٥- یوسف و زولێخا.**

**٦- شیرین و خوسرەو.**

**٧- سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین.** (٣)

لەناو بەرهەمەکانی خانادا لەیل و مەجنون و یوسف و ولێخایان لێ دەربێنە ئەوانی تریان تان و پۆیان لە کەلتووری کوردییەوە هەڵهێنجراون، سەرچاوەی کەرەسەکانیان لەکانزای هۆش و بیری کوردیەوە هەڵقوڵاون، وردە ڕووداوی چیرۆکەکان ئەو خورپەی دڵەو ئەڤینداریە بە ئاکام نەگەیشتوانەی ناو کوردەوارین، کە جوانەمەرگ بوونەو بە

---

٣- بڕوانە (مێژووی هەورامان) محەمەد ئەمین هەورامانی. تهران انتشارات بلخ.

ئاستەم سەریان ناوەتەوە، بۆیە لەبیرو وێنای خەڵکیدا نامۆو نەبوونەو مۆرکی خۆماڵیەتی خۆیان پێوەیە.

راستە ڕووداو و پاڵەوانانی ئەو دوو چیرۆکە دەسکردی ئاینە سامییەکانن، لەوانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام کە لەوڵاتاندا دوور لەزێدی خۆیان لەناو میللەتاندا بڵاوبوونەوە لەسەر ڕەنگ و روخساری خۆیان نەماون، نووسەران بەهەمان ناوەوە بەپێ ی وێناو بۆچوونی تایبەتی خۆیان دایان ڕشتوونەتەوەو ڕەنگ و روخسارێکی تریان داونەتێ و بوون بەموڵکی خۆیان و لەسەر لەبەرگرتنەوەی خۆیان نەماون.

خانا بەڕاشکاوی ڕووبەڕووی ئەوانە بووەوە کە تانەیان لەزمانی کوردی دەدا، هانی حکایەتخوانەکانی دەدا کە واز لە گێڕانەوەی چیرۆکە بیانییەکان بێنن و ڕووبکەن بەلای گێڕانەوەی چیرۆکە شیعرییە کوردیەکان، لەمەوە خانی کەوتە بەرتیر و تانەی ناحەزان،

بۆ ئەوەی بیشکێنن گەلێ شتیان بۆ تاشی، بەوەی کە لەبنەما ئیسلامییەکان چووەتە دەرەوەو بڕوای بەرێبازی جەبرە، لەلایەکی ترەوە وەك عومەر خەیام، لەشیعرەکانیدا بەرەنگاری خوا دەبێتەوەو ناڕەزایی دەربارەی کارەکانی خوا دەردەبڕێ و پێ ی وایە خوا خۆی بەرپرسیاری فەرمانەکانی بەندەیەو وادەزانێ چاکەو خراپە هەردووکیان کارو کردەی خوان و مرۆڤیان پێ گۆفتار کراوە.[٤]

خانا دەیزانی بەرەنگاربوونەوەی ناحەزانی زمانی کوردی ئەو تۆمەتانەی بۆ قوڵتر دەکەنەوە، ئەوەبوو تۆمەتی زەندەقەو لە ئاین یاغی بوونیان دایە پاڵی و تووشی گیروگرفتی دەربەدەری و حەپسخانەیان کرد، وەلێ خانا وازی لەڕاپەینەکەی نەهێناو لەسەر رێبازەکەی خۆی بەردەوام بوو.

* * *

---

٤- نموونە بۆ ناڕەزایی لەکارەکانی خوا:

( یارب ئەر بەد خووم، ئەر پاکیزە خۆم

گونای من چێشەن؟ ئافەریدەی تۆم).

نموونە بۆ بەرپرسیارەتی خوا: (تۆ وێت حاکمی و وێت کەرد بەقازی کەس بە سونعی وێش چوون نییەن رازی). بەشێك لەدیوانی خانای قوبادی. ل (٣٠٨ـ ٣٠٩) کاروان عوسمان.

## ئەڵماس خانی کەنۆڵەیی:

کوڕی ڕەزاخانی کەنۆڵەییە، زاتێکی بەنموودو ئەفسەرێکی جەنگاوەری دلێری ئەردەڵانەکان بووە لەشەڕەکانی نادر شای قاجاردا دژ بە ئەردەڵانییەکان جەنگاوە، لەناو ڕووناکبیرانی سەردەمەکەی خۆیدا بەشاعیرو چیرۆك و مێژوونووس ناسراوە، دۆستێکی نزیکی خانابووە، لەڕاپەرینەکەیدا بە بەرهەمەکانی یارمەتی داوە.

بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی شێوەزاری هەورامین کە ئەمانەن:

**١ـ نادر شاو تۆپاڵ.**

**٢ـ داستانی مشك و پشیلە.**

**٣ـ پێش بینییەکان.**

**٤ـ خورشیدو خەرامان.**

**٥ـ حەوت لەشکر.**

**٦ـ نادر نامە.** (٥)

## میرزا شەفیعی کولیایی:

ئەم شاعیرە هاوتەمەن و هاوبیری خانا بووە، لەمەیدانی شیعردا هەردووك وەك یەك دەسەڵاتدار بوونەو بە کوردی شێوازی گۆران شیعریان نووسیووە، بەهۆنراوە سکاڵایان لەدەست چەرخی چەپگەڕی زەمانەو پیری بۆ یەکتری دەربڕیوەو دڵنەوایی یەکتریان بەنامە گۆڕینەوە کردووە.

میرزا شەفیع پتر لەهەموو شاعیرێك پشتی خانای گرتووە، ئەمە بەرهەمەکانیەتی:

**١ـ دیوانی شیعر.**

**٢ـ نۆفلڵ و مەجنون.**

**٣ـ شیرین و فەرهاد.**

---

٥– بڕوانە (مێژووی هەورامان) محەمەد ئەمین هەورامانی. ل (١٣١).

بەرهەمەکانی خاناو ئەوانەی ئەڵماس خان و میرزا شەفیع و چەندان شاعیری دیکەی ناوچەی هەورامان بەرپەرچدەرەوەی ئەو بۆچوونە قیزەونانە بوون کە ویژدان مردووە کینە لەدڵەکان حەزیان لە کورد نەدەکرد و تانەو تەشەریان لە زمانەکەی دەداو هانی ئەهلی جالەتیشیان دەدا پشت لە زمانی کوردی بکەن و ڕوو بکەنە زمانی بێگانە.

لەمە دیوان و داستانەکانی شاعیرە کوردەکان بەتایبەتی بەرهەمەکانی خانای قوبادی دەرکەوتن لەلایەن ئەدەب دۆستان و خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازییان لێکراو دەساودەس دەخوازران و لەبەریان دەگێرایەوە، حکایەتخوانەکانیش کۆڕەکانی شەوانیان پێ گەرم دەکردن، ئەو ڕەوشە خۆماڵییە باهۆزەی ئەو شۆڕشە رۆشنگەریەبوو کە وەك منارەیەکی رۆخ دەریای داستانەکان تیشکی بەهەر چوار دەورەیدا دەپژاند.

یەکێك لەبەیتە شیعرەکانی داستانەکەی خانا کرا بە ئاڵای شەکاوەی ئەو منارەو موژدەی رۆژێکی نویێ ی بەکوردان دەدا.

ئەو بەیتە کە کرابوو بە پەرچەمی درۆشمەکەو دەشەکایەوە ئەوەندە

کاریگەرو راستگۆیانە وترابوو، ئەوەندە لەجگەرگەی حەقیقەتەوە نزیك بوو وەك ئەستێرەی گەلاوێژ لە ئاسمانی هزردا دەدرەوشایەوە، ئەوەی دەبیست، ئەوەی دەیخوێندەوە یەکسەر دەچووە بەری و لەسەر پەردەی دڵی دەچەسپا.

ئەمە بەیتەکەیە:

**(ڕاستن مەواچان فارسی شەکەرەن**

**کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن)**

ئەم بەیتە شیعرەی خانا کە کرابوو بەئاڵای شەکاوەی سەر ترۆپکی فەرهەنگی کوردی هەتا هەتایە دەشەکێتەوەو راستی خۆی دەگەیەنێ، بەیتەکە ئەوەندە ڕەوان و روخسار سووك و ناوەڕۆك بێگەردە زوو تێکەڵاو بە دڵ و دەروون دەبێ و ناو هەناو پڕ لەشەوق دەکات و دەرگای ئارەزوو بۆ زمانی کوردی واڵا دەکات، هەتا ئێستاش ئەو بەیتە هەر ئاڵای سەر تروپکی ئەو مەشخەڵە پڕ لەحیکمەتەیە، ناحەزان بەر لەدۆستان نوکلی لەراست بێژییەکەی ناکەن، وەك وێردێکی سەر زمانی رۆشنبیرانی کوردی لێهاتووەو هەرگیز لەشەوقدانەوەی خۆی ناکەوێ، نەمریەکەی لەوەدایە بۆ هەمووکات و زەمانێك دەست دەدا، وەك پارچە مروارییەك لەبەهای خۆی ناکەوێ.

وەرن با بڕوانینە ئەو هەشت بەیتە شیعرەو لێیان وردببینەوە کە خانا چۆن ئەو بەیتانەی لەناو سارای کاکی بەکاکی داستانەکەی (شیرین و خوسرەو) دا کردون بە ترۆپکی بانگەوازی شۆرشەکەی، بەیتە دروشم ئامێزەکەی لەسەریانەوە داناوە.

ئەمە هەشت بەیتەکەیە:

**(راستەن مەواچان فارسی شەکەرەن**

**کوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن**

**پەی چێش؟ نەدەوران ئەی دنیای بەدکێش**

**مە حظوظە ن هەرکەس بەزوبان و وێش**

**مەعلومەن هەرکەس بەهەر زوبانی**

**بواچۆ نەظمێ جەهەر مەکانێ**

**وێنەی عوروسان زێبای موشك چین**

**بکەرۆش جەحوسن عیبارەت شیرین**

**خارج جەمەعنا نەبۆ مەضموونش**

**کریابوو چون شیعر (جامی) مەوزوونش**

**جەلای خیرە مەند دڵ پەسەند مەبۆ**

**شیرین تەر جە شەهد شیرەی قەند مەبۆ**

**جە عەرصەی دنیای دون بەد فەرجام**

**بە دەستور نظم (نیظامی) تەمام**

**بەلە نظمی کوردی، کوردستان تەمام**

**پێش بوان مەحظوظ، باقی (والسلام).** (٦)

خانا لەگۆشەنیگایەکی جیهانییەوە سەیری زمانی میللەتانی کردووە، پێ ی وایە هەر نەتەوەیەك مافی خۆیەتی شانازی بە زمانی خۆیەوە بکات، چونکە بەو پەروەردە بووە، ئەمە بۆ خانا ئەوپەڕی نەزاکەتە.

---

٦- پێشەکی (شیرین و خوسرەو)ی خانای قوبادی. ل (١٤ ـ ١٥). چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ـ ١٩٧٥.

خانا لەبانگەوازی شۆرشەکەیدا کە تانەو تەشەرەکانی بەرپەرچ دایەوە نەهات و وەك ئەوان کەزمانی کوردییان زەمکردبوو زمانەکەیان زەم بکات بەڵکو پێیانی وت: ڕاستە زمانتان شیرینە، بەڵام بۆ کوردان چونکە زمانی خۆیانە لەهینەکەی ئێوە شیرین ترە، ئەمە نیشانەی نەزاکەت و ئەوپەڕی ڕەوشت باشی نیشان دەدا.

دروشم بەرزکردنەوە بۆ ڕاچنین و هۆشیارکردنەوەی هەر میللەتێك نابیٚ شکاندن و سووکایەتی بۆ میللەتێکی تری تێدا هەبیٚ.

خەڵکی ئەوسەردەمە کەخانای تێدا دەژیا چێژیان بە داستان و شیعرەکانی (نظامی گەنجەیی) کرابووەوە، خانا ئەوەی پیٚ ناڕەوا نەبووە، لەبواری ئەدەبدا ئەوی بە پێشڕەوی خۆی زانیوەو لە هۆنینەوەی شیعرو چیرۆکە شیعردا خۆی بەشوێنکەوتەی داناوە، ڕێزی تەواوی لیٚ وەرگرتووە، ئەویش هەرچەند بەڕەچەڵەك کورد نەژاد بووەو بەفارسی نووسیویەتی، بەڵام خانا جەڵەوی ئەدەبی کوردی نەداوەتە دەست ئەوانەی کە بەکوردی نەیان نووسیوە، بەڵکو ئامانجی شۆرشەکەی ئەوەبووە جەڵەو بەدەست نووسەرانی کوردەبن بەزمانی کوردی شیررین بەرهەم بدەن.

بانگەوازی شۆرشەکەی خانا تەنیا بۆ دەڤەری هەورامان نەبووە بەڵکو بۆ هەموو کوردستان بووە، بەڵام چونکە لەو سەرو بەندەی ئەودا نووسین و مامەڵەی رۆشنبیری لە قەڵەمڕەوی ئەردەڵاندا بەشێوەزاری

گۆران ـ هەورامی ـ بووە بۆیە خانا بەرهەمەکانی بەو شێوەزارە داڕشتوون.

ئەمە جگە لەوەی ناوی کوردستان لەسەردەمی ئەودا کەم بەکار هاتووە کەچی خانا بەو پەڕی شانازی و شکۆمەندییەوە لەهەموو بەرهەمەکانیدا ناوی کوردستانی هێناوە بەتایبەتی لە داستانی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ە کەیدا چەندان جار ناوی کوردستانی هێناوە.

بانگەوازێك بۆ وازهێنان لەزمانی بێگانەو گەڕانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە هەورامانەوە بەناوی کوردو کوردستانەوە بیٚ، ئەمە بەڵگەیەکە شاعیرە کلاسیکییەکانمان نەشێوەزاری هەورامی نە هەورامانیان جیا لە زمانی کوردی و کوردستان نەزانیوە.

* * *

## (٨)

وەنەبێ ڕاچنینی رۆشنبیری لە کوردستاندا تەنیا ئەوە بووبێ کە لەهەوراماندا ڕووی دابێ، بەڵکو نموونەی ئەو ڕاپەڕینە لە سەرانسەری کوردستاندا بەوێنەی نزیك لەوەی هەورامان ڕووی داوە، وەك شۆرش و ڕاپەڕینە یەك لەدوای یەکە سیاسییەکانی گەلی کورد ڕوویان داوە بەڵام بە ئاوات نەگەیشتوونە ئیدی ژیڵەمووی ئاگرەسوورەی ئەو شۆرشە نەکوژاوەتەوە لەشوێنێکی دیکەی ئەم کوردستانەدا کڵپەی داوەتەوە.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی هۆشیارانەی سەرتاسەری بۆ ئەدەبی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەم سەردەمە، بکەین بۆمان دەردەکەوێ لە گەلێ شوێن و گەلێ کاتدا ڕاچنین دژی سەپاندنی زمانی بێگانە بەسەر کورداندا کراوە مەبەست کپکردنی زمانی کوردی بووە.

کورد بە راچنینەکانی هەوڵی داوە زمانەکەی لە ئەسارەت رزگار بکات و بەکاری بخاتەوە.

بەتێکڕایی شاعیران هەستیان بەوە کردووە کە زمانی کوردی تایبەت بەخۆیان هەیەو توانای دەربڕینی هەموو هەست و مەبەستێکی تێدا هەیە، هەق هەیە پێیان شەرم نەبێ وەکو فارس و ڕۆم و عەرەب بانگی بۆ بدەن و ئەوەندە نەچنە ژێر یاری زمانی بێگانەوە.

کەشیعری شاعیرە کۆنەکان دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت هەر یەك لەبارەی خۆیەوە کەمتەرخەمی گەلەکەی سەبارەت بە زمانەکەی دەربڕیووە بەڵام دەرێکی وای شك نەبردووە دەردە دڵی خۆی لای دەر ببڕێ، تاکەدر شیعربووە گلەیی لای دەربڕیوەو لەو وارەدا درێغی لەسەر خۆی دوورخستووەتەوە، هەندێك لەو شاعیرانە لەناو شیعرو داستانەکانیاندا دەنگی خۆیان لەو بوارەدا بەرز کردووەتەوەو بانگەشەی لێشاوی زمانی فارسی لە وڵاتی کورداندا بۆ خنکاندنی زمانی کوردی جارڕداوە، ئەو جۆرە شاعیرانە بە

ئاشکرا وتوویانە: ئێمەیش هەین و زمانمان هەیەو دەتوانێ هەموو هەست و نیازێکمان بە ئاسانی دەربڕێ و بەخەڵکی ڕابگەیەنی و ناسکترین شیعری لێ بهۆنرێتەوە.

هەر بۆ نموونە شاعیری گەورە (مەلای جزیری ـ ١٤٠٤ ـ ١١٨١) لە دووچامەی دیوانەکەیدا ئەو هەستە دەردەبڕێ کە خوێندەوارە کوردەکان ڕوویان لەزمانی فارسییەو بایەخ بە زمانی کوردی نادەن! داوایان لێ دەکات بگەڕێنەوە سەر گەنجینەی زمانی کوردی، لە چامەیەکیدا کە لە دوانزە بەیت پێك هاتووە دەڵێ:

**(گەر لوئلوئی مەنثور ژ نظمی تۆ دەخوازی**

**وەرە شیعری مەلێ بین تە بەشیرازی چ حاجەت)** (٧)

**واتە:** ئەگەر تۆ هۆنراوەی رشتە مرواری ئاسات دەوێ، وەرە شیعری من بخوێنەوە چە پێویستت بە شیعری حافیزی شیرازی هەیە.

لە چامەیەکی دیکەدا کە لە (٢١) بەیت پێك هاتووە کە وەك نامەیەك بۆ خانی خانان کە لە تەبرێزی دەبێ دەنێرێ، مەلای جزیری دەیزانی ئەو خانە کە ئەو نامەی بۆ نارد کوردی نازانێ، ڕەنگە ڕکیشی لەزمانی کوردی بووبێ، مەلا ئەوەشی دەزانی کە ئەو دەزانێ مەلا فارسی چاك دەزانێ، کەچی بەکوردی نامە شیعری بۆ دەنووسێ و دەڵێ:

**(ئەی شاهنشای معظم حەق نگەهداری تەبێ**

**سورەتی (انا فتحنا) دەوما داری تەبێ).**

واتە: ئەی گەورە شای شاهان خوا نگادارت بێ و سورەتی (انا فتحنا) یارو هاودەمت بێ.

مەلای جزیری دەیەوێ بەو نامە کوردییەی بۆ کار بەدەستێکی باڵای ئەو سەردەمە بانگەشە بۆ زمانی کوردی بکات، ئەوانەی دانیان بە زمانی کوردیدا نەدەنا تێیان بگەیەنی دەربارەی زمانی کوردی بەهەڵەداچوون، لەهەمان کاتدا مەلا هەڵوێستی خۆی بە ئاشکرا سەبارەت بەبێ نەنگی زمانەکەی دەربڕیوە.

---

٧- دیوانا مەلایێ جزیری : تویژاندنا ـ صادق بهاءالدین. ل. (١٤٦) چاپی کری پێت ئەکادمی یا کوردی ـ ١٩٧٧ ـ بەغدا.

نموونەیەکی تر (حاجی قادری کۆیی ـ ١٨١٥ ـ ١٨٩٢) یە، ئەم شاعیرە مەزنە بەخاوەنی قوتابخانەی ڕۆشنگەری نەتەوایەتی کورد دەناسریٚ، شیعرەکانی بۆ نیشتمان پەروەری تەرخان دەکات.

لە حاجی قادرەوە بابەتە کلاسیکییەکانی شیعری دەگۆڕدرێن و دەچنە ناو قۆناغێکی نوێوە کە لەقۆناغی بەرگری کردنە لەگەل و نیشتمان.

ئەو شاعیرە بلیمەتە بەچەکی بڕندەی شیعرەوە ڕووبەڕووی کۆنەپەرستان و بێگانە ویستان و کوردی نەزانان بووەتەوە تیٚ ی گەیاندوون کە واز لەوشتانە بێنن کە ڕەنجەڕۆیان دەکات و شەرمەزاری بەسەریاندا دێنن، شانازییە بۆیان ڕووبکە خۆیان، زمانیان، نەتەوەکەیان.

هەوێنی شیعرەکانی حاجی لەداوێنی نیشتمان پەروەریدا ڕسکاون، بەتووندی هێرش دەباتەسەر ئەوانەی کەلایەنی نیشتمان پەروەری ناگرن و زمانی خۆیان بەکار ناهێنن و پێیان دەلیٚ:

(ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی

موحەقەق دایکی حیزەو بابی زانی).

مەبەستی لەنەزانینی قسەی بابدا بەکار نەهێنانی زمانی دایك و باوکە لەبواری نووسین و خوێندنەوەدا.

حاجی وەك حەکیمێك ئەو دەردە کوشندەیە کە کوردان پێیەوە گرفتارن ئاشکرا دەکات کە نەبوونی خوێندەواریە بە زمانی کوردی، ئەوەتا دەلیٚ:

**(میللەتی بیٚ کتێب و بیٚ نووسین**

**غەیری کوردان نییە لەڕووی زەمین).**

**هەتا دەلیٚ:**

**(کتێب و دەفتەرو تەئریخ و کاغەز**

**بەکوردی گەر بنووسرایە زەمانیٚ**

**مەلاو زاناو میرو پادشامان**

**هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی)**

ڕەنگە نیشتمان پەروەریەکەی حاجی قادر لەپێشەکی شاکاری (مەم و زین)ە کەی ئەحمەدی خانییەوە سەرچاوەی گرتبێ کە پڕە لە گلەیی لەمیرو دەسەڵاتدارانی کورد، چونکە خەمی نیشتمانیان نەخواردوەو پاشکۆی بێگانە بوونە.

هەروەها ئیش و نیشی ویژدان و هەستکردن بەکەمتەرخەمی سەبارەت بە زمان و لە کەلتووری کوردی پاڵیان بە مەلا مەحمودی بایەزیدی و (عەلی تەرەماخی) یەوە ناوە، ئەو ڕووی بەلای مێژووی کوردو کەلتووردا وەرچەرخاندووە (عەلی تەرەماخی)یش گەرەکی بووە زانستی ڕێزمانی عەرەبی بخاتە ناو زمانی کوردییەوەو هەوڵەکەی هەردووکیان سەرکەوتوو نەبووە بەڵام شاهیدی بۆ دڵسۆزیان دەدا.[٨]

**(٩)**

هێنانەوەی ئەو نموونانەی سەرەوە خەریك بوو لە ئەسڵی بابەتە سەرەکییەی خۆمان دوورمان بخەنەوە کە بابەتی شۆرشە ڕۆشنگەریەکەی هەورامان بوو کە بەسەر دەستی خاناو غەیری ئەودا لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەمدا دژ بە ناحەزان بەرپایان کرد، هەر هەموو ئەو نموونانەو ئەوانەش

کەباس نەکراون هەوڵەکانیان لەڕاچنیندا ناگەنە ئاستی ئەو شۆرشەی کە بەدوای خۆیدا شاکارێکی وەك (شیرین و خوسرەو) و (ئیبراهیم پاشا و نۆش ئافەرین) ی هێناو ئەدەبی کوردیشیان گەیاندە پایەێکی پڕ لە شانازی، ئەمە بێجگە لەبەرهەمی ئەوکەسانە

---

٨- بڕوانە (دیوانی حاجی قادری کۆیی) کۆکردنەوەی گیوی موکریانی.. چاپخانەی هەولێر (١٩٦٩).
هەروەها تەماشای (عادات و رسومتنامەی ئەکرادیە) بکە کە دانراوی (مەلا مەحموودی بایەزیدی - ١٧٦٧ - ١٧٩٩) یەو لەلایەن ئەلکسەندەر ژاپاوە کراوە بە رووسی و دکتۆرە شوکریە ڕەسوولێ لە رووسیەوە کردوویەتی بە سۆرانی، ناوبراو هەوڵی داوە داب و نەریتی کوردان و مێژووی کورد بە پەخشان بنووسێتەوە. هەروەها بڕوانە نووسراوەکانی (عەلی تەرەماخی) هەوڵی داوە (صرف و نحوی) عەرەبی بخاتە ناو قالبی زمانی کوردییەوە، کتێبەکەی ناوی (سەرفا کرمانجی) یە.

که لەو دەمەدا کۆمەڵێ چیرۆکە شیعریان بەرهەمدا، ئیتر ئەو بەرهەمانە بەچاولێکەری خانا بووبێ یان بۆ پاڵپشتی شۆرشەکەی بووبن، هەموو بەسەریەکەوە توانییان مەبەستی شۆرشەکە بە ئاکام بگەیەنن، کتێبخانەی کوردیش ئاوەدان بکەنەوە.

## (١٠)

لەپاشکۆی شۆرشە رۆشنگەریەکەی هەوراماندا قسەیەکمان دەربارەی (شیرین و خوسرەو) و (نۆش ئافەرین)ە کەی خانا ماوە، هەق هەیە لە بەستێنی ئەم بابەتەدا باسی بکەین و لەدەستی نەدەین، ئەویش بەراوردکردنێکی ئەو دوو شاکارە ئەدەبییەی خانایە لەتەك چیرۆکە شیعرێکی ئەوروپاییدا کە ڕەنگە ئەو دوو بەرهەمەی خانا لە ئاستی ئەودابن و زیاتریش.

خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە واتە بەرهەمەکانی خانا هی ئەوروپییەکان بوایەو هینەکانی ئەوانیش هی خانا ئەوکات دەمانووت: ڕەنگە ئەو بەرهەمەی خانا بگاتە ئاست ئەو بەرهەمە ئەوروپییە.

بەرهەمە ئەدەبییە ئەوروپییەکە لە دنیادا ناوی هەیەو بە وەرگێڕان چووەتە سەر زمانی زۆربەی میللەتان، کەچی دوو بەرهەمە شاکارەکەی خانا تۆزیان لەسەرەو تا ئێستاش زۆرینەی نووسەران و رووناکبیرانی کورد نەناوی نووسەرەکەیان بیستووە نە ئاوڕیان لەبەرهەمەکانی داوەتەوە !.

بەرهەمە ئەوروپییەکە (کۆمیدیای یەزدانی) یە، نووسەرەکەی ناوی (دانتی ئەلیگیری ـ ١٢٦٥ ـ ١٣٢١) یە، کە گەورە شاعیری ئیتالی سەردەمی خۆی بووە.

کۆمیدیاکە، چامەیەکی چیرۆك ئامێزە، لەسێ بەرگدایە (فیردەوس، پاکژگا، دۆزەخ) وەك بەرهەمەکانی خانا چیرۆکە شیعری دڵدارییە.

دانتی دەستی دلدارەکە (بیاترلیشتا) دەگرێ بەرەو مەلەکوتی ئاسمان بۆ گەشت بەرزدەبنەوە، لە ئاسمان لەوسێ شوێنەدا گەشت دەکەن.

ئەو کۆمیدیایە بەیەکێك لەو هۆکارانە دەژمێردرێ کەرێنیسانسی ئەورووپییان بەرپاکرد، چونکە بەزمانی نەتەوەیی ئیتالی نووسرابوو، دەرگای نووسینی بەزمانی نەتەوەیی بۆ ئەورووپییەکان کردووە، چونکە لەپەرەسەندنی ئاینی مەسیحەوە تا ئەوکات کە کۆمیدیای یەزدانی تێدا بڵاوبووەوە زمانی لاتینی کە زمانی ئینجیلەکان بووە لە ئیتالیاو سەرانسەری ئەورووپادا بەزمانێکی پیرۆز دەزانرا، دەرگای بەکارهێنانی زمانی خۆماڵی قەدەغەبوو، کۆمیدیای یەزدانی دەرگای بۆ بەکارهێنانی زمانە خۆماڵییەکانی کردەوە، پەردەی خەیاڵفراوانی لەسەر هۆشی ئەورووپییەکان لادایەوە.

کۆمیدیای یەزدانی وەهابوو، وەها پێشوازی لێکرا، دەی وەرە لەناو بەرهەمەکانی خانادا (شیرین و خوسرەو) و (نۆش ئافەرین)ە کەی بێنە پێشەوە، لەبەر دەستێکدا دایان بنێ، کۆمیدیای یەزدانییەکەش لەبەر دەستەکەی تردا دابنێ، قەبارەو شێوەو رۆخساری هەردوولا بەراورد بکە، ئەو زەمینەو بارودۆخەی هاتنە ئارای هەردوولاش بخە ناو تای ترازووی بەراوردەکەت بەخەیاڵ مەبەست و ناوەرۆکی هەردوولا وێنا بکە ئەوکات خانات چەند لا گەورەبوو ئەوەندەی دیکە، لات گەورەتر دەبێ، لەهەمان کاتیشدا هەناوت بۆخۆت و بۆ گەلەکەت پڕ خەم دەبێ و لەدڵەوە دەڵێی: مەخابن بۆ گەلی من کە بە قوفڵی غەیرە عەقڵی کلوم کراوە، گەنجینەی پڕ لە گەوهەرو شتی گران بەهای نەتەوەکەی داپۆشراون و هەڵ نەدراونەتەوە. [٩]

---

٩- (١- (شیرین و خوسرەو) ی خانای قوبادی ـ کۆکردنەوەو رێکخستنی محەمەدی مەلا کەریم ـ چاپخانەی (کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا) ساڵی ١٩٧٥ (٨٧٤) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە.

٢ـ (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) چیرۆکە شیعری خانای قوبادی ـ کۆکردنەوەو دارشتنەوەی ـ حەمە رەشی ئەمینی، چاپخانەی ئاراس ـ کوردستان ـ هەولێر (٤٤٧) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە.

٣ـ کۆمیدیای یەزدانی: وەرگێڕانی (عەزیز گەردی) لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی سێ بەرگە یەکەم (دۆزەخ)ە دووەم (بەرزەك)ە سێیەم (بەهەشت)ە ـ چاپخانەی سەردەم ـ سلێمانی (٢٠١٤).

# فەلسەفەی پەروەردە

## (١)

زانایان دەڵێن: مرۆڤ لەگیاندارانی تر بەچوارشت جیا دەبێتەوە: پەروەردە، وشە، نووسین، کشتوکاڵ، هەرچواریان بەرهەم و ڕەنجی تایبەتی مرۆڤن.

ئێمە لەم باسەماندا تەنیا باسی پەروەردە دەکەین، پەروەردە لەتەك شارستانییەتدا پەیدابوو خۆی کردووە بەلانکی نگابانی شارستانییەت زانایان پەروەردەیان بە فەلسەفەیەکی پراکتیکی زانیوە، ئەو پێناسەیە کە زۆربەی زانایان بۆ پەروەردەیان کردووە لەدیمەنە دەرەکییەکەی و لەمەبەستە سەرەکییەکەیەوە، وەرگیراوە، پەروەردە مانایەکی ئەبستراکی رووتی هەیە بۆیە بەئاسانی خۆی بەدەستی پێناسەوە نادات، لەبەر ئەوە ئەوانەی کەپێناسەیان کردووە، پێناسەکەیان نەیتوانیوە هەموو وردەکاریەکانی خۆی خڕبکاتەوەو شتە غەوارەکانیش لەخۆی دووربخاتەوە.

زانایان کەباسی پەروەردەی منداڵانیان کردووە بەم جۆرە پێناسەیان بۆ کردووە، وتوویانە: پەروەردە تواناو پێڕاگەیاندنی لەش و هۆش و چێژی هونەری باری کۆمەڵایەتی منداڵە.

لەبەر فراوانی مانای پەروەردە لەناو زەینی مرۆڤدا لەگەڵ مانای (فێرکردن) دا تێکەڵاو بەیەك دەبن، بەزەحمەت لەیەکتری جیا دەکرێنەوە، بۆیە کە دەوترێ (پەروەردە) مانای (فێرکردن) لەمێشکتدا دەبوورێ کەدەشدەوترێ (فێرکردن) بەهەمان جۆر مانای پەروەردەیش دێتە پێشەوە.

وەك زانایانی لۆجیك دەڵێن: پەیوەندی لەنێوان چەمکی ئەو دوو زاراوەدا پەیوەندی (گشتی و تایبەت) هەیە، هەریەکەیان لەڕوێکەوە گشتییەو لەڕوێکی ترەوە تایبەتە، واتە چەمکی پەروەردە لەخۆیدا تایبەتە کە فێرکردنیشی گرتەوە دەبێتە گشتی، هەروەها فێرکردنیش کە پەروەردەی گرتەوە دەبێتە گشتی نەی گرتەوە دەبێتە تایبەتی.

پەروەردە گەشە پێدانە بەهێزو توانا بایلۆجییەکانی منداڵ و گۆڕاندنە لەڕەوت و ڕەوشتەکانیدا، وتمان پەروەردە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا پەیدابووە، هەتا قوتابخانە دانەهاتبوو پەروەردە بەڕێگەی چاولێکەریەوەبوو، کە قوتابخانە داهات گواستنەوەی زانست و زانیاری بۆ پەروەردە خستەپاڵ چاولێکەری.

لەوڕووەوە کە تەماشای پەروەردە دەکەین دوو جۆری هەیە: پەروەردەی ناڕاستەوخۆ، پەروەردەی ڕاستەوخۆ، لەمەودوا باسی هەردوو جۆرەکە دەکەین.

بەکارهێنانی زانست و زانیاری لە پەروەردەدا پرسی (فێرکردن) ی لەگەڵ پەروەردەدا تێکەڵاوکرد بەڵام بەسەرنجدانێکی ورد دەردەکەوێ کە فێرکردن بەخۆی و کەرەسەکانیەوە دەبنە هۆکاری هێنانەدی پەروەردە واتە ئەگەر پەروەردە بووبە کردەوەیەکی دەستکرد دەبێ ئەو زانست و زانیارییە کە کۆڵەکەی فێرکردنن هۆکاری هێنانەدی پەروەردەبن.

پەروەردە بەر لەهاتنی قوتابخانەو گواستنەوەی زانست و زانیاری بەسەر چەندان قۆناخی مێژوویی سەختدا گوزەری کردبوو.

## (٢)

پەروەردە لەڕووی دەستەبەرکردنییەوە دوو جۆری هەیە:

١ـ پەروەردەی ڕاستەوخۆ.

٢ـ پەروەردەی ناڕاستەوخۆ.

**پەروەردەی ڕاستەوخۆ:** بەهاتنی قوتابخانە پەیدابوو، قوتابخانەش نووسین و خوێندنەوەی هێنایە ئاراوە، چونکە نووسین ئەگەر قوفلێکی کلۆم کراوبێ بە خوێندن دەکرێتەوە، نووسین بۆ خوێندنەوە دەنووسرێ، دوو داهێنراوی سەرسوڕهێنەربوون، ئەو گەلەی دایهێنان هەر ئەو گەلەبووە بۆ یەکەم جار قوتابخانەی داهێنا بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتە گرینگەیان بۆ بپارێزێ، بەڵام ئایا شێوەی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە چۆن بووەو لەکوێ بووە؟ ئایا فێرکردنەکەی بەتاك بووە یان بەکۆ؟ کۆمەڵە پرسیارێکن،

بەدواداچوونی وەڵامەکانیان ئێمە لە ئەسڵی بابەت دوور دەخاتەوە، وەڵامەکان لای ئەو زاناو پسپۆڕانەیە کە لەمێژووی پەروەردەو شوێن دامەزراندنی قوتابخانە بۆ یەکەمجار لەمێژوودا لێکۆڵینەوەیان هەیە، هەرچەند لەو بارەیەوە یەك ڕایان نییە، کە ئایا سۆمەرەکانی دۆڵی میزۆپۆتامیا کە پایتەختەکەیان شاری (وەرکا) بووە قوتابخانەیان بۆ فێربوونی نووسین و خوێندن بۆ یەکەمجار داهێنا؟ یان (چین) ییەکان و میسریەکانی سەردەمی فیرعەونەکان بوون؟.[(١٠)]

قوتابخانە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی پەروەردەو پێڕاگەیاندنی نەوەی نوێیە، لە پەروەردەکردنی منداڵدا یارمەتی خێزان دەدات، ئەو هێزو توانا زکماکیانە کەلە منداڵدا هەن قوتابخانە بەهۆی مامۆستاو پێڕەوەکەیەوە بۆ قوتابی دەستەبەر دەکات و دەیکات بە ئەندامێکی بەکەڵکی ناو کۆمەڵەکەی و پارێزەری دەسکەوتەکانی و دابینکردنی پاشەڕۆژی.

لەمەوە دەردەکەوێ کە قوتابخانە لەسەر سێ پایەی سەرەکی دامەزراوە: مامۆستا، پێڕەو، قوتابی.

هەندێ جار دەوترێ پەروەردە گواستنەوەی ئەزموون و زانیاریە لەمامۆستاوە بۆ قوتابی بۆ ئەوەی پاش ئەو جێگەی بگرێتەوە.

جاران کاری ڕاستەوخۆی پەروەردەی قوتابخانە تەنیا گواستنەوەی داب و نەریتی پێشینان بوو بۆ نەوەی نوێ، ئەمڕۆ کاری قوتابخانە جگە لەوە گەلێ شتی تر دەگرێتەوە یەکێك لەوشتانە دەردان و گەشەدانە بەو هێزو ڕەهەندو توانا زکماکییانە کە منداڵ لەرێگەی بۆ ماوییەوە لە باوك و دایکییەوە دەیانهێنێ، ئەو منداڵە کەدەبێ چە کوڕ چە کچ وەك بوخچەیەکی پڕ گەنجینەی لەتوانای مرواری و گەوهەر ئاسایە، ئەگەر دەستی پەروەردەیان نەگاتێ لەشوێن خۆیاندا کپ دەبن و ناتوانن خۆیان دەربڕن.

پەروەردەی ناڕاستەوخۆ: ناڕاستەوخۆ بەو مانایەی هیچ ئامێرێکی دەرەکی بۆ هێنانەدی نەخرێتەکار، بەڵکو تەنیا بەهۆی چاولێکەو تێکەڵاوبوونەوە بێتە دی.

---

١٠– بڕوانە: ( مێژووی پەروەردەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا) ل (٢٠ ـ ٢١) بەرگی یەکەم (٢٠٠٨) حەمە کەریم هەورامی.

هاتنە ئارای قوتابخانە بۆ یارمەتی دانی پەروەردەی ماڵە نەك بۆ جێگرەوەی، بەر لەوەی قوتابخانە بێتە ئاراوە منداڵ لە هەڵس و کەوت و چاولێکەری کاروکردەوەکانی دایك و باوکییەوە فێری کاروباری ژیان دەبوو، کوڕ لە باوك و لەخێزان و کۆمەڵەکەیەوە فێردەبوو، لەباوکییەوە بەچاولێکەری فێری ڕاو و شکارو جووتکردن و تۆو چاندن و خەلەو خەرمان و کارگێڕی ناوماڵ و پێکەوە ژیانی ناو خێزان دەبوو.. کچیش بەچاولێکەری دایکی فێری ماڵداری و منداڵ بەخێورکردن و مەڕو ماڵات دۆشین و بێریّ و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەبوو، هەر لەدایك و باوك و کۆمەڵەکەیەوە نەوەی نویّ فێری زمانی و داب و نەریتی پێشینان و ئاین و ئەو ڕەویانەی کە لەناو کۆمەڵدا باو بوون فێریان دەبوون و بەوان لەکۆمەڵانی تر جیا دەکرانەوە، بۆیە ئەهلی ئەدەب وتوویانە: سروشت خۆی مامۆستایەکی میهرەبانە، بەو میهرەبانییەی سرووتی خۆی بەسەر مرۆڤدا دەرێژیّ و بەرەنگی خۆی ڕەنگیان دەکات.

ئەمە کەی وترا، نابیّ ئەوە بگەیەنیّ بەداهاتی قوتابخانە ئیتر پەروەردەی ناڕاستەوخۆ پەکی کەوت.. نا ! پەکی ناکەویّ و هەتا هەتایە شان بەشانی قوتابخانە لەکاردایەو لە پەروەردەو کاریگەری خۆی ناکەویّ، تەنانەت زانایانی پەروەردە لەسەر ئەو دوو جۆرەی پەروەردە رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوە کە ئایا لەو دوو جۆرەی پەروەردە کامیان پتر کاریگەری لەسەر پەروەردەی نەوە هەیە؟.

گەلیّ لەو زانایانە کاریگەری پەروەردەی ناڕاستەوخۆ بەسەر کاریگەری پەروەردەی ڕاستەوخۆدا دەزانن.

هەر جۆربیّ مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو دوو شتەوە: قوتابخانە بەخۆی و مامۆستاو پێرەویەوە، قوتابخانە دەزگاو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتییە، بەشێوەیەکی پەسەندو خێرا بەپێی پرۆگرامێکی بەردەست و دانراو، بەهۆی تاقیکردنەوەکانی و بەرپرسیاریەتی قوتابی و پابەندبوونیان بەیاساکانی قوتابخانەوە پەروەردەی راستەوخۆ دەکەوێتەکار.

قوتابخانە نموونەی هەڵبژاردەی کۆمەڵەکەیەتی، ئەو کۆمەڵە هەڵبژاردە وەك کۆمەڵە گشتییەکە کاری خۆی لەقوتابیدا دەکات، دام و دەزگاکانی ناو کۆمەڵ و ئەو شەقام و جمووجۆڵەی ناو بازاڕ هەمیشە کار دەکەنە سەر مرۆڤ و زانست و زانیاری دەدەنیّ.

پێویسته لەسەر کۆمەڵ و خێزانەکان یارمەتی قوتابخانە بدەن: ئەو بیرو بۆچوونە زانستیانە کە دەربارەی سروشت و مێژوو و کۆمەڵایەتییەوە قوتابی لە مامۆستاو پێڕەوەوە وەریان دەگرێ، دەبێ لەماڵەوە شتی وایان فێرنەکەن دژ بەو داتانە بێ کە لەقوتابخانە وەریان دەگرێ بۆ ئەوەی گوریسەکەی قوتابخانە نەبێتەوە بەرێس و قوتابی تووشی دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی نەبێ و نەزانێ بەکێ بڕوابکات.

زانایانی پەروەردە پێیان ئاسان نییە: یەکێك بێت حوکم بدا بەوەی کە ئایا ئەوەی قوتابی فێرکرد لەکاریگەری پەروەردەی ماڵەوەیە یان لەکاریگەری قوتابخانەوەیە؟.

وەك رابورد وتمان هەریەك لەوانە کاریگەری خۆی هەیە، گەلێ جار کاریگەری یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوە نوکلی ناکرێت کەسەرەتای رەوشت و فێربوونی منداڵ بەکاریگەری پەروەردەی ماڵەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە ئەو پەروەردەیە کە بۆ یەکەمجار لەسەر پەڕەی بێگەردی دڵ و دەروونیان دەنەخشێ و بە درێژایی ژیان لەکاریگەری خۆی ناکەوێ.[١١]

**(٣)**

**١ـ مامۆستا..**

لەپێشەوە وتمان: پەروەردە لەسەر سێ پایەی سەرەکی دامەزراوە: مامۆستا، قوتابی، پێڕەو.. واتە فێرکردن سێ شتی پێویستە: مامۆستا، قوتابی، پێڕەو کە ئەو شتەیە مامۆستا بەقوتابی دەیبەخشێ.

کەواتە لەپرسی پەروەردەو فێرکردندا مامۆستا سەر دەفتەرە. مامۆستا بەردی بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەیە، واتە سەرەتای بوونی قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ لای

---

١١– بڕوانة (التربية وطرق التدريس) ـ صالح عبدالعزيز، الدكتور عبدالعزيز عبدالمجيد ـ ل ٩٥ ـ الطبعة التاسعة ـ ١٩٨٨ ـ دار المعارف بمصر.

ئەوکەسە کە نووسین و خوێندنی زانیوەو خەڵك داوایان لیٚ کردووە ئەو دوو شتەی کەدەیانزانی فێری منداڵەکانیان بکات، لەخەمی ئەوەدا بوونە

نەوەك بمریٚ و نهێنی ئەوشتە گرنگە لەتەك خۆیدا بباتە ژێرگڵ، منداڵیان ناردووەتە لای بۆ ئەوەی فێری ئەو دوو نهێنییەیان بکات، هەڵبەتە ئەویش خۆی بۆ فێرکردنیان تەرخان کردووەو وەك پیشەیەکیش بۆ بژێوی خۆی بەکاری هێناون.

یان بابڵێین: لەهەستکردن بەگرنگی نووسین و خوێندنەوەوە، کۆمەڵ یان سەرداری ئەو کۆمەڵە ئەو کەسەیان بۆ ئەوکارە داناوەو بژێویان بۆ دابینکردووە، بەهەر جۆر بووبیٚ ئەوکەسە لەشوێنێکدا بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەی دانیشتووە، لەوێدا شاگردەکانی فێری خوێندنەوەو نووسینی کردوون، ئیتر ئەو نووسین و خوێندنەوە بەهەر جۆر بووبن لێرەدا مەبەستی ئێمە نین، ئەوەی مەبەستمانە سۆراخکردنی سەرەتای قوتابخانەیە بەسەر دەستی مامۆستادا، ئەو شوێنەی مامۆستا قوتابییەکانی تێدا فێرکردووە ئەوە قوتابخانەیە، ئەوانەش کەتێیدا فێربوون قوتابین، فێربوونەکەش کەنووسین و خوێندنەوەیە، پێڕەوی قوتابخانەیە.

قوتابخانە یان بڵێین شوێنی فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی مێژووی ئادەمیزادی گەیاندووەتە قۆناخی شارستانییەت و لەهەمەجییەتی ناو تاریکەستان رزگاری کردووە، خامەی ناو پەنجەی مامۆستای کردووە بەچرای رووناککەرەوەی رێگەی بەرەو پێشەوەچوونی مرۆڤ.

قوتابخانە بارەگای پەروەردەیە، پەروەردە مێژوویەکی پڕ بەنازی هەیە، تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن دیرۆك بەسەر دەیان کۆسپ و تەگەرەدا تێپەڕیوەو خۆی مشت و ماڵ داوە، چەندەها شێوازی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، گەلیٚ مەبەستی جیاجیای هێناوەتەدی، لەگەڵ قۆناغە مێژوویەکانی میللەتاندا هەڵسوکەوتی کردووەو خۆی تاقیکردووەتەوەو سەرکەوتووبووە، بۆیە لەمێژووی سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆی مێژوویەکی پڕ لەسەروەری هەیە، لەفراوانیدا دەریایەکی بیٚ بن و بیٚ رۆخە.

نەك هەر لەڕووی مامۆستاوە بەڵكوم لەڕووی ئامانج و شێوەی بەكارهێنانی بەتاك و كۆی بەپێزیەوە هەنگاوی مەحكەم و بەتینی ناوە، لە خۆتاقیكردنەوەی بەكارهێنانیەوە سفت و سۆبووەو مێژووی خۆی بۆ ئەو میللەتانە كە بەكاریان هێناوە بەجێ هێشتووە.

## (٤)

پیشەی مامۆستایی و فێركردن لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە سادەو ساكاربووە، وەك ئەم سەردەمە پێویستی بە ئامادەكردن نەبووە، بەڵكو بەچاولێكەری ئەوانەوە كەفێریان كردبوو منداڵانی فێردەكرد، لەسەرەتادا پەروەردە بەتاك فێركردن دەستی پێكردووە، مەبەست تیایدا تەنیا فێربوونە ڕووتەكە لەخودی خۆیدا مەبەست بووە.

پەروەردە لای یۆنانییە ئەسینییەكان بۆ چینی ئورستوكرات بووە، لەسەرەتای هاتنیەوە بەتاك فێركردن هات بەڵام یاسای دیموكراتییەت زوو ڕووی بەلای فێركردنی بەكۆمەڵدا وەرچەرخان، مامۆستاش لەسەر فێركردنە چاولێكەریەكەی.

لەشوێن و لەفێرگەكەی خۆیدا بەتاك مایەوە، ئەوەی دەبووە شاگردی گوێ ی بۆ بۆچوونەكانی دەگرت و فێری هزركاری و پابەندبوون بەقانون و ئاین و نەریتە باوەكانی ناو كۆمەڵی دەكرد.

هەرچەند شاگرد فێری ئەدەب و هونەرو هونەری جەنگاوەری و شتی تر دەكرا لەگەڵ ئەوەشدا پێڕەوێكی دیاریكراو نەبوو ئەو شتانە لەخۆی خڕبكاتەوە تا هەموو مامۆستاكان لەسەری بڕۆن، وێڕای فێرگەكەی سوقرات نەبێ، ئەوانی تر فەلسەفەو هزركاریەكەیان لە ئاسماندا وێڵ بوون و لەناو گێژاوی هەڵسوكەوتی خواوەندەكانیاندا خنكابوون، هزركاریەكانی سوقرات بوو هزری یۆنانییەكانی دابەزاندە سەر زەوی و بیری مرۆڤی ئەوسای ڕامدا كەتاوتوێ ی شتەكانی سەر زەوی بكات.

ئەفلاتون لە (ئەكاديميا)كەی و ئەرەستۆ لە (لەيسيووم)ە كەيدا بەتاك شاگردەكانيان فێردەكردن وەك فەيلەسووف خەڵكيان فێردەكرد پيشەی مامۆستايەتيان بۆخۆيان بڕيار نەدابوو.

(سۆفيستەكان) كە كۆمەڵە فەيلەسووفێك بوون، خەڵكی ئەسينا نەبوون، كە لەيۆنان بڵاوبوونەوە، بۆ بژێوی خۆيان دەستيان كرد بەفێركردنی خەڵك، بەكرێ دەرسيان دەوتەوە، كاری مامۆستايەتييان كرد بەپيشە.[12]

لەبەر ئەوەی يۆنانييە ئيسپرتييەكان سيستەمی لەشكرتارييان پێڕەوكردووە، هەموو هاوڵاتييەك خۆی بە پاڵەوانی جەنگ و سەفشكێن زانيوە بۆيە پەروەردەشيان پتر ركێف بەندی جۆرە پەروەردەيەكی وەرزشی وابووە جەستەی هاوڵاتيانی بەتين و قايم كردووەو فێری بەرگری و تير ئەندازی كردوون، مامۆستا لەسايەی ئەوجۆرە سيستەمەدا بەرپرسياری ئەو پەروەردە بووە، لەكاروباری دەوڵەتەوە دوور نەبووە.

كەرۆمەكان لەساڵی (١٤٦ ی پ ز) دا وڵاتی يۆنان كەوتە بەردەست و بوون بەخاوەنی كەلتووەكەی لەسەرەتادا كەڵكيان لێ وەرنەگرت، ئەوان هەرشتی كەڵكی دەم و دەسی نەبوايە گەرەكيان نەبوو، دوای ماوەيەكی زۆر كەبيرو هزری يۆنان گرنگی خۆی دەرخست، قوتابخانە تەسك و تاريكيەكانيان پەنجەرەی بۆ ڕووناكی هزری يۆنانييەكان كردەوەو چووە ناو قۆناخێكی نوێوە كە ڕەنگی قوتابخانە يۆنانييەكانی دەدايەوە.

مامۆستا لەهەردوو قۆناخدا مامۆستايەكی تيژڕەوو جەربەزەبووە، قوتابخانە تەسك و تاريك بوو، قوتابی لەسەر بچووكترين هەڵە فەلاقە دەكرا، مامۆستا لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاينەكاندا، لە ئاينی زەردەشت و موسا و مەسيح و ئيسلامدا، پيشەی مامۆستايەتی چووە ناو قۆناخێكی ترەوە، پشتی لە فەلسەفەو هزركاری هێناو زەنارو مێزەرو عەبای پۆشی و پشتی لە دنياكردوو لەناو گونجێكی پەرستگاكەيدا قوتابخانەی بۆ فێركردنی بنەما ئاينييەكان دامەزراند.

---

١٢- بروانه (في اصول التربية وطرق التدريس ـ الجزء الثاني) تأليف: حامد عبدالقادر ـ الطبعة الثانية ـ ل (١٠) مطبعة النهضة العربية. القاهرة.

مامۆستا سەرخێڵی کاروانی پەروەردەیە وەك پەروەردە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، پەروەردە لەهەرکات و زەمانێکدا لای هەر ئاین و نەتەوەیەك بووبیّ مێژووی تۆمارکردووە، ڕەنگ و ڕوخساری ئەوانەی وەرگرتووە کەرابەری کردووەن.

(٥)

جاران کە کاری مامۆستایەتی نەبوو بوو بەپیشەو بەتەواوی نەڕەخسابوو، ئەوەی کۆلکە سەوادو خوێندنەوەو نووسینی بزانیایە دەبوو بە مامۆستا، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژگارە نەما کۆلکە خوێندەوارێك ئان مەلاو میرزای گوندێك بە مامۆستاو منداڵان فێربکات.

پیشەی مامۆستایەتی وەك هەر پیشەیەکی دیکە نیشانەو مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، چڕی شارستانییەت و ئاڵۆزی مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی میللەتان وایان کردووە پەروەردە نەوەی نوێی وایان بۆ پێڕابگەیەنیّ بتوانن هەموو مەبەستە کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسییەکانیان بۆ بێنێتەدی، بۆیە نیشانەی تایبەت بۆ دیاریکردنی مامۆستایان دانراوە.

کاری مامۆستای ئەم سەردەمە تەنیا وشکە فێرکردن و گەیاندنی ئەو داتایانە نییە کەلەناو کتێبەکەیدا هەن، بەڵکو سەرەڕای ئەو فێرکردنە دەشیّ مامۆستا قوتابییەکانی لەسەرخۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەکەیاندا رابهێنیّ، بۆیە بەپێویست زانراوە کە هەندیّ تایبەتمەندی جەستەیی و هۆشمەندی و ڕەوشتی لە مامۆستادا بێنەدی، کە ئەمانەن:

١ـ تایبەتمەندی جەستەیی: مامۆستا ناتوانیّ کارەکانی ناو قوتابخانەی بەرێکوپێکی ئەنجام بدا ئەگەر ئەم تایبەتکەنیانەی خوارەوەی تێدا نەبن:

أـ دەبیّ لەش ساغ و تەندروست بیّ و نابیّ بەدەست نەخۆشییەوە گرفتاربیّ، ئەگەر وەهابیّ نابێتە نموونە بۆ قوتابییەکانی.

ب ـ نابێ لەشی بەنەخۆشییە زکماکییەکان عەیبداربێ، وەك کەڕی و کوێری، گێژو وێژی، فسەی زمانی و پشتکوڕی، گێڕی و کورتە بالآیی.

پ ـ دەبێ هەمیشە جوان پۆش و پاك و خاوێن و ڕووگەش و کراوەبێ.

٢ـ تایبەتمەندی هۆشیاری: مامۆستا بەگشتی دەبێ زیرەك و هۆشمەندبێ، لەم ڕوانەی خوارەوە کەم و کورتی نەبێ:

أـ زیرەکی: مامۆستا بەزیرەکی خۆی توانی بێتی پلەیەکی باشی خوێندنی بەدەست هێنابێ، بە ئاسانی و ژیرانە بتوانێ چارەسەری گرفتەکانی قوتابیانی بکات.

ب ـ دەبێ لەماددەی ئەو وانانەدا کە دەیانڵێتەوە شارەزای تەواوی هەبێ و ئاگاداری ئەو تیۆرو بۆچوونانەبێ کە پەیوەندن بە ماددەی وانەکانیەوە هەیە، نابی لەو بوارەدا کۆڵەوارو نەزان بێ، دەنا لەچاو قوتابییەکانیدا کەم دەبێتەوە.

پ ـ تەنیا شارەزابوونی مامۆستا لەماددەی فێرکردنەکەیدا نابێتەهۆی سەرکەوتنی ئەگەر لەبارەی دەروونناسییەوە شارەزای قۆناخەکانی گەشەی منداڵان نەبێ، نەزانی هۆش و بیرو ئارەزووەکانیان لە چە ئاستێکدان، لەبەر ئەوەی کە مامۆستا بۆکاری پەروەردەکردن ئامادە دەکرێ، دەبێ تیۆرە پەروەردەیە سایکۆلۆجیەکانی فێرکردن بخوێنێ.

د ـ شارەزابوون و زانینی ماددەکانی فێرکردن سەرکەوتنی تەواو بۆ مامۆستا دەستەبەر ناکەن ئەگەر ئەو مامۆستایە لەرێگەکانی دەرس وتنەوەو هونەری پەروەردەکردندا مەعلان نەبێ.

لەتەك ئەوەشدا دەبێ ئەوەی پیشەی مامۆستایەتی پەسەند دەکات، لەدوولاوە حەزی بچێتە سەری یەکەم مەیلێکی دەروونی لەناخەوە بەرەو ئەو پیشەیە هەڵی بنێ.

دووەم: لەکاتی ئامادەکردنیدا بۆ ئەو پیشەیە ئەوەندەی تر حەزوو ئارەزووی بۆی بکرێتەوە، بوونی ئەو دوو ڕەهەندە لە مامۆستادا سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر دەکەن.

٣ـ تایبەتمەندە ڕەوشتییەکان: مامۆستا بەگشتی، بەتایبەتی مامۆستای قۆناخە سەرەتاییەکانی خوێندن، لەجێ ی دایك و باوك لەماڵی دووەمیدا کە قوتابخانەیە دەبێتە نموونە، چۆن لەبارەی جەستەو هۆشەوە پەروەردەیان دەکات وەهاش لەبارەی ڕەوشتەوە، فێرکردنی ڕەوشت باشی بەوانەو ئامۆژگاری نییە بەچاولێکەری رەوشتی

مامۆستایه، بۆیه دهبێ ڕهوشت باش و ڕاستگۆبێ، مامۆستا دهبێ بهم جۆرهی خوارهوهبێ:

أ- دهبێ مامۆستا نهرم و نیان بێ: نابێ توندو تیژی لهڕووی قوتابییهکاندا بنووێنێ، چونکه لهتوندو تیژی مامۆستاوه قوتابی حهزی لهفێربوون نامێنێ و له مامۆستاو خوێندن دوور دهکهوێتهوه، ناشبێ ئهوهنده شلگیربێ قوتابییهکانی شهرمی لێ نهکهن و ڕێزی لێ وهرنهگرن و بهپێشڕهوی خۆیان نهیزانن.

ب - دهبێ مامۆستا سنگ فراوان و پشی درێژبێ: نابێ هارو هاجی و چهتوونی قوتابییهکان مامۆستا بچهمێنێتهوه.

قوتابی هەرچەند هەست بە ماندووبوون و لێپرسینەوەی مامۆستا ناکەن، بەڵام لەناخەوە کەرەسەیەکی خاوە، مامۆستا بەخواین و بەردەوامبوونی لەسەرکارەکەی لەوێوە کاردەکاتە سەر ئاکاری قوتابییەکانی و سەرکەوتن بەدەست دێنێ.

نابێ مامۆستا لەڕووی قوتابییەکانیدا ناڕەزایی دەربارەی کاری پەروەردە دەربڕێ، نابێ هەراسان و نائومێدببێ، نەچەمێتەوە، دڵنیا بێ لەکۆتاییدا سەرکەوتودەبێ، دەبێتە چرای ڕووناکەرەوەی ڕێ ی قوتابییەکانی و ئەمانیش دەبنە پەپوولە بەدەوریدا دەسووڕێنەوە.

مامۆستایەتی نامەیەکی یەزدانی مرۆڤانەیە مامۆستا دەیگەیەنێ، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە کە باسمان کردن تێیدا بێنەدی.[١٣]

---

١٢- بروانة : (التربية وطرق التدريس ـ الجزء الاول ـ تأليف: صالح عبدالعزيز والدكتور عبدالعزيز عبدالمجيد ـ ل (١٦٠ ـ ١٦٤) مطبعة دار المعارف في مصر- ١٩٦٨.

(٦)

## ئامادەكردنی مامۆستایان:

مامۆستا ڕابەرێكی كۆمەڵایەتییە، نابێ كاری خۆی تەنیا لەناو چێوەی داخراوی فێركردندا قەتیس بكات، دەبێ ئەو قوتابییانەی بەردەستی وەك جگەرگۆشەی خۆی تەماشایان بكات، هەریەك نوێنەری خێزانێكی ناو كۆمەڵن و مامۆستاش رابەری ئەو كۆمەڵەیە، خاوەن پیشەكانی ناو كۆمەڵ كاریان دەستەبەركردنی كەرەسە بێ گیانەكانە كەچی كاری مامۆستا پەروەردەكردنی ئەو مندالانەیە كەنەوەی مرۆڤن و گەورەترین سامانی مرۆیی نەتەوەكەیانن و خاوەن هێزو توانای جەستەیی و هزری و دەروونین، كەدێنە بەردەستی مامۆستا بەشی خۆیان زمانی دایكیان فێربوونە، لەڕاددەی خۆیاندا چێژیان كراوەتەوە، بیروباوەڕی ناو خێزانەكانیان بیرو هۆشیانی جولاندووە.

چاویان لە ڕەوت و ڕەویەی مامۆستایە، كارو بیرو بۆچوونی ئەو دەبنە نموونە بۆ ئەوان.

لەبەر ئەوە دەشێ مامۆستای ئەم سەردەمە بەشێوەیەكی هونەری زانستیانە بۆ ئەوكارەی دەخرێتە سەر ئەستۆی ئامادە بكرێ، ئەو بنەما دەروونیانە كە ئاسانكاری بۆ فێربوون دەكەن بیانزانێ.

جۆری ئامادەكردنی مامۆستا ئاوێنەی پێشكەوتنی كۆمەڵەكەیەتی، چەند ئاستی رۆشنبیری كۆمەڵ پێشكەوتووبێ ئامادەبوونی مامۆستاش بۆ پیشەی پەروەردە لەو ئاستەدایە.

ئێمەی كورد چونكە دەوڵەتمان نەبووە یاسای پەروەردەشمان نییە، یاسای پەروەردەمان بەشێكە لە پەروەردەی داگیركەرانمان.

لێرەدا پێویست وایە لەڕووی پەروەردەوە كورتە مێژوویەكی سەرپێی مێژووی ئامادەكردنی ئەو مامۆستایانە كەسەر بەقوتابخانە تاك و تروەكانی داگیركەربوون

لەوێشەوە تیشکێك بهاوینە سەر ئەو مامۆستایانە کە لەهەندێ ناوچەی کوردستاندا مامۆستا بوون.

کە ئینگلیزەکان پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی حکومەتی عێراقیان لە بیستەکانی سەدەی بووریدا دامەزراندو کردیان بە دەوڵەت و کوردستانی باشووریان پێوەلکاند، کەزانییان دەوڵەت بێ پەروەردە ڕاگیر ناکرێ لەمەوەو لە روێکی تریشەوە پێویستیان بە نەوەیەکی وەها هەبوو بتوانێ شان بداتە بەر پایەی ڕاگرتنی ئەو دەوڵەتە کەیەکێك لەو پایانەی پەروەردە بوو، بۆیە لەسەرەتادا پەنایان بردە بەر دووشت: ئەو کۆنە قوتابخانانەی سەردەمی عوسمانییەکان و ئەو مامۆستایانەی جاران کە کەمە خوێندەواری و کەمە شارەزاییەکیان لەدەرس وتنەوەدا هەبوو، چونکە قوتابخانە کە بارەگای پەروەردەو فێرکردنە بێ مامۆستا نابێ.

بۆ سەرپەرشتی قوتابخانەکان و مامۆستایان و وەزارەتی زانیاری ـ وزارەتی المعارف ـ دامەزرا، کەبۆی دەرکەوت ئەو کۆنە مامۆستایانە زۆربەیان کۆلکە خوێندەواری پاشماوەی عوسمانییەکان و مزگەوتەکان بوون، لە پەروەردەکردنی منداڵاندا کۆڵەواربوون بۆیە وەزارەت هاتە سەر ئەو بیرۆکەیە کورتە دەورەی ئامادەکردن بۆ فێرکردنی ئەو مامۆستایانە بکاتەوە، کردیەوە بەڵام ئەو سوودەی نەدا کە چاوەڕوان دەکرا.

مەبەست لە دەورەکاندا فێرکردن و ڕاهێنانی ئەو کۆنە مامۆستایانەبوو کە بەپێ ی میتۆدەو بنەما دەروونییەکان منداڵان فێربکەن و تووندو تیژی دەربارەیان بەکار نەهێنن.

ئەو دەورانە کە بۆ راهێنانی مامۆستایان دەکرانەوە ماوەی راهێنانەکەیان سێ مانگ بوو لەدواییدا ماوەکەیان کرا بەشەش مانگ، ئەوانەی لەو دەورانە وەردەگیران بەتێکڕایی ئەوانەبوون کە خوێندن و نووسین و کەمە رۆشنبیرییەکیان هەبوو، کە ماوەکەیان تەواو دەکرد دەبوونە مامۆستا لەدواییدا ماوەی دەورەکان درێژکرا بووبە ساڵێك، تا لەساڵی (١٩٢٣) بۆ یەکەمجار لەعێراقدا خانەی مامۆستایانی سەرەتایی (دار المعلمین الابتدائیە) کرایەوە، ئەوانەی لە قوتابخانەدا تا پۆلی پێنجەمی سەرەتاییان خوێندبوو یان ئەوانەی

له تاقیکردنەوەکانی شەشی سەرەتاییدا سەرنەکەوتبوون لەو یانەدا وەردەگیران، دوای دووساڵ کە دەردەچوون دەبوون بە مامۆستای سەرەتایی لە گوندەکان.

ماوەی خوێندن لەیانەکانی مامۆستایاندا هەر لەزیادبووندابوو، وەك لەیاسای فێرکردنی عیراقیدا دەردەکەوێ: ماوەی راهێنان لەیانەکاندا لەساڵی (١٩٢٦) دا بۆ دەرچوانی قوتابیە سەرەتاییەکان بوو بەچوار ساڵ لەپاشدا بۆ دەرچوانی سێ ی ناوەندی کرا بەسێ ساڵ، لەسەر ئەوماوە مایەوە تا لەساڵی (١٩٧١) دا بەعسییە نەگریسەکان ئەو یانایەیان بەیەکجاری داخستن.

بەراستی بوونی خانەکانی ئامادەکردنی مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە کوردستاندا دەستێکی باڵایان لە بوژاندنەوەی بارەی رۆشنبیری و نەتەوایەتی و ئابووریدا هەبوو.

منداڵە دەرچووەکانی خێزانە هەژارو جوتیارو کاسبکارانی کوردستان وەك ئەو منداڵە ئاغاو شێخ و دەسەڵاتدارانە نەبوون بتوانن برۆنە بەغدا بخوێنن و ببن بەکاربەدەست و مووچەخۆر، بۆیە یانەکانی مامۆستایان بۆ ئەوان زانکۆبوون، منداڵەکانیان لەو خانانەدا وەردەگیران بەشی ناوخۆیان هەبوو سێ ژەمە خواردنی بۆ ئامادە دەکردن، بۆ هەژاران چی لەوە باشتر هەبوو؟ دوای دەرچوون دەبوون بە مامۆستای سەرەتایی، خێزانەکانیان بە مووچەکەیان دەبووژانەوە، گەلێ شاعیری هەست ناسك و نەتەوە پەروەر لەو مامۆستایانە پەیدابوون جگە لەکارە سەرەکییەی خۆیان کە فێرکردن بوو، قوتابییەکانیشیان فێری گۆرانی و شیعر وتن بەباڵای نیشتمان و کورد پەروەریشیان دەکردن.

حکومەتی بەعس بەهانەی بۆ خانەکانی مامۆستایان دەدۆزییەوە: گوایا ئاستی رۆشنبیری زۆر بووەو دەرچوانی یانەکان ناتوانن کەلێنی کەم بوونی مامۆستایان پڕبکەنەوە، بەو بەهانە یانەکانی داخستن، لەراستیدا کە بەعس بۆی دەرکەوت رکێفی مامۆستایانی سەرەتایی بۆ ناگیرێ وای نیازکرد کەیانەکانی مامۆستایان دابخات و دەوراتی باڵا بۆ دەرچوانی شەشی ئامادەیی بکاتەوە لەو رێگەوە دەتوانێ مامۆستایان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەمەرجێ وەرگرتنی بەشداربوانی ئەو دەورانە لەژێر چاودێری

خۆیدابن، بۆیە ئەوجۆرە دەورانەی کردەوە تا دەرچووەکانیان بکات بە بەرێوەبەری قوتابخانەکان، کەچی لەوبارەشەوە سەرکەوتوو نەبوو.(١٤)

لەراستیدا بەعس بۆیە خانەکانی داخستن چونکە بۆی دەرکەوت بەو جۆرە مامۆستایانی بۆ رکێف بەند نابن، نیازی هاتەسەر ئەوە کە دەوراتی بالاّ بۆ دەرچووانی کورو کچانی دەرچووی شەشی ئامادەیی بکاتەوە، ئەو قوتابیانەش لە ساڵەکانی پێشوودا لەشەش دەرچووبوون و لەهیچ شوێنێ وەرنەگیرابوون و لەماڵەوە دانیشتبوون، لەکۆلّ خۆی بیانکاتەوەو حەبە سەوزەکەشیان پێ قوت بدات و ئالّقە لەگوێیان بدات.

ئەو پلانەش سەری نەگرت تا لەساڵی (١٩٧١) حکومەتی بەغدا بڕیاری دا پەیمانگە بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بکاتەوە.

ئێمەی مامۆستایانی جارانی خانەی مامۆستایان لەهەولێر هەوڵمان دا ئەو پەیمانگایە لەهەولێر بکرێتەوە، لەو بارەوە پارێزگاری هەولێرمان تێگەیاند ـ ئەوکات پارێزگار نوێنەری شۆرشی کورد بوو ـ کە داوا لە بەرپرسانی شۆرش بکات ئەو پەیمانگەیە لەهەولێر بکرێتەوە،

خۆشمان شاندێکمان پێکهێنا کە بڕوات بۆ ناوپردان کە ئەوکات (مەکتەبی سیاسی شۆرشی کورد) لەوێ بوو، تێمان گەیاندن کە خانەی مامۆستایان لە کوردستان زانکۆی کوردەواری بوو ئێستا نەما، هەق هەیە ئەو پەیمانگەیە بێتە هەولێر، ئەوەبوو لەسەر داوای ئەوان، لەو ساڵەی پێشەوەدا پەیمانگاکە لەهەولێر کرایەوە.

چی دەرچوانی شەشی ساڵەکانی پێشوو هەبوون، ئەوانەی کە لە هیچ کۆلیژێ وەرنەگیرابوون لەتەك ئەوانەدا بەعس هەڵی بژاردبوون لەبەسرەوە تا زاخۆ رەوانەی پەیمانگەی هەولێر کران و وەرگیران.(١٥)

---

١٤- بڕوانە : (الادارة التربوية لدور المعلمين والمعلمات الابتدائية) تأليف الدكتور طه الحاج الياس والمدرس محمد مصطفى يحيى. ل (٦٩ ـ ٧٢) الطبعة الثانية. مطبعة الشعب ـ بغداد.

١٥- بۆ زیادە زانیاری بڕوانە (چیرۆکی من و گوندەکەم ـ بەرگی سێیەم) نووسینی (حەمە کەریم هەورامی) ل. (٤٢ ـ ٤٣) هەولێر. ٢٠٠٨.

## ٢. قوتابی:

**(١)**

فێرکردن لەسەرەتای پەیدابوونیەوە چۆن دەستی پێکردووە نازانرێ، لەهەر شێوەیەکدا بووبێ بێ بەڵگە وێنا ناکرێ، ئەوەی لەو بارەوە دەوترێ بۆچوونێکە روخساری بۆچوونەکە لەشێوەی جۆرەکانی ئەم زەمانەوە وەردەگیرێ.

ئەو فێرکردنە وەك فێرکردنی ئەم سەردەمە دەخرێتە بەر وێناو دەوترێ: پەیوەندییەکە دەکەوێتە نێوان مامۆستاو ئەوەوە کە قوتابی دەیەوێ فێری ببێ، ئەوەی بۆ فێربوونە پێ دەوترێ پێڕەو، ئەوەی دەیەوێ فێرببێ قوتابییە، فێرکارەکەش مامۆستایە، کەواتە کردەوەی فێرکردن هەرسێیانیان دەگرێتەوە.

ئەو فێرکردنە کەهەر سێ پایەکەی پەروەردەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە، ئەوکارە چەلەخوارووی عیراق سەری هەڵدابێ چە لەسەردەمی پێش لە فیرعەونەکانی میسر یان لەچین و رۆژهەڵاتی ئاسیا لەهەر کامیاندا بووبێ کاری فێرکردن یەك سروشتی هەیە، لەهەموو سەردەمێکدا وەك خۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕدرێ: مامۆستایەو قوتابی و ئەوەی لەمامۆستاوە وەردەگیرێ کە ئەمڕۆ پێ ی دەوترێ پڕۆگرام.

هەڵبەتە لەبەرەبەیانی مێژوودا کەسێك یان چەند کەسانێك هەبووبن نەخش و نیگاریان لەسەردیواری ئەشکەوتەکان و دیوارو دارو بەرد کێشابێ و مانایان بۆ دانابێ و بەخەڵکیان وتبێ، ئەو وتنەوە بووە بەچەمك بۆ ئەو نەخشانە لەدواییدا ئەو وتنە بووە بەخوێندنەوە، ئا بەو جۆرە خوێندن هاتووەتە ئاراوە.

بەبرەودان بەوکارە، خەڵکانێك ئارەزوویان چووەتە سەرفێربوونی ئەو نەخش و نیگارو خوێندنەوە، ئا لێرەشەوە قوتابی سەری هەڵداوە، خاوەن نەخش و نیگارەکانیش بە فێرکردنی ئەو قوتابییە بوونەتە مامۆستا، خۆ ئەگەر خوێندنەوەو فێرکردن لەسەرەتادا لەسەر دارو دیوارو تەختەبووبن لەقۆناخی پاش ئەو قۆناخە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، خراوەتە سەر خشتی سوورەوکراو، لەو کۆمەڵە خشتە سوورەکراوەدا

دەرکەوتووە کە ئاسەوارناسان لەناو پاشماوەکانی شاری وەرکادا دۆزییانەوە، بۆ زانایان دەرکەوتووە کەچۆن خوێندن و نووسین و فێرکردن سەریان هەڵداوە، رەنگە لەشوێنێکی دیکەشدا کردەوەی فێرکردن بەجۆرێکی تر چووبێتە ناو هەمان قەبارەوە: لەو قەبارەدا مامۆستاو قوتابی و پێڕەوو نووسین و خوێندنەوە ڕەچاو بووبن، ئیتر لەوکاتەوە لەتەکاندان و هەڵکشاندایەو لەوانە هەزاران هەورازو نشێوی سەختی دیبێ، ڕەنگە لە قۆناخە نوێکانیدا تاکە بایەخی گرنگی بە پڕۆگرام دابێ، کەچی دەبێ لەهەموو چالاکییەکی پەروەردەدا مەبەست قوتابی بێ. ئەوسا وابووە، قوتابی پارێزەری پێڕەوبووە، لەرێگەی ئەوەوە گەیشتووەتە دەست پاشینان.

## (٢)

قوتابی ئەو منداڵەیە یان ئەو کەسەیە کە دەیەوێ لە مامۆستاوە فێری ئەو کەلتوورە کۆمەڵایەتییە پڕ ئەزموونە فراوانەی کۆمەڵەکەی ببێ، بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵدا پەکی نەکەوێ و بتوانێ جێگەی خۆی بەباشی پڕبکاتەوە.

ژیانی منداڵ لەرۆژی لەدایك بوونیەوە دەست پێ ناکات بەڵکو سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتانەی کە لەسکی دایکیدا کۆرپەلە بووە.

ئەو هێزو تواناو هەستە زکماکییە خاوانە، ئەو ئامێرو کۆ ئەندام و جمگانە کە لەشی منداڵیان پێك هێناوە لەرۆژی لەدایکبوونەوە دەکەونەکارو ڕووبەڕووی ژینگە دەبنەوە لەتەکیدا دەکەونە کارلێکردن.

منداڵی ئادەمیزاد وەك بەچکەی زیندەوەرانی دیکە نییە، ماوەی منداڵیەتی درێژە دەکێشێ، لەو ماوەدا پشت بەدایك و باوك و کەسانی تر دەبەستێ، لەدرێژخایەتی قۆناخی منداڵیدا فێری نهێنییەکانی خێزان و ناو کۆمەڵ دەبێ.

مرۆڤ زادەی دووشتی کاریگەرە: شتە بۆماوەییە زکماکییەکانی و ژینگە، ئەو ژینگەیە کەتێیدا دەژی و ئەوشتە زکماکییانەکە ئالوودەی یەکتری دەبن گەشەی منداڵ بۆ پێشەوە دەبن، تا دەگاتە پلەی هەرزەکاری بەسەر چەندان قۆناخی تردا تێدەپەڕێ،

تواناو هێزە بەدەنی و دەروونیەکانی دەچنە ناو دۆخی تایبەتمەندی خۆیانەوە کەلە قۆناخەکانی تر جیادەبنەوە.

شارەزایانی پەروەردەو زانایانی سایکۆلۆجییەت ماوەی منداڵەیتی منداڵی مرۆڤ دەکەنە سێ قۆناخی جیاواز:

**١ـ قۆناخی سەرەتایی منداڵ:** ئەم قۆناخە لەساڵی یەکەمەوە تا ساڵی پێنجەمە، پێ ی دەوترێ قۆناخی پێش چوونە قوتابخانە.

لەم قۆناخەدا منداڵ لەژێر نگابانی خێزاندایە لەشی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشە دەکات و دەتوانێ ئەندامەکانی بەکاربێنێ و بەسەرپێ بکەوێ، لەهەموو روێکەوە گەشەی دەبزوێ و چاوی بۆ دەوروبەری دەکرێتەوە، لەتەك ئەو ژینگەیە تێیدا دەژی ئاشنا دەبێ.

٢ـ قۆناخی چوونە بەرخوێندن: ئەم قۆناخە لەساڵی پێنجەمەوە تا ساڵی حەوتەم بەژنی بەرەو درێژبوون دەچێ، ددانی شیری دەکەون و هی هەمیشەیی دەردێن، مێشکی گەشە دەکات و دەبزوێت.

لەحەوت ساڵانیشەوە تا دوانزە ساڵی تەندروستی دادەمەزرێ، چالاکی وەرزشی زیاد دەکات، چەند بجووڵێ و چالاکی بنوێنی ماندووبوون کاری تێناکات، مێشکی لەو قۆناخەدا بەرەو فێربوونی زمان و هۆشکاری دەبزوێ، هەر لەو ماوەدا حەزی بۆ موڵکایەتی دەکرێتەوە، مەیلی گەمەکردنی تاکە کەسی دەچێتە سەر گەمە بەکۆمەڵە هاوبەشەکان.

**٣ـ قۆناخی هەرزەکاری:** لەم قۆناخەدا منداڵ لەگەلێ لایەنییەوە گەشە دەکات، پشت بەستنی بەکەسانی ترەوە ڕوو لەپشت بەستن بەخۆی دەکات، خەیاڵ و ئەندێشەی دەکرێنەوە، شتە هزریەکان دەخاتە بەر بیرکردنەوەی لەسەرەتای ئەم قۆناخەدا منداڵ تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان دەبێ، گەشەکردنی جەستەیی خێرای منداڵ لە دنیای منداڵیەوە دەیگوێزێتەوە بۆ ناو دونیای گەورە کەسان، بۆیە دەشڵەژێ و نازانی لەکام لایە منداڵەکەی جارانەیان لەگەورە کەسانە؟.

منداڵان بە منداڵەکەی دوێنێ تەماشای ناکەن گەورە کەسانیش بە منداڵ سەیری دەکەن! لەو بەینەدا تووشی دڵەراوکێ دەبێ.

چوونه ناو ئەو قۆناخە بۆ کوڕان لە ساڵی (١٣ ـ ١٤) ەوەیە، بۆ کچان لە ساڵی (١١ ـ ١٣) دایە.

کوڕان لەم قۆناخەدا گەروویان دەردەپەڕێ و دەنگیان گڕو دڕ دەبێ و گەنە تووك لەسەر لێویان دەردێ، کچانیش سنگیان دەردەپەڕێ و خوێنی مانگانەیان لێ پەیدا دەبێ، لەبارەی لەشەوە دەگۆڕدرێن.

لەم قۆناخەدا تێبینی منداڵ دەربارەی ژنگەکەی دەکرێتەوە واتە پەیوەندی و تێروانینی بۆشتەکانی دەوروبەری لەڕووی چۆنیەتی و هەژمارەوە ڕۆشنتر دەبن، ئەوشتانە کە دەکەونە بەر هەستی لەسەر حەقیقەتی خۆیان دەیانبینێ.

سروشت مامۆستایەکی کارامەیە: ماوەی منداڵیەتی منداڵی مرۆڤی لەبچووکی هەموو زیندەوەرانی دیکە درێژتر کردووە، لەبەر ئەوەی ژیانی بچووکی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدایە، گوزەرانی ناو کۆمەڵ ئاڵۆزەو شارەزایی دەوێ، پێویستی بەفێربوونی زمان و فێربوون بە پابەندبوون بە نهێنییەکانیەوە هەیە، ئەوانەش بەئاسانی بێ درێژەدان بەکات بۆ منداڵ نایەنەدی، هەر لەبەر ئەوەشە بارەی رەوشتی بچووکی مرۆڤی لەتەك فێربوونی هەمە جۆرەیدا ساچاندووە، نەرمە چۆنت گەرەك بێ دەچەمێتەوەو توانای زۆروو کەمی هەیە، کەچی بچووکی زیندەوەرانی تر پێویستیان بەو ماوە درێژەنییە لەمە لەدایك دەبن بەسەر پێ دەکەون و وەك دایکیان هەڵسوکەوت دەکەن و رەوشتیان بۆ فێربوون ناچەمێتەوەو چیڕەو توانای فێربوونی نییە.

**(٣)**

ئەوە ئەو منداڵەبوو کە بەکورتی گەشەکردنیمان لەسێ قۆناخدا خستەڕوو.

ئەو منداڵە لەتەمەنی شەش ساڵیدا دەچێتە قوتابخانەو دەبێ بەقوتابی و دەکەوێتە بەردەستی مامۆستا، بۆ پەروەردەی گونجاو دەبێ مامۆستا تایبەتمەندییەکانی ئەو قوتابییە لە قۆناخەکاندا بەرچاوبگرێ، تا لە چالاکییەکانی ناو قوتابخانەدا دەست لەتاریکی نەکوتێ.

دەبێ مامۆستا ئەوە بزانێ کە گەشەی منداڵ بەزۆرە ملێ نییە لەناخی دەروونی ئەو قوتابییەوە دێت، بەدەست هێزە زکماکییەکان و ژینگەی لەبارە، نابێ وەك مامۆستاکانی بەر لەسەدەی هەژدەم وابزانێ هۆش و ژیری منداڵ بەبار قورسبوونی دەگاتە ئاستی ژیری گەورە کەسان، ناشبێ هۆشی منداڵ لە لەشی و ویژدانی و لایەنەکانی تری جیا بکاتەوە بەڵکو بەیەك چاوە سەیری بکات کەهەموو لایەکانی جەستەو دەروونی بەیەکەوە بەستراون و منداڵ یەکەیەکی یەکگرتووە.

هەروەها دەبێ مامۆستا ئەوەش بزانێ کە گەشەی منداڵان وەك یەك هەڵناداو (جیاتاکی ـ الفرق الفردیە) هەیە، هەموویان لەیەك ئاستی گەشەدانین، بەڵام لە (٧٠٪) یان لەساڵی شەشەمی تەمەنیاندا دەگەنە ئەو ئاستەی کە بتوانن ئەو پەیڕەوەی کە بۆ پەروەردەیان دانراوە بەئاسانی وەری بگرن، بەمەرجێ بەرنامەو پێڕەوی فێرکردنەکەیان لەئاستی ئەواندابێ، لەناو قوتابیەکانی مامۆستادا زیرەك و نا زیرەکیش هەیە، دەبێ ئەو جیاوازیەش رەچاو بکرێ، نابێ زیرەك بەچاوی زیرەکی تەماشا بکرێ نا زیرەك بەچاوێکی تر.

**(٤)**

**قۆناخی هەرزەکاری:**

مامۆستا لەم قۆناخەدا دەبێ بەحەکیمانە دەست بە پەروەردەی قوتابییەکانی بکات، چونکە لەم قۆناخەدا دەچنە ناو دۆخێکی دەروونی تایبەت بەخۆیانەوە، لەگەلێ ڕووەوە میزاجیان لەگەڵ گەشەکردنیادا دەگۆڕدرێ.

بۆ ئەوەی مامۆستا لەم قۆناخەدا پەروەردە بە ئەنجام بگەیەنێ دەبێ تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناخە بەرچاو بگرێ.

منداڵ لەم قۆناخەدا بەسەر دوو پلەدا تێدەپەڕێ بەرەو ئەو قۆناخە هەنگاو دەنێ، هەر هەنگاوێکیان پلەیەکی تایبەتە:

١ـ چوونە ناو پلەی هەرزەکارییەوە کە لەساڵی (١٢ ـ ١٤) بەردەوام دەبێ.

٢ـ پلەی دووەم دەکەوێتە ساڵی (١٤ ـ ٢٠). لەپلەی یەکەمدا منداڵ دەشڵەژێ لە دووەمدا هێو دەبێتەوە.

زانایانی دەروونناسی گەلێ بایەخیان بەم قۆناخەداوە، لێرەوە منداڵ قۆناخی منداڵی بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە قۆناخی هەرزەکاری، لەم قۆناخەی گواستنەوەدا زوو ماندوو دەبێ و زووش دەحەوێتەوەو دەست بەچالاکی دەکاتەوە، خەیاڵی باڵفڕ دەبێ و ڕوو لەجیهانی میتافیزیکاو ئاین دیاردەسروشتییەکان دەکات و قریحەی شیعر وتن و نیگارکێشانی دەکرێتەوەو ئەزموونداردەبێ، هەر لەم قۆناخەدا منداڵان مەیلی ئەوە دەکەن نموونەیەکیان هەبێ بیکەن بە پێشڕەوی خۆیان و بەلاسایکردنەوەی ئەو دەخوازن وەك ئەو بکەن و دەیانەوێ ببنە نموونەی ئەو.

پێویستە لەسەر مامۆستا نەرم و نیانی لەتەکیاندا بنوێنێ و زۆر لغاویشیان بۆ شل نەکات، بە پێڕەو ئەرکی گران باریان قورس نەکات و لەکەم و کورتی نواندن و هەڵەکردندا بەتووندی سەرشاخیان نەگرێت و بەشێوەیەکی دیموکراتیانە مافیان بداتێ و بەیەکەوە گرفتەکانیان چارەسەربکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەو مەبەستەکانی پەروەردە ئاراستەیان بکات و مامۆستاش وەك پێشەوایەکی پەروەردیار لەچاو قوتابییەکانیدا لەنموودی خۆیدا بمێنێتەوە.

## (٥)

با بەر لەوەی لەقوتابی ناوجیهانی پەروەردەی ئەم سەردەمە جیاببینەوە، بەکورتی تیشکێ بهاوینە سەر ڕەوتی مێژوویی ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بەسەر چۆنیەتی قوتابیدا هاتوون، با قوتابی ئەو میللەتانە بکەینە نموونە کە خۆیان بەخاوەن شارستانییەت و قوتابخانە دەزانن.

لای یۆنانییە گریکەکان بەرنامەیەکی دارێژراوی دیاریکراوی وایان نەبوو تا سەرجەم منداڵان پەروەردە بکات.

منداڵانی کاسبکاران لە قۆناخی هەرزەکاریەوە بەهونەری جەنگ و وڵات پارێزی ڕادەهێنران و دەبوونە پاسەوانی سنوورەکان، ڕاهێنانەکەیان بە پێڕەوێکی وەرزشیانەی نەنووسرابوو، زیادە لەوە کە فێری دەبوون بەرێگەی چاولێکەری و فێربوونی لاسایی بوو، کەچی منداڵانی خێزانە ئۆرستوکراتەکان، دەچوونە لای مامۆستا فەیلەسووفەکان لەبەر دەمیاندا بەچۆکدا دەهاتن، ئەوەی دەیانووت لەبەریان دەکرد، ئەم جۆرە فێربوونەش بەپێ پێڕەوێکی پێش وەختە نەبوو، مامۆستا ئەوەی بە قوتابییەکانی دەوت، دەیویست قوتابییەکان لەناو سنگیاندا بیپارێزن.

ئەم جۆرە پەروەردەیە قوتابی بە دەفری پاراستنی زانیاریەکان زانیوە !.

ڕۆمانەکان مەیلی جەنگاوەریان هەبوو، لەسەر گیانی نیشتمان پەروەری و ڕێزلێنان لەقانون و دەسکەوتی ماددی ڕاهاتبوون.

کەبوون بەمیراتگری یۆنانیەکان کەلتوورو هزری یۆنانییان تێکەڵاو بە کەلتووری خۆیان کرد، لەسەرەتادا پەروەردەیان بەخوێندنەوەو نووسینی پیتەکان و ناسینی وێنەکانیان دەستی پێ دەکرد، دوای فێربوونی ناوی پیتەکان وشەیان لێ پێك دەهێنان.

پەروەردەی ڕۆمەکان وەك پەروەردەی گریکەکان لەسەرەتاوە سادەبووە، بەڵام دوای تێکەڵاوبوونی کەلتوورەکەیان لەگەڵ کەلتووری یۆناندا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندی و باڵادا هاتن بەڵام پەروەردەیان لە ئەداو مەبەستە سەرەکییەکانی پەروەردەی یۆنان دوور نەکەوتبووەوە، چاویان لەوە نەبوو پەروەردە قوتابی بەنموودو ڕەوشت باش و سەلاریان بۆ ئامادەبکات، ئەوان لە پەروەردە هاونیشتمانییەکی ڕۆمانی دڵسۆزیان دەویست، هەر چەند پەروەردە لای ئەوانیش بەتەواوی لە بازنەی لاسایی و چاولێکەری نەهاتبووە دەرەوە بەڵام بابەتەکانی پەرەیان سەندبوو بەکارێکی وەها بەشی هەرسێ قۆناخەکەیان دەکرد.

قوتابی خێزانە دەسەڵاتدارەکان بۆ زێدە شارەزابوون گەشتی وڵاتانیان دەکرد، قوتابی ڕۆمانی لەسەر کەمترین هەڵە فەلاقە دەکرا، لەبەر ئەوە مامۆستا لەچاو قوتابییەکانیدا کەسێکی جەربەزەو ناخۆشەویست بوو.

کە ئاینەکان لەوڵاتاندا بڵاوبوونەوەو دەسەڵات کەوتە دەست پیاوە ئایندارەکان قوتابخانەش کەوتە بەردەستیان، لە مەبەستە ماددی و دنیادیتنەوە خستیانە ناو

مەبەستێکی میتافیزیکی و خوا پەرستنەوە، مالووم و مۆغان و قەشەو مەلا بوون بە مامۆستاو قوتابخانەیان بردە ناو ئاتەشگەو ئاسکول و کەنیسەو مزگەوت، عەباو مێزەریان لەسەر قوتابخانە ناو زەنناریان لەقەد بەست، بەڕەواڵەت لەدنیا دووریان خستەوەتەوە.

قوتابییەکانیان فێری خوێندنەوەی گاتاو سیفرەکانی ناو تەورات و ئایەتەکانی ناو ئینجیلەکان و قورئانیان دەکردن، مەبەستیان لەئامادەکردنی قوتابییەکانیان ئەوەبوو سبەی رۆژ جێ ی مامۆستاکانیان بگرنەوە، قوتابییەکانیان هەر لەسەرەتای خوێندنەوەدا خزاندە ناو قالبی گەورە کەسانەوە، خۆیان بۆ ئاینەکەیان تەیار دەکرد، لەو قوتابخانانەدا قوتابی وەك قوتابییەکانی سەردەمی رۆمانەکان مامەڵەی لەتەکدا دەکرا لەسەر کەمترین هەڵە بەلێدان و فەلاقە سزا دەدرا، رێگەی فێرکردنیش چاولێکەری رێگە فێرکردنەکانی ئەرەستۆی یۆنانی بوو کەلەسەر (ببیسەو لەبەربکە) دامەزرابوو.

کە لە وڵاتی کوردەواریدا حوجرە لەپەنای مزگەوتدا دامەزرا خۆی لە کەتاتیبی مزگەوتە ئیسلامییەکان جیاکردەوە، لەبارەی مەبەست و پرۆگرام و مامەڵە لەتەك شاگردەکانیدا گۆڕانکارێکی ئاستەمی بەخۆیەوەدی.

مەبەست لەخوێندنیدا ئامادەکردنی کەسانی ئاینی و میرزای ناو کوردەواری بوو، پرۆگرامەکانی هەر چەند بەزمانی عەرەبی بوون بەڵام ڕاڤەکردنیان بەزمانی کوردی بوو، مامەڵەش لەگەڵ شاگرد (فەقێ) کانیدا لەسەر رێزو خۆشەویستی دامەزرابوو، هەموو مەبەستێکی بۆ خزمەتکردنی قورئان بوو، کەلتووری خۆماڵی مەبەست نەبوو!.

پەیوەندی لە حوجرەدا لەنێوان فەقێیان لەلایەك و لەگەڵ مامۆستایان لەلایەکی ترەوە لەو پەڕی رێزو یەکسانیدابوو، لەبەر ئەوەی مەبەستی حوجرە تەنیا بۆ پێگەیاندنی پیاوی ئاینی (مەلا) بوو، تایبەت کرابوو بەچینی هەژارانەوە..

* * *

## ٣. پێڕەو:

(١)

مامۆستاو قوتابی لەسەر زەمینەیەکی هاوبەش دەکەونە کار، ئەگەر ئەو زەمینە بۆ بەرهەمدانی پەروەردە لەباربێ ئەوە ئامانجی خۆی دەپێکی و کۆمەڵگاش شادمان دەکات، خۆ ئەگەر زەمینەکەی لەبار نەبێ ڕەنجی هەرسێ لا: مامۆستاو قوتابی و کۆمەڵ بەفیڕۆ دەچێت، زەمینەکە ئەو پێڕەوەیە کە مامۆستاو قوتابی بەیەکەوە بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی دەکەونە کارو لەپێناو بەرهەمدانیدا دەڕەنجێن، ئەو تۆوەی تیایدا دەیچێنن ئەو ئەزموونانەن کە کۆمەڵ بەدرێژایی مێژووی کۆنی کۆی کردوونەتەوە هاویشتەی ناو عەمبارو گەنجێنەی فەرهەنگی پێناسەی خۆی کردوون، ئەو ئەزموونانە لەو عەمبارەدا هەیانە وەك خۆیان دەمێنن و بەکەڵك دێن، هەشیانە لەگەڵ ڕۆژگاری بەسەرچووی خۆیاندا بەسەر دەچن و بۆ ئەوە ناشێن لەزەمینەی پەروەردەدا بچێنرێن، جا ئەگەر زەمینەی پەروەردە بەو ئەزموونە لەبارانە چێنرا سوود بەخش دەبن و هێز دەدەنە کۆمەڵ و یارمەتی بەرەو پێشەوەچوونی دەدەن، خۆ ئەگەر زەمینەکە بە ئەزموونە بەسەر چووەکان چێنرا ئەوە رەنجی مامۆستاو قوتابی و قوتابخانە بەفیڕۆ دەدات.

خۆ پێڕەوی بەرهەمدار ئەو کتێبانە نین کەپێشوەخت بۆ خوێندن ئامادەکران یان خۆد ئەو زانیاریە رووتانەش نییە کەکاتیان بەسەرچووە، ئەو بەهاو بۆچوونە وشکانە نییە کە رۆژگاری خۆیان بەجێ ی هێشتوون و لەگەڵ سەردەمی کاتی نوێیدا ناگونجێن.

پێڕەوی قوتابخانە هەمەلایەنەیە هەرلایەکی لەجۆرێك لەجۆرەکانی ئەزموونەوە وەردەگیرێ، ئەزموونەکانی گەل هەمەجۆرن لەیەك دانەبڕاون، ئەو قوتابیەش کە بەو ئەزموونانە پەروەردە دەبێ کیانێکی یەکگرتووی هەمەلایەنی وەك یەکی هەیە، بۆ نموونە:

بیرکاری و زمان بەشێکن لەپێڕەو، هەروەها بەشەکانی دیکەی پێڕەو لەیەك جیاناکرێنەوە هەموویان پێکەوە قوتابی پێڕادەگەیەنن و یەك مەبەست دێننەدی.
بەجێ هێنانی وردە موفرەداتی ئەو ئەزموونانە بەسەر دەستی مامۆستادا لە پۆلدا دەبنە هۆی هێنانەدی مەبەستەکانی پێڕەو بەگشتی.

**(٢)**

## پێڕەو لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟.

سەرچاوەی پێڕەو کۆمەڵە، هەر کۆمەڵێك تۆ بیگری گەنجینەیەکی کەرەسەی رۆشنبیری هەیەو لەرۆژگاری خۆی و لەپێشینانییەوە هێناویەتی و شانازی پێوە دەکات و بەوەوە دەناسرێ، ئیتر ئەو کەرەسە رۆشنبیریانە چە لەناو دەفەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکاندا پارێزرابن، یان سامانێکی سەر زارەکی بن و کرابن بەدیواربەندی رازاندنەوەی چیرۆکەکانی بەر ئاگردان و لەناو سنگی خەڵکدا مابنەوە.
یان سەرچاوەکە: ئەو بەهاو پێوەرە بەکەڵکانەن کە وەك دێنەمۆ ڕەوت و ڕەویەو ڕەوشتی تاك و کۆمەڵ بەرەو پێشکەوتن دەجووڵێنن.
یان ئەو مێژووە پڕ لەشانازیەیە کە بەدرێژایی رۆژگار خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵ و پاڵەوانە کۆڵ نەدەرەکانی تێدا جۆشدراون و لەپێناوی هێنانەدی سەرفرازیدا خۆیان کردووە بەقوربانی نیشتمان، پێڕەو یادەوەریەکانیان دەکاتە نموونەی بەرخودان و پێڕەو بەقوتابیانیان دەگەیەنێ.
یان سەرچاوەکە: ئەو ئاوات و مەبەستانەن کە گەل دەیەوێ بۆی بێننەدی.
یان سەرچاوەکەی: زاڵ بوونە بەسەر ئەو گیرو گرفتانەدا کەدەبنە ڕێگری ڕێگەی ئەو گرفتە سەختانە کە تەگەرەی گەیشتنن بە ئاواتەکانی، ئەو تەگەرانە کەرێگەی سەرفرازی و ئازابوونیان گرتووە.

بۆ نەتەوەیەکی وەك ئێمەی کوردی پارچەکراوو ماف خوراو ستەم لێکراو پێویستە پێڕەوی قوتابخانە جەخت لەسەر ئەو گرفتانە بکات و لەسەر ئەوە قوتابیەکانی هۆشیاربکاتەوە، هەروەها لەسەر قوتابخانەیە نەوەی نویٚ بەوە تێبگەیەنیٚ کە ئەوان دەتوانن ئەو کۆت و زنجیرانە کە کوردیان لەفاقەداوە بیان شکێنن و خۆیان ئازاد بکەن.

بەشێکی دیکەی سەرچاوەی پێڕەو ئەو زانست و زانیاریانەن کەبوون بەموڵکی هەموو میللەتان، بەشێکی کاریگەرن و خۆیان لەبواری سەرکەوتنی گەلاندا سەلماندووە.

یان سوود وەرگرتنە لەشێوازی داڕشتن و بەکارهێنانی پێڕەوی ئەو میللەتانە بەسەر قۆناخەکانی خوێندن و لەبەرچاوگرتنی گەشەی منداڵاندا دابەشکراوەو مەبەستەکانی بەجیٚ گەیاندووە، لەم حاڵەتەدا پێڕەو بۆی هەیە سوود لەو جۆرە بەرنامانە وەربگریٚ، بەتایبەتی ئەگەر پێڕەوە چاولێکراوەکە لەتەك پێڕەوە چاولێکەرەکەدا هاوبیربن و بۆیەك ئامانج و هێنانەدی یەك فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دانرابوون. بەمەرجیٚ پێڕەوە چاولێکەرەکە لە مەبەستەکەی دەرنەچێت.

## (٣)

ئەوانەی لە وڵاتدا دانانی پێڕەوی قوتابخانەکانیان پیٚ ڕادەسپێدریٚ دەبیٚ دارێشتنی پێڕەوەکەیان لەسەر ئەم سیٚ پایەی خوارەوە دانابیٚ:

**١ـ قوتابی.**

**٢ـ کۆمەڵ.**

**٣ـ فەلسەفەی حوکمڕانی کۆمەڵ.**

١ـ قوتابی: مەبەست لە قوتابی لەهەر پلەیەکی خوێندنداببیٚ، ئەو کەسەیە کە مامۆستا بەپێی پێڕەو فێری دەکات.

لەپێشەوە وتمان قوتابی ئەو منداڵەیە: چەندان هێزو تواناو حەزوو ئارەزوو بەرێگەی زکماکی لەگەڵ خۆیدا دێنیٚ، ئەو توانایە لەماوەی گەشەکردنیاندا لەهەر قۆناخێکی

ژیانیدابن دەچنە ناو قاڵبی تایبەتی خۆیانەوە، کاری پەروەردەکە بەهۆی پێڕەوەوە بە ئەنجام دەگات گەیاندنی ئەو رەهەندانەیە بەو پەڕی گەشەکردن.

پێویستە پێڕەو ئەو هێزانە بجوولێنێ و ڕابەریان بکات و بەئاکامیان بگەیەنێ، دیارە قوتابی لەبارەی گەشەی لەشەوە پێویستی بەهۆی دەرەکی نییە بەرەو گەشە بیجوولێنێ، ئەگەرچی وەرزش ڕێگەی گەشەکردنی بۆ ئاسان دەکات، کەچی رەهەندە دەروونییەکان وەکو لەش نین، بەڵکو پێویستیان بە پێڕەوی هەڵنەرو ئارەزوودارو مامۆستای کارامە هەیە، کە قوتابیەکان بەشەوق بکات بۆ وەرگرتنی بەشەکانی پێڕەوەکە.

دەبێ پێڕەوەکە وا داڕێژرابێ لەگەڵ قۆناخ بە قۆناخی گەشەی قوتابییەکاندا بگونجێ.

کەواتە پێویستە لەسەر دانەرانی پێڕەوی قوتابخانەکان تایبەتمەندییە دەروونی و پێداویستیەکانی قۆناخەکانی گەشەی منداڵان ڕەچاو بکەن و لە ئاست تواناییاندا پێڕەویان بۆ دابنێن و باریان قورس نەکەن.

دەبێ هەمە دەم ئەوە لەبەرچاو بگرن کەمەبەست لە پێڕەو و قوتابخانەو مامۆستادا قوتابییە، قوتابی مەبەستی سەرەکییە.

٢- کۆمەڵ دووەم پایەی پێڕەوە، کەلەبەر ئاوێنەی کۆمەڵدا  خۆی ڕادەگرێ و سەرەتا وردەکارییەکانی خۆی بەباڵای نەوەکانیدا دەدوورێ.

کۆمەڵ سامانێکی رووناکبیری لەبن نەهاتووی وەك: ئاوات و بەهای بەنرخ و ئامانجی دیاری کراوی هەیە هەوڵ دەدات بیانهێنێتەدی، بیروباوەڕی جیاوازی سەبارەت بە دیاردە سروشتیەکانیش هەیە لەگیروگرفتی هەنووکەیی دەروونی و نادەروونی بەدەرنییە، سەبارەت بەسەرجەم چالاکییەکانی رۆژانەش بیروڕای جۆراوجۆری هەن، پێڕەو لەو سەرچاوانەوە وەردەگیرێ و بینای خۆی دەکات، بۆیە هەر کۆمەڵێك پێڕەوی قوتابخانەی تایبەت و جیا لە پێڕەوی میللەتانی تری هەیە.

قوتابخانە لەڕێگەی فێرکردنەوە دەبێتە فەنەرێك ڕێنموونی بۆ هێنانەدی ئاوات و ئەنجامەکانی کۆڵ دەکات، ڕێ ی گەیشتن بە دەربازبوون لە گرفتە سەختەکان ئاسان دەکات.

سوودی پەروەردە تەنیا بۆ ئەو قوتابیانە نییە کە پێڕەو وەردەگرن بەڵکو بۆ سەرجەم کۆمەڵە، کۆمەڵ لەتاکەکانی پێك هاتووە، تاك و کۆمەڵ لەیەك جیاناکرێنەوە، وەك هێڵی یەك شەمەندەفەرن، هەردووکیان بۆ ڕەوتی شەمەندەفەرەکە پێویستن.

پەروەردە لەسەر پێڕەو دەڕوات، پێڕەو لەکۆمەڵ وەرگیراوە، لەمەوە دەوترێ: نگابانی و نەرم و نیانی نواندن لە فێرکردن و پەروەردەی قوتابیاندا وەسە دەرحەق بەکۆمەڵ کرابێ چونکە هەر قوتابییەك نوێنەری خێزانێکی ناو کۆمەڵە، ئەو چرایە مامۆستا دەیداتە دەست قوتابی ماڵی ئەو خێزانەی پێ ڕووناك دەبێتەوە.

٣- فەلسەفەی حوکمڕانی:مەبەست لە فەلسەفەی حوکمڕانی شێوازی ئەو ڕژێمەیە کە سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەیەکە لەسەری دامەزرابێ.

هەر نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت خاوەنی دامودەزگای پەروەردەی تایبەتە، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پەروەردە پێڕەوێکی وەها دادەنێ کە نەوەیەك پەروەردەبکات و ڕەنگی فەلسەفەی ڕژێمەکە بداتەوە.

حکومەتەکانی جیهان لەسەریەك فەلسەفە ڕژێمی سیاسییان دانەمەزراندووە لەبەر ئەوە یاسای پەروەردەشیان وەك یەك نییە، پەروەردەی وڵاتە سەرمایەدارەکان لەپەروەردەی وڵاتە سۆسیالیستەکان جیایە، یان ئەو وڵاتانە کە یاسای حوکمڕانیان ناسیونالیزمییە ئان سەلەفییە پێڕەوی پەروەردەیان وا دادەڕێژن کە فەلسەفەی یاساکەیان لەڕەوت و ڕەوشت و بیروڕای نەوەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

پەروەردەی ئەم سەردەمە وەك هی سەدەکانی ناوەڕاست نییە لامەرکەزی بێ و کەس خۆی نەکات بەخاوەنی.

هیچ میللەتێك بێ دامودەزگای پەروەردە نەبووە بەدەوڵەت. هیچ دامودەزگایەکی حکومەت لەهەژماری فەرمانبەرانیدا ناگاتە پەروەردە.

دامودەزگای پەروەردەی هەر وڵاتێك گەورەترین دەزگای زەبەللاحیەتی و بەتەرخانکردنی بوودجەیەکی ساڵانەی فراوان و بە دامەزراندنی هەزاران مامۆستای ئامادەکراو نەبێ ناتوانێ ئەو پێڕەوەی بۆی داناوە جێبەجێ ی بکات.

ئەگەر چوار کەس هەریەك سەر بەپارچەیەك لەچوار پارچەکەی کوردستان بێ کۆبکەیتەوەو لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەیت هەست دەکەیت هەریەك لەسەر نەزمی

پەروەردەی خۆی دەدوێ، چونکە هەر یەك کارێکەری خوێندنی ئەو پێڕەوەی پێ ی فێرکراوە ڕاهاتووە واتە سەر ئەو پێڕەوە پەروەردەکراوە کە خوێندوویەتی.

بەکورتی یەکێك لەو سەرچاوانە کە پێڕەوی پەروەردی لێ فەراهەم دەهێنرێ ئەو فەلسەفە سیاسیەیە کە حوکمڕانی دەوڵەت لەسەری دامەزراوە، ئەو حوکمڕانییە ئەو پێڕەوە دەکات بەمیکانیزمێك بۆ هێنانەدی ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی خۆی.

## (٤)

جیهانی پەروەردە زریانێکی قوڵ و ئەو پەڕ نادیارە، بەنووسینی چەندان بەرگە کتێب ناگەیتە ئەوسەری، بۆیە من لەم شوێنەدا لێ ی جیا دەبمەوەو پایەدۆستی لێ دەکەم.

بەڵام بەر لەوەی دەستبەرداری بم لەداوێنی ئەودا بەپێویستی دەزانم ئاوڕێك لە پەروەردەی کۆن و نوێ ی کورد بەکورتی بدەمەوە.

ئێمەی کورد تا ئێستا پەروەردەیەکی نیشتمانی تەواومان نەبووە، بەر لە جاڕدانی فیدرالیەت بۆ کورد، ژێر دەستە بووینە، پەروەردەمان پەروەردەی داگیرکەران بووە، بۆ تواندنەوەی نەوەی کورد بووەو کراوە بەدەفری تێئاخنینی کۆنە فەرهەنگی رزیوی ئەو.

بەشێکی کورد لەباشووری کوردستاندا لەساڵی (١٩٩١) لەژێر دەستی داگیرکەریدا دەرهێنرا، لەو چاڵە تاریکەی ژێر دەستەیی هاتە دەرەوە، لەناو دنیای ئازادی و ڕووناکیدا چاوی کرایەوە، هەندێ بەخۆیدا هاتەوە، ڕەنگە وای زانیبێ ئەو کەمە ئازادیەی بە ئازایەتی خۆی هاتووەتە دەستی، ڕەنگە کورد لەو حەقیقەتە بێ ئاگا نەبێ کە ئەوەی ئەوی بەو کەمە ئازادییە گەیاند تەنیا بەخەباتی درێژخایەنی نەبوو بەڵکو کۆمەڵە رووداو زروفێك بوون وەك زریان ئەم رۆژهەڵاتەیان لوول داو ئێمەیان لەفاقەدانی ئەسارەت بەرداو فیدرالیەتی پێمان ڕەوابینی.

بەبڕیاری ئەنجومەنی ئایشی نێودەوڵەتی لەژێر فشاری میللەتاندا بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ی لەرێکەوتی (١٩٩١/٤/٥) دا سەبارەت بە میللەتی کورد دەرکرد.

بەر لە فیدرالیەت ڕەنگ و روخساری کورد لەبیر برابوونەوە، لەناو تابلۆی جوگرافیای ڕەنگکراوی جیهاندا نیشتمانی کورد سڕابووەوە، میللەتان وا فێرکراون بەنەخشەی جوگرافی بۆیەکراودا میللەتان بناسن، ئەگەر یەکێك لەشوێنێك ناوی کوردی بەرگوێ بکەوتایە بە کۆمەڵە کەسێکی چەتەو عەیبدار دەکەوتە بەرهزری چونکە دوژمنانی داگیرکەر وای بۆ کورد تاشیبوو، واتە ئێمە لە زووەوە خرابوینە ناو ئەو چاڵانەوە کە بۆ ئەنفالەکانی ساڵی (١٩٨٨) لێدرانەوە.

هەق هەیە کورد هەمیشە ئەو رابردووە تاڵەی لەبیر نەچێت، ئەو رێگە دوورەی لەبەر دەمیدایە بەژیرانەو خێرا ببڕێ، نەخشەی بەتین و مەحکەم بۆ کارەکانی دابنێ بەسەر هەموویانەوە نەخشەی پەروەردەیەکی نیشتمانی تۆکمە دارێژێ و کۆمەڵ و هزری نەتەوایەتی بکات بەسەرچاوەی ئەو پێڕەوەی کە نەخشە پەروەردەییە خۆماڵیەکەی بۆ دارێژراوە، لەهەمان کاتدا دەکرێ لە ئەزموون و تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەو میللەتانە کە یارمەتی کوردیان داوە سوود وەربگیرێ.

بێگومان دانانی پێڕەوی پەروەردەو فێرکردنی گشت قۆناخەکانی خوێندن پێویستی بە دەزگایەکی تایبەت هەیە کەچەند کەسانێکی پەروەردیارو شارەزاو کوردپەروەری دڵسۆزی تیابن کارو فەرمانیان چاودێری گونجاندنی پێڕەو بێ لەهەموو قۆناخەکاندا، لەهەمووی گرینگ تر گەیاندنی ئاوات و ئەنجامەکانی کۆمەڵ و چەسپاندنی گیانی کوردایەتییە کە گەیشتنە بە سەرفرازی و ئازادی، بەهێنانەدی ئەو ئامانجە کورد دەبێتە خاوەنی خۆی و کوردستانی باشووریش دەبێتە ماڵە باوانێکی ئاوەدان و پێشڕەو بۆ کوردی پارچەکانی دیکە.

دیارە ئەو مەبەستانە تەنیا بە داڕێشتنی پێڕەو نایەنەدی ئەگەر ئەو مامۆستایانە کەوتنەوەو گەیاندنی پێڕەو دەکەوێتە سەر ئەستۆیان بۆ ئەوکارە ئامادە نەکرابن واتە ئەگەر لەسەر هونەری فێرکردن و دەرس وتنەوە لە پەیمانگاکانی مامۆستایان ڕانەهێنرابن.

* * *

# یارسان..

(۱)

## پێشەکی..

ئایا یارسان ئاینە؟ یان کۆمەڵە بەهایەکی سۆفیانەیەو لەگەڵ ئاینە کۆن و نوێکاندا تێکەڵاو بووەو لەوانەوە هەندێ بنەمای ڕۆحانی وەرگرتووە؟ ئەمانەو کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە لەم ڕووەوە هەن بەشوێن وەڵامی خۆیاندا دەگەڕێن و تەکاندەدەن و دەیانەوێ بە وەڵامەکانیان بگەن بەڵام لەتەنگەبەری گەیشتندا هێزی جەهالەت ڕاوەستاوە ناهێڵی بگەنە وەڵامەکانیان.

وەلێ ئێمە لەدەعباکانی جەهالەت ناترسێین و دەمانەوێ بەسەر ئەو تەنگەبەرانەدا باز بدەین و پەردەیەك لەسەر ئەو زەمینە لابدەینەوە کە لە زووەوە چەندان ڕێبازی وەك یارسانی تێدا ڕواوەو چەکەرەیان کێشاوە کە پێغەمبەری موسڵمانان سەری هەڵدا بۆ گەیاندنی ئاینەکەی هێڵە سەرەکییەکانی بۆ خەڵك ئاشکرا کرد بەپێی ئەم ئایەتە: (وقاتلوا الذين لا يؤمنون بالله و رسوله ولايدينون دين الحق من الذين أوتوا الكتاب حتى يعطوا الجزية عن يد وهم صاغرون ـ سورة التوبة ـ اية ۲۸).

بەو ئایەتە بارەی ئابووری بۆ موسڵمانان و دانانی باج لەسەر ئەوانە کە موسڵمان نابن دانا، لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە گیانی برایەتی لەنێوان هۆزە عەرەبەکاندا دروستکرد، لەبارەی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤ و خوادا بەو پایە ئەسڵ و فروعەکانی ئیسلامی کرد بەهۆی بەردەوام بوونی ئەو پەیوەندییە، کەعبەکە لە مەککەبوو لەجیاتی ئۆرشەلیم کردی بەقیبلەی موسڵمانان.

پێغەمبەر توانی دوورگەی عەرەب لەماوەیەكی كەمدا بێنێتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، هۆزە عەرەبەكان رامبكات و فێری پێكەوە ژیانیان بكات.

كە پێغەمبەر لەتەمەنی (٦٣) دا وەفاتی كرد، منداڵی نێرینەی نەبوو تا جێی بگرێتەوە تەنیا یەك كچی هەبوو كە (فاتیمە)ی ژنی عەلی و دایكی (حەسن و حوسێن) بوو، بەوەفاتی پێغەمبەر ئیسلامەتی درزی بردوو هۆزە عەرەبەكان لەئیسلامەتی وەرگەڕانەوە.

ئەبوبەكر كرا بەخەلیفە، خەلافەتەكەی دووساڵی خایاند(٦٣٢ - ٦٣٤) لەو ماوە كەمەدا توانی عەرەبە یاغی بووەكان بگێڕێتەوە سەر ئاینی ئیسلام، ئەبوبەكر بەر لەمردنی بەوەسیەت عومەری كوڕی خەتتابی كرد بەخەلیفە ئەویش دە ساڵ حوكمی كرد، لە ساڵی (٦٤٤) كوژرا، لەماوەی خەلافەتی ئەودا سوریا و میسرو هەندێ لە وڵاتی فارس و ناوچەی گەرمەسێری كوردان كەوتە بەردەستی عەرەبان، بۆ ئەوەی لەرێگەی شامەوە پەلاماری وڵاتی میسر بدات مەعاویەی كوڕی ئەبو سوفیانی كرد بەوالی شام، پێش ئەوەی عومەر دواهەناسەی ژیان بدات شەش كەسی لەیارانی پێغەمبەری دانان كە پاش مردنی خەلیفەیەك لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن، عەلی یەكێك نەبوو لەو شەش كەسە، چونكە عومەر پیێ ی وابوو عەلی كەسێكی توندڕەوە بۆیە دووری خستەوە!.

لەو شەش كەسە عوسمانی كوڕی عەففان كرا بەخەلیفە، ئەمەبوو بەهۆی ڕكبوونەوەی ئەوانە كە عەلی یان خۆشدەویست كەپێیان وابوو:(پێغەمبەر خاتم الانبیایە، عەلیش خاتم الاوصیایە).

عوسمان لەساڵی (٦٥٦) دا لەمیحرابدا لەكاتی قورئان خوێندندا كوژرا. دوای كوشتنی عوسمان (معاویە) سوریای جیاكردەوەو خۆی كرد بەخەلیفە، ئەوجا عەلی كوڕی ئەبوو تالیب بەكەمینەی دەنگ كرا بەخەلیفە.

لەوكاتەدا معاویە داوای بكوژانی عوسمانی لە خەلیفە دەكرد لەم لاشەوە (تەلحە) و (زبیر) كە دوو كۆنە یاوەری پێغەمبەربوون خەلافەتیان بەمافی خۆیان دەزانی جگە لەوە (زبیر) كوڕی برای خەدیجەی ژنی پێغەمبەر بوو.

عائیشە ژنی پێغەمبەر پشتی داواكەی ئەو دووانەی دەگرت، وەك ئەوان ڕكی لە عەلی بوو چونكە دوای ڕووداوی (افك) عەلی داوای لە پێغەمبەر كردبوو عائیشە تەڵاق بدات،

لەو زرووفە سەختەدا کە عەلی تێیدا تێدەپەڕی، ئەو سێ کەسە یەکیان گرت و شەڕی (وشتر سوارەکە ـ حرب الجمل) لە بەسرە لەنێوان لایەنگرانی ئەو سێ کەسەو عەلی دا ڕوویدا، ئەنجامەکەی کوشتنی تەلحەو زوبێرو سەدان کەس بوون.

ئەمەوییەکانی ئەوەندە باوەڕیان بە پێغەمبەریەتی پێغەمبەرو قورئان نەبوو، کەشەڕ لەنێوان مەعاوییەو عەلی دا گەرم بوو، لایەنگرانی مەعاوییە قورئانیان لەسەر نێزەی ڕمەکانیان بەرزکردەوە، داوایان لەعەلی کرد قورئان بکەن بە حەکەمی نێوانیان.

عەلی بەحوکمی قورئان رازی بوو، بەڵام لەو پرسەدا نەیبردەوەو فێڵی لێکرا (معاویە) بەساختە بووبە خەلیفەی فەرمی موسڵمانان، دوای ئەو ساختەکاریە کە لەپرۆسەی (التحکیم) دا کرا لایەنگرانی عەلی لێ ی هەڵگەڕانەوە، چونکە پێیان وابوو عەلی بە قبوڵکردنی ئەو پرۆسەیە لە ئاین دەرچووە، بۆیە بوون بە دوژمنی سەرسەختی و دژی دەجەنگان و خەلیفەیان بۆ خۆیان دانا، ئەوانە ناونران (الخوارج).

ئەوەی بۆ عەلی مایەوە تەنیا ئەو کەمە شیعە فارس و عەرەبانە بوون کە لەنەجەف بوون، ئەوەندەی نەبرد عەلی لە مزگەوتدا بەدەستی یەکێك لە خەوارجەکان کوژرا.

خەلافەتی مەعاوییە، دەساڵ درێژەی کێشا، پێش مردنی (یەزید)ی کوڕی کرد بەجێگری خۆی لەمەوە خەلافەت بوو بە وەراسەت.

پاش مردنی عەلی (حەسەنی) کوڕی کرا بەخەلیفە، لەبەر ئەوەی وڵاتی موسڵمانان پڕبوو لە ئاژاوەو گێروگرفت بەرگەی نەگرت و وازی هێنا، دوای ئەو (حوسەین) ی برای کرا بەخەلیفە، ئەویش لە ڕووداوەکەی کەربەلادا کوژرا.

وڵاتی حیجازو بەشێك لە عیراق ببوون بە مەنجەڵی سەر ئاگرو قوڵی دەدا، دەیان سەر لەناویدا دەکوڵان، دەیان گروپ و تاقم و ڕێباز سەریان هەڵدا، کەس دەفتەری ئەویتری نەدەخوێندەوە هەریەك لە ئاشێك باری خۆی دەهاڕی.

کابرایەك پەیدا ببوو ناوی (عبدالله بن سبأ) بوو، هەر لە زووەوە بەناو خەڵکدا دەگەڕاو داوای لەخەڵك دەکرد پشتی عەلی بگرن، چونکە هەموو مافێکی خەلافەت بۆ ئەوە.

کە عەلی کوژرا پێ ی وترا:

ـ عەلی کوژراوە، دەیووت: ئەوە ئەو نەبووە، ئەوە شەیتان بووە! ئەو وەك مەسیح بۆ ئاسمان چووەتەوە.

ـ دەیووت: ئەگەر حەفتا جار لەبەرچاوم بکوژرێ بڕوام نایە ئەوە عەلی بێ بزوتنەوەی ئەو کابرایە لەناو موسڵمانانندا دەنگی دایەوە.

مردنی عەلی دەرگای خەیاڵی بۆ موسڵمانان کردەوە، چەندان چیرۆکی ئەفسانەیی و دوور لەلۆجیك و عەقڵی هێنانە ئاراوە، هەر بابابوو بەناوی ئەوەوە خۆی دەخزاندە ناو خەڵکی ساویلکەوەو جێ ی خۆی دەکردەوە، ئەوەش لەکاسەی ماڵی میردا ئاوی خواردبووەو داوای میرات و فەرمانڕەوای دەکرد.

خەلافەتی ئەمەوییەکان دوای (٩٠) ساڵ بە مردنی دوا خەلیفەیان (مەروانی دووەم) دوا هەناسەی دا، لەو ماوەدا کە ئەستێرەی دەوڵەتی ئەمەوییەکان بەرەو ئاوابوون دەنیشت، ئاواتی خەڵك نەمانیان بوو، ئەمە دەرفەتێ بۆ نەوەی ئەوانەی ڕەخساند کە دەوڵەتی ئەمەوی سەرکوتی کردبوون داوای مافی خۆیان بکەن، دوو بزووتنەوە سەریان هەڵدا هەریەك لەوانە خۆیان بە میراتگری راستەقینەی خەلافەت دەزانی، یەکێکیان نەوەکانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب پێی هەڵدەستان ئەویتریان نەوەکانی عەبباسی مامی پێغەمبەر، هەردووکیان دژ بەیەك بوون، بەڵام نەوەکانی عەبباس درو چالاك بوون، توانیان بەکوشتن و خوێنڕژتنی نەیارەکانیان بگەنە مەبەست.

کوردو فارس و غەیری ئەوان وایان دەزانی بەنەمانی ئەمەوییەکان و هاتنی عەبباسییەکان دنیایان بۆ دەبێتە شامی شەریف، بۆیە خۆیان کرد بەبەربووکیان و دەوڵەتیان بۆ دامەزراندن و هاوردیانیان بەغدایان کرد بە پایتەختیان، کەدەستیان لەحوکم گیربوو، ئەوەی نەشیا بەکوردو فارسیان کرد بەکارێکی وەها ئەمەوییەکان لەچاو ئەواندا فریشتەبوون، نەیارە ئامۆزاکانیان ــ نەوەکانی عەلی ـ یان تەفرو توونا کردن، ئەوانیش لەتاو پاراستنی گیانیان خۆیان حەشارداو بەرەو سوریاو لوبنان و وڵاتی کوردان هەڵهاتن و خۆیان پەنادا.

زۆر لەو زانایانە کە موسڵمان ببون بۆیان دەرکەوت عەرەب بۆیە ئاین بەکاردێنن تا لەو ڕێگەوە بگەن بەحوکم، بۆیە زۆربەیان لە ئاین وەرگەڕانەوەو بەزەندەقە تاوانبارکران.[١٦]

**(٢)**

**یارسان:** ناوی ئەو ئاینەیە کە کاکەیی و ئەهلی حەق و عەلی ئیلاهیەکان بە ئاینی خۆیان دەیزانن و حەز دەکەن بەوەوە بناسرێن.

زاراوەی (یارسان) چە وشەیەکی لێکدراوبێ لە دوو وشە، یان تاکێکی لێکچزراوبێ لە ئامێرێك و وشەیەك پێکهاتبێ، لەهەردوو حاڵەتدا وەك زاراوەیەکی سادە دەکەوێتە بەرزەین، بەڵام کە دەتەوێ ماناکەی بەسفت و سانایی وەربگری و ڕەوانەی ناو خەزێنەی مێشکت بیکەی خۆی بەدەستتەوە نادات.

گەلێ توێژەر بەسەر ئەو ناوەدا ڕۆیشتوون و لێ ی ورد نەبوونەتەوەو لەسەر یەك ماناشی سەقامگیر نەبوون.

من بەو چاوە تەماشای زاراوەی (یارسان) دەکەم کە لە (یا) و لە (ڕسان) پێك هاتووە، (یا) ئامێری بانگ کردنە، لەزمانی عەرەبیدا بۆ بانگ کردنی دوورو نزیکە، لەهەندێ دیالێکتی کوردیشدا بەکەمی بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێ.

(ڕسان) وشەیەکە فرەتر فارس بەکاری دێنن، ئەوانەن کە کەسانی داماو هاواریان لێ دەکەن و پەنایان بۆ دەبەن و داوای فریاکەوتنیان لێ دەخوازن، هەردوو وشەکە

---

١٦- لەنووسینی ئەم پێشەکییەدا سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

أ- الاسلام - المستشرق هنري ماسية - ترجمة - بهيج شعبان - منشورات عويدان - لبنان.

ب - موسوعة الاديان - ژمارە ٢٣.

ج - الفتنة الكبرى - طه حسين . دار المعارف بمصر.

بەسەریەکەوە (یارِسان) مانای هاوار بردنە بۆ ئاسانەی ئەوانە کە فریای لیٚ قەوماوان دەکەون.

لەکوردەواریشدا جاروبار بۆ هەمان مەبەست بەکاردیٚت.

دەوتریٚت: (خواو راسان) واتە پەنا بەخوا، (یاخوا مەرگت نەبینم).

بەلاّم بەکارهیٚنانی زاراوەکە بەسەریەکەوە لە فەرهەنگی کوردیدا نامۆیە.

هەندیٚ توێژەر بەریٚنووسی (یارِستان) دەینووسن، بەو رِیٚنووسە لەماناکەی خۆی دەترازیٚ و دوور دەکەویٚتەوە، من بەو لیٚکدانەوەی سەرەوەم وا ئەجیا دەکەم لە رِۆخی رِاستە مانای زاراوەکە نزیك بوومەتەوە.

دەنگی وشەی (رِسان) وادیٚتە بەرگویٚ کە (رِ) یٚکەی دەنگداربیٚ، لەوەختی خۆیدا (ر) یٚی قەلّەو نیشانە بۆ ریٚنووسەکەی دانەنراوە بۆیە وەك خۆی ماوەتەوە.

## (٣)

یارِسان لای برِوا دارانی ئاینەو تایبەتە بەگەلی کوردەوە. کە دەچیتە ناو تواناو توونی یارسانەوە ئەوەمان بەبیردا دیٚت: داخۆ ئەم ئاینە وەك ئاینەکانی دیکە لەسەردەمیٚکی دیارو لە زرووفیٚکی تایبەتی خۆیدا سەری هەلّدابیٚ، هەر ئاینیٚك بەسەر دەستی کەسیٚکی ناسیاودا سەری هەلّداوەو دوای تیٚکۆشانیٚکی سەخت ئەوجا لەناو خەلّکدا بلاّوبووەتەوە، ئەوکەسە واخۆی پیشانداوە لە ئاسمانەوە پەسەندکراوە، ئەوەی ئەو دەیزانیٚ خەلّك تا برِوای پیٚ نەکەن نایزانن، واشی رِاگەیاندووە ئەوەی ئەو دەیکات و ئەوەی ئەو دەیلیٚ بە ئارەزووی خۆی نییە، لە ئاسمانەوە سرووشی بۆ دیٚ کەچی بکات و چی باشە بۆ کۆمەلّگاکەی، ئاین وەهایە، ئەو فرمانانەی دەری دەکات دەبنە بنەمای کۆمە ئەحکامیٚکی شەرعی ئاینەکەی، ئەو فرمان و بنەما ئاینیانە کە بەخەلّکیان رِادەگەیەنیٚ کۆدەکریٚنەوەو دەکریٚن بەکتیٚب و باوەرِدارانی ئاینەکە وابەستەیان دەبن و پیٚرِەوی ناوەرۆکەکەی دەکەن، هەر ئەو کەسە رِابەرە بەخەلّك رِادەگەیەنیٚ بەشویٚن

کەوتنی ئەو بەختەوەر دەبن و ئایندەشیان ڕووناك دەبێت کە لەدنیاش دەرچوون دەچنە بارەگای ئەوەی کە ئافەریدی کردوون بە ئەندازەی کردەوەکانیان پاداشتیان دەداتەوە یان لەسەر خراپەکاریان سزایان دەدات، بۆ دەرکەوتنی کەسی باش و خراپ، کۆمەڵە ئەرکێك دەخاتە سەر ئەستۆیان داوایان لیَ دەکریَ پێبەندیان بن، بەکردنی ئەوشتانە کە کردنیان قەدەغەیە بیکەن گوناحبار دەبن.

ئاینەکان لەو قاڵبانەدا خۆیان بۆ مرۆڤ دەرخستووە. ئایا ئاینی یاڕسانیش وەها هاتووە وا ڕووبەڕووی خەڵك بووەتەوە؟.

ئەوەی یاڕسانیەکان بەتایبەتمەندی خۆیان دەیزانن کۆمەڵە ڕەوت و ڕەویەو عورفێکە نایانگەیەنێتە ئەو پلەیە پێیان بوتریَ ئەحکامی شەرعی کە هەم بەکردەوە بکرێن و کردنەکەیان بە عیبادەت بدرێتە قەڵەم، واتە کردن و نەکردنیان پاداش و سزایان لەسەر نییە.

جگە لەوەش وەنەبیَ سەرچاوەی ئاینەکە خوایی بیَ و بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

سەرەڕای ئەوەش وا لەئاینە کۆنەکانی ئەم رۆژهەڵاتە خۆی ئاڵۆزاندووە بە ئەستەم لێیان جیا دەکرێتەوە.

ئەو ڕەوییەو نەریتانە کەلەلای یاڕسانەکان باون بیری مرۆڤ دەبەنە سەر ئەوە بڵیَ: یاڕسان بریتییە لەو (کۆمەڵە ڕەوییەو رەوشتە) کە داهێنەران و بڕوادارانی لەپەنایدا خۆیان لەچوونە ناو ئاینی غەیرەوە دەربازکردووە، هەر لەو پەنایەشدا کۆمەڵی بیروبۆچوونی کۆنی کوردەواریان، کردووە بە قەڵغانی مل نەدان بەکەلتووری غەیرە.

ئەگەر ئێمەی کورد یاڕسان ڕێبازی هەموومان بوایەو خۆمان نەخستایە ژێرباری بیانی وامان لیَ نەدەهات و هەتیو نەدەکەوتین.

هەرچەند یاڕسانەکە ئەوەندە بەتین دانەمەزراوە بتوانی بەرانبەر ئاینەکانی تر راوەستیَ.

(٤)

## شوێن نیشتەنی یارسانەکان:

کاکەیی و ئەهلی حەق و عەلی ئیلاهیەکان خۆیان بە یارسانی دەزانن، لەو سێ کۆمەڵەی یارسانە کاکەیی زۆرینەن، دیارکردنی نیشتەنی ئەوان تا ڕاددەیەك جوگرافیای نیشتەنی یارسانەکان دەردەخات.

ئەوشوێنانەی کاکەیی تێدا دەژین وەك کۆمەڵە ئەرخەبیلی ـ دوورگەیەکی دوور لەیەك لەناو دەریای کۆمەڵگەی کوردەواریدان. لەمەندەلی و خانەقین و ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی ڕۆخانە ـ سیروان ـ ەوە بیگرە تا دەگەیتە کرندو سەرپێلی زەهاو و داوێنی شاخی شاهۆدا هەن لەهەندێ گوندەکانی ئەو شوێنانەدا بەکرو بێ دەنگی دەژین، لەوێوە بەرەو هەمەدان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بڕۆین و سۆراخیان بکەین لە گوندە لاتەریکەکاندا هەن و نیشتەجێن.

هەروەها لەناوچە گەرمەسێرەکەی کەرکووکیشدا لە داقوق و دەوروبەریدا، لەناحیەی جەبارەو تۆبزاواو خورماتوودا بەچڕی هەن و خاوەن زەوی و زاری خۆیانن هەر لەدێرین ڕۆژگارەوە لەو گوندانەن و زێدی باو باپیرانیانەو خوێنیان تێکەڵاوی خاکی ئەو شوێنانەیە، مەزاری پیاو چاکەکانیان گرنگترین شاهیدیانە.

لە هەڵەبجە لەداوێنی سەرەوەی شاخی شنرۆیدا دێ ی هاوارو دەرەتۆوێ و داڵەهۆ هەن هەر لەکۆنەوە ئەو شوێنانە بنکەی سەرەکی کاکەییەکانی هەڵەبجەو شارەزووربوونە، مەزارگەی سوڵتان سۆهاکی بەرزنجی کە یەکێکە لە پیرە مەزنەکانیان، پردیوەر کە لەباوەری کاکەییاندا پردی بەسەردا پەڕینەوەیە بۆ ڕۆژی پسلان ـ ڕۆژی ئایندەـ ، قیبلەی ئەهلی هەقیش لەوێیە.

هەندێکی دیکەی کاکەیی لەنێوان پارێزگای هەولێرو موسڵدا نیشتەجێن، لەناحیەی خەبات ـ کەڵەك ـ ەوە لەتەك ئاوی زێ ی گەورەدا شۆڕببەوەو بڕۆ تا دەگەیتە ئەو شوێنەی کە زێ دەرژێتە ناو ڕووباری دیجلەوە، کاکەیی لەهەر دوولاکەی ڕۆخی زێدا ئەم گوندانەیان هەیە:

لەرۆژهەڵاتی زێدا، گوندی : (سەفییە، مەتران).

لە رۆژئاوایدا ئەم گوندانەیان هەیە: (زەنگەڵ، کولەبۆر، وەردەك، تولە بەند، گەزەکان، کۆلەبۆ).

لەم دوایەدا دانیشتوانی ئەو گوندانە لەترسی داعش گوندەکانیان چۆل دەکەن.

مەزارگەی (شاهەیاس) و مەقامی (باوەیادگار) و (باوە حەیدەر) لەو دەڤەرەن لەلایەن داعشەکانەوە تەقێنرانەوە.

کاکەییەکانی ئەو دەڤەرە لەتەك خەڵکی ناوچەکەدا چە موسڵمان بن چە کریستیانی خۆیان گونجاندووەو پارێزگاری داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان کردووەو بەکشتوکاڵەوە خەریکن، بۆ ئەوەی لە بەڵای موسڵمانانی دەوروبەریان دووربن خۆیان بەسەیید داوەتە قەڵەم.

بەبۆچوونی هەندێ لێکۆڵەران: شەبەکەکان کە نیشتەنیان دەکەوێتە ئەوبەری زێ ی گەورەو رۆژهەڵاتی شاری موسڵ بە کاکەییان دەزانن. ئەوبۆچوونەیان لەوەوە هاتووە چونکە کوردن و بەشێوەی گۆران - هەورامی ـ ئاخاوتن دەکەن، لەبارەی ئاینەوە لەرێبازی شیعەوە نزیکن، لەراستیدا ئەوانیش جۆرە تێکەڵاویەك لە ئاینەکەیاندا هەیە، رِکیان لەکاکەیی نابێتەوەو ئاشنایی و ژن و ژنخوازی لەنێوانیاندا هەیەو سەردانی یەکتری دەکەن و هەندێ جاریش لە بۆنەکاندا بەشداری یەکتر دەبن.

لەباکوورو رۆژئاوای کوردستانیشدا کاکەیی هەن، هەروەك کاکەییەکانی کوردستانی باشوور لەگەلێ شوێندا بە پەرش و بڵاوی نیشتەجێن، لەوێش بەهەمان شێوە لەهەندێ ناوچەدا تێکەڵاو بە موسڵمانانن و لەهەندێ شوێنیشدا کەنار گرتەن.

بۆ نموونە لە : (ئورفە، قەرس، وان، غازی عەنتاب، مووش).

گوایا لە ئورفە دەڤەرێکی تایبەت بەخۆیان هەیە کەپێ ی دەوترێ: (دۆڵی مەنزوور چەم) ئەو شوێنە وەك ناوچەی هاواری لای هەورامان وەهایە، لاکەنارەو تەنیا ئەوانی تێدان.

لەکوردستانی رۆژئاواشدا لەگەڵ: (ئالەوی و دروزو زازایەکاندا) تێکەڵاویان هەیەو لەیەك جیا ناکرێنەوە.

هەندێ توێژەر قزڵباشەکانی ناوچەی دەرسیم بەکاکەیی دەدەنە قەڵەم، بەقسەی مینۆرسکی بێ لەناوچەی (قارس) ی سەر بە ڕوسیا کۆمەڵی کاکەیی هەن بەخۆیان دەڵێن: (ئەهلی هەق) لەبیرو باوەڕی ئاینیدا لەگەڵ بیروباوەڕی کاکەییەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.

بوونی کاکەیی یان با بڵێین: بوونی ئەهلی هەق بەو پەرش و بڵاویەی کە هەیانە یان بەو ئاخاوتنە کەشێوەی گۆران ـ هەورامی ـ یە یان بەو بیرو باوەڕە تێڵاویەی کە هەیانە، ئەوانە وایان کردووە هەندێ لێکۆڵەر بخاتە سەر ئەو گومانەو بڵێن: ئەو زازاو دمبلیانە کە لەناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانی باکوورو ڕۆژئاوادا دەژین و شێوەزاریان گۆرانە، ئەوانیش لە ئەسڵدا کاکەیین! یان هەورامین.

ڕەوشی کاکەیی بەو جۆرەو بوونیان لە سەرانسەری کوردستانداو هاوبەشیان لەیەك ئۆل و یەك فەرهەنگ و داب و نەریتدا بیری مرۆڤ بۆ ئەوە دەبەن کە لەوانەیە کورد بەر لەهاتنی ئیسلام هەموو لەسەر یەك ئاین بووبن و یەك شێوەزاریان هەبووبێ کە زمانی فەرمی ئاینەکەیان بووە، کە شێوەزاری هەورامییە.

**(٥)**

**پیرەکانی کاکەیی: (ئەهلی هەق):**

وشەی پیر لەو زاراوە ڕەسەنانەیە کە بوونەتە سەر دەفتەری ناو فەرهەنگی کوردی، بۆ کەسی پایەدارو ئاینداری ناو کۆمەڵ بەکارهاتووە، لەکۆنەوە تا ئێستا لەمانا کۆنەکەی خۆی لای نەداوە.

لەم کوردستانە بەرینەدا شوێنێ نییە مەزارێکی پیری تیا نەبێ وەك: (پیرخدر، پیرمام، پیرداود، پیرشالیار، پیرشاهۆ، پیری مۆغان، پیری سەنان، پیرمەسوور، نەوت و نۆپیرەی هەورامان، پیرەمەگرون...).

پیر گەلێ مانا دەدات بەسەر هەموویانەوە بەکەسی مەزن و پایەدا وتراوە.

ڕەنگە بەکارهێنانی ئەم زاراوایە بەو مانایەی سەرەوە بگەڕێتەوە بۆ بەر لەسەرهەڵدانی ئاینی زەردەشت، لەگەڵیٚ شوێنی گاتاکانی ئاوێستاو سەر ئەنجامدا وشەی پیر بەرچاو دەکەویٚ، ئەگەر زاراوەیەکی ڕەسەن و چەمکداری ناو ئاینەکانی کورد نەبوایە واڕیشەی لە فەرهەنگی کوردیدا دانەدەکوتا.

لەناو شیعری شاعیرانی کۆن و نویٚ ی کوردیشدا ئەو وشەیە بۆ ڕێبەرو کەسە بە نموودەکان بەکارهاتووە، لەناو هەر بەیتە شیعرێکدا بەکارهاتبیٚ هێزێکی جاویدانی بەو بەیتەی بەخشیوە.

ویل دیورانت فەیلەسووفی ئەمەریکی دەڵیٚ: (میسرییە کۆنەکانی سەردەمی فیرعەونەکان بەدادگای باڵای فیرعەونەکانیان دەوت : (پیرۆ) بەمانای پاشا کەواتە پیرۆ یانی پاشا کە فیرعەونە) جوولەکەو عەرەب پیرۆ بەمانا پاشایان کردووە بە (فیرعەون) لەماناکەی خۆی لایان داوە !.

وشەی پیر لای یارسانەکان لەسەر چەمکی خۆی ماوەو وشە عەرەبییەکەی بەرانبەری کە (شێخ)ە نەیتوانیوە بیبەزێنیٚ.

هەتا ئێستاش لەناوچەی هەوراماندا بەشێخەکانیان یژن: (پیرانی تەریقەت) ئەو دەنگ و ئاوازە وشەی پیر دەیخاتە ناو دڵ بەوشەی شێخ ناکریٚ.

ئەو میللەتانە کە لەدەرەوەی دوورگەی عەرەب بوون و لەترسی شمشێرو ئەنفالی موسڵمانان وازییان لە ئاین و بیروباوەڕی پێشینانیان هێنا، دوای ماوەیەك بۆیان دەرکەوت موسڵمان کردنەکەیان تەنیا سوخرە کێشانە بۆ عەرەبان و کڕنووش بردنە بۆ کاربەدەستەکانیان، بۆیە لەسەرەتای دامەزراندنی عەبباسییەکان ڕێژەی پەشیمان بوونەوە لەناو زاناییاندا زۆربووە، ئەوانە ناچار بوون پەنا بەرنە بەر ڕێکخراوی وەها کە بەرگری لەتووندوتیژی لە ئەهلی شەریعەت بکات کەهەموو پیاوی دەرباربوون، زۆریان گەڕانەوە سەر ئاینەکۆنەکەی جارانیان، پەیدابوونی ئەهلی تەریقەت و سۆفیگەری و زیندوکردنەوەی ئاینە کۆنەکانە بەنهێنی بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو فەرامۆشکردنەو سوکایەتیکردنەبوو کە لەخۆ بەزل زانین و بایی بوونی عەرەبەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

## (٦)

بیرۆكەی (دۆنادۆن ـ تناسخ الارواح) بیرۆكەیەكی فەلسەفی هیندی كۆنەو بەوڵاتانی ئاریان زەمیدنا بڵاوبووەتەوەو تێكەڵاو بەهەموو بیروڕایەكی ئاینی و ئاینزاو سۆفیگەری بووە، دۆنادۆن لەو بیرۆكەیەوە سەری هەڵداوە كە گوایا مرۆڤ دوو لاینەیەو لەدووشت پێكهاتووە: (لاشە ، گیان) لاشە دیووە ڕەواڵەتییەكەیەتی، گیان لاینە ناوەكییەكەیەتی و دینەمۆی چالاكی هەڵسوكەوتەكانیەتی.

ئەوانەی باوەڕیان بەو دوو لاینەی مرۆڤ هەبوو پێیان وابوو: بەجیابوونەوەی گیانی مرۆڤـ، لاشەكەی لەهەموو چالاكی و جموجۆڵێك دەكەوێ و دەمرێ.

(دۆنادۆن) واتە گیانی مردوو كە لەلاشەكەی جیادەبێتەوە یەكسەر بۆ ئاسمان بەرز نابێتەوە بەڵكو ئەو گیانە بەپێ ی چاكەو خراپەی خۆی بەبەر گیانلەرێكی تردا دەكرێتەوە، لەهەر لاشەیەكی چاك یان خراپدا دەرچوو تا هەزارو یەكجار بەلاشەیەكی چاك ئان خراپدا دەچێتەوە ئەوجا بەرەرەو بارەگای (نێرڤانا) بەرزدەبێتەوە.

ئەوانەی لەو باوەڕەدابوون دەیانووت: (گیانی مردوو وەك ئەو مراوییە وەهایە كە لەشوێنێكدا نقومی ناو ئاو دەبێ لەشوێنێكی تردا دێتە دەرەوە).

بڕواهێنان بە پرسی دۆناودۆنكردنی گیان بۆ یارسانەكان بیرۆكەیەكی لەبارو دەسكەوت بوو كردیان بەسەنگەری خۆ پەنادانیان، لەوێوە كەوتنە سەر ئەو باوەڕە كەخوا لە قاڵبی (عەلی كوڕی ئەبو تالیب) دا خۆی دەرخستووە بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئافەریدەكانییەوە بەناویاندا بگەڕێ لەدەردو ئازاریان بپرسێ، كۆمەڵی عەلی ئیلاهییەكان وا بیردەكەنەوە: گوایا عەلی خوا بووەو لەودا خۆی بۆ ئافەریدەكانی دەرخستووە، ڕەوابوونی ئەو بیرۆكە لەوەوە بۆیان هاتووە:

ئەوەبوو پێغەمبەر دەیووت: جوبرائیل كەدێتەلام سرووشم بۆ دێنێ لەوێنەی پیاوێكی بازرگانی ڕێك پۆش و جوانخاسدا دێت.

هەروەها جووەکانیش دەیانووت: (یەهوە) کەناوی خواکەیانە جاروبار لەشێوەی مرۆڤێکدا دادەبەزێ و دێتە ناو خەڵکەوە، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لە بارودۆخی خەڵك بزانێ، جاری واش بووە گفتوگۆو دەمەقالێ ی لەگەڵ خەڵکدا بووە، هاوردەی بیرۆکەی: (تناسخ الارواح ـ دۆنادۆن) پشتی بەو دوو بیرۆکەیە قایم کردووەو مافی شەرعییان داوەتێ.

بابەتی دۆناودۆن یان با بڵێین ـ تناسخ الارواح ـ بابەتێکی وا ئاسان نییە بەسەر پێوە قسەی لەسەر بکرێ و کۆتایی پێ بێت، بەڵکو هەویرێکە ئاوی زۆر دەوێ.

ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندەمان مەبەستە بڵێین: یارسانەکان بڕوایان بەدۆنادۆن هەیەو لەو باوەڕەدان خوا لەشێوەی عەلی دا خۆی بەرجەستەکردووە.

## (٧)

پیرانی یارسان هەموویان ئەو کەسانەبوون کە بەئەزموونی ئاینگەری غەیرەدا تێپەڕیبوون، ئەوانەیان کە دیارو بەرگوزیدەبوون لێرەدا بەکورتی لەسەریان دەدوێین:

١ـ بالوولی زانا کە بەهلوولی ماهی ـ یش ناودەبرێ، لەساڵی (٧٩٩ ی. ز) دا مردووە، لەسەردەمی هارونە رەشیددا ژیاوە، لای ئیمامی جەعفەری سادق خوێندویەتی و شارەزایی لەبنەما ئیسلامییەکاندا هەبووە.

بالوول کوردێکی لۆڕستانی و زیندووکەرەوەو بنیاتنەری ئاینی (یارسان) بووە، ئەم زاتە لەپێناو زیندووکردنەوەی ئاینی کورداندا خۆی گێل و لێوە کردووە لەژێر ئەو پەردەدا خۆی لەکوشتن رزگارکردووە، هەوڵی داوە ئاینە کۆنەکەی کوردان لەدەڤەری لۆڕستاندا زیندووبکاتەوە.

بالوول بەعەرەبی و بەکوردی شیعری هەیە، ئەم دوو بەیتەی خوارەوە نموونەیەکە لەشیعرە کوردییەکانی:

**(ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران**

**ئێمە دێوانەین، ئەو واتەی یاران**

**هەنێ مەگێلێن، یەك یەكی شاران**

**تازیندە کەریم ئاینی یاران).**

لەهەندێ دەستنووسدا نیوە بەیتی دووەم بەم جۆرەیە:

(تازیندوو کەریم ئاینی کوردان) (١٧)

بالوول بەسروەی شیعرەکانی و بەخۆ لێوەکردنی توانیویەتی بەشێوەیەکی هێمنانەو لەسەرخۆ بناغە بۆ ئاینی یارسان لە لۆڕستاندا دامەزرێنێ.

زانای کورد دکتۆر جەمال نەبەز بالوول بە فەیلەسووفێکی کورد ناو دەبات، هەروەها دەربارەی دەڵێ: (بالوول نامەی تازەکەرەوەی ئاینیەکەی بەشێوەی هۆنراوەو بەکوردی گۆرانی بەیارانی خۆی گەیاندووە، هۆنراوەکانی لە پەرتووکێکدان بەناوی (دەورەی بالوول) تۆمارکراون. (١٨)

٢ـ (شاخۆشێن ـ ٤٠٦ ـ ٤٦٧ ـ ی . ك) ئەم پیرە دوای بالوولی زانا دەرکەوتووە، بەپێ ی بۆچوونی کاکەییەکان ئەم پیرە لەکچێکی پاکیزە لەدایك بووە کەناوی (گوڵاڵە) بووە، گوایا ئەو کچە رۆژێکیان لەبەر خۆرەتاو ڕادەکشێ، دەبینێ تیشکی خۆر لەشێوەی تاڵە دەزوێکی ئاوێزاندا لێ ی نزیك بووەو لەدەمیەوە دەچێتە ناوسکی، پاش ماوەیەك گوڵاڵە سکپڕی لێ بەدەردەکەوێ، دەنگوباسی ئەو سکپڕەیەی بەباوکی دەگات، ئەویش ئەو سکپڕیەی کچەکەی بەعار دەزانێ، هەر شەش کوڕەکەی بانگ دەکات و پێیان دەڵێ: گوڵاڵەی خوشکیان ببەنە جێگایەکی چۆڵ بیکوژن، گوڵاڵە دەکەوێتە تەکیان، دەزانێ بۆ کوشتنی دەبەن، دەنگ ناکات.

---

١٧- بڕوانە: جەمال نەبەز ـ فەلسەفەو رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا ـ ل. (٣٤ ـ ٣٥) چاپخانەی منارە ـ هەولێر ـ ساڵی ٢٠٠٩.

١٨- بڕوانە: کاریگەری ئاینی یارسان، پاراستنی زمانی کوردی ـ نووسینی زریان جیزنی محمد ـ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی. ل. (١٤٤ ـ ٢٠١٥).

بەرەو چۆلایی دەیبەن لەڕێدا پێنج لەبراکانی لە کوستنەکەی پەشیمان دەبنەوە، بڕیار دەدەن نەیکوژن، بیبەنە ناو چۆم و دۆڵێك بەرەلای بکەن تا جرِوجانەوەر بیخۆن، بەلام برای بچوکیان لەسەر فرمانەکەی باوکی و کوشتنی موکڕ دەبێ، شمشێری لێ رادەکێشێ، شمشێرەکەی بەر تاشە بەردێك دەکەوێت و دەشکێ، تیرو کەوانی بۆ دەردێنێ کەوانەکەی دەنووشێتەوە، براکان کەدەزانن ئەو مۆدزە ـ موعجیز ـ یە هەر لەو چۆڵەواریەدا بەجێ ی دێڵن.

کاکە ڕەدای لۆڕستانی کەگیانی بنیامین ـ جوبرائیل ـ ی بەبەرداکرابوو

فریای دەکەوێ و پێ ی دەڵێ: نەترسێ سکەکەی دیاردەیەکی یەزدانییە، کاکە ڕەدا گوڵاڵەخان سواری گایەك دەکات و دەیباتە ماڵ خۆیان لەوێ شاخۆشێن لەدایك دەبێ و چەندان مۆدزەی پڕ سەیرو سەمەند دەنوێنێ، کە لێرەدا شوێنی باسکردنیان نییە، هەر ئاینێك تۆ بیگری پڕە لە ئەفسانەو داستانی هەمە جۆرەی وەها کە لەلۆجیك و هۆشەوە دوورن. وتراوە (ئەفسانە خەونی ئاینەکانە)

کاکە رەدای لۆڕستانی لەبارەی گوڵاڵە خانەوە وتوویەتی:

**(جە مەلەگاهێ سەرم بەرد ئەودیار**

**دیم کوردە کناچێ مەندن جەهەوار**

**چەمش یەکێوەن ئەسرینیش هەزار).**

٣ـ باوە سەرهەنگی داودانی: ئەم پیرە لەبناری چیای شاهۆ سەر بە دەڤەری هەورامان لەساڵی: (٣٢٤ ی . ك) دا دەرکەوتووەو لەتازەکردنەوەی ئاینی یارساندا لەسەر رێبازی بالوول بووە، لەدوو بەیتە شیعردا دەڵێ:

**(سەرهەنگی داودان، سەرهەنگی داودان**

**ئەز کە نامەمەن سەرهەنگی داودان**

**جەدێر زەمانان، مەگێڵێم هەردان**

**مەکۆشەم پەرێ ئاینی کوردان).** (١٩)

---

١٩- بڕوانە: کاکەیی : محمد ئەمین هەورامی ـ ل. (١٤٧) چاپخانەی الحوادث ـ بەغدا ـ ١٩٨٤.

هەروەها بڕوانە: سەر ئەنجام، ل. (١٤) چاپخانەی ئاراس ـ هەولێر.

٤ـ سوڵتان سەهاك ئیسحاق: ئەم پیرە لەساڵی (١٢١٥ ی. ز) دا لەگوندی بەرزنجە لەدایك بووە، کوڕی شێخ عیسایە شێخ عیساش کوڕی بابا عەلی هەمەدانییە، دایکی خاتوو دایراك رمزیاری حوسێن جافە.

دکتۆر جەمال نەبەز دەڵێ: (ئەم پیرەش وەك شاخۆشێن لە دایکێکی پاکیزەبووە، دایکی بێ ئەوەی شووبکات یان پەیوەندی بە پیاوەوە بکات سوڵتانی بووە!.

هەر بەوتەی ناوبراو باباعەلی لەدێ ی بەرزنجە دەیخاتە بەر خوێندنی ئەو سەردەمە، هەر لەوێ خوێندن تەواودەکات و پاش مردنی باوکی بەرزنجە بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە ناوچەی هەورامان، لەدێ ی دەگاشێخان

کە دەکەوێتە نێوان ناحیەی بیارەو دێ ی تەوێلەوە، جێگیر بووەو ڕابەری خەڵکی کردووەو ئاینی یارسانی لەناوچەی هەورامان و شارەزوورو جوانڕۆدا پەرە پێداوە بۆیە هەندێ جار بە (شای هەورامان) ناوبراوە.

ئەم زاتە ئاینی یاڕسان و بنەما ئاینیەکانی (زەردەشت) و (مانی) و (مەزدەگ) پێکەوەی گرێ داون و بەیەك چاو تەماشای کردوون، ئەو پەیوەندییە لە سۆزو هەناسەی ئەم بەیتانەی خوارەوەیدا دیارە کە دەڵێ:

**(وەسڵ و پێوەنا، وەسڵ و پێوەنا**

**ها، زات و نوورم، وەسڵ و پێوەنا**

**نەویرما هەفتەوان، زاتم هەفت تەنا**

**زات و نوور جەیەك چەشمەوێم هەنا).**

واتە من هەم زاتم و هەم نوور، مەبەستی لەنوور ـ گیانە ـ مەبەستی لە جەستە زاتی خۆیەتی کە گیانی حەوت پیرەکەی یارسان لەودا جەمن، واتە ئەو سەرچاوەی هەردووکیانە، گیان و جەستەی بەیەکەوە موتربە کردوون، ئەم موتوربەکردنە لە ئاینە کۆنەکانی کورددا بیرۆکەیەکی ئاسایی بووە.

جگە لەوەی سوڵتان تین و گوڕێکی بە ئاینی یارسان دا لەهەمان کاتدا هۆنینەوەی شیعرەکانی گەشەی بە دیالێکتی هەورامی داوە.

ئەهلی هەق و یارسانەکان سەبارەت لەدایکبوون و ژیانی سوڵتانەوە گەلێ داستان و سەربووردەی مۆدزە ئاسای لێ دەگێڕنەوە. ئەهلی هەق دەڵێن گۆڕی سوڵتان لەسەر چیای شنرویێیە.

٥- باوەیادگار: ئەم پیرەش لەلای کاکەییەکان پایەدارە. ئەمیش وەك شاخۆشێن و باوە سەهاك لەکیژێکی پاکیزە بووە. کەناوی ساریێ - شاریێ - دەبێ، گوایا لەخواردنی دەنکە هەنارێکەوە سکی بەباوە یادگارە پڕبووە.

دەگێڕنەوە کە ساریێ خان دەزانێ جامخانەکەی سوڵتان چۆڵە، دەڕوا گسکی لێ بدا، لەکاتی گسك دانەکەیدا دەنکە هەنارێك دەدۆزێتەوەو دەیخوات.

بەخواردنی ئەو دەنکە هەنارە سکی پڕ دەبێت و لەدەمیەوە یادگار دەبێ!.

سوڵتان فرمان بەیەکێك لەبەردەستەکانی دەدات کەناوی داود دەبێ ئەو منداڵە بخاتە ناو تەندوورەوەو توونی سەری بگرێ، داود فەرمانەکەی سوڵتان جێبەجێ دەکات، دوای سێ رۆژ سوڵتان خۆی دەچێ سەری تەنوورەکە لادەداتەوە، یادگار لەناو تەنوورەکە لەسەرپێ رادەوەستێ و ریکلام بۆ سوڵتان دەکات!.

چیرۆکی ئەو ڕووداوە لەم بەیتە شیعرانەی دەفتەری پەردیوەردا هاتووەو دەڵێ:

**(یادگار ئەوسا بیش (ظهور)**
**پەرێ نیشانە نییاش نەتەنوور**
**نییاش نەتەنوور نەشەرارەی نار**
**فەرما وە داود سەر تەنوور بنیار**
**سێ رۆژ سەبرش کەرد داودی رەهبەر**
**نیازش وەگرد ئاما ئەو نەزەر**
**فەرما وەداود نەعلینم باوەر**
**ویش ئاماوە سەیر پاشای پەردیوەر**
**فەرما: داود سەر تەنوور لابەر**
**داود سەر تەنوور وەرداشتش ئەولا**
**یادگار نەتەنوور وریزاوە پا**
**وە لەفزی شیرین سەلام داوە شاه**

**بەرگ خود ڕەنگی یادگار پۆشا**

**غولامان دیشان شاه پەنەش بەخشا**

**بەرگی خود ڕەنگی کەر وەخەلاتش**

**کوردو کوردستان داوە بەراتش**

**وە بەرگی خود ڕەنگ خەلاتی شاوە**

**ئای جەپەردیوەر ئاما وەڕاوە)** [٢٠]

ئەم بابا یادگارە ئەو زاتەیە کەشاعیری گەورە (مەولەوی) دەچێتە سەر گۆڕەکەی بە چامە شیعرێك کە لە هەژدە بەیت پێکهاتووە دەیلاوێنێتەوەو موناجاتی لەتەکدا دەکات و دەڵێ:

**(سەرشاری صەهبای بەزمی موناجات**

**مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات**

**جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش**

**بارەگای پەنا پەی بێگانەو خۆیش)**

**هەتا دەڵێ:**

**کەفتەن وەهەمدا یەند زۆر ئاوردەن**

**ڕووی رجام وەپای بارەگەت کەردن.** [٢١]

داعشە خوێنمژەکان لەرێکەوتی : ( ٢٠١٤/٨/١٩) دا مەزارگەی (بابایادگار) یان تەقاندەوە.

---

٢٠- بڕوانە: ــ کاکەیی ــ محەمەد ئەمین هەورامی ـ ل. (١٥٥) ـ چاپخانەی الحوادث ـ بەغدا ـ ١٩٨٤.

٢١- دیوانی مەولەوی ـ کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ـ ل. (٢٨٨ ـ ٢٩٠) چاپخانەی (النجاح ـ بەغدا ـ ١٩٦٢.

## زمانی کوردی و ئاینی یارسان:

یارسان ناوی ئاینەکەی ئەهلی هەق و کاکەییە، لەو ڕووەوە کە بەئاین دەزانرێ بە (ئاینی یارسان) ناو دەبرێ، ئەگەر لەڕووی ڕەوت و ڕەوشتی پیرەکانیەوە تەماشای بکەین بە کۆمەڵە سۆفییەکی خاوەن ڕێبازو راماندارى فەلسەفی دێنە بەرچاو، دەیانەوێ لە وشکە ئەحکامی ئەهلی زاهیر خۆیان دەرباز بکەن و نەچنە ژێر باریانەوە، وایان ئارەزووە، بە دەور خۆیاندا بخولێنەوە، وەك کابرای کوردەی ڕۆخی سیروانن، کابرا دەیویست بپەڕێتەوە ئەوبەری بەڵام نەیدەوێرا، لەبەر خۆیەوە دەیووت: سیروان لێشت نەدەم دەمبەی؟.

کوشتنی مەنسووری هەللاج تراساندبوونی بە ئاشکرا پێیان نەدەکرا بانگەشەی گەڕانەوە بەرەو دواوە چوونەوەی سەر ئاینە کۆنەکانی کورد بکەن، بەڵکو لەژێر پەردەی عەلی ویستن و سۆفیگەریدا نامەی خۆیان گەیاندووە. (٢٢)

بەگوێ ی ئەو پەندەیان کردووە کە دەڵێ : (ئەگەر ڕەشەبام پێ ڕانەگیرێ خۆمی لێ لادەدەم).

ئەوەی ئاینی (یارسان) لەئاینی ئیسلام جیابکاتەوە زمانە، ئاینی ئیسلام هەموو نوێژو سرووت و نزایەکی بەزمانی عەرەبییەو لادان لەو زمانە ڕەوانییە، ئەم بنەمایەی لەئاینی جووەکانەوە وەرگیراوە، کەچی یارسانەکان زمانی کوردی بەزمانی خوا دەزانن و لەئاینە کۆنەکانی کوردەوە وەریان گرتووەو پێیان وایە خوا نهێنیەکانی بۆ ئافەریدەکانی بەزمانی کوردی دەدرکێنێ! ئەوەتا ئێزیدییەکان لە (مەسحەفی رەش و قەولەکانیدا، یارسانەکان لەدەفتەرەکانی پردیوەرو لەسەر ئەنجام و دەفتەری بالوولی زاناو هەموو سروودو نزاکانیاندا) لەسەر ئەو باوەڕەن و دەفتەکانیان بەزمانی کوردی

---

٢٢- هادی العلوی ـ دەڵێ : مەنسووری هەللاج کوردێکی شاری سنندج ـ سنە ـ بووە.

شێوە هەورامین، دکتۆر جەمال نەبەز لەوبارەوە لەسەر بیروڕای ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

(گوایا کاتێك فریشتە جوبرائیل دێت ماوەی ڕۆژوگرتن بە ئادەمیزاد ڕابگەیەنێ: بەزمانی کوردی پێ ی گوتن ماوەی (٣) رۆژە، موسڵمانەکان لەبەر ئەوەی زمانی کوردییان نەزانیوە بە (٣٠) سی رۆژ تێگەیشتوون!) ئەمە ئاینە هەموو شتێك تێیدا جێ ی دەبێتەوە، ئەو بۆچوونەش لەوەی جوولەکەکان دەچێ کە دەیانووت: زمانی عیبری زمانی تایبەتی خوایە، عەرەبەکانیش لەوانەوە فێربوون، دەڵێن زمانی عەرەبی تاکە زمانی خوایە، لەبەهەشت و ئایندەو لەگۆڕدا زمانی عەرەبی بەکاردێ دەنا خوا خاوەن و ئەفراندەی هەموو زمانەکانە، زمان یەکێکە لەوارسە دیاردەکانی مەخلوقات، دەبێ خوا لەوجۆرە وارسانە دووربێ.

پێغەمبەری بەهائیەکان پێ ی وایە زمانی کوردی زمانی (ئادەم) بووە، ئادەم لەرێ ی (دۆنادۆن)ەوە لە چاکەکانی یارِساندا دەرکەوتووەتەوە، یارِسانەکانیش لەو برِوایەدان: ئادەم و حەوا بەکوردی ئاخاوتنیان کردووە.

## (٩)

**لەبەردەستدا دوو سەرئەنجام هەن، یەکێکیان ناوی:**

(نامە سەر انجام ـ کلام خزانە ـ یە، کۆکردنەوەو پێشەکی بۆ نووسین و فەرهەنگۆك بۆ کردنی مانای وشەکان ـ دکتۆر صدیقی صفی زادیە، ئەوی تریان بەناوی (اول واخریار ـ سرانجام ـ کۆکردنەوەو پێشەکی بۆ نووسینی: طیب طاهری) یە[٢٣].

سەرئەنجامەکان هەریەك کتێبێکی قەبارە گەورەن شیعری حەفتاو دوو پیری دەفتەرداری یارسانەکان لەخۆدەگرن، لەپێشەکییەکەی هەردوو سەرئەنجامەکەدا تەنیا صدیق صفی زادە هەندێ لەسەر ناوی (یارسان) ی کۆڵیوەتەوە، کەچی لەپێشەکی سەر

٢٣ـ اول اخر ـ سرانجام ـ کۆکردنەوەو رێکخستنی ـ طیب طاهر ـ چاپخانەی ئاراس ـ هەولێر ـ ساڵ (٢٠٠٧) ـ ٩٧٢ ـ لاپەڕەی گەورەیە.

ئەنجامی دووەمدا هیچ ئاماژەیەکم سەبارەت بەو ناوە بەرچاو نەکەوت، بۆیە ئەو ناوە بۆ ئەو ئاینە ماناکەی گریمانەی زۆر هەڵدەگریٚ، هەر توێژەرێك بۆی هەیە بەپیٚ ی ئەزموونی خۆی و بۆچوونی مانای بداتەوە.

لەو دوو سەرئەنجامەدا گەلیٚ جار ناوی هەفتەوانەو دەفتەر هاتووە، مەبەست لەدەفتەر ئەو دیوانە شیعرانەن کە پیرەکان هۆنراوەکانی خۆیان تێیدا تۆمارکردووە، مەبەستیش لەهەفتەوانە ئەو پیرانەن کە گیانی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) یان تێدا دۆنادۆن بووە، لە بالوولەوە بیگرە تا دەگاتە سوڵتان سوهاك.

ئەو پیرانە جگە لەبالوولی داناو سوڵتان ئیسحاق ئەوانیتر وەك کۆمەڵە سۆفییەکی مل کەچی ئاسانەی عەلی دێنە بەرچاو.

لەناو دەفتەرو فەرموودەکانی پیرانی هەردوو سەرئەنجامدا ئەگەر بۆ وشەی (یارسان) بگەرێت لەدوو شوێندا نەبیٚ دەست ناکەویٚ.

یەکەم لەدەفتەری ـ خلیفه محمد ـ لەکەلامی خەزانەی صفی زادەدا لەلاپەڕەی (٢٥٩) دایە، لەوتەیەکی بەفارسی خەلیفەدا هاتووە.

دووەم لەدەفتەری (پیر مستەفا) دا لەهەمان سەرئەنجامدایەو ئەویش بەفارسییە لەلاپەڕەی (٢٧٤) دایەو وشەکە دووجار وتراوە.

جگە لەو دوو شوێنە ئاسەواری ئەو وشەیەت لەهەردوو بەرئەنجامدا بەرچاوناکەویٚ.

وتمان حەفتاو دوو دەفتەر هەبوون، سەرئەنجام لەو دەفتەرانە پێکهاتووە، وەك : (دەفتەری بالوول، دەفتەرو گەواهی غوڵامان، دەفتەری باباسەرهەنگ، دەفتەری باباجەلیل، دەفتەری پردیوەر، دەفتەری باباناوس، دەفتەری ئێلی بەگی جاف، دەفتەری زولال، دەفتەری تەیموور، دەفتەری بنیامین..).

ناوی هەر حەفتاو دوو پیر لەسەر ئەنجامدا هاتووە، هەموویان دەفتەری شیعریان لەپاش بەجێماوە، تاك و تروکیان نەبیٚ شیعریان بەشێوەی سۆرانی یان خود بەلوڕی وتبیٚ دەنا سەرجەمی شیعرەکانیان بەشێوەی هەورامین.

هەندیٚ لە هەوادارانی ئاینی یارسان بە سەرئەنجام دەبێژن:

**(کلام ـ کەلامی خەزانە).**

بەقسەی هەندێ لێکۆڵەر بێ کەسێك بەناوی (ماشاڵڵاسوور)ەوە ئەو هەموو دەفتەرانەی دەفتەردارەکانی کۆکردنەتەوەو ناوی ناون (سەرئەنجام) واتە یاگەو یانەی شیعری پیرەکانی (یارِسان) مانای (دیوانی شاکان) پێ بەخشیوەن.

من ئەوەم بۆ ساخ نەبووەوە کەئایا ناوی (یارِسان) وەك ناوی سەرئەنجام ماشاڵڵاسوور ئەو ناوەی داهێناوەو کردوویە بەناوی جیاکەرەوەی ئەو ئاینە؟ یان لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ئەو ناوە دەماودەم هەبووە؟.

هەروەها ئەوەشم بۆ ساخ نەبووەوە کە ئایا ئەو پیرانەی ئەهلی هەق بەدڵ هەستیان بەوە کردووە کە لەئاینی ئیسلام لایان داوەو چوونەتەوە سەر ئاینە دێرینەکانی پێشینانی کورد؟ با بەجۆرێکی دی ئەو پرسیارە بکەین: ئایا ئەوانە گەرەکیان بووە ئاینێکی نوێ رابگەیەنن؟.

ئەگەر وایە یان ئەگەر وانییە لەبەرچی (عەلی) یان کردووە بە رِابەرو سەرچاوەی ئیلهامدەری خۆیان و ئەویان وەك سەنگەری خۆپاراستن بەکارهێناوە، یان لەرکی عومەری کورِی خەتتاب کردوویانە پەناگەی خۆیان؟ یان چی؟.

**(١٠)**

ئەگەر سەرنجمان ئارِاستەی ناو قوڵایی و ناو کرۆکی شیعری شاعیرە دەفتەرەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ ناوەرِۆکی ئەو دەفتەرانە بەرجەستەکردنی ئەو بیرورِا میتۆلۆژیا تایبەتیانەی پیرانی ئەهلی هەق و ئاینی یارِسانە.

بیروراکانی ئەهلی هەق سەبارەت بە پرسی (بوون) و سەرەتای (تەجەللی) و (خوکەشفکردن) ی یەزدان و دروستبوونی ئاسمان و زەوی و گشت گیانلەبەران، سەرجەم ئەو بیرۆکانە لەتەك بیرورِا میتۆلۆژییەکانی ئاینی ئیسلام و ئاینە سامییەکاندا ناگونجێن و جیاوازیان هەیە، بەڵکو دەچنەوە سەر ئاینی (زەردەشت و مانی و مەزدەگ و ئاینی میتانی و بوودا).

ئەو بیرۆکانە ئەوە دەگەیەنن کەپیرانی یارسان خولیای داهێنانی ئاینێکی تایبەت بەکوردان بوونە، بەڵام لەترسی توندوتیژی موسڵمانان نەیان وێراوە بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ بکەن، بۆ پەردەپۆشکردنی نیازەکانیان پەنایان بردووەبەر هەندێ دروشمی ئیسلامی لەگەڵ ڕکانبەرانی دەسەڵاتدا خۆیان گونجاندووە، بەوجۆرە یارسانەکان لەم بارگانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

**بارگەی یەکەم:**

یارسانەکان دەڵێن: ئێمە لەبن باخەڵی خواوە هاتوینەتە دەرێ، ئەم بیرۆکەیە لە میتۆلۆژیای ئێزیدییەکانەوە نزیکە کەپێیان وایە هێشتا ئادەم دوو ڕەگ بوو واتە هەم نێر بوو هەم مێ، ئێمە لەوەوە پەیدابووین، بۆیە ناتوانین خۆمان بگۆڕین، چونکە هەر لە ئەزەلەوە بە ئێزیدی خولقاوین.

**بارگەی دووەم:**

یارسانەکان پێیان وایە: ئەوان بەشێکن لەڕەوان ـ رۆح ـ ی خوا واتە ڕەوانی ئەوان لەهەناسەی یەزدانە، لەبەر ئەوە خوا هەتا هەتایە خۆی لە مرۆڤ ناشارێتەوە، بەناو ئافەریدەکانی خۆیدا دەگەڕێ.

**بارگەی سێیەم:**

بەپێ ی بۆچوونێکی یارسانەکان خوای پەروەردەگار بە لەئەفراندنی گەردوون لەناو دوڕێکی سپیدا بووە، کە دوڕەکەی تەقاندەوە، لێ ی هاتە دەرێ لە پارچەکانی ئەو دوڕە زەوی و ئاسمان و دەریا و وشکانی و خۆرو مانگ و ئەستێرەکان و هەموو ناسووتی ئەفراندووە، ئێزیدییەکانیش لەسەرهەمان باوەڕن.

ئەفسانەی ئاینە کۆنەکانی کورد: هەمیشە مرۆڤە چاکەکان خۆیان بەچوونە ناو دورێکە دەپارێزن، ئەوەتا یەکێکی وەك : (پیر ئەحمەدی کەرکووکی) کە لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوەو گۆڕەکەی لە گەڕەکی موسەلّلایە لەدوو بەیتە هۆنراوەیدا یژێ:

**(ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم**

**ئەز ئەو دوڕەی ناوگەوهەرم**

**ئەرزو سەمایە لەنگەرم**

**لەرۆژ حساو ئەز لەدەرم)** (٢٤)

ئەم ئەفسانەیە وا دەگەیەنیٚ پیر بنیامین کەپیرخدری شاهۆیە یەکەم کەس بووە کە لەباخەڵی یەزدان هاتبێتە دەرەوە !.

مەولەوی شاعیری گەورەی کورد دەڵیٚ:

(١)

ئەی گرد مەجوودیٚ جەتۆ گرت مایە

مەوجوود هەر تۆنی ماسیواسایە

پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد

پەی شناسایی ظهوورێوەت کەرد) (د. م. ٣١).

بیرۆکەی ئەو ئەفسانە کوردیە لەفەرموودەیەکی پێغەمبەرەوە نزیکە کە گوایا خوا فەرموویەتی: (کنت کنزاً مخفیاً فخلقت الخلق لکي أعرف).

مەولەویش لەنیوە بەیتی دووەمدا کە دەڵیٚ: (پەی شناسایی ظهوورێوەت کرد) ئاماژە بەو فەرموودە دەدات.

**بارگەی چوارەم:**

(دۆنادۆن) بیرۆکەیەکی سەرەکی ئاینی یارسانە لەپێشەوە لەسەری دواین و وتمان گواستنەوەی گیانە لەلاشەیەکی مردووەو بۆ گیانلەرێکی زیندوو.

ئێزیدییەکان و یارسانەکان پێیان وایە: یەزدان دەچێتە ناو قاڵبی جۆراوجۆرەوە، بەڵام خودی خوا ناگۆڕدریٚ وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئێزیدییەکان بەو قاڵب گۆڕینە دەڵێن: (کراس گۆڕین).

یارسانەکان ناوی ئەو کراس گۆڕینەیان کردووە بە (دۆناودۆن) بەپیٚ ی ئەو بۆچوونە بیٚ، دەبیٚ مرۆڤ بەشێك بیٚ لەخوا، بۆیە خۆی لێیان ناشارێتەوە.

---

٢٤- بڕوانە: فەلسەفەی رامانی یارسان لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا ـ جەمال نەبەز ـ کۆبەرهەم ـ ژمارە (١٠).

پرسی بەرجەستەبوونی خواو گەڕانی بەناو ئافەریدەکانیدا پرسێکی فەلسەفییە هەر لەکۆنەوە زانایانی بەخۆیەوە خەریك کردووە.

ڕۆیشتنی پێغەمبەری موسڵمانان لەشەوی میعراجدا بۆ (سدره المنتهی)

لە (العرش الاعلی) بۆ دیتنی خواو یان گەڕان و سووڕانی (یهوه - خوا) ی جوولەکەو چل ڕۆژ جاری کۆبوونەوەی حەزرەتی موسا لەگەڵ خوا لەسەر کێوی توور، یان بوونی مەسیح وەك کوڕی خوا ئەو بیرۆکانە لای ئاینە سامییەکان ڕێ خۆشکەربوون بۆ ئەوانە کە خوایان بەرجەستە دەکرد.

**بارگەی پێنجەم:**

ئەهلی هەق و یارسان قیبلەی خۆیان هەیە، ڕوو لەو قیبلەیە دەکەن کە (پردیوەر)ەو نزیك دێ ی (دودان)ە لەسەر ڕۆخانەو لەداوێنی شاخی (شاهۆ) و (داڵەهۆ) و لەناوچەی هەورامانە، بۆیە ئەوشوێنە بەقیبلەی خۆیان دەزانن چونکە سوڵتان ئیسحاق لەوێ ژیاوەو ئەو پردەی بەدەستی خۆی و دەروێشەکانی دروستکردووە، گوا دەڵێن: سوڵتان لەدروستکردنیدا چەند شتێکی وەك مۆدزە نواندووە !.

مەزارگەی بابایادگاری کوڕی سوڵتان لەوێیە، لەداڵەهۆ، لەناو یەکێك لەدەفتەرەکانی یارساندا ئەم بەیتە سەبارەت بە پردیوەر هەیە:

**(مەحاسیب پیرمووسا ساحیب دەفتەرن**

**قیبلەی حەققانیش نەپردیوەرن).**

کاکەیی کەبەشێکن لە ئەهلی هەق و یارسان، دەستوورو داب و نەریتی تایبەتی خۆیان سەبارەت بەمردوو هەیە: تەڵقین و کفن و دفن و ئەسپەردەکردن و پرسەی مردوویان جیایە.

**(١١)**

ئەوانەی کە لەسەر یارسانەکانیان کۆڵیوەتەوە دەڵێن: یارسانەکان یانزە فیرقەن، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان لەیەك نزیکیان دەکاتەوە، بیروڕاکانیان بەشێوەیەکی تێکڕایی تێکەڵاون لەبیرۆکەو ئەفسانەی ئاینە کۆنەکانی کوردو ئاینەکانی میللەتە سامییەکان لەیەك نزیکن.

ئاینی یارسان چەند بەسادە دێتە پێش چاو کە دەچیتە ناویەوە حەفتاو دوو دەفتەریان هەیە ناو ئەو دەفتەرانە باخێکی چڕە چەند درەختی باڵابەرزی تێدایە ئەوەندەو پتریش وردە درەخت و گژوگیا لەبن ئەو درەختە باڵا بەرزانەدا هەیە.

بیروڕا مردووە لەبیروچووەکانی ئاینە کۆنەکان لەناو بێشەی ئەو دەفتەرانەدا سەوز بوونەتەوە، وەك یارسانەکان گەرەکیان بووبێ لەپەنای ئەو کارەیاندا خۆیان لەوەی موسڵمانەکان قوتار بکەن.

یارسانەکان لەپەناوە هەوڵیان داوە بگەڕێنەوە سەر ئاینەکۆنەکانی پێشینانیان، نەیان ویستووە سوخرەکێشی غەیرەبن.

ئێزیدییەکان لەترسی قڕکردندا ناتوانن لەقەپاغەکەی خۆیان سەر بێننەدەرێ، تا ئەوان بێکەس بن و لەهەموولایەکەوە گەلەگورگ چاوی لێ زەق کردبنەوە، تا یارسانەکان لاتەریك بن، تا کورد بەلیکاوی ناو دەمی نەهەنگ سڕبن، حاڵی کوردان هەر خزمەتکردنی بێگانە دەبێ، هەر دەبێ مەشکەی خەڵك بژەنن.

*      *      *

لەنووسینی بابەتی ئاینی یارساندا سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١ـ کاکەیی ـ محەمەد ئەمین هەورامی ـ بەغدا ـ چاپخانەی ـ الحوادث ـ ١٩٨٤.

٢ـ نامەسانجام ـ کلام خزانە ـ دکتور صدیقی صفی زادە ـ ـ حیدر ـ تهران.

٣ـ اول أخر ـ سرانجام ـ کۆکردنەوەی ـ طیب طاهری ـ چاپخانەی ئاراس ـ هەولێر ـ ٢٠٠٧.

٤ـ فەلسەفەی رامانی یارسان ـ جەمال نەبەز ـ کۆبەرهەم ژمارە (١٠).

٥ـ کاریگەری ئاینی یارسان و پاراستنی زمانی کوردی ـ زریان جیزئی محەمەد ـ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ـ ٢٠٠٥.

٦ـ الاسلام ـ المستشرق، هنري ماسيية ـ ترجمة بهيج شعبان ـ منشورات عويدات ـ لبنان (١٩٦٠).

٧ـ موسوعة الاديان ـ ژمارە (٢٣).

٨ـ الفتنة الكبرى ـ علي وبنوه ـ طه حسين ـ دار المعارف مصر.
٩ــ الفلسفة الشرقية ـ محمد غلاب ـ مكتبة الانجلو المصرية (١٩٥٠).
١٠ــ الفكر الفلسفي الهندي ـ الدكتور ـ سرفالي راداكريشنا ـ ترجمة دار اليقظة العربية ، ١٩٦٧.
١١ـ يارسان ـ ليكۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینییە ـ ئەیوب روستم ـ چاپی سێیەم ـ سەنتەری مارگرێت (٢٠١٣).
١٢ـ ئاین کەمینەکان لە کوردستاندا ـ سمکۆ محەمەد ـ چاپخانەی هێڤی ـ ٢٠١١ ـ هەولێر.
١٣ـ ئاینی ئێزیدی ـ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی ـ نەجم ئەڵوەنی ـ کوردستان ـ هەولێر .١٩٩٩
١٤ـ هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدیان ـ جلوەو مەسحەڤ ڕەش ـ د. حیدر عزیز ـ ئاراس ـ ١٩١١.

# دۆزیمەوە..

## (١)

ئەو پرسیارەی کە چەندان ساڵ شەیدای وەڵامدانەوەی بووم، وەڵامەکەیم دۆزییەوە، کە دۆزیمەوە هاوارم کرد دۆزیمەوە، کەچی زوو بۆم دەرکەوت ئەوەی دۆزیمەتەوە تەواوی ئەوشتە نییە کەچەندان ساڵ بوو شەیدای دۆزینەوە ببووم، باش بوو زوو بۆم دەرکەوت ئەوەی دۆزیبوومەوە تەواوی ئەوە نەبوو کەدەمویست بیدۆزمەوە، دەنا خەریك بوو فیساغۆرس ئاسا بەسەری ڕووت و پێ ی پەتییەوە بەناو خەڵکدا غار بدەم و هاوار بکەم: دۆزیمەوە !.

یان خەریك بوو وەك (بودا) ئاسام لێ بێ کە لەرۆژێکدا دوو دیاردەی دژبەیەکی لەمرۆڤدا دین هەموو شتێکی وەلاناو جلی شاهانەی داکەناندو پۆشاکی پەڕپووتی دەروێشانەی لەبەر کردوو ڕووی کردەناو بێشەو جۆڵەواری بۆ ئەوەی بەخەڵك بڵێ: وەرن نهێنی داماوی مرۆڤتان پێ بڵێم.

منداڵ بووم لەجڤاتی کۆمەڵێ رۆشنبیردا ئەو پرسیارەم بەرگوێ کەوت پرشێکی پەڕیە ناو دەروونم، لەناخمدا چەکەرەی کێشا، تا ئێستاش ماوە، منی کردووە بەدارێکی قرۆڵی بێ بەرو بێ سێبەر، وا لەسەرە ڕێیەکدا لەشوێن خۆمدا ڕاوەستاوم، ئەوانەی بەلامدا تێدەپەڕن نایەن وەك جاران لەبنمدا بەحەوێنەوە، بارگەو بنە دابنێن، تا ئەو پرسیارە کەمنی وا پیرکرد لێیان بکەم و بڵێم: هۆ ڕاویارەکانی ڕێ ی دوورونزیك پێم ناڵێن: داخۆ میللەتێکی تر هەبێ بەئەندازەی میللەتی کورد شەقی دەرهاوسێ ی خۆی و زەمانەی بەرکەوتبێ؟ داخۆ نەتەوەیەکی دی هەبێ بەقەد نەتەوەی کورد خەبات و تێکۆشانی بۆ سەرفرازی کردبێ و بەدەستی نەهێنابێ؟.

فێربووم، پێم شەرم نەبوو، ئەو پرسیارانەم لە ڕێبوارەکان دەکرد، پێم دەوتن کە لەوسەرەوە هاتنەوە، ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانەتان دەسکەوت خێرتان دەگاتێ بۆ منیان بێننەوە، وامن لەشوێن خۆمدا ڕاوەستاوم نابزوێم، لێرەم.

خۆم هەوڵم دەدا بگەمە وەڵامێك خۆمی پێ ڕازی بکەم، بەڵام لێم ببوو بەگرێ کوێرەیەکی وەها وەك دوو ئاڵقە ئاسنی لەیەك ئاڵاویان لێ هاتبوو نە بە ددان نە بەدەست نەبەگاز لەیەك جیانە نەدەکرانەوە !.

ڕۆژێکیان زاتێکی گەورەی ڕۆحانی لای خۆمان بۆ ئیرشاد دەچوو، چەند مریدو دەروێشێکی لەگەڵدابوون، وەك جاران بۆ پشوودان هات و دانیشت و پاڵی پێوەدام، پێم وت: قوربان بەڕێزتان بەرگوزیدەی هەردوو دونیان، ئەوەی زاتێکی وەك بەرێزتان پەی پێ دەبات، کەسی تر بەلایدا ناچێ، قوربان بۆ وەڵامی پرسیارێك چەندان ساڵە داماوم، بە بەڕێزتان نەبێ وەڵامەکەی بەکەس نادرێتەوە، پاڵ کەوتبوو کەوام وت، قیت بووەو دانیشت و دەسێکی بەعەباو چەتفەو سەرو سمێڵیدا هێناو مڕەیەکی لێوەهات وابزانم وتی: ئادەی ئەو پرسیارە چییە بەدەستیەوە گیرت خواردووە ؟.

پڕ بەئەدەب و نەزاکەتەوە وتم: لەبەرچی ئێمە وا دواکەوتین و نەبووین بە دەوڵەت؟.

جەنابی بەر گوزیدە بەبیستنی پرسیارەکەم ڕووی کرژ کردوو لەهەردوو چاویەوە پرشی ئاگری تووڕەبوونی دەوەشاند، هەر ئەوەندەی مابوو تەور بداتە دەست دەروێشەکانی و پێیان بڵێ: ئەو دارە قرۆڵە لەبنەوە ببڕن بۆ ئەوەی جارێکی تر ناماقووڵی نەکات، پرسیاری ناشەرعی وەها لەمن بکات، ئێمە وامان بۆ بڕاوەتەوە !.

نەموێرا پێ ی بڵێم کێ پێتی وت ئێمە وامان بۆ بڕاوەتەوە ؟!.

ئەگەر وام بوتایە یەکسەر ئاگری تێبەردەدام و دەیکردمە خەڵوز!.

لەم دوایەدا پیاوێکی بەسام و هەیبەت بەڵام لەژێرباری ڕۆژگاردا چەماوە لەکەسێکی دێوانەو لێوە دەچوو هات لەشوێن کابرای بەگوزیدەدا ڕاکشا بەچاوێکی پڕ پرسیارو بلیمەتانەوە بەرەو قوڵا ئاسمان دەیڕوانی، وەك دێوانەو لێوە دەهاتە بەرچاو، ماندوو شەکەت دیاربوو، هەناسەیەکی پڕ لەزوخاوی بەبادا، چاوی هەر چوار دەوری خۆیا گێڕا، لەبەر خۆیەوە وتی: باوابێ کەوانییە !.

لێم پرسی خاڵەگیان ماندوو دیاری؟!.

ـ ئەی چۆن ماندوو نیم.. لەوەتەی هەم ڕەنجی فەرهاد دەدەم مایەم دیارنییە، هەر من وەها نیم، ئەوانەی هاوشانی منن وانە، وەکو منن دەمەوێ سەری خۆم هەڵبگرم بڕۆم، نەگەڕێمەوە تا بزانم بۆ من وەهامەو هەشە بەرد بەسەر دارەوە نانێ و پاڵی داوەتەوەو بەسەریدا ڕژاوە، لەوە سەرم سووڕماوە.

ـ سەرت سووڕ نەمێنی .. دیارە ئیش ناکەی، مرۆڤ بە ئیش دەژی، بەئیش دەبێتە مایەدار.

ـ من ئیش ناکەم!. وەرە تەماشای دەستم بکە بزانە چۆن لەناو ئیشدا وەك پێستی کیسەڵ چرچ و ڕەش هەڵگەڕاون.

تۆ لێرەدا راوەستاوی ئاگات لەچییە! من گەرەکم بوو لەتۆ بپرسم بۆ وا؟ تۆش وام پێ دەڵێ ی!.

من هەموو کارێکم کردووە لەجوتیاری و باخەوانی و ئاژەڵداریەوە بیگرە تا دەگاتە دارتاشی و ئوستا دیواریەوە کردوومە کەچی بەمەمرەو مەژی گوزەراندوومە، من لەتۆ باشتر دەزانم مرۆڤ بەئیشە بەرِیش نییە، گەرچی وانییە، لای ئێمە ئیشکەر ڕووت و نابووتن، ریشدار بەنازو نیعمەتن!.. بۆ ؟!.

دەڕۆم سەری خۆم هەڵدەگرم، تا نەزانم بۆ وایە ناگەڕێمەوە!.

ـ بەقسەکەی پێکەنینم هات، پێم گوت: براخاس بۆ خۆت لەگێلی دەدەیت، مەڕۆ سەری خۆت هەڵمەگرە، نهێنییەکەی لای خۆتە: لەکارت و لەخۆت و خەڵك ورد بەرەوە دەزانی بۆ وایە.. ئەگەر هەر دەشڕۆی کە لەو سەرەوە هاتیتەوە، ئەوەی لەوبارەوە زانیت بۆ منیشی بیرەوە خێرت دەگاتێ..

دوای چەند رۆژێك ئەو کابرایە گەڕایەوە، پێم وت: ئەرێ ئەوەی دەتویست سۆراخی بکەی کردت؟.

ـ بەڵێ کردم.

ـ ئادەی چۆن؟.

وتی: لەچۆڵەوانییەکدا بووم کانیاوێك هەبوو درەختێکی لەسەربوو لەبن درەختەکەدا ڕاکشام بحەوێمەوە دیم دوو کۆتر هاتن لەسەر درەختەکە نیشتنەوەو کەوتنە قسەکردن، باسی منیان دەکرد، یەکێکیان بەوی تری دەوت: ئەوە بۆ وایە؟. ئەویتر پێ ی وت:

ئەوە خۆی دیوانەکردووە، بەشوێن وەڵامی پرسیارێکدا وێڵە، دەڵێ: ئەوە بۆچی هەندێ هەیانەو دڵشادن و هەندێ نیانەو داماون؟.

ئەویتریان شەقەی لەباڵیەوە هێناو وتی:

بابڕوا بە ئاقڵانە تەواوی ڕابوردەو سەرگوزشتەی داماو و ناداوماوەکانیان بەوردی بخوێنێتەوە ئەو وەڵامەی بۆی وێڵە خۆی دێتە بەردەستی.. کەوای وت، یەکسەر وتم:

ئەها نەمووت: نهێنی ئەو جیاوازییە لای خۆتانە.

(٢)

ئەوەی ئەو دوو کۆترە بەگوێ ی ئەو کەسە عەودالەدا چپاندبوویان تەنیا بۆ ئەو نییە بۆ هەموومانە، ئەی ئەوە بۆ من تا ئێستا بایەخم بە ڕابردووی کەسە مشەخۆرو ناداماوەکانی ناو کۆمەڵگاکەم نەداوە، لەبەرچی خوێندنەوەم بۆ ئەوانە نەکردووە؟.

دیارە منیش یەکێکم لەو خەڵکە سڕکراوەی ناو کۆمەڵ، مەرج بێ هەوڵ بدەم لەو کەوڵە سڕبووەم بێمە دەرەوە، ڕاستە وتوویانە سروشت هەم پرسیارەو هەم وەڵام، ئەو مامۆستایەو پرسیار دەکات ئێمە قوتابین، لەودا بۆ وەڵامەکەی دەگەڕێین، من چەند جار لەبەر خۆمەوە بەخۆم وتووە مرۆڤ خۆی پرسیارەو وەڵامەکەی لای خۆیەتی، ئێمە لەسروشت بەدەرنین، بەشێکی چالاکی ئەوین.

ئەوەی داهاتووە ئەوەش کەدادێت بەر ئەنجامی ئەو پرسیارانەیە کە پێویستییەکانی خۆمان دایان ڕێژتوون و پاڵیان پێمانەوە ناوە کە وەڵامەکانیان بدەینەوە، لەدۆزینەوەیاندا ڕاپەڕین دروست دەبێ و هەنگاوی نوێ دێننە پێشەوە.

ئەو دان و سانی پرسیارو وەڵامە گۆڕان دروست دەکەن و دەر بۆ کپکردنەوە ئاواتەکان واز دەکەن، وەڵامە خنکاوەکانی ناو گەروش دەرباز دەکەن، هەر پرسیارو وەڵام بوونە نەیان هێشتووە مرۆڤ لەیەك شوێن و لەسەر یەك دۆخدا بمێنێتەوە.

ئەوە پرسیارو وەڵامە بوونەتە دەینەمۆی بزووتنەوەی مرۆڤ، نەیان هێشتووە هۆشی لەوشکی بدات، زاخاوی مێشکیان لابردووە وتەی (هەر وابووەو هەروا دەبێ) یان بەدرۆ

خستووەتەوە، ئەوان ڕیشەکەنی ئەو نەریتە بەد فەساڵەیان هەڵ تەکاندووە کە وتوویەتی:

(با سوارە هەر سواربێ و پیادە هەر پیادە).

ئەو جۆرە پەندە ڕزیوانە نەك هەر هەق نییە لەگەردنی خۆمانیان بئاڵێنین بەڵکو هەقە لەپێشیان نەکەن.

## (٣)

دوای ئەوەی ئەوەمان لە عەوداڵەکەوە بیست کەوتمە سەر ئەو باوەڕە کەهیچ زانینێك لەدەرەی سروشتدا وەرنەگرم، ئەگەر گەرەکتە شت بزانی خۆت و دەوروبەرت بخوێنەوە حاڵی دەبی.

باسەر لەنوێ دەفتەری ئەوانە کەپێیان دەوترێ پیاوچاك و رابەری ناو کۆمەڵ هەڵبدەینەوە، تا ئەوانەی باش نایانناسن بیان ناسین، چی تیایە مرۆڤ هەزار لۆغانەیە، چەند بیدەیتە بەرتیشکی خوێندنەوە هەرکەمە، بەخوێندنەوە چەوتی ئەوەی بەخۆیان دەیلێن: (خوا پێداو) دەردەکەوێ.

ئەوانە لە نەزانینی خەڵکەوە خۆیان گەورە کردووە چە شایستەیەك ئەوانی گەورە کردو جیاوازی دانێ؟!.

ئەوانە دوو جۆرن لەیەك جیاوازن، جۆرێکیان ئەوانەن کەلەناو کۆمەڵدا پاڵیان داوەتەوە، بەبێ ماندووبوون دەخۆن و دەژین، ئەو پاڵدانەوەیان لە پێشینانەوە بەمیرات بۆ بڕاوەتەوە، من لەمێژە ئەوانەم ناسیوون وەك ریخۆڵە کوێرەی ناو لەشی خەڵکن، لەزەرەر زیاتریان نییە.

من لەوکاتەوە ئەوانەم ناسیوون لەسەر کێڵگەکان کارمان دەکرد، تۆوی دەغڵ و دانمان دەچاند، جووتمان دەکرد، یان کە دروێنەو گێرەو کێشەو شەنی سەر خەرمانانمان دەکرد، بۆ ئاژەڵداری گەرمیان و کوێستانمان دەکرد یا بەکۆمەڵ دوچووین بۆ شاخ دارمان بۆ سووتەمەنی دەهێناو هەرەوەزیمان دەکرد یەکێك لەوانەم نەدەدی

لەتەکماندا بیٚ، ئێمە لەژێر باری بژێوی و گوزەراندا چەمابووینەوە، ئەوانیش لەماڵەوە پاڵیان دەدایەوە هەمووشتێ بەحازری دەچووە بەر دەستیان.. سەرەڕای ئەوەش باکیان بەکەس نەبوو، ئایندەی خەڵکیان لامەبەست نەبوو، کیٚ بهاتبایە لەگەڵی بوون، گرنگ سایەو پایەیان نەلەقیٚ، ویژدانیان لەناو خۆیاندا ڕوابوو، ڕەحمیان نەبوو!.

من ئەوانە ناخوێنمەوە، مەنجەڵی چەورن، نانووسرێن تا بخوێنرێنەوە.

جۆری دووەم: ئەمانیش وەك جۆری یەکەم توێژاڵێکی ناو کۆمەڵن، بەڵام ئەمان بەمیرات نەبوونەتە خاوەن پایەی ناو کۆمەڵ، بەڵکو دەسکەوتی خۆیانە، بەخوێندن پایەی خۆیان لەناو کۆمەڵدا بیناکردووە، وەلیٚ خوێندنەکەیان بۆ کۆمەڵەکەی خۆیان نەبووە، خوێندنەکەیان لەخۆیان و لە کۆمەڵەکەیان دووری خستوونەتەوە !.

ئەمانە سەر بەچینی هەژارانن بۆیە حەز دەکەن لە توێژاڵی یەکەم نزیك ببنەوە دەسەڵاتی ئابووریان هەبیٚ، ئەمانە گوێیان لەدەوروبەری ناو کۆمەڵەکەیان نییە، لافاوی دەردو بەڵا خەڵك ڕامالی ئەوان هەر خەریکی (کماصلیت)ەی خۆیانن، هەر خەریکی کوندە ئاوساوەکەن، فووی (هەروابووە هەروا دەبیٚ) ی پێدا دەکەن، ئەمانە هەتا دەمێنن لە بۆڕی ژنین ناکەون.

**(٤)**

ئێستا هاتینە سەر ئەوە کە سەربووردەی یەکێك لەوانە کە لەپێشەوە باسمان کردن بیکەین بەنموونەی ئەوانە کە هەم شاعیر بوونەو هەم رۆحانی کەجاران مەبەستیان تەنیا ئەوە بووە خەڵك فێری کڕنوشبردن بکەن، پێیان وابووە بەوە پاك دەبنەوە، یان بەو کارەیان پلەی باڵایان لە ئایندەدا پیٚ دەبەخشریٚ! نەیان دەزانی ئەوکارەیان دەبێتە بزمارێکی ژەنگاوی ڕووی ئەدەبی کوردی تەڵخ و بریندار دەکات.

با بڕۆین بۆ ناو کتێبخانەیەکی کوردی لەویٚ هەندیٚ لاپەڕەی یەکدوو لەدیوانی شاعیرە کلاسیکیەکانمان هەڵ بدەینەوە، چونکە دیوانەکانیان پاکترین فایل و گەواهی نامەی ژیانی ئەدەبیانە، ویستوویانە بەشیعرەکانیان ڕێڕەوی ڕەوتەی نەوەکانیان، ناخی دەروونیان بەشیلەی هەڵاڵەی شیعرەکانیان مەست و کەیل بکەن.

بۆ نموونە با شاعیرێکی وەك (شێخ رەزای تاڵەبانی) کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە، من و ڕەنگە سەدانی وەك منیش ئەویان بە گەورەترین شاعیری کاریکاتێر نووسی بەرەنگاری هەڵکەوتە ناسیبێ، کەچی دەرکەوت ئەو پیاوە بەوکەش و فشەیەوە سووکایەتی بەخۆی کردووە، بۆ نەوەکانیشی بەجێ هێشتووە، ئەو سووکایەتییەی بەخۆی کردووە وەسە کۆڵەوژێکی نەسووتاوی دووکەڵاوی دابێتە دەست نەوەکانی بۆ ئەوەی گیژیان بکات.

وەرن باگوێ بدەینە شێخی ناو باژەل و مەلای مێزەر بەسەری چۆڵەواری چۆن دەنووزێتەوە خۆی سووك کردووەو دەڵێ:

**یا رسول الله چەباشد چون سگ اصحاب الکهف**

**داخل جنت شوم در زمرەء اصحاب تۆ**

**أو رود درجنت ومن در جهنم چون رواست**

**أو سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تۆ)** (٢٥)

(رسول الله. د. خ) نەتەوەکەی خۆی لە عەرەبستان لەتاریکی جەهالەت هینایە ناو رووناکی ئەژیار، عەرەب لەسارای حیجاز کۆمەڵە هۆزو خێڵی پڕاوو خۆخۆربوون، پێغەمبەر کردنی بەیەك و برایەتی خستە بەینیانەوە، فێری بەیەکەوە ژیانی کردن، لەئەنجامی ئەو یەککگرتنەدا لایەکی کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقیای ـ تا گەیشتنە ئەورووپاش ـ کەوتنە ژێر دەسەڵاتیانەوە، ئێستا لەسایەی (رسول الله)وە بیست و چوار دەوڵەتیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشا تا ئێستا نەمدیوە شاعیرێکی عەرەب لە مرۆڤایەتی خۆی کەم بکاتەوەو خۆی بکات نەك بەسەگی پێغەمبەر بەڵکو بەسەگی (اصحابە) کانیشی.

مەلا شێخ تاڵەبانی ئەی نازانی خوای گەورە لە قورئاندا پایەی مرۆڤی گەورە ڕاگرتووەو فەرموویەتی: (والله العزة ولرسوله وللمؤمنين..) (٢٦)

---

٢٥– مێژووی ئەدەبی کوردی ـ عەلائەدین سجادی ـ ل. ٣٧٤ ـ ساڵی ١٩٧٤ ـ چاپی دووەم.

٢٦– سورەت المنافقين ، ئایەتی ژمارە (٦٣).

مەلا تۆ بەلاتەوە سەگ گلاوە بەلای موسڵمانان ئاژەڵێکی پەسەند نییە، لەبەرچی پاڕایتەوە وەك سەگێك تەماشا بکرێ !؟.

یاشێخ تۆ هەرچی هەی ببە، بەڵام مافی ئەوەت نییە لەناو دیوانە شیعردا ئەو شیعرە ڕەوانەی پاش خۆت بۆ نەوەکانت بکەی، بەوە دەتەوێ ئەوانیش وەك خۆت سووك بکەیت، ئەگەر خۆت بەکۆنە عەرەب زانیبا، ئەوکات ئەو خۆ کەمکردنەوەت نەدەکرد.

جەنابی شێخ ڕەزا هەقە داوای لێبوردن لە کۆمەڵەی سەگان بکەیت چونکە بە ئەوان خۆت سووك کردووە، گوایا ئەوان سووکترین گیانلەبەرن، هەقە هەیە کەمێ وەفامان بۆ سەگ هەبێ، پێشینانی ئێمە سەگ لەجرو جانەوەر پاراستوونی.

یاشێخ کێ لەوە دڵنیای کردی کە سەگی (اصحاب الکهف) دەچنە

بەهەشت و تۆ دەچیتە دۆزەخ، سووکایەتی سەگ لەچیدایە لەبەر ئەوەیە لەمرۆڤ بە وەفاترە یان چی؟.

جا ئەگەر لەناو سەگاندا تەنیا سەگی (اصحاب الکهف) بچنە بەهەشت دیارە سەگەکانی ئەو هەموو دنیایە دەچنە دۆزەخ، تاوانیان چییە؟.

هەر لەبەر ئەوەی سەگن، کێ بەئاژەڵی خراپ خوڵقاندنی، ئەگەر خوڵقاندنیان بەدەست خۆیان بوایە دووری بۆ مەڕوو خۆیان وەك ئێمە نەدەخولڤان، هەر جۆربێ بۆ کەس نییە ئەوان سووك بکات و بێت بنووڕێتەوە خۆی وەك ئەوان بکات بۆ ئەوەی بیبەنە بەهەشت.

سەگ ئەگەر بەخۆیان بوایە، خۆیان دەکرد بەفریشتەی خوا. ئایا ئەگەر تۆ خۆت کرد بەسەگی (اصحاب) ی پێغەمبەر ئیتر تەواو جێگەی خۆت لەبەهەشتدا دابینکرد؟.

نازانم جەنابی شێخ چۆن تەریق نابێتەوە خۆی بە شاعیر دەزانێ و کەچی بەو جۆرە شەخەڵی ناومێشکی دەردەدات.

گرفت لەوەدایە ئەو شەخەڵە لەسەر ڕێ ی ئایندەماندا هەڵڕێژاوە !. دەبێتە بەڵگەی عەقڵیەتی نەتەوەکەمان و ڕەنگە هەندێ نەوەی ئاوەز کاڵی پێ تەفرە بدرێ!.

## (٥)

لۆمەم مەکەن کەشێخ رەزای شاعیرم کرد بە نیشانەی ئەو تانەو تەشەرانەم کە لەم سەردەمەی ئێستادا بۆ سەردەمی ئەو ڕەوانەم کردن، گەلێ نموونەی تر لەبەر دەستدابوون بەڵام ئەوانی دی وەك ئەو لەخۆ کەمکردنەوەدا نەچەقیبوون، ئەو نموونەیەکی لەباری سێ قۆڵی بوو بۆ ئەو سێ توێژاڵەی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، لەو سەردەمەی ئەودا ئاسۆی ڕاپەڕین و رزگاربوونی میللەتان گزنگی دابوو، ئەو هەم شاعیر، هەم شێخ، هەم مەلابوو.

ئەوەی قوڕی چەقینی خیانەتکاری بۆ ڕەشووڕووتی نەفامی کوردەواری گرتەوە ئەو سێ تاقمەبوون، کە دۆخی کوردانی ئەو سەردەمەی شێخ رەزا دەدەیتەبەر خەیاڵت سەرت کاس دەبێ، هەڵبەتە کەسانی لەخۆیان گەورەو بزرکتر رابەری کردوون و قانگی داون و ڕێ و ڕاستی لێ بزرکردوون، خۆ کەمکردنەوەکەی شێخ رەزا بۆ ئەوانە کە بەسەنگی پەلکە پیازێك چاکەیان بۆ کورد نەبووە هەر ئەوکارە قیزەونانەی لێ دەوەشێتەوە کەبوون بەخاڵی تەڵخ لەمێژووی شکۆداری کورددا.

ئەو کوردانە کە لەخوارەوە باسییان دەکەین، بێ بەرانبەر بۆ غەیرە کاری قیزەونی وایان کردووە وەك مۆری عەیبەی داغکراو بەمێژووی کوردەوە وا لکێنراوە بە ئەستەم کاڵ دەبنەوە.

تاکەی ئەو عەیبانە کە ئەهلی جەهالەت بەمێژووی کوردییانەوە لکاندوون دایان پۆشین و ناوی تەفرەدانی کورد نەهێنین؟.

لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانلیدا تورکەکان خەڵکی سەربەو دەوڵەتەیان وا تێگەیاندبوون کە سوڵتانەکانیان خەلیفەی پێغەمبەرن و سێبەری خوان لەسەر زەوی، ئەم بیرۆکەیە وەك حەقیقەتێکی چەسپاو لەمێشکی موسڵماناندا چاندبوو نەك هەر لەناو ڕەش و ڕووتدا بەڵکو لەناو زانایانیشدا ئەو میللەتانەی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی هەموو تورك نەبوون هەمووش موسڵمان نەبوون، یەکێك لەوانە نەتەوەی ئەرمەن بوو بەنەتەوە تورك نەبوون بە ئاینیش مەسیحی بوون.

دیارە ئەوان بەچاوی موسڵمانان تەماشای سوڵتانەکانیان نەکردووە، لەبەر ئەوەش بەنەتەوە جیابوون و دەوڵەتی سەربەخۆشیان لە ئەرمەنستان هەبووە، هەمیشە لەبیری ئەوەدابوونە کە لە دەوڵەتی سوڵتان رزگارببن و لەناو هەژموونی دەسەڵاتی خۆیاندابن، نەك سوخرەکێشی سوڵتانێکی ساختەچی بن، ئەو بیرۆکەی رزگار بوونەیان لەسەردەمی سوڵتان (عەبدولحەمید ـ ١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) دا بەتەواوی لەمێشکیاندا چەکەرەی کێشاو لەهەمووان ئاشکرابوو، لە ئەنجامی ئەوەدا سوڵتان لێیان دەکەوێتە قینەوەو دەست بە قڕکردنیان دەکات، قڕکردنەکەیان یەکەمجار بە فرمانی سوڵتان لە ئەیلولی ساڵی (١٨٩٤) دا لە ئەستەمبۆڵ دەستی پێکردووە.[٢٧]

فرمانی قڕکردنەکەی سوڵتان لەهەموو شارەکاندا دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە، هەموو شارەکان دەتەنێتەوە بەتایبەتی لەو شارانەدا کە ئەرمەنی تێیدا دەژیان و شارە کوردەکانی کوردستانیشی دەگرتەوە. هەمەجییەتی قڕکردنی ئەرمەن و جینوسایدیان لەشارو گوندەکاندا بەشێوەیەکی دڕندانە بەسەر دەستی کوردە خەڵەفاوەکاندا

دەستی پێکرد بەتایبەت بەسەر دەستی (سوارەی حەمیدیە)دا کە جاشی خۆفرۆشی کوردبوون بۆ کاری وەهاو بۆ سەرکوتکردنی کوردان دامەزرابوون!.

ئەوەی بە ئەرمەنیانی داماوکرا وێنەی مەگەر لەهۆڵۆکۆستی جوولەکەو ئەنفال و کیمیاوی باران و جینۆسایدی ئێزیدییە کوردەکاندا وێنا بکرێ.[٢٨]

---

٢٧– بڕوانە ـ سەرجەن بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر ـ بەرگی یەکەم، ل. ١٠٧ ـ ٢٠٢٢.

هەروەها تەماشای ـ موسوعە الادیان ـ ل. ٩٦ ـ ٩٠ـ بکە.

٢٨– لە هۆڵۆکۆست (٤٨٤٠٠٠) چوارسەدو هەشتاو چوار هەزار جوولەکەی بێ تاوان بەسەر دەستی نازییە ئاڵمانەکاندا سوتێنران!.

لە ئەنفالی کورداندا ساڵی (١٩٨٨) (١٨٠٠٠٠) سەدو هەشتا هەزار کورد بەماڵ و منداڵەوە لەخوارووی عیراق سەدام زیندەبەچاڵی کردن. لەکیمیاوی کوشتنەکەی هەڵەبجەدا ساڵی (١٩٨٨) سەدام (٥٠٠٠) پێنج هەزار پیاو و ژن و منداڵی خنکان.

لەجینۆسایدی ئێزیدی بێگوناحدا ساڵی (٢٠١٤) داعش ئێزیدیانی قڕکردن.

نووسەرێکی عەرەب لەکاتی جینۆسایدەکەدا لەتورکیا دەبێ دیمەنێکی کوشتنی ئەرمەنەکانمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (لەقەزایەکی شاری (سیواس) دا سەیری کوشتنی ئەرمەنەکانم کرد چوار قەصابم دی هەریەکەیان تەورێکی درێژیان بەدەستەوەبوو دەرەکەکانیش ـ مەبەستی جاندرمەی تورکە ـ دە دە ئەرمەنەکانیان جیا دەکردەوەو یەك لەدوای یەك دەیانبردنە لای قەصابەکان، قەصابەکە بە ئەرمەنیەکەی دەگوت: ملت درێژکە دوای ئەوەی ملی درێژ دەکرد وەك مەڕ سەری دەبڕی). [٢٩]

ئەو دیمەنە لەچاو دیمەنی سووتاندنی سەدان خێزان و ورگ دڕینی سەدان ئافرەتی دووگیان و ئاگر تێبەردانی ئەو کەنیسانەدا کە سەدان خێزانی پەنابەری تێدابوونە دیمەنێکی لەسەرخۆو ئاساییە ! ! .

ئەوەی دڵێکی ئاسنینی نەبێ ناتوانێ هەموو کارەساتی جینۆسایدەکە لەسەرەوە تا خوارەوە بخوێنێتەوە یان بگێڕێتەوە.

## (٦)

هەندێ مێژوونووسی هەق نەبێژ ئەوانەیان کە حەزیان لەکورد نەکردووە جینۆسایدی ئەرمەنەکانیان داوەتە ئۆباڵ کوردان! . ئەوانە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ویستویانە بەناهەق قڕکردنەکەی ئەرمەن لەتورکیا بخەنە ئەستۆی کوردان و مێژووی کوردیان پێ عەیبداربکەن! .

ئەگەر ئەو دەمەی جینۆسایدەکەدا ئەستەنبۆڵ پایتەختی کوردستان بووبێ و خەلیفە کەڕە کرمانجێکی لای ئەو جزیرەو بۆتانە بووبێ و سیستەمی خەلافەتیش کورد دایڕشتبێ، ئەوکات کەس نوکلی نەدەکردو دەیووت: بەڵێ کورد ئەو جینۆسایدەی ئەنجام داوە! ئەگەر وابوایە ئێمەی کورد دەرۆیشتین نەك جارێ سەد جار داوای لێبوردنمان لەگەلی ئەرمەن دەکرد.

---

٢٩– بڕوانە سەرچاوەی پێشوو. ل ـ ١١٢ ـ بەرگی یەکەم.

خۆ ئەگەر خەلیفە لەگەرمەی جینۆسایدەکەیدا بڕیاری لێبوردنی بۆ ئەرمەنەکان دەربکردایەو دەستی لەقڕکردنەکە هەڵبگرتایە، ئایا کوردەکان دوای بڕیارەکە هەر لە کوشتارەکەدا بەردەوام دەبوون؟.

ئێمەی کورد تەریق دەبینەوەو شەرم دەکەین کە گەنجێکی ئەرمەنی لەڕووی نەزانیەوە دەڵێ: کورد جینۆسایدی ئێمەیان کردووە!.

تا دوێنێ بوو تورك دەیانووت کورد لە وڵاتی ئێمەدا نین! ئەی ئەگەر کورد لە وڵاتی ئێوەدا نییە ئەی چۆن دەسە چەپەڵەکانتان بەواندا دەسڕنەوە؟!.

کوردێك وڵاتی داگیرکرابێ و لەهەموو مافێك بێبەش بێ و دەوڵەتی نەبێ و وەك کۆیلەیەك لەژێر دەستی ئاغایەکدا مووچێنرابێ ئەوەی دەیکات بۆ ئاغاکەیەتی نەك بۆخۆی.

لەم رۆژهەڵاتەدا هەر رژێمێك نەتەوەیەکی غەیری خۆی بکەوێتە ژێر چنگی دەیکاتە ئامێرێك بۆ بەدیهێنانی کاری خراپ.

کەشۆرشی ئەیلولی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ساڵی (١٩٦١) دا بەرپابوو سەدان جاش و سووکە جاش دژ بەویستی نەتەوەکەیان ڕاوەستان و دژی پێشمەرگە دەجەنگان، ئەهلی جەهالەت و خۆفرۆش بن بڕ ناکرێن و ناشبنە بەڵگە.

## (٧)

باناوی هەندێ لەو کوردانە کە بەکوشتنی ئەرمەنیەکان ڕووی خۆیان ڕەشکردووەو مۆری نامرۆڤانەیان بەچارەی خۆیانەوە ناوە.

ناویان دێنین ناوهێنانەکەیان بۆ ئەوەیە تا لەبیر نەچنەوەو ببن بە عیبرەتی دەوران و بەرنەفرەتی خەڵك بکەون.

١ـ (لەشاری ئۆرفە (مەلا سەعید ئەحمەد) ناوێك کەشێخی دەروێشان بووە بەدەستی خۆی رۆژی ٢٨ ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٨٩٥) (افتتحاحی) کوشتاری ئەرمەنی لەم شارەدا کردووە:

فەرمانی داوە ئەرمەنی یەکی بێ تاوانیان لەبەر دەمدا بۆ درێژکەن، بە چەقۆ لەبەر چاوی خەڵکەکە سەری بڕیوە، بەر لەوەش بەچەند رۆژێك ناودارانی شاری کۆکردۆتەوەو بۆ کوشتنی ئەرمەن هانی داون چونکە (سەر بۆ دەسەڵاتی سوڵتان شۆڕناکەن).

٢ـ (دوو برا لەناوچەی وان ) دا بەناوی عەبدولحەمیدو عەبدولغەفوورەوە بە جووتە (٢٠٠) کەسیان کوشتووە.

٣ـ هاوڕێی ئەم دوو (برالەیە) لەخەرپوت زۆربوون: لەوێش جووتێ برا پتر لە (٣٠٠) کەسیان کوشتووە.

٤ـ حاجی بەگو ناوێکیش بەتەنیا (١٠٠)ی کوشتووە.

٥ـ نانەوایەکیش شانازی بەوەوە کردووە کە (٩٧) ی کوشتووەو بڕیاری داوە قوربانێکانی بگەیێنێتە تەنها سەد دانە!!. [٣٠]

کورد موسڵمان بوونیان وایێ وتراوە کە بەگوێکردنی (أول الامر) بەگوێگرتنی فرمانی خواو پێغەمبەر بزانن، جگە لەوەش بیرۆکەی غەزاکردن کە یەکێکە لە فروعی ئاینی ئیسلام هەمیشە لەهۆش و مێشکی موسڵماناندا تەتڵە دەکات، ئەوەیان پێ ناوترێ وەختێ غەزا لەسەر موسڵمان ڕەوایە کە غەیرە موسڵمان نیازی کاولکردنی وڵاتی موسڵمانانی هەبێ.

بابێینەوە لای کوردە خەڵەفاوەکان، ئەوانە کە مۆری تاوانی کوشتنی ئەرمەنییان بەنێوچاوانی خۆیانەوەنا، دەبوو ئەوە بزانن سوڵتان (أول الامر) ی تورکان بووە، بۆ کوردان داگیرکەری نیشتمانیانە، داکیرکەر ستەمکارە نابێتە وەلی ئەمر.

وام نیازکردبوو ئەو خائینە کوردانە کە لەسەردەمی خۆیاندا ناپاکییان دەربارەی نەتەوەکەیان کردووە، یان بە نەفامی خۆیان و خەڵکیان بەهەڵەدا بردووەو بێگانە پەرستیان کردووە ناویان بۆ ناو دەفتەری خائینان ڕەوانە بکەین، بەڵام بۆمان دەرکەوت بەدواداچوون و تۆمارکردنیان دەفتەرێکی گەورەو کاتێکی زۆرو پشوویەکی درێژی دەوێ.

---

٣٠- بڕوانە (سەرجەم بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر) بەرگی یەکەم ـ ل. (١١٥ ـ ١١٦) هەموو نموونەکان لەهەمان سەرچاوە وەرگیراون.

بۆیە لەپاینەوە وەك نموونە ناوی هەندێ لەوانە دەبەین کە تاوانەکانیان لەسەر بەئاوات نەگەیشتنی چارەنووسی کورد کاریگەربووە.

ئەو دۆکۆمێنتەی کە لەم دوایەدا سەبارەت بە خیانەتکارانی جەمهوریەتی مەهاباد بڵاوکرایەوە نموونەیەکی راستەقینەیە بۆ ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێ : (تەور ئەگەر کلکی لەدار نەبێ نای قلێشێنێ).

دۆکۆمێنتەکە وا دەگەیەنێ: کۆمەڵێ ئاغاو رۆحانی و شێخ و مەلای هەندێ لەناوچەی موکریان و مەنگوڕو مامش لەرێکەوتی ٣٠ی مانگی رێبەندانی ساڵی (١٩٤٧) دا بۆ تاران لەلایەن شاوە بۆ خەڵاتکردن بانگ دەکرێن!.

خەڵات لەسەرچی؟.

لەسەر ئەوە داوایان لە شا کردبوو: پێشەوا قازی محەمەد و براکەی و ئامۆزاکەی ئیعدام بکات!.

ئەوانە بەوێنەکانیاندا دیارە لەتاران خەڵاتی شایان پێ بەخشراوە، خەڵاتی تاوانباریەکەیان: ئەنگوستیلەی ئەڵماس و تفەنگ و میدال و نیشان و گۆچان بووە، هەرکەس بەپێ ی قەبارەی تاوانەکەی! ئەوەیە ناپاکی ئەوەیە چەقین لەناو سییانی خۆفرۆشی و ناپاکی دەربارەی نیشتمان. (٣١)

مرۆڤی کوردی دڵسۆز کە ئەو جۆرە ناپاکییە دەداتە بەر هۆش و بیری هەق هەیە بەهەردوو دەستی بەسەر خۆیدا بدات و بڵێ: ئەو جۆرە خیانەتباریە، خیانەتباریەکەی مەلای خەتێ و مەلا ئیدریسی بەدلیسی و خان ئەحمەد خانی بەزاندووە.

ئالێرەدا من ڕادەوەستم و دەڵێم: وەڵامی پرسیارەکەم لەناو سەرجەمی ئەو نووسینەمدان.

ئینگلیزەکان لەڕوانگەیەکی تەسکەوە میللەتی کوردیان هەڵسەنگاندووە، دەربارەی کورد وردبین نەبوون، دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوون بەخاوەنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەلێ دەوڵەتیان بۆ میللەتانی وەك کورد دامەزراند، بۆ کوردیش خەریك بوو

---

٣١- سەرچاوە: نجفقلی پسیان، ازمهاباد خونین تا کرانەهای رس، شرکت سهامی چاپ تهران اژر ماه ١٣٢٨ خورشیدی لاپەڕە ١٦٤ ـ ١٦٦.

وا بكەن بەڵام زوو پەشیمان بوونەوە! پێیان وابوو كورد حەزی لە دەوڵەتداری نییە حەزی لەكەوتنە شوێن بێگانەیە، ئینگلیز دەیویست كورد لە چنگ تورك رزگاربكات، لەو بارەوە حەزی دەكرد یارمەتییان بدات كەچی ئەوان لەژێرەوە پەیوەندییان بەتوركە روخاوەكانی جارانەوە دژ بە ئینگلیز دەكرد، حەزیان لەسوخرەكێشیەیەكەی جاران بوو، ئینگلیز و دەوڵەتانی دەسەڵاتداری غەیری ئەوانیش لەجەنگدا كە توركیان ڕاودەنان كورد فریایان دەكەوتن و نەیان دەهێشت ببەزن، لەمەوە ئینگلیز ركیان لەكورد بووەوە.

تێروانین لەو گۆشە تەسكەوە بۆ كورد بەڵگەی تێنەفكرینە، بۆیە دەبێ بەلامانەوە سەیر نەبێ كەسەرجەم بەڵگەنامەكانی ئینگلیز ئەوە دەربخەن كەلەو نیازەدا نەبوونە رۆژێك لەرۆژان دەوڵەت بۆ كوردان دامەزرێنن.

بۆیە دەڵێم ئینگلیز دەربارەی كورد وردبین نەبوونە، ئەوان كۆمەڵە كوردێكی خراپی سەردەمێكیان كردووە بەنموونە بۆ هەموو كوردان لەهەموو دەمێكدا.

*   *   *

## ئەلف و بێکەی ئیبراهیم باڵدارو ڕێگەکانی فێرکردنی ئەلف و بێ ی کوردی

**(١)**

ئەو میللەتانە کە وەکو کورد دەوڵەتە ئێمپریالیستەکان دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەختی ڕەشکردن و کردنی بەژێر دەستەی غەیری خۆیان، ئەوانە هەموو دنیایان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، بەپێ ی ئەو دابەش کردنەیان جوگرافیای سەر ڕووی زەویان ڕەنگاو ڕەنگ کرد، میللەتە بێبەشەکانیان بەو رەنگانە داپۆشین، ئەو ڕەنگانەشیان کرد بە سەنگی مەحەکی ناسینی ئەو میللەتانە کە گوا هەر ئەوان هەن، ئەو میللەتانە چۆن لەو دابەشکردنەدا بێبەشکران و وەهاش چارەنووس و رابردوو پاشماوە مێژوویيەکانیشیان وەك خۆیان بەو رەنگانە داپۆشران.

ئێمپریالیستەکان خۆیان لەگێلی دەدا، پێیان وابوو ئەو میللەتە شادراوانە ناسنامەی خۆیان لەبیر دەکەن و دەتوێنەوە !.

سەیر لەوەدابوو ئەو میللەتانەیان بەو دەردەبرد چی پاشماوە دێرینەکانیان هەبوو نەدەخرانە سەر مێژووی خاوەنەکانیان بەڵکو بەناوی داگیرکەرەکانیەوە ناوزەند دەکران.

بۆیە لەگەلێ وڵاتدا مێژوو و فەرهەنگ تالآن دەکران و دەشێوێنران. تەنانەت ئەگەر میللەتە داپۆشراوەکە یەکێکیان لێ هەڵکەوتایە بەناوی میللەتەکەی خۆیەوە لەقەڵەم نەدەدرا! دەکرا بەیەکێك لەوانەی کە وڵاتەکەیان داگیرکردبوو.

کە ئینگلیزەکان دەوڵەتی عیراقیان لەسەر ئێسك و پروسکی میللەتانی میزۆپۆتامیا بۆ عەرەبان دامەزراندو کردنیان بە میراتگری ئەو میللەتانە کەتیایدا دەژیان، گەلی کورد دژی ئەو نەخشە چەپەڵەیان ڕاوەستاو شۆرش و راپەرینی دژیان بەرپاکرد، ئەنجامی کپکردنەوەی شۆرشەکانی بەوە گەیشت کە: کورد لە وڵاتی خۆیدا بەزمانی کوردی

بخوێنی، بەو جۆرە ویستیان کورد دەست خەڕوو بێدەنگی بکەن، ئینگلیز عیراقیان کرد بەدەوڵەت و لە حیجازەوە زەلامێکیان بۆ هێناو کردیان بە پاشای و لەسەر تەخت دایان نا!.

لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێ کە ئایا ئەو حکومەتە کە ئینگلیز بۆ عیراقیان دامەزراند بڕیاری خوێندنی زمانی کوردی لەو قوتابخانانەدا کە لەکوردستاندا کرانەوەدا؟ ئەگەر وابوو ئایا بڕیارەکەی جێبەجێ کرد!.

**(٢)**

ئەوەی من بیزانم و بیرم بۆی بچێ: حکومەتی عیراق لەسەرەتای دامەزرانیدا بەفەرمی داوای لەو دەزگایانە کە لەکوردستاندا بۆ پەروەردە دایمەزراندبوون نەکردووە کە ئاوڕ لە زمانی کوردی بدەنەوە، یان مەدەنەوە، چونکە لەو دەمەدا رێکخراوێکی کوردی یان کەسانێکی ئەوتۆی خەملەبەر نەبوون فشار بخەنە سەر حکومەت تا بڕیاری خوێندنی کوردی بێنێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام گومان دەکرێ بەنافەرمی لەپەناوە بە خەڵکانێکی هەست نزم وترابێ باس لە خوێندنی زمانی کوردی نەکەن، لەو دەمەشدا ئەو کەرەسە پێویستانەی خوێندنی کوردی بەردەست نەبوون تا بەکاربهێنرێن، ئەوکات وەزارەتی مەعاریف خۆی بۆ خوێندنی عەرەبی تەیار کردبوو، نامە گۆڕینەوە لەنێوان قوتابخانەکانی کوردستان و دەزگاکانی پەروەردەو دەرەوەی پەروەردە بەزمانی عەرەبی هاوردەوبردە دەکران.

ئەو کەمە مامۆستایانەش کەکران بە مامۆستای قوتابخانەکان ئەو کەسانەبوون کە لەکۆنە قوتابخانەکانی جارانی تورکیادا مامۆستایەتیان کردبوو، یان ئەو کۆلکە خوێندەوارانەبوون کە لەحوجرەکاندا فێری خوێندنەوەی عەرەبی ببون، قوتابخانە لەکوردستاندا جگە لەوکەسانە شتێکی تری شك نەدەبرد، ئەوکاتیش ئەوانە کە بەرپرسیاری پەروەردەی حکومەت بوون نەك هەر خەمی زمانی کوردیان نەبوو بەڵکو حەزیشیان لەوە نەبوو کەس ئەو دەرگایەیان بۆ بکاتەوە.

هاوكات لەتەك دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقدا ئینگلیزەكان (ساطع الحصري ـ ١٨٧٩ ـ ١٩٦٨) یان لە سوریاوە هێنایە عیراق بۆ ئەوەی وەزارەتی مەعاریف بۆ عیراقییەكان دامەزرێنیّ، ئەوكەسە شارەزاییەكی تەواوی لەكاروباری پەروەردەدا هەبووە، هەم دامەزرێنەری بیرۆكەی نەتەوە پەرستی توندڕەوی عەرەب بووە.

داڕێشتنی نەخشەكانی پەروەردە لەسەر بیرۆكەی عروبیەت ئەو بووە، ئەو كتێبی بۆ فێربوونی ئەلفوبیّ ی قوتابخانەكانی سوریای دانابوو، بۆ فێربوونی خوێندنەوە ئەو ئەلفبای (القراءة الخلدونية) یەی بۆ قوتابخانە سەرەتاییەكانی عیراق دانا، ئەو (الخلدونیە) پڕبوو لەهەناسە ژەهراویەكانی دانەرەكەی.

وەك دەردەكەویّ ئەو (ساطع الحصري) یە بۆ پەكدانی خوێندنی كوردی پەیوەندی بە پیاوە ناسراوو مەلا گەورەكانی كوردەوە كردووە، ویستوویەتی بیانخاتە سەر ئەو دارەشكاوەو پێیان بسەلمێنی كە: خوێندنی كوردی لادانە لەزمانی عەرەبی كەزمانی قورئانە، لادانیش لە قورئان حەرامە، كەواتە خوێندنی زمانی كوردی حەرامە ! ؟.

هەندیّ وردە بەڵگە هەن كە گوایا ئەوكەسە نامەی لەوبارەوە بۆ گەورە مەلاكانی ئەو دەمەی هەولێر ناردووە تیایدا باسی حەرام خوێندنی زمانی كوردی بۆ كردوون، هەندێكیان بەقسەكانی هەڵ خەڵەتاون، بۆیە خوێندنی زمانی كوردی لەناوچەی هەولێردا دواكەوت. (٣٢)

لەگەڵ ئەوەشدا خوێندن لە قوتابخانەكاندا بەعەرەبی دەستی پێكردبوو هەستی كوردایەتی و غیرەت و نەزانینی زمانی عەرەبی كاریگەری خوێندی (القراوە الخلدونیە) ی

---

٣٢- خوێنەری بەڕێز ئەوەی (ساطع الحصري) یتان پیّ سەیر نەبیّ ئەو پیاوە ئەگەر لەچەند كەسانێكی ناوداری شاری هەولێر دڵنیا نەبوویّ كە حەزیان لە خوێندنی زمانی كوردی نەبووە چۆن داوای فتوای حەرامكردنی خوێندنی كوردیان لیّ دەكات؟.

ئەگەر بڕواتان بەوەی (ساطع الحصري) نایە، خۆ دەبیّ بڕوا بەو گۆڤارە كوردییانە بكەن كە ناوی (٢٢) فەرمانبەری گەورەو ناسراویان بڵاوكردەوە كە حزبی بەعس وەك رێكخراوێك پێكی هێنابوون بۆ ئەوەی دژ بە زمان و كەلتووری كوردی كاربكەن. خوا كردی حزبی بەعس كەوت، ئەوكەسانەش ڕوورەشیان بۆ مایەوە.

زمانی عەرەبیان لەناو تەنگەبەرێکی تەسکدا ترنجاندبوو وەك هەر نەبووبێ وەهابوو، چەند ساڵێکی نەخایاند هەندێ کتێبی کوردی لە قوتابخانەکاندا پەیدابوون، هێزێکی بەتینیان دایە خوێندنی قوتابخانە، هەندێ پەندو چیرۆکی کوردەواریان تێدابوو ڕووی قوتابخانەیان گەشاندەوە، ئەو قوتابیانە کە ئەوشتە خۆماڵیانەیان دەخوێند هازیان بۆ قوتابخانە دەکرایەوە، لەماڵەوەش بەتاسەوە بۆ باوك و دایك و خێزانەکانیان دەخوێندەوە ئەوانیش بەبیستنی ئەوشتانە خۆشحاڵ دەبوون و قوتابخانەو مامۆستایان لاخۆشەویست دەبوون، ئەوانیش کە کوڕیان ئان کیژیان لە قوتابخانە بوو پێیان دڵخۆش دەبوون.

قوتابخانە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە وەك ئاوارەیەکی بێ لانەبوو، لەکەنارێکدا تاکە مامۆستایەکی نیمچە خوێندەوار بەرێوەی بردووە، لەلایەن خەڵکانی کاسبکارو ڕەنجەدەرانەوە پشتگیری کراوەو منداڵەکانیان لەکارکردن جیایان دەکردنەوەو دەیاننناردنە قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری خوێندەواری ببن و سەواد داربن، چەند ساڵێکی نەبرد لەو قوتابخانەوە کۆمەڵێ منداڵ هەژاری سەواد دار پەیدابوون، ئەوەی ئاغاو دەرەبەگ و کۆنە پەرستانی سەخڵەتکردو کێچی کردە کەوڵیان و دژ بە قوتابخانە ڕاوەستان بەڵام لەترسی حکومەت هیچیان پێ نەکرا.

قوتابخانە چرای سەر ڕێگەی شارستانییەتە چەند ڕەوت بکات پتر شەوق دەداتەوە.

لە چلەکانی سەدەی بووریدا، دەنگ بڵاودەبێتەوە کە لەبەغدا یانەی مامۆستایانی لادێ (دار المعلمین الریفیة) بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان کراوەتەوە، ئەوانەی لە قوتابخانەکان تا پۆلی پێنج و شەشیان خوێندبوو لەو یانەیە وەردەگیران، دوای دووساڵ دەبوونە مامۆستاو ڕەوانەی قوتابخانەکانی لادێ دەکران، بەدامەزراندنی ئەو مامۆستایانە قوتابخانە لەکوردستاندا هەنگاوێکی بەتین و مەحکەمی بەرەو پێشەوەنا، ئەو مامۆستا نوێیانە گوڕێکیان دایە قوتابخانەو بەپێ ی پڕۆگرامی دیاریکراو بە ئاسانی و تاسەوە وانەکانیان دەوتنەوە.

ئەو مامۆستایانە کۆمەڵە گەنجێکی کورد پەروەربوون، وێڕای ئەوەی پەروەریاربوون، ئەدەب دۆست بوون، قوتابخانەکانیان پڕ لە سروودی نیشتمان پەروەری کردبوو.

**(٣)**

ئەو مامۆستایانە جگەلەوەی فێرکرابوون چۆن پێشڕەوی قوتابیەکانیان بکەن وەهاش دەیانزانی چۆن کاری پەروەردە لە قوتابخانەکاندا ئەنجام بدەن، دەشیانزانی چۆن لەکۆمەڵ نزیك ببنەوە، بەجۆرێ لەناو کۆمەڵدا خۆیان دەردەخست پێت وابوو لەناو جەرگەی شۆڕشەکانی کوردەوە هاتوون و درۆشمەکانی ئەوانیان پێیەو دەیانکردن بەسروودی نیشتمانی و لەتەك کارەکانی قوتابخانەدا تێکەڵیان دەکردن و بە قوتابییەکانیان دەوتنەوە، هەموو بەیانییەك پێش چوونە ناو پۆلەکان، قوتابییەکانیان ریزدەکردن و بەکۆمەڵ نموونەی ئەم سروودانەیان بە ئاواز لەشێوەی کۆڕاڵدا دەچڕین.

ئەم سروودانە نموونەن:

**١ـ چەند شیرینەلام دارو بەردی وەتەنم**

**بەفیدای ئەکەم سەروگیان و بەدەنم**

**٢ـ خوایا وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیرو شیرینە**

**دەشتی خۆش و رەنگینە**

**ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە.**

**٣ـ ئازادی خواین کوردین ئێمە**

**شورەو پۆڵاو بەردین ئێمە.**

**٤ـ ئەی کودینە ئەی مەردینە**

**با دەس لەناو دەس کەین هەموو.** (٣٣)

یەکێك لەو مامۆستا دەرچوانەی (یانەی مامۆستایانی لادێ) مامۆستا (ئیبراهیم باڵدار ـ ١٩٢٠ ـ ١٩٩٨) بووە.

ئەو مامۆستایە کارێکی گەورەی وەهای بۆ پەروەردەو فێرکردنی زمانی کوردی داهێنا کە هەتاهەتایە مێژووی پەروەردە شانازی پێوەبکات و یادی داهێنەرەکەی لەبیر نەکات، بەوکارەی کەکردی ڕێنوس و نووسین و خوێندنەوەی کوردی لەو کوێرە

---

٣٣ـ بڕوانە: ئەدەبی منداڵانی کورد.. لێکۆڵینەوەو مێژووی سەرهەڵدان. نووسینی: حەمەکەریم هەورامی. ل (١٨٠ ـ ١٨٣) کۆڕی زانیاری ـ ٢٠٠٥.

ڕێگانەوە کە چەندەها ساڵ بوو بەشپرزەیی تیایاندا هەڵسوکەوتی دەکرد خستییە سەر ڕێگای فێربوونێکی وەهاوە کە زمانی کوردی لەو بوارەدا بردە ڕێزی زمانەکانی ترەوە.

ئەو (ئەلف و بێ)یە کە ئیبراهیم باڵدار بۆ فێربوونی زمانی کوردی دایناو لەساڵی (۱۹۵۱) سەدەی بووریدا چووە بواری جێبەجێکردنی خوێندن و فێرکردنەوە هەناسەی گیان بە بەرداکردنی قوتابخانەی کوردی بوو، لەهەمان کاتدا دەستەبەرو پێشڕەوێکی شارەزابوو بۆ گەیاندنی مامۆستاو قوتابی و گەیشتنیان بەو ئاکامەی کەزمانی کوردی چەندان ساڵ بوو بەتەمای هاتنەدی بوو، بەو (ئەلف و بێ) یە هاتەدی لەوساڵەوە کەهاتە ئاراوە تا ئەم دەمە زیاتر لە (۳۰) جار چاپکراوەتەوە.

ئەو وێنانە کەلاپەڕەکانی (ئەلف و بێ) کەیان ڕازاندووەتەوەو وەك هۆی ڕوونکردنەوە بۆ فێربوونی پیت و ڕستەو بەندەکان بەکار هاتوون وەك خۆیان لەهەموو چاپەکانیدا بێ دەسکاری ماونەتەوەو گۆڕان کارییەکی ئەوتۆیان تێدا نەکراوە.

کتێبەکەی (ئەلف و بێ) ی کوردی باڵدار دەستێکی شارەزاو هونەرمەند بەبەرهەمی هێناوە، کە پەڕەکان لادەدەیتەوەو وێنەکان دەبینی وادەزانی لەناو خۆیناندا ڕازو نیازی خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، کەسەیری ئەو وێنە ڕەنگینانەی سەر بەرگەکەی و ناو لاپەڕەکانی دەکەیت چێژی گەورە کەسان چون چێژی منداڵان دەکەنەوە.

ئێستا هاتینە سەر ئەوە بزانین ئەو ڕێگەو میتۆدە پەروەردەییانە چی بوون ئیبراهیم باڵداریان لەنووسین و ڕێکخستنی (ئەلف و بێ) کەیدا بەو سەرکەوتنانەیان گەیاند کەهیچ ئەلف و بێیەکی تر یارای ئەوەی نەبێ شان لەشانی بدات.

## (٤)

(ئەلف و بێ ) کەی ئیبراهیم باڵدار بەو پیتانەیە کە پێیان دەوترێ پیتی عەرەبی و لەراستەوە بۆ چەپ دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە، ژمارەیان بێجگە لە (ء ـ هەمزە ـ ۲۸) پیتن.

بۆناسینەوەو لەبەرکردنیان بەدوو جۆر ریزبەندکراون:

جۆری یەکەم پێی دەوترێ: ریزبەندی ئەبجەدی وەك : (أبجد ، هوز، حطي ... تاد)
بەجۆری دووەم دەوترێ: ریزبەندی فەرهەنگی: وەك :(أ، ب ، ت ، ث ، ... تاد).

بەڵام پیتە کوردیەکان، بەدەسکاری کردنی پیتە عەرەبییەکان ژمارەیان گەیشتووەتە (٣٥) پیت، چەند پیتێك لەپیتە عەرەبییەکان لابراون چونکە لەگەڵ ئاخاوتنی کوردیدا نەگونجاون، چەندان پیتی تری تری گونجاو بۆ کوردیەکە زیاد کراون، ئەو سەرو بۆرو ژێرو تنوینانەی ناو ئەلف و بێ ی عەرەبی بە پیتی ئاستەم ناسراون، لەناو ئەلف و بێ ی کوردیدا لەناو قەدی پیتەکاندا دەنووسرێن، لەوتنەوەو فێرکردنی ئەلف و بێ ی کوردیدا ئەو پیتەی دەنگ و فۆنیمی لەسەر زار هەبێ چە دەنگەکەی کزبێ چە بەرز بەپیت ئەژمارکراوەو شکڵی خۆی هەیە.[٣٤]

ئیبراهیم باڵدار بەرلەوەی دەست بداتە بەرهەمهێنانی ئەلف و بێکەی هەڵبەتە پێشەکی خوێندنەوەیەکی وردبینی بۆ پیتە عەرەبییەکان لەگەلێ ڕووەوە کردووە: لەبارەی فۆرم و دەنگ زیادو کەمکردنیان و گونجاندن و نەگونجاندن و دیمەنە هەمەجۆرەکانیەوە کردووە، ئەوجا پەرکێشی کردووەو دەستی داوەتە خامەو ئەو کارە گرنگەی ئەنجامداوە، ئەو چەند ساڵەش کە لەدێهاتە کوردیەکاندا مامۆستای سەرەتایی بووە، ئەوەش بووە بە ماخۆلانێك بۆی خەمی فێرکردنی منداڵانی نیشتمانەکەی لێ کردووە بە پاڵنەرێکی بەتین کەدەست بەکاربێ و بکەوێتەکار بۆ داهێنانی ڕێگەیەکی ئاسان بۆ فێربوونی زمانی کوردی چونکە فێربوون بەزمانی کوردی بۆ منداڵی کورد کارێکی پڕ زەحمەت بووە، ئەوانەو هەستی نەتەوایەتی ئەو دەمەی ناو مامۆستایان پەلەیان لێکردووە دەست بەکاربێت، بەوە هەم ڕێگەی فێربوونی خوێندنەوە بۆ منداڵانی کورد سانا دەبێ و هەم زمانی کوردیش لەتەوقی ئەسارەت رزگار دەکات.

ئەوە بوو وتمان لە ساڵی (١٩٥١) کارەکەی باڵدار تەواوبووە، ئەوە فریشتەی بەختەوەری بوو کەهات قوتابخانەی نوێ ی بۆ پەروەردەو فێرکردنی کوردی کردووەو سەرەتای ڕەوتی مێژوویی بۆ پەروەردەی کوردی دامەزراند.

---

٣٤– تەماشای سایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە بکە. ل (٧٣ ـ ٨٣) چاپی دووەم ساڵی ٢٠١٠ ـ چاپخانەی کایلار ـ حەمەکەریم هەورامی.

## (٥)

بنەڕەتی فێربوونی خوێندن و خوێندنەوە فێربوونی (ئەلف و بێ)یە کە دەرگا بۆ خوێندنەوە دەکاتەوە، دیارە بێ فێربوونی ئەلف و بێ خوێندن دەرگای لەکەس ناکاتەوە.

زانایانی پەروەردە لەزووەوە هەوڵیان داوە ئاسانترین ڕێگە بۆ فێربوونی ئەلف و بێ بدۆزنەوە کە بەکەمترین ماندووبوون و کورترین کات بگەنە مەبەست بەکارێکی وەها قوتابی هەراسان نەبێ و حەزی فێربوونی لەگەشە نەکەوێت.

دەبێ ئەو مامۆستایەش کە فێرکردنی ئەلف و بێ ی پێ ڕادەسپێدرێ حەکیم شارەزای ئاسانترین ڕێگەی فێربوون و هەموو ڕێگەکانی تاقیکردبنەوەو لەناسینی سروشتی ئەو منداڵانەشدا کەفێریان دەکا نابەڵەد نەبێ.

ڕێگەی فێرکردنی ئەلف و بێ زۆرن، ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بزانین مامۆستا باڵدار لە داڕشتنی بەرهەمە نایابەکەیدا کام ڕێگەی بۆ فێرکردنی ئەلف و بێکەی گرتووەتەبەر؟.

با لەپێشەوە ئەو ڕێگایانە کە لەکۆنەوەو ئێستادا ئەلف و بێیان پێ وتراوەتەوە بخەینەڕوو ئەوجا باسی ئەو ڕێگەیە دەکەین کە ئەلف و بێکەی باڵداری لەسەر ڕۆیشتووە.

ئەمە گرنگترین ئەو ڕێگایانەن کە لەفێرکردنی ئەلف و بێدا بەکاردێن:

١- ڕێگەی ئاوێتە : (الطريقة التركيبية).

٢- ڕێگەی دەنگی : (الطريقة الصوتية).

٣- ڕێگەی هەمەکی: (الطريقة الكلية).

**١- ڕێگەی ئاوێتە:** فێرکردنی ئەلف و بێ بەم ڕێگەیە بۆ فێربوونی وشەیە بەناسینی پیتەکانی، بۆ نموونە ئەگەر ویستمان قوتابییەکانمان فێری خوێندنەوەی وشەی (دار) بکەین دەبێ لەپێشەوە فێری پیتی: (د ، ا ، ر) یان بکەین، لەفێربوونی ئەو پیتانەوە

فێری وشەی (دار) دەبێ، کەواتە ئەم ڕێگەیە کەڕێگەی ئاوێتە ئەم سێ ڕێگەیەی خوارەوەی لێ دەبێتەوە.

**أ- ڕێگەی حینجەیی.**

**ب - ڕێگەی دەنگی.**

**پ - ڕێگەی بڕگەیی.**

أ- ڕێگەی حینجەیی: بەم ڕێگەیە قوتابی فێری ناوی پیتەکان و سەرو بۆریان دەکرێن ئەوجا بە گومانەوە فێری ناسین و خوێندنەوەی وشە دەکران، فێربوون بەم ڕێگەیە بەناوی پیتەکانەوەیە نەك بەدەنگەکانیان، چونکە هەر پیتێك لەپیتەکان هەم ناوی هەیە هەم دەنگ. بۆ وێنە: ( ئا - ناوی ئەلفە) و دەنگی (ئا) یە.

ئەم ڕێگەیە درێژخایەنەو نەزۆکە، بەکاری فێرکردن نایە. ئەگەر بمانەوێ وشەی (أحمد) حینجە بکەین دەبێ بڵێین: (ئەلف سەر = أ) ، (حێ زەنە = أح) ، (میم سەر = م )، (دال زەنە = مەد) هەمووی = بەوشەی : (أحمد)!.

ب - ڕێگەی دەنگی پاش ناساندنی ڕێگەی بڕگەیی دەگەڕێینەوە سەری بەدوورودرێژی باسی دەکەین.

بـ ڕێگەی بڕگەیی: ئەم ڕێگەیە وەك ڕێگەی حینجەیی ڕێگەیەکە لەکۆندا بەکارهاتووە، بەکارهێنانەکەی بۆ فێرکردنی وشەبووە، بەڵام ئەمڕۆ بەکارهێنانەکەی لەتەك ڕێگەی دەنگی دایە، بۆ نموونە کە مامۆستا بەڕێگەی دەنگی قوتابییەکانی فێری دەنگی پیتەکانی وشەی (دارا) یان دەکات کە (د) و (ا) فێردەبن پێیان دەڵێ ئەوانە دەبنەچی؟ دیارە پێیان دەڵێ دەبنە (دا) کە (ر) و (ا) فێربوون پێیان دەڵێ ئەوانەش بوونە (را) ئەوانەش هەردووك بەسەریەکەوە دەبنە (دارا).

پێویست ناکات مامۆستا پێیان بڵێ (دارا) لەدوو بڕگە پێکهاتووە، وشە هەیە پتر لەدوو بڕگە پێك دێت.

لێرەدا بەپێویستی نازانین بەشوێن وردەکاریەکانی بڕگەو جۆرەکانیدا بگەڕێین، هەر ئەوەندە بەسە پێناسەیەکی بکەین: (بڕگە پارچەی ئەو وشانەیە کەهەریەك لەکرك کردندا بەیەك دەنگ دێنە دەرێ).

٢ـ رێگەی دەنگی: فێربوونی دەنگی پیتەکانە بەگوێرەی شوێن و پێکهاتەکانی وشە، بەم رێگەیە قوتابی زوو فێری خوێندەوە دەبێ، لەمەوپێش وتمان هەر پیتی تۆ بیگری وەك ناوی هەیە دەنگی تایبەتیشی هەیە، ئەگەر فێرکردنی (ئەلف و بێ) بە دەنگی پیتەکان بێ قوتابی بێ ماندووبوون بە زووترین کات فێری خوێندنەوەی وشەکان دەبێ چونکە دەنگی وشە لەدەنگی پیتەکانی پێك دێت، کتێبی ئەلف و بێکەی باڵدارو (القراءة الخلدونية) کەی (ساطع الحصري) لەسەر ئەو رێگەیە دانراون، لەمەودوا باسیان دەکەین.

رەنگە هەندێ بڵێن جیاوازی لەنێوان فێرکردنی ئەلف و بێ بەرێگەی دەنگی و حینجەیی دا چییە؟ جیاوازی زۆرە ئەو بەدەنگە ئەم بە ناوە، جاری وا هەیە فێرکردنی پیتەکان بەرێگەی حینجەیی بەناوی پیتەکانە بەبێ ئەوەی بخرێنە ناو وشەوە، هەروەکو جاران لە سوختەخانەی مزگەوتەکاندا فێرکردنی ئەلف و بێ وەهابوو، بەڵام کە دەرکەوت ئەو رێگەیە زەحمەتەو کاتی زۆر بەفیرۆ دەدات، بۆیە کورتترین رێگە گیرایەبەر کەرێگەی دەنگییە.

وەك لەپێشەوە نموونەمان بۆ بەراورد لەنێوان هەردوو رێگەدا هێنایەوە وتمان: فێرکردنی ناوی پیتەکانی وشە ناکات وشەکە خۆی، بەڵام فێرکردنیان بە دەنگەکانیان ڕاستەوخۆ دەکاتە وشەکە.

**٣ـ رێگەی هەمەکی:**

ئەم رێگەیە لەسەر بنەمایەکی سایکۆلۆجی دامەزراوە، پێ ی وایە: دەبێ فێربوونی شت لەدیمەنە گشتییەکەیەوە بەرەو پارچەکانی بڕوات، واتە مرۆڤ کە شتێك یان دیمەنێك دەبینێ یان کە دەنگی ڕستەیەکی بەرگوێ ی دەکەوێ یان گوێ ی لەپارچە مۆسیقایەك دەبێ ئەوانە بۆ یەکەمجار بەگشتی بەر زەینی دەکەون یان بەگشتی دەیان بیسێ واتە شتەکان کە بۆ یەکەمجار بەرهەست دەکەون دیمەنە گشتییەکەی شتە یەکگرتووەکانە، ئەو دیمەنانە پێش ناسینی پێکهاتەکانیان دەکەون. نەك بەشەکانیان، بۆیە وتراوە ئەم رێگەیە لەسەر پەیبردنێکی دەروونی دامەزراوە. [٣٥]

---

٣٥- بڕوانە: اصول التربية وطرق التدريس ـ الجزء الثاني) تأليف حامد عبدالقادر ـ الطبعة الثانية ـ ل (١٧٠ ـ ١٧١) مطبعة النهضة العربية- سنة ١٩٦١.

(٢) ئەم ڕێگەیە بەسەر دەستی هەندێ زانای دەروونناسی ئاڵماندا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا داهات کە بەگشتاڵت دەناسران.

بۆ نموونە: تۆ کە بۆ یەکەمجار (دارا) دەبینی بەگشتی دەیبینی، ئەوجا سەرو گوێلاکی و دەست و لاق و ڕەنگ و ڕوخساری، کە ئەو پێکهاتانەت دیت زەین و پەیبردنت بە پەلە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگەڕێتەوە سەر فۆرمە گشتییەکەی پێکهاتەکانی، پەیبردن بەدیمەنی گشتی پێش پەیبردنە بە پێکهاتەکانی.

لەوێناکردنی وشەی (دارا)دا وێناکە هەمەکی ناسادەیە، کەتۆزێك سەرنجت لێداو لەزینت نزیك کردەوە چەند پیتێکی سادەی یەك لە دوا یەکت بۆ دەر دەکەون، لەم هەنگاوەی وێناکردنەکەی وشەی (دارا) دا هۆشت بەرەو لێکردنەوە بۆ پیتەکانی چوو، کەهۆش گەڕایەوە سەر دیمەنە گشتییەکە (دارا)ت فرەتر لێ دەرکەوت کە لەپیتی: (د ، ا، ر ، ا) پێك هاتووە.

ئەوانەی ئەم ڕێگەیان داهێنا وای بە پەسەند دەزانن ڕێگەی فێرکردن بەتایبەتی فێرکردنی ئەلف و بێ بەڕێگەی هەمەکی بێ چونکە لەگەڵ باری دەروونیدا گونجاوو لەبارە.

با بۆ زێدە حاڵی بوون لە بناغە دەروونیەکەی ڕێگەی هەمەکی ئەم نموونانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو:

١ـ ڕێگەی هەمەکی بەوشەو رستە دەست پێ دەکات، وشە یان ڕستە پەیوەندییەکی پتەویان بەژیانی منداڵەوە هەیە، لەبەر ئەوەی  وشە یان رستە واتایەکی تەواوی پەی پێ براو ئەدەن بەدەستەوە، کەواتە منداڵ دەزانێ چی فێردەکرێ و بەچییەوە خەریکە، بەوە ئارەزوویان دەکرێتەوە.

٢ـ ئایا منداڵ کە یەکەم جار فێری وتەکردن دەبێت، پێشەکی فێری پیت دەبێ بۆ ئەوەی وشەیان لێ دروست بکات؟ یان ڕاستەوخۆ فێری وشەو ڕستە دەبێت؟ لەبەر ئەوەی منداڵ یەکەم جار کە زمانی دەکرێتەوە بە وشەیە، فێربوونی وشە بۆ منداڵ گەلێ ئاسانترە تا فێربوونی پیت.

٣ـ ئایا ئێمە کە یەکێك وێنا دەکەین ـ چە لەدوورەوەبێ چە لەنزیکەوە ـ یەکەم جار هەمووی وێنا دەکەین؟ یان لەپێشەوە سەرو گوێلاکی، لە دواییدا شان و ملی و

دەستەکانی و ئەوجا قاچەکانی بۆ ئەوەی هەمووی بەجارێك وێنا بکەین؟ ئەوەی بێگومان بێ تۆ کەیەکێك وێنا دەکەیت لەپێشە هەموویەتی ئەوجا وردە وردە ئەندام و نیشانەکانی، دوای ماوەیەك بۆت دەردەکەون، کوێرە یان شەلە، رەشە یان سپیە.

بڕوانە بۆ دیمەنی چوار گۆشەیەك لەپێشەوە هەمووی بەگشتی خۆی لەوێناو پەیبردندا دەنوێنی، لەپاشدا بۆت دەردەکەوێ ئەو چوارگۆشەیە بەچوار هێڵی راستی وەك یەك پێکهاتووە.

٤ـ بەدەستووری پەیبردن و فێربوون مرۆڤ کەشتێك بەدی دەکات یەکەمجار بەدیکردنەکە گشتییەکەیە لە پاشا بەدرێژی لەبواری پەی و وێنا هەموو نەژادو پارچە وردەکانی دەردەکەون، ئێمە کەدارێك بەدی دەکەین لەپێشەوە هەمووەکە بەدی دەکەین، لەپاش تاوێك بن و لەق و پۆپی بۆمان دەردەکەوێت، کەواتە هەمیشە نیشانە گشتییەکەی شت بەسەر نیشانەکانی تریدا زاڵ دەبن. (٣٦)

زانایانی پەروەردەو دەروون بەم دەستووری پەی پێ بردن و فێربوونە دەڵێن: (تیۆری گشتاڵت).

## (٦)

ئەلف و بێکەی ئیبراهیم باڵدار جگە لەبەشە کۆتاییەکەی کە بۆ راهێنانە، (٥٨) لاپەڕەیە، واتە بەخوێندنی ئەو لاپەڕانە منداڵ بەتەواوی فێری ئەلف و بێ ی کوردی دەبێت، یەکەم وانەی بەوشەی (دار) دەست پێ دەکات کە لەسێ پیت (د، ا، ر) پێك هاتووە، ئەو پیتانە لەوکتێبەدا کراون بەردی بناغەی فێرکردنی ئەلف و بێ ی کوردی بەپیتی عەرەبی، پیتەکانی وشەی (دار) ئەوانەن کە نەپێشیانەو نەبەپاشیانەوە

٣٦– بڕوانە: (بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی) ل. (١٠٣ ـ ١١٣) چاپی دووەم ساڵی ـ ٢٠١١ ـ نووسینی . ح ـ هەورامی.

لەبەر ئەوەی ئێمە لەو سەرچاوە بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکی تری کوردیمان نەبوو بۆیە دووبارە لەگەڵ دەسکارییەکی کەمدا هەمان رێگەی وتنەوەی ئەلف و بێمان خستنەوەڕوو.

نەلکاون، منداڵ بە ئاسانی دەتوانێ لەیەك جیایان بکاتەوە، بە ئاسانیش دەیان نووسێ و دەیان ناسێتەوە.

وشەی (دار) درەختێك بەرانبەری بۆ ماناکەی کراوە، بووە بەهۆی ڕوونکردنەوەو ئاسانکردنی ماناو دەنگەکەی، دەنگەکەی بەدەنگ دەربڕینی مامۆستا لەمێشکی قوتابییەکاندا دەچەسپێت و لەسەر زاریشیان جێگیر دەبێ.

لەم وانەدا مامۆستا بزانێ یان نەزانێ ناچارە (ڕێگەی هەمەکی) بۆ فێربوونی وشەی (دار) بەکاربێنێ، لێرەوە دەرگای فێرکردنی ئەلف و بێکە دەخرێتە سەرگازی پشت.

لەوانەی دووەمی کتێبەکەدا پیتی (ا) خرایە سەر وشەی (دار) بووبە (دارا) لەزیادبوونی ئەو پیتەدا وشەکە لە مانای درەختەوە بوو بەناوی کوڕێك کە لەدنیای منداڵاندا نامۆ نییە، ئەوە (دارا) یە جلێکی جوانی لەبەرە، لە پۆل هاتووەتە دەرەوە کۆلارە هەڵدەدات، ناوەکە لەخوار وێنەکەیدا بەخەتێکی جوان نووسراوە، پیتی ناوەکەی وەك وێنەکەی بەرێك و ڕەوانی نووسراوە، خۆیان دەخوێننەوە، لەکەنارێکی لای چەپی لاپەڕەکەدا لەخوارەوە بەشێوەی شیکردنەوە لەناو بازنەیەکدا پیتەکانی ناوی (دارا) لەسەرەوە بۆخوار نووسراون، وەك نووسەر بیەوێ پێمان بڵێ: وشەی (دارا) ئاوێتەیە لە (د، ا، ر، ا ) لەمەدا ئاماژەیەکی بەئاستەم هەیە بۆ فێرکردنی ئەلف و بێ بەدەنگی پیتەکان لەناو وشەدا نەك بەناوەکانیان بەتاك تاکە لەدەرەوەی وشەدا، پیت لەخودی خۆیدا مانا نادات بەڵام لەناو وشەدا یارمەتی ماناکەی دەدات.

هەر وەشەیەك لەچەند پیتێك پێك دێت و دەکرێ شی بکرێتەوەو پیتەکانی یەك لەدوای یەك بخرێنە بەرچاو، کەواتە لەشێوازی دوو وانەکەی سەرەتاو بەسەرجەمی ئەلف و بێکەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە: کە ئەلف و بێکەی باڵدار پێمان دەڵێ: فێرکردنی پیتەکانی ئەلف و بێ نابێ دوور لەوشەکانی بێ، وشەکانیش ئاوێتەن لەپیتەکان، دەبێ قوتابی لەتەك فێربوونی پیتەکان فێری خوێندنەوەی وشەکانیش ببێ.

هەر پیتێکی نوێ کە قوتابی فێری دەبێ، دەبێ بەشێکی سەرەکی بێ لە وشەکەی کە پێکهاتەی پیتەکانە، پیتە نوێکە دەکرێتە بابەتی فێربوون بەرەنگێکی تر جیا لەرەنگی پیتەکان رەنگ دەکرێ، بۆ ئەوەی قوتابی یەکسەر لەناو وشەکاندا

بیناسێتەوە، لەوانەی دووەمدا پیتی کۆتایی لە وشەی (دارا) رەنگ نەکراوە چونکە لەوانەی یەکەمدا لە وشەی (دار) ، (ا) ناسرا، بۆیە پێویستی بە رەنگ کردن نەکرد.

دەبێ فێرکردنی ئەلف و بێ بەدەنگی پیتەکان بێ نەك بە ناوەکانیان، پیتەکەش لەناو وشەدا بێ ئیتر وشەکە بەرێگەی ئاوێتە بێ یان هەمەکی، دەشێ فێربوونەکەی بەچاو و زمان  هاوتەریب بێ بەنووسینی دەست و پەنجە لەیەك جیا نەکرێنەوە چونکە فێربوونی پیت و وشەکان بەچاوو بەزار ئەوەندە کاریگەرنابن ئەگەر بەدەست و پەنجە نەنووسرێنەوە، بەنووسین وردە دەمارەکانی ناو دەست و پەنجە لەسەر نووسین ڕادێن و وێنەی وشەو پیتەکان لەناویاندا دەنەخشێن، بۆیە دەبێ مامۆستا کەهەر وشەیەك یان هەر پیتێك دەنووسێتەوە بایەخ بەنووسینەکەی بداو بە بەرچاوی قوتابییەکانەوە نووسینەکەی بکات، لەوەختی نووسینەکەیدا سەرنجی قوتابییەکانی بۆ جوولەی دەستی رابکێشێ کەچۆن پیت و وشەکان دەنووسێ، لەتەك خوێندنەوەو فێرکردنەکەیدا مەشقی نووسین بەقوتابییەکانی بکات، دەشبێ مامۆستا هەوڵ بدا نووسینەکانی وەك خەتی نووسینەکەی ناو کتێبەکەبێ بۆ ئەوەی قوتابییەکان هەر لەسەرەتای نووسین فێربوونیانەوە چاویان بەنووسراوی جوان بکرێتەوەو وێنەی پیتەکان بەراستی لەمێشکیاندا بچەسپێن.

ئیبراهیم باڵدار شارەزاییەکی تەواوی لەبەرهەمهێنانی ئەلف و بێکەیدا نواندووە، فێربوونی ئەلف و بێ ی کوردی بەپیتی عەرەبی لەو پیتانەوە دەستی پێکردووە کە بەپێش و پاشیانەوە نەلکێن ئەگەر لکانیش لەو پیتانەن کە قەبارەکەیان وەك خۆیان ماون، لەو پیتانەوە بەرەو پیتەکانی دیکە هەنگاوی ناوە واتە لەپێشەوە لەپیتە ئاسانەکانەوە بەرەو ئەو پیتانە کە بەلکاندن وێنەکەیان زۆر ناکەم دەگۆڕدرێ هەڵکشاوە.

وشەی رستەکانی وانە نوێکان لەو پیتانە پێکهاتوون کە قوتابییەکان لەوانەکانی پێشەوەدا فێریان بووە، لەو ئەلف و بێیەدا وشەیەك بەکارنەهاتووە پیتەکانی پێشەکی نەزانرابێ، بۆیە هەق هەیە بووترێ:

ئیبراهیم باڵدار بەشارەزاییانە ئەو ئەلف و بێیەی بەرهەم هێناوە. هەتا زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی بخوێنرێ و بنووسرێ ئەو ئەلف و بێیە دەرگای چوونە ناو خوێندن و نووسینی کوردیە، ئیبراهیم باڵداریش سەر دەفتەری هەموو پەروەردیارانی کوردە.

* * *

# پەی بەهەست کردن

## (١)

ئەم جیهانەی دەوروبەری مرۆڤ پڕپەتی لەشتی کاریگەر، کاریگەریەکەیان لە مرۆڤدا بەهۆی کۆمەڵە شەپۆلێکی ڕووناکییەوەیە یان بەهۆی شەپۆلی هەستدرەکانی ترەوەیە وەك بیستن و چێژتن و هەستەکانی دیکە، یان بەهۆی سەرماو گەرماوەیە.

ئەوکاریگەریە لەرێگەی دەمارە وردەکانی لەشەوە دەگاتە ناو دەماخ.

کەوابێ دەبێ هەست ئەو کارکردنە دەروونییە بێ کەلەرێگەی هەستبەندێکی گەلێ دژوارەوە بگاتە ناو دەماخ و بیداتە خانەی هەست، بەڵام هەست هەر ئەوە نییە کەلەوێدا ببێ و بڕایەوە.

خۆ ئەگەر وەهابێ دەبێ ئێمە بۆی ببینە ئاوێنەو ئەوشتانە بەرواژی بکەینەوەو دەستەوەسان بین.

لەراستیدا ئەو شتانە کە لەوی جەم دەبن و خۆیان دەنوێنن، ئەوانە وەك کۆمەڵە هێمایەکی مانادار وەردەگیرێن کەهەر یەك رێنموونی بۆ مانا تایبەتییەکەی خۆی دەکات.

ئەگەر ئێمە لە بڵندایەکی زۆر بەرزەوە بڕوانینە خوارەوە بۆ ناو شەقامێك چەندان کەس دەبینین دێن و دەچن، دەچنە ناو هەستەوە، هەست بە لەخۆگرتنی ئەو هەست کراوانەدا راناوەستێ، بەڵکو بەهۆی ئەو ئەزموونانەوە کەهەیە لەمێشکدا هاویشتەکراون مانا بەو کەسانە دەدات کەدێن و دەچن، بەهۆی جل و بەرگ و گەورەو بچوکیانەوە جیایان دەکاتەوەو مانایان دەداتێ، دەزانێ لەوانە کامەیان پیاوەو کامەیان ژنە، کام گەورەیەو کام مندالە، لێرەدا هەست کەوتە ناو دوو هەڵوێستی جیاوە: هەڵوێستی وەرگرتنی شتەکان بەگشتی و هەڵوێستی بەخشین ماناو دەلالەتی هەر شتێ لەشتەکانی.

یان ئەگەر لە تاریکیدا بووی لەوێدا کورسییەك هەیە، دیارە کورسی شتێکە لەشتەکان، رەنگە هەندێ جار وابزانی ئەوە کورسی نییە، ئەوە دەعبایەکی ترسناکە، یان کەسێکە لەتاریکیدا خۆی داگرتووە، بەرانبەر بەهەرسێ شتەکە هەڵوێستی تایبەت دەنوێنی: کورسییەکە بۆ دانیشتنە، دەعباکە خۆتی لێ دەپارێزی، زەلامەکە لێ ی دەترسێ ی، ئا ئەوە ئەو کورسییەکە بوو تۆی خستە سەر ئەو سێ رەفتارە. نا .. خودی کورسییە نەبوو بەڵکو ئەو گومانانەبوون کەچەند جارێ مانای کورسییەکەیان گۆڕی.

هەروەها ئەو شتانە کە هەستەکانمان دەبزوێنن وەك دەنگ و رەنگ و بۆن و چێژو گەرماو سەرما.. ئەوانە تەنیا بەخۆیان لەئێمەدا کاریگەر نابن ئەگەر کۆمەڵە هێماو ئاماژەو ئەزموون پێشەکی لای ئێمە ئامادە نەبن پێشوازیان بکەن بۆ ئەوەی هەریەك شوێن خۆی وەربگرێ و مانای خۆی بدرێتێ.

هەستەکان بەتێکڕایی لەم سێ شوێنەی خوارەوە سەرچاوە دەگرن:

**١ـ شوێنە دەرەکییەکان:** وەك دیتن و بیستن و ساوین و بۆن و چێژ.. ئەمانە بەرلەوە بکەونە ناو هەستی ئێمە چەند شەپۆلێکی رووناکی پرش و بڵاون کە دەگەنە ناو دەماخمان دەچنە ناو خانەی تایبەت بەخۆیان.

**٢ـ هەستە ناوەکییەکان:** شوێنیان گەدەو ریخۆڵەو گورچیلەو دڵە.. ئەمانە هەستی برسییەتی و تێنویەتی و تەنگاوبوون و دڵە کزێ و رشانەوە... بەمێشك دەگەیەنن.

**٣ـ هەستی جووڵەو سرپوونی ئەندامەکانی لەش:** وەك هەست بەقورس و سووکی و ئێش و ئازاری ئەندامەکانی لەش.

مرۆڤ تابلۆ نییە بەشەپۆلی ئەو هەستانە کە دەڕژێنە ناو خانەی مێشکی ڕەنگ رێژ بکرێ و کارنەکاتە سەریان بەڵکو مرۆڤ ئەو شەپۆلە هاوردانە لەیەك جیادەکاتەوە، کەواتە هەڵوێستی سەبارەت بەهاتن و جەم بوونیان دەستەوسانی نییە بەڵکو کەوەریان دەگرێ ئەزموونەکانی بۆیان دەخاتەکار بۆ ئەوەی لەسای ئەواندا هەر یەك مانای خۆی وەربگرێ و لەتەك هاو جۆرەکانی خۆیدا یەکبگرێ و ببێ بەرشتە.

لەبەخشینی مانای هەستە هاوردەکاندا تەنیا ئەزموونەکان لەبەخشینی ماناکانیاندا کاریگەر نین بەڵکو هێزی یادو ئەندێشەش هاوبەشن لە دیاریکردنی ماناکانیاندا.

ئێمە لەسایەی رابردوومان‌دا مانا بەشتەکانی ئێستا دەدەین، لەبەر تیشکی ئەزموونەکان و یادەکانمان‌دا دەزانین دەنگی ئەو زوڕناو دەهۆڵەی کە لەگەڕەکێکەوە دێت ئەوە شایی و زەماوەندە، مرۆڤ دەتوانێ ڕستەیەك بخوێنێتەوە با جگە لەیەك دوو پیتی وشەکە نەبێ ئەوانی دیکەی بەرچاو نەکەوتبێ.

زانایانی سایکۆلۆجیا دەڵێن: کە شەپۆلی شتە دەرەکییەکان لەرێگەی بنکەکانی هەستەوە دەگەنە ناو مێشك هەر یەك لەتەك هاوجۆری خۆیدا یەکدەگرێ لەگەڵیاندا دەبێتە (رشتە ـ صیغە).

رشتە گردبنوونەوەو یەکگرتنی شتە هاوجۆرەکانە لەیەك قاڵبدا. ئەو یەککگرتنەیان بەکاریگەری چەندشتێکی واتاداری ئەوشتانەدا مانای خۆی وەردەگرێ، بۆیە دەوترێ:

پەی بەهەستکردن مانا دانە بەوشتانە کە لەجیهانی دەرەوەی مرۆڤەوە دێن دەرژێنە ناو دەماخی.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو دەڵێ: ئەوشتانە کە هاتنە ناو مێشك لەتەك هاوجۆری خۆیاندا بوون بە (رشتە) ئەوشتانە چۆن مانایان دەدەنێ؟.

پرسیارەکە بەجۆرێکی دیکە دەکرێ و دەڵێ: ئەو قانونانە چین کە وادەکەن ئەو شتە هاوردانەی ناومێشك هەریەك دەبەنە لای هاوجۆری خۆیان و دەبنە رشتە، لەناو ڕشتەکەدا دەناسرێن و مانای خۆیان دەدرێتێ.

**(٢)**

ئەمانەی خوارەوە ئەو قانونانەن کەبەهۆی ئەوانەوە شتە هەستکراوەکان کە دەگەنە ناو دەماخ و هاوێشتەی ناو ڕشتەی هاوجۆرەکانی خۆیان دەبن و لەوێ مانای خۆیان وەردەگرن.

١ـ نزیکی: ئەو شتە هەست پێکراوانە کە لەرێگەی هەستەکانەوە دەگەنە ناومێشك ئەگەر لەکات و شوێندا لەیەکەوە نزیك بن یەك دەگرن و دەچنە ناو هاوشێوەی خۆیان و تێکەڵاو بە رشتەی ئەوان دەبن و لەوێدا مانای خۆیان وەردەگرن.

ئەو ئەستێرانەی ئاسمان کەبەشەودا دەبینرێن، ئەوانەیان کە لەیەکەوە نزیکن، لەچاو بینەردا وەك یەك رشتەبن، لەڕشتەدا ناویان بۆ دانراوە، وەك حەوتەوانەو ترازوو ورچی گەورەو بچووك، رۆژانی حەفتەش چونکە لەزەمەندا لەیەکەوە نزیکن وەك یەك رشتە بەرهەست دەکەون ناویان نراوە رۆژانی حەفتە.

دەنگ لێدانی یەك لەدوای یەکی تەپڵ وەك یەك ڕشتە دەکەونە بەر هەست لەوێدا ئاوازەکەیان دەبێتە مانا بۆیان.

٢- لێکچوون: ئەوشتانە کە لەقەبارەو بیچم و جووڵەو بەرزو نزمێکدا لەشتەکانی پێکهاتەی ئەو ڕشتانەی بچن کەلەمێشکدا هەن و کەناریان گرتووە، هەرشتێکی هەست پێکراوی نوێ دەگاتە ئەوێ هەر ڕشتەیەك هاوجۆری خۆی بۆلای خۆی ڕایدەکێشێ و مانای دەداتێ، ئەوشتانە چە لەقەبارەو خێرایی و سستی جووڵاندا لێکیبچن یان لەبەرزی و نزمێکدا، یان لەدەنگ و ڕەنگدا.

چەند لایەنێکی کاریگەری ئەو قانونانە کە بەشدارن لە رەخساندنی زانین و هزرکاریدا، لەبەر ئەوەی زۆر نهێنین و ناکەونە بەر نووکی خامە وازیان لێ دەهێنین، هەر ئەوەندە دەڵێین: تەنیا هەستکراوەکانی ناومێشك نابنە سەرچاوەی زانین و هزرکاری بەڵکو چەندان شتی تر وەك ئەندێشەو یادەوەرو ئەزموون و ... بەشداری لەوکارەدا دەکەن.

**(٣)**

### پەیبردن لەهەمەکەوە بۆ هەندەك..

ئەگەر کەسێك، کەسێکی تری بەرچاوکەوت یەکەمجار دیمەنی گشتی ئەوکەسە بەردیدی دەکەوێ، یان ئەوکەسە بۆ یەکەمجار وێنەی تابلۆیەك یان دیمەنێکی سروشتی بەرچاوکەوت بەگشتی دەکەوێتە بەردیدەی.

ئەگەر ئەوکەسە لەوانەی بەگشتی بەردیدی کەوتن نزیك بووەو سەرنجی لێدان و لێیان راما ئەوجا نیشانەو بەشەکانی ئەوکەسەو ئەو وێنەو دیمەنەی بۆدەر دەکەوێ،

هەروەها ئەگەر یەکێك بۆ یەکەمجار گویٚ ی لەپارچە مۆسیقایەك بیٚ یان کە شتیٚ دەچێژیٚ بەگشتی پارچە مۆسیقاکەو چێشتنی شتەکە بەرهەستی دەکەون.

یەکێك کەدەچێتە ناو کۆمەڵە کەسێك بەگشتی هەست دەکات ئەوانە حەزیان کرد چووەتە ناویان یان حەزیان نەکردووە.

شوان بیٚ ئەوەی بزانیٚ یەکدوێکی لەمەڕەکانی نەماون بیٚ ئەوەی سەرژمێریان بکات دەزانیٚ لێیان کەم بووەتەوە.

کەواتە هەستکرد بەشت یەکەمجار لە پەیبردنێکی گشتییە ـ لە هەمەکەوەیە بۆ هەندەك ـ وە بۆتاکەکانی، زەینی مرۆڤ پەیبردنە گشتییەکە دەکاتە زەمینە بۆ دەرکەوتنی بەش و نیشانەکانی. [٣٧]

لەشوێنی وەهادابوو هەندیٚ فەیلەسووف و زانا پرسیاریان لەخۆیان دەکردو دەیانووت: ئایا هەمەك پێش هەندەك دەکەویٚ یان بەپێچەوانەوە؟.

پرسیارەکە بەجۆرێکی تر دەکراو دەوترا: ئایا هەمەك گردبوونی سەرجەم هەندەکانیەتی؟.

فارابی یەکێك بوو لەو بیرمەندانە کە لەرێگەی فەلسەفەوە خزمەتی فیکری ئیسلامی دەکرد دەیووت: هەمەك هەرچەند لە هەندەکانیەوە پێك دێت بەڵام بەرلەوان بوونێکی سەربەخۆی هەیە.

کەواتە بیری مرۆڤ لەگشتییەوە بەرەو وردەکاری و پێکهاتەکانی دەڕوات. لەپێشەوە وتمان: هەرشتیٚ تۆبیگری لە (رشتەی تایبەتی خۆیدا) خۆی دەخاتە بەر پەیبردن لەگشتییەوە بۆ وردەکاریەکان.

رێبازی فێرکردنی (گشتاڵتە ئاڵمانەکان) لەبنەمای تیۆری لەهەمەکەوە بۆ هەندەك دامەزرا، پێیان وابوو: واری بیرکردنەوەی منداڵان لە گشتییە دەست پیٚ دەکات. بۆیە

---

٣٧- بڕوانە کتێبی: (أصول علم النفس) ي (الدكتور أحمد عزت راجح)ل. (١٥٦) چاپی نۆیەم ساڵی (١٩٧٢) الطبعة التاسعة.

لەبابەتی (پەی بەهەستکردن) هەتا (پەیبردن لەهەمەکەوە بۆ هەندەك) بە دەستکارییەوە لەو کتێبەی دکتۆری ناوبراوەوە وەرگیراوە.

وانەكانی پەروەردەو فێركردنیان لەرێسای گشتییەوە دەستی پێ دەكرد، كەیەكێكی وەك هربارت هاتە مەیدانی پەروەردەوە بەكارهێنانی ئەو رێگەی گشتاڵتانەی بە نەشیاو بۆ فێركردن دایە قەڵەم، چونكە ئەو رێگە لەشتی نهێنییەوە دەست پێ دەكات كەرێسای گشتییە، بۆ منداڵ دەبێ وانە لەشتی ئاشكراوە دەست پێ بكات كەبەشە هەندەكانی رێسایە.

واتە نابێ فێربوون لەیاساوە دەست پێ بكات، چونكە یاسای گشتی چەمكێكی ئەبستراكی رووتە، بەڵام ئەگەر فێربوو لە نموونە هەندەكانەوە بێ یاسا گشتییەكە بە نموونەكان ئاشكرادەبێ.

# بیرکردنەوە..

## (١)

بیرکردنەوە بەواتا گشتییەکەی چالاکییەکی باڵای هۆشکارییە سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ دەیەوێ بیگەیەنێتە ئەنجام.

بیرکردنەوەی تایبەتیش ئەوەیە پەیوەند بێ بەچارەسەری گرفتێکی زەینی رووتەوە لەزەیندا چارەسەر بکرێ و تێنەپەڕێ.

بیرکردنەوە هەموو جۆرە چالاکییەکی هۆش دەگرێتەوە بەمەرجێ پەیوەست بێ بەشتێکەوە، بیرکردنەوەی ڕووتی بێ پەیوەست بوون بەشتێکەوە نابێ، دەبێ شتێ هەبێ پاڵنەر بێ بۆ بیرکردنەوەکە هەم ببێ بەزەمینەی بیرکردنەوەکەو خۆی پێیەوە پەیوەست بکات، بێ ئەوشتە بیرکردنەوە دەبێتە دالّغە ـ وهم ـ .

لەئاخاوتنی ناو کۆمەڵدا ئەگەر یەکێك لە بیرکردنەوەدا بێ، پێ ی دەوترێ (ئەوە لەچی بیردەکەیتەوە؟).

ئەو (چی) یە، ئەو شتەیە کە بیرکردنەوەکە خەریکییەتی و خۆی پێوە بەندو گیرکردووە، بێ ئەو شتە بیرکردنەوە نابێ، بەوشتانە کە بیرەکە خەریکیەتی و خۆی پێیانەوە گیر دەکات، دەوترێ (هێماکان) هەر یەك لەو هێمانە لەجیاتی ئەوەیە کە لەدەرەوەی زەیندا بووەتە گرفت و نەگەیشتووەتە راددەی تەواو بوون و بێچارەماوەتەوە، هەریەك لەو هێمایانە وێنە زەینییەکی ئەو شتەیە کە لەدەرەوەی هۆشدا هەیەو بووە بەگرفت و بیرکردنەوەی دەوێ، بەبیرکردنەوە چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە، لەڕاستیدا هەر بیرکردنەوەیەك تۆ بیگری هەوڵدانێکە بۆ چارەسەری تەگەرەیەك.

ئەوشتانە کە بیرکردنەوە پێیانەوە بەند دەبێ ئەو کۆمەڵە هێمایەن کە دەبنە نموونەی گرفتەکانی دەرەوەی زەین، ئەوانە وەك ئامێری یارمەتی دەری بیرکردنەوە دەکەونە بەرچاو.

نموونەی هێماکان زۆرن وەك وێنە زەینییەکان، مانا، وشە، ژمارە، وێنە بیسراوو بینراوەکان.

ئەو هێمایانە کەوەك ئامێری یاریدەدەری بیرکردنەوەن لەمەودوا یەك لەدوای یەك دەیانخەینە بەرچاو:

لە بیرکردنەوەدا وێنەی ئەوشتانە کە لەڕابردوودا بوونەتە بەشێك لە ئەزموونەکانمان و لەناو خەزینەی خەیاڵ و بیرکردنەوەماندا تۆمارکراون ئەوانە دەگێڕنەوە بەهۆی ئەوانەوە بیر لەچارەسەری ئەوشتانە دەکەینەوە کە تەگەریان بۆ بیرمان دروشت کردووە، هاوشێوەکانی ئەوان وەك تاقیکردنەوەی ڕابردوومان دەکەینە دەستەبەری چارەسەری ئەو تەگەرانە، لەپەنای ئەو بەبیر هێنانەوەدا، بیر لەچارەسەری گرفتە هەمووکەیەکان دەکرێتەوە. کەواتە شتە ڕابردووەکانمان دەکەینە ڕابەری چارەسەری گرفتەکانمان.

**١ـ وێنە زەینییە هەست پێکراوەکان:** وێنە زەینییەکان لەوێنە خەیاڵییەکانەوە نزیکن، ئەو کتێبەی لەبەر دەستتە بەچاو دەیبینی ئەوە (پەیبراوێکە بەرهەستی چاوت دەکەوێ) کە چاوت نوقان هەم دەتوانی بیبینی بەڵام وەك وێنەیەکی زەینی بینراو بەر دیدەت دەکەوێ.

ئەگەر برادەرێکی گۆرانی بێژت هەبوو بەڵام لێت دووربوو، دەتوانی بەچاوی یادکردنەوە بیهێنیتە بەرچاوت و گوێت لە گۆرانییەکانی بێ، وێنەی هێنانە بەرچاوی ئەو برادەرەت بەدیدە هی گۆرانییەکانی بەبیستن، هەردوو وێنەکە زەینین.

یان ئەگەر بەخەیاڵ بۆنی گوڵێکت بەر هەستی بۆنت خست، یان تامی مێوەیەکت بەخەیاڵ خستە بەرچێژت، وێنەی یەکەم وێنەی بەخەیاڵ هێنانەوەی هەستی چێژە، وێنەی دووەم وێنەیەکی بەخەیاڵ هەستی بۆنە، هەردووکیان (وێنەی زەینین).

هەروەها دەتوانی وێنەی شتە هەست پێکراوەکانی ناو خەیاڵت بخەیتەوە بەرزەینت و بیانکەی بە ئامێری یاریدەدەر بۆ بیرکردنەوەت.

**٢ـ وێنه زەینییه جوڵەدارەکان:** ئەو وێنانەن کەلەسەر زار دێنەوە یادو بەرجەستە دەبن، وەك ئەوەی بتەوێ دەنگی وشەیەك بێنیتەوە یادت، بۆ ئەوکارە وێنەی ئەو وشەیە کە دەتەوێ، دەنگەکەی دەخەیتە سەرزارت و وێنەکەی بە ئامێرەکانی زمان لەناو دەنگەکەیدا دەیبزوێنیێ بەو جۆرە وێنەکەی بەرجەستە دەکەیت و یارمەتی بیرکردنەوەت دەدات.

وێنە زەینییەکان ئەزموونن وەك ئامێری یەدەکی تاقیکراوە هاویشتەی ناو گەنجینەی خەیاڵکراوە بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا یارمەتی بیرکردنەوە بدەن، ئیتر ئەو یارمەتی دانە لەبارەی رەنگ و روخسارەوە بێ یان لەبارەی دەربڕینی زمانەوەبێ، یان وەك زانایانی دەروون دەڵێن: بۆ راڤەکردنی ئەوشتانەن کەڕەوانەی ناو ئەو گەنجینە دەبن و ئەوان ڕاو جایان پیشان دەدەن و لەسەری ڕەفەی خۆیان دایان دەنێن، هەرکات ئەو رەفە بجوولێ ئەوانیش دەکەونەوە بەریاد.

جاری وا دەبێ مرۆڤ دەتوانێ رابردووی لەزەیندا بگێرێتەوە ناو ڕانەبردو بێ ئەوە پەنا بەرێتە بەر وێنە زەینییە جەم بووەکانی ناو مێشك، بۆ نموونە تۆ دەتوانی ئەو گەشتەی لە ڕابردوودا کردووتە بۆکەسانی دیکەی بەهەموو وەردییەکیەوە بگێڕێتەوە، باسی رێگەی چوون و هاتنەوەت، ئەو شوێنانەی تیایدا حەوایتەوەو نووستی، یان ئەو شوێنانەی کەدیتن ئەو برادەرانەی کە لەگەڵتدا بوون بگێڕیتەوە کەچی ئەو دیمەنانەی کەگێڕاتنەوە وەك خۆیان لەناو مێشکدا تۆمار نەکراون، ئەوەی یارمەتی ئەو گێڕانەوەی دای بەکارهێنانی وشەبوو، وشە وێنەی زەینی جووڵاو دروست دەکات.

**(٢)**

وێنە زەینییەکان زۆرن لە ئەژمار نایەن بە ئەندازەی ئەو شتانەن کە لەدەرەوەی زەیندا بەر هەستەکان کەوتوون، هەرشتێ بەر هەست کەوتبێ و هۆشی بزواندبێ یان هۆش لەرێگەی ئەندێشەو یادکردنەوە بەرجەستەی کردبێ و ڕەوانەی ناو گەنجینەی فەنتازیای کردبێ لەوی ماوەو دەمێنی و کاڵ دەبێتەوە بەڵام نافەوتێ.

ئەو وێنە زەینییانە وێنەی فۆتۆگرافی ڕاستەوخۆی شتە هەست پێکراوەکان نین، بەڵکو ئەو وێنانە کەهاویشتەی گەنجینەی خەیاڵ دەکرێن تێکەڵاو بە ئەزموون و بۆچوونەکان دەبن، ڕەنگ و بۆنی ئەوان وەردەگرن بۆیە کتومت وەك خۆیان نامێننەوە، بۆیە ئەگەر یەك شتی هەست پێکراو لەیەك هەڵوێستدا لەلایەن چەند کەسێکەوە بەر هەستیان بکەوێ، لەکاتی دەربڕیندا لەلایەن ئەوکەسانەوە دەبینی هەر یەك لە دەربڕینەکاندا وەك ئەوانی تر نین کەمێك جیاوازیان هەیە، چونکە هەریەك لەسایەی ئەزموونەکانی خۆیەوە دەربڕینەکەی کردووە.

کەواتە وێنە زەینییەکان لە دەربڕیندا بەتەواوی وەك وێنە هەست پێکراوەکانی خۆیان نین زیادو کەمیان تێدەکرێ، هەندێ جار لێڵ و کاڵی دەر دەکەون، هەندێ جاریش روون و بێگەردن، وەك حەقیقەتێکی بەرجەستە دەردەکەون، بەتایبەتی ئەو وێنانە کە لەڕێگەی خەیاڵەوە هاتبن نەك لەڕێگەی هەستەکانەوە.

وێنە دروستکراوی خەیاڵ و ئەندێشە وەك پاڵەوانی ناو چیرۆکەکان و چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی بەر ئاگردان، لەزەینی منداڵان و هەندێ کەسدا، کەسانی ناو ئەو چیرۆکانە دەبنە کەسانی ڕاستەقینەی واقیع و ناو هۆشیان خجڵ دەکەن.

هەمووکەس لە وەرگرتنی وێنە زەینییەکاندا وەك یەك نین، هەندێ کەس وێنەو دیمەنە سروشتیەکان بە ئاسانی دەکەونە بەر زەینیان، هەندێکی تر حەزیان لە دەنگ و ئاوازەکانە، بەڕوونی و رەوانی بەر گوێیان دەکەون، هەندێکیش لەڕێگەی هەستی بۆن و بیستن و دیتن و جووڵەوە وێنە زەینییەکان لەناو مێشکیاندا وەك هەستیان پێکردبن وەها تۆماریان دەکەن، بۆیە وتراوە وێنەی شتە هەست پێکراوەکان لای هەمووکەس وەك یەك نین.

# ئەندێشەو جۆرەکانی

## (١)

**ئەندێشە واتە خەیاڵ دوو وشەن هاوتەریبی یەکن:**

خەیاڵ دیاردەیەکی دەروونییەو یەکە، وەلێ لەڕووی دەربڕینەوە سێ جۆری هەیە:

١ـ **هێنانەوەبیری خەیاڵەکان:** وەبیرهێنانەوەی بێ زیادو کەمی ئەو خەیاڵانەیە کەلەناو زیندا چەسپاون و لەبیرناچنەوە، ئیتر خەیاڵەکان سامناك بن یان ناسامناك وەك هێنانەوە یادی خەیاڵی ئەو دێوو گومەتەو جنۆکەو دەعبایانە کەجاران ئێمەیان پێ دەترسێنراین، یان وەیاد هێنانەوەی کارەساتە سامناکەکانی ئەنفال و کیمیاوی باران و تالانکردن، یان وەك ئەو رووداوانە کە لەهەلۆێستی سامناك و ناسامناکدا بەسەرماندا هاتبن ئیتر خۆشیان لەدەروونماندا چەسپاندبێ یان ناخۆشی، هێنانەو بیریان خەیاڵکارییە و خستنەوە بیریانە.

٢ـ **خەیاڵسازی:** داهێنانی خەیاڵی نوێیە: ئەو ئەزموون و تاقیکراوەمان دروستی دەکەن کەبوونەتە بەشێك لەسامانی گشتی بیرو هەستمان، وەك شاعیرێك لەسای ئەزموونەکانیدا بیەوێ به خەیاڵ چامە شیعرێك بەرهەم بێنی، خۆ تاقیکردنەوەی لەو بوارەدا دەیخاتە سەر خەیاڵێك چامەیەك بنووسێ وەك خۆی نەنووسرابێ، یان وەك خەیاڵی ئەندازیارێك کەبیەوێ بینایەك دروست بکات بەر لەو کەس ئەوەی نەکردبێ، یان وەك خەیاڵی هونەرمەندێکی شێوەکار بیەوێ تابلۆیەك بەرهەم بێنی کەس پێش ئەو بیری لێ نەکردبێتەوە.

٣ـ **خەیاڵی ڕەهاو ڕووت:** ئەو جۆرە خەیاڵسازییەیە کە گۆی ی لەبەندو باوی کۆمەلایەتی و هزری نییە.

وەك خەون و زیندە خەونەکانمان.. کەس نییە خەون نەبینێ، ئەو خەونانە، ئەو ئارەزووانەن کە بۆمان نەهاتوونەدی، لەکەناریێکی دەروونماندا خۆیان مت دەکەن نامرن،

کەدەنوین، چاودێری کۆمەڵایەتی و ڕەوشت بە خەوتنمان دەخەون دەرگای دەربازبوون بۆ ئارەزووە کپبووەکان واڵا دەبێ و ئەوانیش دەرفەت وەردەگرن و دێنە دەرەوە واقیعێك بۆخۆیان ساز دەدەن و چۆنیان گەرەك بێ دەربڕینی خۆیان نمایش دەکەن و واقیعە نەهاتەدییەکەیان دێننەدی.

خەونە زیندووەکانیش ئەوانەن کەلەدەرەوەی خەودا خۆیان نمایش دەکەن، لەکاتی نمایشبوونیاندا مرۆڤ چاوی زەق و خەیاڵی ڕۆشیتووە بەو ئاواتەوە گرساوە کە لەدەستی دەرچووەو بۆی نەهاتووەتەدی، بەتایبەتی ئەوکەسانە کە بەئاوات نەگەیشتوون، بە خەیاڵ پلاوەکانیان ئەوەی بیانەوێ بە خەیاڵ دەیانهێننەدی و ئارەزووە کپبووەکانیان دێننەدی بەو خەیاڵانە تەسەلیان دەکەن، لەکانی زیندە خەونەکانیاندا کابرا غەرقی ناو خەیاڵ دەبێ و لەدەوروبەرەکەی دا دەبڕدرێ.

خەیاڵ سارایەکی ڕەنگینی ئەو پەڕ دیار نەبووە، ئەوانەی کە داماون و چەوساوەن لەو سارایەدا ئەسپی خەیاڵی خۆیان تاو دەدەن و ڕکیان لەکێ بێ دەیکوژن و کێیان خۆش بوێ پایەداری دەکەن.

ئێمە لەزیندە خەونەکانماندا، ئەوەی ئەنفالی کردین و وڵاتی لێ داگیرکردین، یان مافمانی زەوتکرد، بە خەیاڵ لەزیندە خەونەکانماندا تۆڵەی لێ دەکەینەوە، نەخشەیەك بۆ کوردستانی گەورە دروست دەکەین و کورد دەبەینە ریزی وڵاتانی ترەوەو ئاڵاکەی لەناو ئاڵای میللەتاندا بەرزدەکەینەوە، ئەمە زیندە خەونی هەموو کوردێکی کورد پەروەرە، ڕۆژێك دێت ئەم زیندە خەونەمان لە خەیاڵەوە دەبێتە حەقیقەت.

## (٢)

منداڵ لە خەیاڵکاریدا وەك گەورە کەسان خەیاڵ ناکاتەوە، ئەوەی بەر خەیاڵی منداڵ دەکەوێ بێگەردوو روونترە لەوەی بەر خەیاڵی گەوران دەکەوێ، ئەو ڕوون وێناکردنەیە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ نەتوانێ شتە خەیاڵییەکانی لەواقیع جیابکاتەوە.

منداڵ لەتەمەنی سێ چوارساڵیدا کەزەینی دەکرێتەوە، دەتوانێ لە ئاست خۆیدا خەیاڵسازی بکات.. دەبینی ئەوشتانەی کە لەبەر دەستیدان و گەمەیان پێ دەکات کە دەپژێن ڕێکیان دەخاتەوە یان لەگەمەکانیدا دەردەکەوێ کە خەیاڵسازی دەکات، کە لەناو منداڵەکانی دیکەدا خۆی دەکات بە مامۆستا، بە دکتۆر، بە پۆلیس، بەباوك بەدایك، سەیری ئەو کیژۆلە بکەن کە بووکەلەکەی دەلاوێنێتەوەو دەیخاتە ناو لانکەکەی لای لایەی بۆدەکات، ئەو منداڵە لەناو منداڵەکاندا دارێکی بەدەستییەوە گرتووەو چاویلکەیەکی لەچاو کردووەو خۆی کردووە بەمامۆستا، بەما دیارە منداڵ لەتەمەنی شەش ساڵی بەدواوە نایەوێ خەیاڵەکانی لەگەڵ واقیعدا جیابکاتەوە، بە (خەیاڵە وەهمیەکان) ئارەزووەکانی خۆی تەسەل دەکات و ئەو ڕووداوانەی کە بەناتەواوی دیویانن لەلایەن خۆیانەوە بە خەیاڵ تەواویان دەکەن، کەچی منداڵ دەتوانێ ئەوشتەی نەی دیووە ڕووداوی بۆ دروست بکات و وەك کورتە چیرۆك بیگێڕێتەوە.

لەزەینی منداڵدا خەیاڵ و واقیع تێکەڵاو بەیەك دەبن، وێنە خەیاڵییەکانی ئەوەندە لای ڕوون و دیارن وێنە هەست پێکراوەکانی واقیع لەناویاندا گوم دەبن، بۆ منداڵ ئەوەی بەخەو دەیبینی بەسەر زەنیدا زاڵ دەبن و کار لەرەوشتی دەکەن.

هۆیەکانی ئەو تێکەڵاوبوونەی خەیاڵ واقیعی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شتانەی خوارەوە:

١ـ وێنە خەیاڵییەکان لەزەینی منداڵدا لەوێنەکانی واقیع روون و گەشترن.

٢ـ واقیع تاڵە، یەك ڕووی هەیەو ناچەمێتەوە وەك خەیاڵ ئارەزووەکان تەسەل ناکات.

٣ـ چی زوو بەر زەینی منداڵ بکەوێ ئەوەی دەوێ، بەراورد لەنێوان شتەکاندا ناکات.

٤ـ زۆر بەکارهێنانی وێنە خەیاڵییەکان. (٣٨)

ئەوەی منداڵ لەخەونەکانیدا دەیبینێ، لەدەرەوەی خەودا بەڕووداوی ڕاستەقینەی دەزانێ و پێ ی وادەبێ ئەوەی بەخەون دیویەتی تەواوە، بۆ نموونە: باوکی منداڵێك بۆ

---

٣٨– سەرچاوەی پێشوو، ل ـ ٢٤٩ ـ هەروەها بڕوانە: سایکولجیة التعلم ـ ل ـ ١١٦ ـ دکتور مستەفا فەهمی.

کاروان چووه، کوڕەکەی لەخەودا خەونی پێوە دەبینێ کوژراوەو ناگەڕێتەوە، ئەو منداڵە بەخەونەکەی تووشی خەم و گریان دەبێ و دەشڵەژێ، کەباوکی لەکاروان دەگەڕێتەوە منداڵەکە ئاسایی دەبێتەوەو بۆی دەردەکەوێ ئەوەی لەخەونەکەیدا دی ڕاست نەبوو.

*       *       *

)

# سێ لایەنەی کەسێتی مرۆڤ

## (١)

ڕێبازی (شیکردنەوەی دەروونی) ڕێبازێکی سایکۆلۆژی دەروونناسییە. لە ئەڵمانیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەسەر دەستی (فرۆید ـ ١٨٥٦ ـ ١٩٣٩) سەری هەڵدا کە زانایەکی سایکۆلۆژیناس بوو.

ئەو زانایە دووشتی لەبواری سایکۆلۆژیادا هێنانە ئاراوە کە بیروڕای مرۆڤیان لەبارەی ئەو دووشتەوە گۆڕی.

یەکەم: لایەنێکی تاریکی ناو دەروونی مرۆڤی دۆزییەوە، کە بریتییە لەلایەنێکی گرنگی کەسیەتی هەریەکێکی لە ئێمە کەلایەنی (ناهەست ـ لاشعور)ە. ئەو لایەنە وەك لەخوارەوە باسی دەکەین، هەگبەی هاوردەی بۆ ماوەیی زکماکییە، هەموو حەزوو ئارەزووەکانی مرۆڤ لەوێوە دێنە دەرێ.

دووەم: ئەو خەونانەبوو، کە هەر لەکۆنەوە رکێفی هەموو خەونەکانی کردبوو، ئەو ئەوەی دەرخست کەخەون دەربڕینی ئەو حەزوو ئارەزوو ئاواتانەیە کە مرۆڤ بۆی نەهاتوونەدی و لەتاریکی دەرووندا کپ بوون، هەرکات دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ دێنە دەرەوەو هەوای باڵدەدن، بەتایبەتی لەخەودا دەمامك دەپۆشن و خۆیان دەکەنە خەون بە ئارەزووی خۆیان لەسێبەری هەستی نووستوودا وازی بەمرۆڤەکە دەکەن.

بەلای ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونییەوە، کەسیەتی مرۆڤ لەسێ لایەن پێکهاتووە:

١ـ لایەنی (ئەو) ئەم لایەنە هەگبەی هەموو حەزوو ئارەزوو چێژوو ئەو پاڵنەرانەیە کەخواستەکانی جەستە تەسەل دەکەن، ئەو لایەنە کاری خۆی دەکات و گوێ ی لەهەست و سۆزی دەرەوەی نییە، بەشێکی تاریکی (ناهەستە) میراتێکی زکماکی خۆرسکیانەی ئاژەڵیانەیە، بارەگای (لبیدۆ) و ئارەزووە چڵێسەکانی سێکس و هەموو جۆرە چێژێکە، لەگەڵ بوونی منداڵدا دێت و داوای پێویستییەکانی دەکات و ئاگای

لەدنیای دەرەوە نییە لەچاکەو خراپەو کات و سات دوورەو یاساو رێسای لانییە، لەمرۆڤی سەرەتایی نەفامی دواکەوتوو دەچێت، هاواروگریان و پەلەقاژە زمانی دەربڕینیەتی، منداڵ هەرکات بیەوێ میزو پیسایی دەکات، بۆیە دەڵێن: لایەنی (ئەو) نموونەی کەسیەتی راستەقینەی مرۆڤی چەرخەکانی بەر لەمێژووە.

٢ـ (من) لایەنی دووەمی کەسییەتییە، وەك (ئەو) زکماکی نییە، لەتەك گەورەبوونی منداڵ و پەروەردەو ئەزموون وەرگرتنی و زانینی نهێنیەکانی دەوروبەریدا پێ دەگات.

منداڵ کەدەست لەگڕی چرا یان کەدەست لەسکڵی ئاگر دەدات دەستی دەسووتێت بەوە دەزانێ ئاگر سووتێنەرە، هەروەها لەرێگەی هەستەکانی تریەوە دەزانی ئەوشتانەی دەوروبەر بۆ دەست دەدەن یان نا، هەر لەوێوە دەزانێ خەڵکی ناو کۆمەڵەکەی چییان پێ باشەو چییان لا باش نییە، لەمەوە دەزانین (من) لە ئەنجامی پەروەردەدا دێتە ئاراوە، پێگەیشتنەکەی بۆ پاراستنی کەسیەتییە.

(من) بەلای فرۆیدەوە وەك توێکڵی دار وایە لەترسی کاریگەریەکانی دەوروبەری ئەو تێوکڵەی دروست کردووە تا بیپارێزێت.

(من) ی منداڵانی ساواو لاواز ناتوانێ منداڵان بپارێزی بۆیە پێویستیان بە پاراستن و نگابانی هەیە، بەڵام ئەوانەی کەهەراش و گەورەن (من) ە کەیان پێگەیشتووەو دەتوانێ بەپێ ی یاساو نەریتەکانی ناو کۆمەڵ بکەوێتەکار.

بەگەورەبوونی کەس (من) یش گەورەو ئەزموندار دەبێ و بەپێ ی پێویست نەبێ رێ نادا ( ئەو) حەزەکانی بێنێتەدی، وای لێ دەکات تاکاتی شیاویان دەرەخسێ وازیان لێ بێنێ (من) بەپێ ی داخوازییەکانی (ئەو) ناکەوێتەکار، هەوڵ دەدات رازی بکات واز لەداخوازییەکانی بێنێ بۆ کاتێکی شیاو دوایان بخات، تێ ی دەگەیەنی چی دەکرێ لەدەرەوەی لەشدا رەوایە بێتەدی و چی ناکرێ نەبا ئەو شتە ببێتە هۆی ئازارو گلەیی و گازندەی خەڵك بۆیە رێ ی دەربڕینی نادات.

(من) جگە لەوکارەی، سەرپەرشتی ئامێرەکانی جووڵەی لەش و بڕیارەکانی ویست و خوازییەکان دەکات لەرێگەی ئەوەوە داخوازییەکان دەچنەواری جێبەجێکردنەوە.

٣ـ (منی باڵا) پێشی دەوتری (ویژدان).

ویژدان له ئەنجامی کاریگەری پەروەردەی ناراستەوخۆی ناو کۆمەڵ دێتەدی رەنگدانەوەی ئەو داب و نەریت و بیرو باوەرانەیە کە منداڵ لەباوك و دایك و چاولێگەریەوە پێك دێت، ئەو ڕاو بۆچوونانەی ناو کۆمەڵ، ئەو بەها پەسەندو ناپەسەندە هەمەجۆرانە کار دەکەنە سەر کەسێتی مرۆڤ، چی حەزو ئارەزووی هەن پێکەوە و کاردەکەنە سەر جست و چالاکی و ڕەوشتی، بەو جۆرە پەروەردەی گشتی ناو کۆمەڵ کار دەکەنە سەر (منی باڵا)و دەیکاتە دەسەڵاتێکی ناوەکی مرۆڤ و رکێف بەندی دەکات.

ئەوفرمانانە کە لەدایك و باوکەوە بۆ منداڵ دەردەچن و چاکەو خراپەی نیشان دەدەن، ئەو پاداشت و سزاو لۆمەو سەرزەنشتانە کە ئاراستەی دەکرێن (منی باڵا) وەریان دەگرێت و دەیکاتە سانسۆر دەیانخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە.

ئەم دەسەڵاتە ناوەکییە دەبێتە سەرداری حەڵاڵ و حەرام پیشاندانی مرۆڤ، ئەگەر هەڵەیەکی لەدەست دەرچێ (من) سەر زەنشت دەکات، ئەو لەدەست چوونەی وەك برینێکی کولاوەو نووکە دەرزی پەشیمانی پێدا دەچەقیچنێ، (منی باڵا) چاودێری (من) دەکات کە دەرفەت نەدا (ئەو) بە ئارەزووی خۆی شتەکانی بۆ دەرەوە بنێرێ.

کەواتە دەبێ منی باڵا دەروازەی چوونە ناوەو دەرەوەی دەروون بێ و (من) یش بەر بەستی زارەکی دایك و باوکە، لەوانەوە بەهاکانی وەرگرتووە، لەسەرەتاوە لای منداڵ سادەو ساکارە بەڵام بەکاریگەری پەروەردەو چاولێکەریەوە پێ دەگات، لەسەر یەك حاڵ نامێنێ، زیادبوونی ئەزموونەکان پتر شارەزابوون و زیادوکەمی و گۆڕانی بەسەردا دێنن، بەڵام واز لەدەسەڵاتەکەی خۆ ناهێنێ.

بەر لەوەی (منی باڵا) دروست ببێ کاری (من) رێکخستن بوو لەنێوان دوو هێزدا: داخوازییەکانی (ئەو) و واقیع، بەگەورەبوونی (منی باڵا) کاری (من) بۆ بەرازیکردنی سێ هێز: (ئەو، واقیع، منی باڵا) دەبێ تەبایی لەنێوان ئەو سێ هێزە دروست بکات، خۆ ئەگەر ئارەزوێکی (ئەو) هەڵچوو دەبێ دایمرکێنێتەوەو بەجۆرێ رازی بکات وابێ بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا بپارێزێ و نەبێتە هۆی ئازاردانی (منی باڵا) ش.

**(٢)**

دڵەڕاوکێ و گرێ دەروونییەکانی مرۆڤ لەناکۆکی ئەوسێ لایەنەی کەسییەتییەوە سەر هەڵدەدەن، ئەو ناکۆکییانە لەدوولاوە ڕوودەدەن:

١ـ لەنێوان لایەنی (من) و لایەنی (ئەو) دا ڕوودەدات، لەپێشەوە ئاماژەمان بەوەدا کە (ئەو) هەگبەیەکی خۆڕسکی زکماکییەو چی پاڵنەرو حەزوو ئارەزووەکانی مرۆڤ هەن لەناو ئەو هەگبەدایە، توێشەبەرەیەکی بایلۆجییەو لەپشت هەموومان بەستراوە.

شتەکانی ناو ئەو توێشەبەرە تەسەلیان دەوێ، تەسەلیەکەیان بەخۆ دەربرینەو گوێیان لەچاکەو خراپە نییە، پەسەندی و ناپەسەندی لای ئەوان نییە، ئەوان دەخوازن بێنە دەرەوە، نازانن دنیای دەرەوە یانی چی! هێزێکی ئاژەڵیانەن، گوێیان لە یاساو ڕێساو لۆجیك نییە، ئەوان تەنیا دەیانەوێ بەخۆ دەربڕین هەناسەی خۆیان بدەن و تەسەل ببن.

بەڵام ئەوەتانێ (من) لێیان قیت بووەتەوەو ڕێگەی دەربڕینیانی لێ گرتوون. ئاڵای بەندو باو و یاساو ڕێساو شیاوو نەشیاوی لەروویاندا بەرزکردوەتەوە، داوایان لێ دەکات پەلەو هەڵپە نەکەن کەی دەرفەت هات ڕێیان بۆ واز دەکات، کەی لەتەك دنیای دەرەوە گونجان، روخسەتی دەربڕینیان دەداتێ، هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا (من) توانای ئەوەی هەیە ڕێ لە هروژمی ئارەزووەکان بگرێ، کەبۆی دەرکەوت لەدنیای ڕووداوەکاندا بەدەربڕینی هەندێك لە ئارەزووەکان هیچ بەرپەرچ دانەوەو گیروگرفتێك ڕوونادا ئەوجا بەپێ ی پێویست ڕێگەی دەربڕینی ئەوانەیان دەدات کە لەگەڵ واقیعدا دەگونجێن.

ئەوانیشیان کەڕێگەی دەربڕینیان نادرێ لەشوێن خۆیاندا کپ دەبن و دەبنە گرێ ی دەروونی و بەدیواری ناهەستدا دەلکێن.

کەوابێ دەبێ (من) ئەو هێزەی تێدابێ بتوانی لغاوی ئەو ئارەزووانە لەدەست بگرێ، دەنا ئەگەر بێ هێزو لاوازبی ئەوا ڕکێفی (ئەو)ی لەدەست بەر دەبێ و ئارەزووەکانی ناوی ڕەشوی خۆ دەربڕین بۆخۆیان شل دەکەن، بەهەوەسی خیان دەربڕین دەکەن.

لەناکۆکی نێوان (من) و (ئەو) دا مرۆڤ تووشی دڵەراوکێ و گرێ دەروونییەکان دەبێ.

لەراستیدا ڕوودانی ناكۆكی لەنێوان ئەو مەگێزانە (الغرائز) كە هاوردەی (ئەو) ن و لەنێوان چاودێریەكەی (من) دان كە ڕێگرە لە دەربڕینی ئەو مەگێزە بایلۆجیانەدا.

٢ـ ناكۆكی دووەم لەنێوان كاری (من) و (منی باڵا) دا ڕوودەدات. ناكۆكییە لەكاری ناپەسەندی (من) و (منی باڵا) دایە، منی باڵا خۆی بەدەسەڵاتی دادوەرو كارگوزاری مەملەكەتی كەسیەتی مرۆڤ دەزانێ و چاودێری لایەنی (من) دەكات، هەموو بەها كۆمەڵایەتییەكان و رەوشتە ڕەواكان و دەسەڵاتی دایك و باوك هەیە بەودراوە، ئەو بریكاری هەموویانەو (ویژدانە).

كارێك ئەو ڕای لەسەر نەبێ نابێ بكرێ، ئەگەر كرا لێ پرسینەوەی لەسەرە. [٣٩]

(منی باڵا) چاودێری (من) دەكات، نابێ لەدەسەڵاتی ئەو بچێتە دەرەوە، ئەگەرچوو، یان هەڵەو كەتنێكی كرد لێ پرسینەوەی لەسەر دەكات، ئەو بریكاری تاك و كۆمەڵە، پەروەردەی ئەوان، ئەویان هێناوەتە ئاراوە، زانایەك راستی وتووە كە دەڵێت: (ویژدان رێگە نیشاندەری مرۆڤ نییە، بەڵكو ئەوەی ویژدانی دامەزراند پەروەردەیە كەواتە پەروەردە ویژدانی فێركردووەو رێگە بەمرۆڤ نیشان بدات، كەواتە ویژدان دەسكردی پەروەردەیە.

ویژدان كە (منی باڵا) یە شتێكی سروشتی بایلۆجی نییە، بەڵكو دەسكردی پەروەردەیە، ئەگەر سروشتی بوایە دەبوو لای هەمووكەس وەك یەك بێ كەچی وانییە.

## (٣)

## ئەوشتانە كە كاردەكەنە سەر كەسیەتی.

مرۆڤ هاوردەی دوو هۆكاری كاریگەرە: (بۆ ماوەیی بایلۆجی و ئەو ژینگەیە كەتیایدا گەشە دەكات).

**١ـ بۆماوەیی:** هێزێكی سروشتی زكماكییە، لەزیندەوەرانەوە نیشانە جیاكەرەوەكانی جۆرەكەی خۆی بەرێگەی زاوزێوە لەپێشینانەوە بۆ پاشینان دەگوێزێتەوە، ئیتر ئەو نیشانانە تایبەت بەكەسانێكەوە بن یان لەناو هاو جۆرەكاندا هاوبەش بن، بۆیە دەبینی

---

٣٩– بڕوانە: (الصحة النفسية) الدكتور مصطفى فهمي) ل(١٩٠) دار الثقافة ـ مطبعة التقدم ـ القاهرة.

تاکی جۆرەکان وەك یەکن کۆپی کراونەتەوە ئەم وەك یەك بوونە لەناو دارو درەخت ڕەوەکیشدا وایە.

ئەو نیشانانە بەهۆی تۆوی دایك و باوکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەی نویّ، واتە تۆوەکەی دایك و باوك چەندان شانەیان تێدایە، هەرشانەکیش چەندان داوی تێدایە پێیان دەوتریّ (کرۆمۆسۆمات) ئەو کرۆمۆسۆماتەش هەریەك چەندان جین ـ Gene ـ ی پێیە کە هەڵگری نیشانە جیاکەرەوەی جۆرن.

کەواتە تایبەتمەندەکانی بۆ ماوەیی لە پتروکاندنی تۆوی پیاو و ژنەوە زیندەوەری نویّ ی هاوجۆر دروست دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی تاك و کورت و درێژی، ڕەنگی چاو و قژ، ڕەش و سپیەتی لەدایك و باوکەوەیە، هەمووگیانداران، هەموو دارو درەخت و ڕووەك دەچنەوەسەر جۆرەکەی خۆیان تا دەمێنن لەو قاڵبەدا دەژین، ئەوەکاری بۆماوەییە.

پیرشالیاری هەورامی لەبارەی بۆ ماوەیەکانەوە وتوویەتی:

**(کەرگ جەهێڵەن**

**هێڵە جەکەرگەن**

**رواس جەرواس**

**وەرگ جەوەرگەن)**

بەوجۆرە بۆماوەیی منداڵ ئامادە دەکات و دەیداتە دەست ژینگە.

٢ـ لەوکاتەوە منداڵ لەسکی دایکیدا دەگرسیّ و بەدیواری ڕەحمیەوە دەلکیّ، ئەو ڕەحەمە دەبێتە ژینگەی پێڕاگەیاندنی، ئەو منداڵە کە هەڵگری کۆمەڵە نیشانەیەکە، لەدایك و باوك و پێشینیانەوە بۆی ماونەتەوە.

منداڵ کەلەدایك بوو لەژینەی ناوسکی دایکیەوە دێتە ناو ژینگەی دەرەوە، تیایدا ڕێگەی کاروانی ژیانی دەست پیّ دەکات، ژینگەکەی دەرەوەی منداڵ ئەم سیّ ڕووەی خوارەوەی هەیە:

**١ـ ڕووە جوگرافییەکە:** منداڵ پەروەردەی ژینگەی خۆیەتی، هەموو ڕەنگ و روخسارو ئەزموونەکانی خۆی دەیداتیّ، ئەو منداڵەی کەلەناو کۆمەڵگایەکی سارانشیندا پیّ ڕادەگات لەو منداڵەی کە لەناو شاخ و دارستاندا دەژی جیایە، ئەو سروشتی سارا

وەردەگرێ و ئەم هی چیاودارو درەخت، هەر کامێکیان کە لەژینگەکەی خۆی جیا بکرێتەوە هەست بە نامۆیی دەکات، ئەوەی لەناو بەفرو سەرمادا پەروەردەبووە لەوەی کە لەرۆخی دەریادا دەژی جیاوازن ئەو شارەزایی ژینگەی خۆی وەرگرتووە ئەمیش هەروەها ئەو دڵی بە بەفرو بەستەڵەك دەکرێتەوە ئەمیش بەشینایی دەریاو دیمەنی شەپۆلەکانی ، هەریەك چێژ لەژینگەی خۆی دەکات، هەر ژینگەیەك بەرەنگی خۆی کەسانی ناوخۆی رەنگرێژ دەکات.

**٢ـ ڕووە کۆمەڵایەتیەکە:** منداڵ لەناو کۆمەڵدا دەژی، کۆمەڵ وەك بێشە وەهایە پڕپەتی لەشتی هەمەڕەنگە، ئەو بەهاو ڕەویەو رەوشت و ئاین و بیروباوەڕە هەمەجۆرەو ئەو بیرۆکەو ئەفسان و داستانانە، ئەو کەلتوورو داب و نەریتانە کە لەپێشیانەوە بۆ پاشینان ماونەتەوە ئەوانە هەموو هی هەموانن و دەبنە داوی هاوبەش هەموو توێژاڵەکانی ناو کۆمەڵ بەیەکەوە گرێدەدەن، بەرژەوەندێکی هاوبەشیان بۆ دروست دەکەن، ئەو بەرژەوەندیەش فێری هاوکاری هاوبەشیان دەکات لەیاسایەکی هاوبەشیشدا هەرکەس بەکاری سەرشانی خۆی هەڵدەستێ.

کۆمەڵ بەهەموو ڕەنگ و توێژاڵێکییەوە وا کاردەکاتە سەر منداڵ دەیکات بە بەشێکی دانەبڕوای خۆی.

**٣ـ ژینگەی ڕێکەوت:** منداڵ لەناو خێزاندا دەبێ، دەبێتە یەکێك لەخێزانەکەی، ناوەندی ژینگەی ئەو خێزانە کاریگەری بەرچاوی لەگەشەکردنیدا هەیە، ئەو منداڵە لەناو ئەو خێزانەدا پایەدار دەبێ یان نا؟ ئایا ئەو یەکەم منداڵی ئەو خێزانەیە یان چەندەم منداڵە، باوکی ماوە یان مردووە، دایکی لەسەربوونەکەی ئەو منداڵە مردووە یان نا؟ خێزانەکەی ماڵە هەژارن، ڕەوەندن یان نیشتەنی ناوشارن؟.

ئەم شتە رێکەوتانەو هی تریش کاریگەری ژینگەی منداڵن، کاری تایبەتیان لەسەر منداڵەکەو کەسیەتییەکەی هەیە.

لەکاریگەری بۆ ماوەیی لەتەك کاریگەری ژینگەدا کەسیەتی منداڵ پێك دێت، لەزۆر ڕووەوە لەکەسانی تر دەچێت، لەهەندێ ڕووەوە جیادەبێتەوەو دەناسرێ.

لەسیلەی باسکردنی بۆ ماوەیی و ژینگەدا پرسیارێك هەیەو دەکرێ و دەڵێ: بۆ ماوەیی و ژینگەی کامیان پتر لە مرۆڤدا کاریگەرن؟.

هەندێ لەزانایان پێیان وایە: بۆ ماوەیی کاریگەرترە تا ژینگە، چونکە بۆ ماوەیی بەردی بناغەی بوونی مرۆڤی داناوە، سەرچاوەی جەستەو ژیری رەوشت بۆ ماوەییە، هەموو هێزو تواناو بەهرەو هەوەس لە مرۆڤدا بۆ ماوەیی هێناونی قەبارەی بەوان پێك دێت، لەمرۆڤەوە بۆ پاشینان دەگوێزرێتەوە مرۆڤی نوێ لەجۆری خۆی دروست دەکاتەوە، کەواتە کاریگەری ژینگە ناگاتە کاریگەری بۆماوەیی.

هەندێ پێیان وایە لەبەر ئەوەی ژینگە لانەکەی ژیانەو هەمیشە لەفراوان بووندایە، کاریگەرترە.

خۆ ژینگە تەنیا ڕووە ماددیەکەی نییە کە: ئاو هەواو رووناکی و تاریکی و گەرماو سەرماو خواردن و خۆراکە.. جگە لەوەش ڕووێکی واتاییشی هەیەو کاریگەرە وەك کەلتوورو فەرهەنگ و ئاین و بیروڕای تایبەتی و سەرجەمی شتە هزریەکان.

* * *

# گونجاندن

## (١)

ژیانی ژینداران لەناو ژینگەدایە، بەگۆڕانی ئەو ژینگە دەبێ ئەویش بگۆڕدرێ و خۆی لەتەك گۆڕانەکەدا بگونجێنێ، ئەوەی پاڵ بەگۆڕاندنی ژیانی زیندەوەرەوە دەنێ پێویستیەکانی ژیانن، بەهێنانەدی ئەو پێویستیانە ژیندارەکە بە ژینگەکەیەوە دەنووسێ و لێ ی جیا نابێتەوە، بەڵکو لەگەڵیدا دەڕواو پێویستیەکانی خۆی لەودا دێنێتەدی و ژیانی خۆی دابین دەکات.

ئەوە ئەو پێداویستیانەن ژیندار ناچار دەکەن خۆی لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنێ، خۆ ئەگەر خۆی نەگونجێنی ئەوکات گۆڕانکاریەکەی ژینگەکەی بەجێ ی دێڵێ و تووشی فەوتا دەبێ، پاڵنەری سەرەکی بۆ خۆگونجاندن بەو پێداویستییانەیە کەمانی زیندەوەرەکە دەستەبەردەکەن.

بۆنموونە: یەکێك تێرو تەسەل بێ وەك ئەوە نییە کەبرسییەو پێویستی بەتێربوونە، ئەو لەشوێن خۆیدا ئارامەو ناجووڵێ، ئەم هەست بە برسیەتی دەکات و پێویستی بەخواردەمەنی هەیە، دەیەوێ بۆشایی برسییەتەکەی پڕبکاتەوە.

گونجانی مرۆڤ تەنیا بەو گونجاندنەی نییە کە لەگەڵ ژینگەدایە بەڵکو دەبێ خۆیشی لەگەڵ ئەوانەدا بگونجێنێ کەلەناو ژینگەکەیدا دەژین، ئەوانیش پێویستی خۆیان هەیە ڕەنگە لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو مرۆڤەدا دژواربن، هەرچەند کەسەکانی ناو ژینگە بەشێکن لە ژینگەکە خۆی.

کەوابێ دەبێ مرۆڤ ژیری خۆی بخاتە کارو بزانێ چۆن پێویستییەکانی بێنێتەدی و لەگەڵ ژینگەکەیدا بگونجێ.

گونجاندن بێ تەسەلکردنی پێویستییەکان نایەتەدی، ئەوەی ختووکەی پێویستییەکان دەدا ئەو پاڵنەران کە لەناخی پێویستییەکاندا خۆیان مت کردووە، بۆیە

هەم بە پێویست و هەم بە پاڵنەر ناو دەبرێن گشت زیندەوەران کە دەبن کۆمەڵی پاڵنەری زکماکی بایلۆجییان پێیە بەوانە درێژە بە بەردەوامی ژیانیان دەدەن ئەو پاڵنەرانە پێویستیان بەفێربوون نییە، خۆیان ئۆتۆماتیکی کاری خۆیان دەکەن وەك جەستەی منداڵ کەچۆن بێ تێکەڵاوبوونی خۆی قۆناخ بەقۆناخ هەڵدەداو گەورەدەبێت و کە دەگاتە ڕادەی خۆی ڕادەوەستێ ئەو کۆمەڵە پاڵنەرەش وەهانە، بێ تێکەڵاوبوون و ئاراستەکردن کاری خۆیان دەکەن، بەو پاڵنەرانە دەوترێ پاڵنەری فیسیۆلۆجی کەبەشێکن لەهەبوونی مرۆڤ، ئەوان داخوازی و پێویستییەکانی پاراستنی لەش دێننەدی، بێ ئەوان جەستەی مرۆڤ بێ نگابان دەبێ، ئەوان تاك و جۆری مرۆڤ دەپارێزن.

منداڵ کە پێویستی بەخەوبێ ماوەیەك دەخەوێ، کەبرسی بوو بە ئاگادێ و بۆ خواردن دەگری، کە ریخۆڵەو میزەڵان پڕبوون زیادەی پڕبوونەکە فڕێ دەدەنە دەرەوە، کەشتێك ئازاری دەدا دەگرێ، گریان زەنگی بە ئاگا هێنانی دەوروبەرێتی، یان هۆکاری پەیوەندییەتی، ئەو پاڵنەرانە لەگەڵ ژیاندا بەردەوام دەبن، بەڵام مرۆڤ چەند بەناو تەمەندا هەڵکشێ ئەو پاڵنەرانەش ڕێگەی دەربڕینییان دەگۆڕدرێ و ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ.

دەبێ ئەوەش بزانین: ئەگەر سانایی و چەماوەیی ئەو پاڵنەرانەی مرۆڤ نەبوایە ئەو گونجاندنە نەدەهاتەدی، بۆیە گیانلەبەرانی تر توانای گونجاندنیان نییە چونکە پاڵنەرەکانیان ناچەمێنەوە.

بابزانین ئەو پێویستیانە کە گونجاندن بۆ مرۆڤ ساز دەدەن چەند جۆرن:

## (٢)

پێویستییە پاڵنەرەکان زۆرن ئێمە لەم دوو جۆرەی خوارەوە کۆیان دەکەینەوە:

**١ـ پێویستە پاڵنەرەکانی مانەوەی تاك.**

**٢ـ پێویستە پاڵنەرەکانی مانەوەی جۆر.**

١ـ پێویستە پاڵنەرەکانی مانەوەی تاك ئەوانە لەگەڵ هەر کەسێکدا کە لەدایك دەبێ بەرێگەی زکماکییەوە لەتەکیدا دێن و پارێزگاری لێ دەکەن، پێیان دەوترێ پاڵنەرە

فیسیۆلۆجییەکان، ئەم پاڵنەرانە دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ مانەوەو پاراستنی تاکەکانە، گیانلەبەرانی تریش بێ لە مرۆڤ لەو جۆرە پاڵنەرانەدا هاوبەشن، وەك چەکێکی سروشتی وەهانە بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرانن، ئەو چەکە بەبەردەوامی گیانلەبەران بەردەوامە.

بۆ ئەوەی زیندەوەران بژین پێویستیان: بەخواردن و خواردنەوە هەیە، پێویستیان بە فڕەدانی ئەو زیادە پاشماوانە هەیە کە لەناو لەشیاندا دەمێنێتەوەو پێویستی پێیان نییە، بۆ ئەوەی لەچالاکییەکانیاندا بەردەم بن پێویستیان بە حەواندنەوەو خەو و پشوودان هەیە... وامان لا پەسەندە پتر لەسەر ئەو پاڵنەرانە کە دەبنە هۆی بەردەوام بوونی مانەوەی ژیانی تاك بدوێن.

خواردن و خواردنەوە: ئەگەر یەکێك ماوەیەك خواردنی لێ بڕا ئەوکەسە هەست بە برسیەتی دەکات، گەدەی بەکرژبوون و لێدانی داوای خواردنی لێ دەکات.

زانایانی تەندروستی دەڵێن: لەشی زیندەوەران هەمیشە پێویستی بە پرۆتین و شتی چەورو نەشەویات و چەندان شتی تر هەیە، ئەوشتانە بەهۆی خواردنەوە لەش وەریان دەگرێ، ئەو کەرەسانە کە لە، لەشدا نەمان لەش داوایان دەکات، بۆیە لەش چە کەرەسەیەکی کەم بێ، ئەو خواردنەی حەزلێیە کە ئەوکەرەسەیەی تێدایە.

بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە: ئەو ئاژەڵانە کە گیاخۆرن، لەناو مێرگێکی پڕ گیای هەمەجۆردا لەوەرێنراون جەستەیان چە گیایەکی پێویست بووە ئەوەیان خواردووە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێ، ئەوە چییە وا لەو گیانلەبەرە دەکات ئەو جۆرە گیایە بخوات کە بۆلەشی بەسوودە؟.

دووشت ئەو بڕیارە دەدەن وا بەلەش دەکەن تەنیا ئەو جۆرە گیایە بخوات، یەکێکیان ئەو پاڵنەرە گشتییەی ناو لەشە کە بۆ چاودێری لەش دانراوەو چی بۆی پێویست بێ وای بۆ بڕیار بدا، دووەمیان ئەو (چێژ)ەیە کە کاری سەرپەرشتیاری دەکات و لەرێگەی بۆن و نەرم و دڕیەوە ئەو گیایەی کە پێویستە لەگیاکانی تر جیای دەکاتەوەو بە تامەزرۆییەوە گیانلەبەر دەیان خوات.

بەوەدا دەردەکەوێ کە پێویستی بەخواردن بەیەك پاڵنەر نییە بەڵکو بەکۆمەڵە پاڵنەرێکە بەپێ ی پێویستی لەش داوای خواردن دەکەن.

ئاو: وەك خۆراك پێویستییەكی سەرەكی ژیانە، ئەمیش پاڵنەرێكی زكماكی هەیە، لەتەك بوونی زیندەوەراندایە كاری چاودێری كردنی لەشە لەزیادو كەمی ئاو، بۆیە تینویەتی لە پاڵنەرێكی فیسیۆلۆجییەوە سەرچاوە دەگرێ.

گەروو لێو وشك بوون هەستكردنە بە تینووبوون، ئاگادار كردنەوەیە بەكەمی ئاوی ناولەش، تەڕكردنی ناو گەروو و دەم ئەو هەستكردنە دانامركێنێتەوە، كەم بوونی ئاوی ناولەشی پێ چارەسەر ناكرێ، چونكە تینویەتی هەر لەگەروودا نییە، بەڵكو كەم ئاوییە لەهەموو خانەو جمگەكانی لەشدا.

لەنگەرگرتنی ناو لەشیش جۆرێكە لە پێویستییە پاڵنەرەكانی تاك: زانایانی فیسۆلۆجیا بۆیان دەركەوتووە كە گشت زیندەوەران پاڵنەرێكی فیزیكی كیمیایی زكماكی لەناو لەشیاندا هەیە كاری ئەوەیە هەركات لەش هاوسەنگی تێك چوو ئەو پاڵنەرە بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی لەنگەری دەگرێ و دەیخاتە سەر هاوسەنگییەی خۆی و لەنگەری ڕادەگرێ و ناهێڵێ تێك بچێت.

بۆ نموونە: ئەگەر لەشی مرۆڤ شتێكی نامۆی زەرەرمەندی چووە ناو هاوسەنگی لەشی تێكدا، لەش زوو دەكەوێتە بەرەنگاریكردنی ئەو شتەو تووڕی دەداتە دەرەوەو خۆی لێ ی رزگار دەكات یان هەوڵی دەخاتە كار هاوسەنگییەكەی بپارێزێ، وەك دەبینین كە پەلەی گەرمایی لەش بەرزدەبێتەوەو لەش عارەق دەردەدا بەو ئارەقە گەرماكەی لەش كەم دەكاتەوەو هەم زەنگی ئاگاداركردنەوەیە بۆ تێكچوونی هاوسەنگی ناو لەش، دكتۆرەكان دەڵێن: كە رێژەی دووەم ئۆكسیدی كاربۆنی ناو خوێن زیاد دەبێ دڵ بەخێرایی دەكەوێتە لێدان بۆ ئەوەی ئەو گازە كەم بكاتەوەو ترازووی هاوسەنگی بۆناو خوێن بگێڕێتەوە.

تێكچوونی لەنگەرگیری ناولەش كاریگەرە لەسەر جۆری ڕەوشتی دەرەكی زیندەوەران، ئەگەر یەكێك تینویەتی زۆری بۆ هێنا ئەو تینوویەتییە دەبێتە پاڵنەر رەوشتی تووشی شڵەژان دەكات، بۆ ئەوەی كارێ بكرێ لەو حاڵەتە قوتاربێ و ئاوێ بەسەر ئاگری ئەو شڵەژانەدا بكرێ، كەواتە شڵەژانەكەی رەوشت داخوازییە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ هاوسەنگی ناو لەش.

٢- پێویستە پاڵنەرەكانی مانەوەی جۆر:

مانەوەی جۆر بەستراوە بە پاڵنەری سێکسەوە کە پاڵنەرێکی زکماکی فیسیۆلۆجییەو کاری مانەوەی جۆرە، جۆری زیندەوەران، زاوزێکردن و خۆراك بۆ مرۆڤ دوو جەمسەری هاوسەنگی مانەوەی جۆرن، خۆراك بارگەی ئامادەکردن و هاندەری جووتبوونی نێرومێن، ئێمە بۆیە خواردن دەخۆین بۆ ئەوەیە بژین و گەشە بەخۆمان بدەین و بتوانین ببین بەخاوەن منداڵ، بەخواردن هێز بەبەرخۆماندا دەکەین بۆ ئەوەی سێکس بکەین و بەهۆی ئەوەوە جۆری خۆمان بپارێزین، کە جەستەمان بەرەو مردن دەڕوا بەزاوزێکردنمان بەرگری لەمردن دەکەین و نەوەیەکی نوێ دێنینە ئاراوەو ناهێڵین چرای پاشەرۆژمان بکوژێتەوە.

بێگومان پاڵنەری سێکسی بەهێزترین پاڵنەری بەکارخستنی رەوشتی مرۆڤەو راگری باری تەندروستی دەروونییەتی، بەڵام زۆرو ئاڵۆزی ژیان و کەلتووری هەمەجۆرەکان و نەریتە کۆمبووەکانی ناو کۆمەڵ بوون بە دیواری دەرنەبڕینی پاڵنەری زاوزێکردن، پەرچەمێکی پیرۆزیشیان بەڕوودا دراوە، هەڵدانەوەی ئەو پەرچەمەیان حەرامکراوە، بۆیە لەپەروەردەو فێرکردن دوورخراوەتەوەو باس لێوەکردنی بووەتە عەیبە.

مەیدانی زازێکردن ئاقارێکی پڕ لەسەیرو عاجباتییە، شیعرو گۆرانی و چیرۆك و دراما تراژیدییەکان و ئەفسانەو داستانەکان و کارەساتە گەورەکانی جیهان و شاکارە ئەدەبی و هونەریەکان لە رەنگدانەوەی پاڵنەری ئەڤینداری دوورنین، بەفیتی وازیکردنی ئەو بەو پلەو پایە گەیشتوون.

هەموو زیندەوەران بەپێشکەوتو و پاشکەوتوویانەوە، بەدارو درەخت و گیاو رووەکەوە لەژێرباری ئەو پاڵنەرەدان، لەرێگەی ئامێری زاوزێکردنیانەوە پارێزگاری لەجۆرەکەی خۆیان دەکەن و لەپێناویدا قوربانی دەدەن.

سەیرکەن ئەو گەنجانە چۆن لەناوئیشدا دەچەمێنەوە، هەوڵ دەدەن خۆیان ماندوو دەکەن، یان رێ ی هاتونەهات دەگرنەبەر بۆ ئەوەی ژنیان هەبێ، یان بەژن بگەن و نەوەیان هەبێ.

سەیری هەزاران کیژ بکەن چۆن پەردەی شەرم و حەیایان پۆشیوەو ساڵەهای ساڵە چاوەڕوان گەنجێك لەدەرگای ماڵیان بداو بێ داوای هاوسەرگیری لێ بکات و ئارەزووەکانی تەسەل بکات و ببێ بەدایك، کۆرپەی لەباوەش بگرێ.

گەمەی پاڵنەری زاوزێکردن هەزار بەزمەیە لەهەر جۆرە زیندەوەرو دارو درەخت و گیاو رووەکێکدا بۆ خۆ تەسەلکردنی بەزمێکی جیا دەگێڕێ.

چیرۆکەکانی ئەو پاڵنەرە لە ئاقاری زیندەوەران و باڵندەکاندا سەرسوڕ هێنەرن، بۆ مانەوەی جۆرو بەردەوامبوونی ژیانی گیانلەبەران رکێفگیری جەڵەوی رەوشت دەکات و بەری نادات و بەرەو ئاکام پاڵی پێوە دەنێ.

سەیری ئەو جاڵجاڵۆکە مێینە بکەن کە لەناو تۆڕەکەیدا گرمۆڵەی کردووەو دۆش داماوە، دەڵێی دایکێکی داماوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی تاقانە ئازیزە دوور وڵاتەکەی دەکات، نێرە هاوسەرەکەشی لەدەرەوەی تۆڕەکەیدا چاوبڕکێ ی لەگەڵدا دەکات و وەك سۆفییەکی ڕەوشت پاك و بەرماڵ لەشان خۆی بۆی دەردەخات، دەڵێی ئەو گەنجە عاشقەیە، چاوەڕوانە دڵدارەکەی لەپەنجەرەی نازەوە خۆی پیشانی بدا. مێکە کەمەیلی کرد، نێرەکەی بچێتە ناو تۆڕەکەی، داوێکی بۆ شۆڕدەکاتەوە ئەوجا نێرەکە بەکاملی شەرم و ویقارەوە، بەو داوەکە وەك تەڕەزان بەژوور دەکەوێ و دەست لەملان دەکەن، مێینەکە، کەدەزانێ نێرەکە نقومی ناوخۆشی بووە، سەری لێ دەکاتەوەو دەیکروژێ نێرەکە گوێ ی لەسەرەکەی نییەو لەکاری خۆی ناکەوێ، دوای تەواوبوون مێکە جەستەی نێرەکە فڕێ دەداتە دەرەوە، مێکەش کە گرای نێرەکە لەسکیدا دەپترۆکێ سکی شەق دەباو بێچوەکانی دێنە دەرەوە.

نێرەکەش دەزانی ئەگەر دەرفەتی رزگاربوونی نەبوو دەبێتە قوربانی ئەو ژوانەی دڵدارەکەی.

وەها سروشت بۆ مانەوەی جۆرەکان ئەو گەمە بە پاڵنەرەکە دەکات، سەیری نێرو مێ ی کولە ـ جراد ـ بکەن لەپێناو تەسەلکردنی پاڵنەری جووتبوون و مانەوەی جۆرەکەیاندا چە قوربانییەك دەدەن، مێکە لەکاتی دەست لەملان و کەیل بوون سەری نێرەکە لێ دەکاتەوەو حەلۆشی دەکات، نێرەکە گوێ ناداتێ سەرێ لەپێناو ئەو جووتبوونەدا، دانەنرێ ئەی بۆچی باشە؟ دیارە ئەو گۆرانی بێژە کوردە کە دەڵێ:(سەد خەنجەرم لێ بدەن دەست لەمەمکان ناگوێزمەوە).

لەو کولەوە دەرسی وەرگرتووە، مێ ی کولەکە دوای ئەوەی نێرەکەی بانی کرد بەقوربانی، مەیل دەدات چەند نێرەیەکی ترو هەمان گەمەیان لەتەکدا دەکات.

بەرو بەرهەمی دارو درەخت ئامێری زاوزێ ی مانەوەی جۆرەکەیانن ئێمەی مرۆڤ بەو بەرو بەرهەمانە دەژین، بەری هەر دەرەختێ بگری بەوە زاوزێ دەکات و بەو پارێزگاری لەمانەوەی جۆرەکەی خۆی دەکات، تۆوەکەی دەوەشێنێ تا کوێ گەیشت لەوێدا سەوز دەبێتەوە، کەواتە خۆراکی ئادەمیزاد و هەندێ گیانلەبەران بەو ئامێرانەیە کە ئامێری زاوزێکردنی دارودرەختە.

تۆوی زاوزێکردنی گیاو ڕووەکیش بەهۆی هەواو شتی ترەوە بڵاودەبێتەوە، سەیر لەوەدایە ئەو بۆنە خۆشانە کە ئێمە بۆنیان دەکەین، ئەوە پژاندنی ملیۆنەهای ئەو گەردیلانەن کە تۆوی زاوزێکردنی ئەو رووەکەیە بڵاویان دەکاتەوە، ڕووەکە هاوجۆرەکانی خۆی پێیان متروبە دەکات، بۆ ئەوەی لەژیاندا هەر بەردەوام بن.

ئەو گوڵەی بوونی لەدوورەوە هەست پێ دەکرێ، ئەوە تۆوی ئامێری زاوزێیەتی وەك گەردیلەی نەبینراوە بەهۆی هەواوە لەشوێنانی تر بڵاویان دەکاتەو بۆ ئەوەیە مانەوەی جۆرەکەی خۆی بپارێزێ. [٤٠]

جوانیەکەشی بۆ ئەوەیە سەرنجی مەل و مێرو بۆلای خۆی ڕابکێشێ تا بێن لەسەری بنیشنەوە یان لە ئەشکەکەی هەڵمژن و بیبەن گوڵەکانی تری پێ موتربە بکەن.

ئا بەو شێوانەی باسمانکردن پاڵنەرەکان لە زیندەوەران و گیانلەبەرو گیاو ڕووەکدا هەر یەك بەرێگەی تایبەتی خۆی جۆرەکەی دەپارێزێ، لە ئاژەڵانی پلە باڵادا دەتوانێ خۆی لەتەك زرووفدا بگونجێنێ.

*        *        *

٤٠– بڕوانة: (مباهج الفلسفة ـ الكتاب الاول) ويل ديورانت ـ ترجمة ـ الدكتور أحمد فؤاد الاهوائي. لـ ١٦٤ ـ مطبعة الانجلو المصرية ـ القاهرة. سنة ١٩٥٥.

# زمان چۆن داهاتووه

## (١)

له کتێبەکانمدا هەندێ جار باسی زمانم کردووە، بەڵام باسی داهێنانی زمانم نەکردووە، لێرەدا بیروڕای زانایانی زماننناسان دەخەینەڕوو که چۆن دەرباری چۆنیەتی داهێنانی زمان ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕیووە.

زمان دەربڕین و دەنگدانەوەی ئەو شتانەیە که لەناو هۆشی مرۆڤدا سێبەر دەکەن، ئەو سێبەرە ماخۆلانێکه دەنگی شته سروشتیەکان دەداتەوە که بەرهەستی مرۆڤ دەکەون، واته مرۆڤ بەلاسایکردنەوەی دەربڕینی ئەو دەنگانەی ناو سروشت، له رۆژگارێکی درێژدا ئەو دەنگانەی لەیەك جیاکردوونەتەوەو ئاماژەی به دەنگی بەو شتانه داوە کەدەنگەکانیان لێ دەرچووە، دەنگی باوباران، باڕەو قاڕەی ئاژەڵان، خشپەو ترپەی هەنگاونان، گمەی پەلەوەرو زاقوزیقی بۆقی ناوزەلکاوان، کوخەو پرخەی خەو .. ئەمانه نموونەی دەنگ دەریڕینی سروشت و دەوروبەری مرۆڤن کەلێیانەوە فێری لاسایکردنەوەیان بووەو، ئەو لاسایکردنەوە بووە به بناغەی داهێنانی زمان، وەك ئەوەی منداڵ که گوێ ی له دەنگی دایك و باوکی و دەوروبەری دەبێ بەرێگەی چاویلێکەری و لاسایکردنەوەی ئەوان ئەو دەنگانه فێردەبێ وەك ئەوان بەکاریان دێنێ.

دەربڕینه سروشتیەکان دوو جۆرن:

جۆری یەکەمیان گوزارشت له سۆز دەدەنەوە وەك کرانەوەی نێو نیگا، یان کرژو گوشینی دەم و چاو و پێکەنین و گریان.

جۆری دووەم: ئەو دەربڕینه دەسکردانەن که لەدەربڕینی مەبەستدا یارمەتی زمان دەدەن و گوزارشت لەکۆمەڵە مانایەکی مەبەستدار دەدەنەوە.. هەندێکیان بەگوێ دەبیسرێن و هەندێ تریان بەچاو دەبینرێن، وەك ئەو شتانەی که لەسەر رێگاو لەکەناری ڕووبارەکان بۆ رێبینی دادەنرێن، یان وەك دەنگۆ و دەنگی کاتژمێرەکان.

ئەو دوو جۆرە بەپێ ی هەستەکان دووبەشن:

بەشی یەکەم: بەچاو هەستیان پێ دەکرێ، وەك سووربوونی ڕوومەتی کەسی عاشق لەکاتی چاوپێکەوتنی دڵدارەکەیدا، یان ڕووزەردی کەسێك کەتووشی مەترسی دەبێ یان شەرمەزار دەبێ.

بەشی دووەم دەربڕینە بیسراوەکان: واتە ئەو دەربڕینانە کە بەگوێ هەستیان پێ دەکرێ، وەکو پێکەنین، گریان و هاوارو قیژە، ئەوانە دیاردەی سروشتین، لەوانەوە مرۆڤ وانەی فێربوونی زمانی وەرگرتووە.

**(٢)**

## زمانی ئاماژەکان

زانایانی ئەنتۆگرافیا، پێیان وایە پێش پەیدابوونی زمان بەو میتۆدەی کە ئەمڕۆ بەکاری دێنین و نەتەوەکانی پێ جیادەکەینەوە، ئەم زمانە بەو قۆناخەدا کە پێی دەوترێ (زمانی ئاماژەکان) تێپەڕیووەو ئەزموونی لێ وەرگرتووە، ئەوەتا تا ئێستاش لە ئاخاوتنەکانماندا کۆمەڵێ ئاماژە بۆ دەربڕینی مەبەستەکانمان بەکاردێنین، ئەو ئاماژانە یارمەتیدەری زمانن لە بەرجەستەکردنی ماناو مەبەستەکاندا.

بەرای زانایانی زمان بێ زمانی ئاماژە قۆناخێکی درێژخایەنی تێپەڕاندنووە کە تەنیا هەر خۆی زمانی پەیوەندی و لەیەکتری حاڵی بوون بووە، ئەوەتا هەتا ئێستاش لەلایەن هەندێ لەهۆزە ڕەسەنەکانی ئەمریکا و ئوستورالیا و ئەفەریقیاوە پەیوەندیان بە زمانی ئاماژەیە.

یەکێك لە زانایانی ئەنتۆکرافیا نموونەیەك بۆ زمانی ئاماژە دێنێتەوەو دەڵێ: (ئەگەر تووشی یەکێك لە هیندیە سوورەکانی ئەمریکا بووم ـ ئەوانەیان کە زمانی ئاماژە بەکاردێنن ـ ویستم بەزمانی ئاماژە پێ ی بڵێم: ئایا شەش گالیسکەت نەدی؟ کە (گا)

ڕایان دەکێشان و شەش ڕاندنیان هەبوو سیانیان مەکسیکی و سیانەکەی تریان ئەمەریکی بوون، یەکێك لەوانە سواری ئەسپەکەی ببوو..

ئاماژە بۆ خودی ئەو کەخۆی دەکەم مەبەستم خۆیەتی، ئەوجا ئاماژە بۆ چاوی دەدەم مەبەستم (دیتنیەتی) ئەوجا پەنجەکانی دەستی ڕاستم و پەنجە گەورەی دەستی چەپم دەکەمەوە لەڕوویدا ڕایان دەگرم مەبەستم (شەشە) ە، ئەوجا بەهەردوو پەنجەی درێژی هەردوو دەستم بازنەیەك دروست دەکەم و بازنەکە دەجوولێنم مەبەست ڕۆیشتنی گالیسکەکانە، ئەوجا هەردوو دەستم دەنێمە سەر هەردوولای سەرم مەبەستم گای قۆچدار ــ شاخدار ــ ە، ئەوجا سێ پەنجەم درێژدەکەم و دەستم دەخەمە ژێر چەناگەم و پەنجەکانم شۆڕدەکەمەوە مەبەستم ڕیش درێژی (سێ مەکسیکییەکانە) ئەوجا بەسێ پەنجە لەراستەوە بۆ چەپ تەوێڵم دەسڕم، مەبەستم زەرد هەڵگەڕانی نێوچاوانی (سێ ئەمەریکی) یەکەیە، ئەوجا پەنجەی درێژی دەستی راستم رادەگرم و پەنجەی درێژی دەستی چەپم دەخەمە سەری مەبەستم (یەك پیاوە سواری ئەسپە). (٤١)

بەلای ئەو زاناوە کە ئەو پرسیارەی لەوکەسە کردووە کە تەنیا زمانی ئاماژەی زانیوە، دەڵێ: کاتی حاڵی کردنی ئەوکەسە بەو کورتە چیرۆکە هەر ئەوەندەی کات بردووە کە ئەگەر بەزمانی ئاسایی حاڵیت بکردایە.

ئایا موفرەداتی ئەو ئاماژانە لەنێوان هەموو ئەندامانی ئەو هۆزانەدا کە زمانی ئاماژە بەکاردێنن وەك یەکن وەکو یەك لێیان حاڵی دەبن؟.

## (٣)

گشت گیانلەبەران لە دەربڕینی سوزیاندا وەك مرۆڤن، ئەوەی ماخۆڵانی جەستەیی و دەروونیان هەیە وەك لەپێشەوە وتمان دەربڕینەکانیان چە بینراوبن چە بیسراو چوون یەکن.

---

٤١– بڕوانە: (نشأة اللغة عند الانسان والطفل) ـ الدكتور علي عبدوالواحد وافي ـ ل. (١١ـ ١٢) الطبعة الاولى ـ ١٩٤٧ ـ دار الفكر العربي ـ القاهرة.

ئەو دەربڕینانە کەبەر هەستی بینین دەکەون نموونەیان وەك ئەو دەربڕینانەی زیندەوەرانن کە لەحاڵەتی هەستکردن بە برسیەتی و تینویەتیدا دەری دەبڕن، یان لەدۆخی خۆشی و ناخۆشی یان لەکاتی هەستکردن بەئارام بوون و دڵ تەنگی و تووڕەیدا خۆیان دەردەبڕن و دەبینرێن، بەڵام هەریەك بەجۆرێ خۆی دەری دەبڕێ، وەك چاو زەقکردنەوەو قیتکردنەوەی گوێ و چیڕکردنەوەی کەڵبەو ڕاوەستاندنی تووکی لەش و خۆکیفکردنەوەو هەڕاکردن و خۆشاردنەوە.

هەندێ لە دەربڕینەکان بە بیستن هەستیان پێ دەکرێ وەك:

بۆڕاندنی گاو مانگا، حیلەی ئەسپ و ماین، یان مرخاندنیان لە کاتی ئالف

خواردنیاندا، زەڕینی کەر، نەڕەو زیڕاندنی شێر، لوورەی گورگ وەڕینی سەگ، میاواندنی پشیلە، گیزەی مێشوولەو مڕینی بەرازو قیڕاندنی بۆق و زریکاندنی مشك و قاسپەی کەو و جریواندنی چۆلەکەو هۆشاندنی مارو چیریکەی بولبول و گماندنی کۆترو قوقاندنی کەڵەشێرو گیزەی مێشولەو باڕەی مەڕوبزن...

ئەوانە هەموو ئەو دەربڕینە سروشتیانەن کە زیندەوەران وەکو زمانی حاڵیان دەریان دەبڕن.

ئاژەڵانیش وەکو مرۆڤ بە ئاماژەی بینراو، بەخواستی خۆیان ئەوەی دەیانەوێ بە ئاماژە دەری دەبڕن، بەتایبەتی ئەو گیانلەبەرانە کە بەکۆمەڵ دەژین.

بۆ نموونە ئاسك کە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن، نێرەکەیان پێشیان دەکەوێ، کە بیەوێ ڕاوەستێ بەسەر ئاماژە بە گروپەکەی دەدا راوەستێ هەر یەك لەشوێن خۆی رادەوەستێ قازی قوڵنگ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن سەرقافڵەکەیان ئاماژەی فڕین و دواکەوتنی بە گروپەکەی دەدات، بە ئاسمانەوە بە قەتار یەك لەدوای یەك دەفڕن، شوێن سەرقافڵەکە دەکەون، بەدەنگ تا ئاگاداریان دەکاتەوە کەدابەزن و بنیشنەوە، کەنیشتنەوە لەدوورەوە چاودێریان دەکات و ناخەوێ، ئەگەر بخەوێ لەسەر یەك قاچ دەخەوێ بۆ ئەوەی ئەگەر کەوتە ناوشێرین خەوەوە بکەوێ و بە ئاگابێت، کە ویستی بڕۆن باڵی بەیەکدا دەدات واتە فڕین.

هەروەها هەندێ سەگ هەن بەسەرو نوزە نوز ئاماژە بە خاوەنەکانیان دەدەن کە برسیانە، ئەو دەفرەی کە خواردنی بۆ تێدەکرێ و دەیخوات هەڵگیرو وەرگێڕی دەکات ئاماژەیە کەکاتی ژەمە خواردنی هاتووە.

سەرجەم ئەو دەربڕین و ئەو ئاماژانە کە گیانلەبەران دەریان دەبڕن ناگەنە ڕاددەی وشەیەکی زمانی ئادەمیزاد کە بڕگەدارەو قالبە بۆ مانایەکی تایبەت و دەلالەتێکی زەمەنی دەگەیەنێ، بەڵێ ئەو ئاماژانە دەنگدارن و لەوشە دەچن بەڵام لەخواستێکی پەسەندەوە دەرناچن بەڵکوم خۆڕسکین و ناگۆڕدرێن، کەچی وشەی زمانی مرۆڤ بە فێربوونەو دەلالەتی زەمەنی لەخۆی دەگرێ و ڕۆنانی وشەی دیکەی لێ دەبێتەوە.

**(٤)**

نهێنی داهاتنی زمان دەگەڕێتەوە بۆ هاتنەئارای کۆمەڵگای ئادەمیزادو پێکەوە ژیانی کۆمەلایەتی.

ئەگەر کۆبوونەوە ئەندامانی کۆمەڵ و بەیەکەوە ژیانیان و هاوکاری نێوانیان و هەوڵدانی لەیەکتری حاڵی بوونیان نەبوایە زمان دروست نەدەبوو.

کەوابێ زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زێدەی کۆمەڵگایەو پێویست بوونی ئەندامەکانی هەر یەك بەوانی دیکەو لەیەکتری تێگەیشتن زمانی داهێناوەو گەشەی پێداوە.

ئەوەی زانایانی زمانی بەخۆیەوە خەریك کردووە چۆنیەتی داهێنانی زمان نییە لەخودی خۆیدا، بەڵکو ئەوەی ناکۆکی لەبیرو بۆچوونی ئەواندا دروستکرد ئەو هۆکارانەبوون کە وایانکرد دەنگی وشەکانی زمان بڕگەداربکات، بەو بڕگانە وشەکان لەیەکتری خۆیان جیابکەنەوەو هەر وشەیەك مانای خۆی لە ئەستۆبگرێ و بیسەرانی وەك یەك لەچەمکی ماناکەی حاڵی بکات.

چوار تیۆری سەرەکی هەن باس لەوە دەکەن کە ئایا هۆکارەکانی داهێنانی زمان چی بوون و چۆن هاتنەئاراوە:ـ

**(تیۆری یەکەم)** پیێ ی وایە زمانی مرۆڤ بەخشندەیەکی خواییەو ئەو بەرێگەی سرۆش لە دڵی ئادەمیزادی ناوە کە بەو جۆرە ئاخاوتن بکات.. ئەم تیۆرە هیچ بەڵگەیەکی ئاقڵانەی نییە پشتی پێ ببەستێ.

ئەم تیۆرە دراوەتە پاڵ فەیلەسووفێکی یۆنانی کەناوی هێراکلیت ـ Heraclite ـ بووە.

لەسەدەکانی ناوەڕاست هەندێ زانای موسڵمان باوەڕیان بەو تیۆرە هێنابوو کە گوایا زمان شتێکی خوایەو ئەو بە سروش مرۆڤی فێری زمان کردووە، ئایەتێکی قورئان دەکەن بە بەڵگەی ڕاکەیان کە دەفەرمێ (وعلم أدم الاسماء کلها).

ئەوانە بە پیێ ی تیۆرەکەی هێرا کلیت ڕاڤەی ئایەتەکەیان کردووە.

(۱) سورە البقرە ـ ئایەتی (۳۱).

لەراستیدا ئەو ئایەتە ئەوە ناگەێنێ کە ئەوانە بیریان لێ کردووەتەوە، ئایەتەکە ئەوە دەگەێنێ خوا تواناى بە ئادەمیزاد داوە فێری هەموو ناوێك ببێ.

**(تیۆری دووەم)** ئەم تیۆرە وادەزانێ زمان دانانی کەسانێکە کە لەشوێنێکدا کۆبوونەتەوە ناویان بەگۆترە بۆ شتەکان داناوە، لەدانانی ئەو ناوانەوە زمان پەیدابووە، بۆچوونی ئەم تیۆرە لەبارەی پەیدابوونی زمانەوە بۆچوونێکی بێ ماناو بێ سەروبەری وایە کەبەر هیچ یاسایەکی کۆمەڵایەتی و سروشتی ناکەوێ.

بەلای ئەم تیۆرەوە چەند کەسێکی زانا لەشوێنێکدا بۆ دانانی زمان کۆبوونەتەوە هەر جارێ چەند شتێکیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ ئەوەی ناویان لێ بنێن، بۆنموونە کەسێکیان بۆناو لێنان بردووە، وتوویانە با ئەوە ناوی (مرۆڤ) بێ، ناویشیان بۆ ئەندامەکانی لەشی ئەو مرۆڤە داناوە، ڕوانیویانە بۆ چاوی وتوویانە با ناویان چاو بێ هەروەها ناویشیان بە باڵای ئەندامەکانی مرۆڤدا بڕیووە، جا ئەگەر وابێ دەبوایە ناوی مرۆڤ لەهەموو زمانەکاندا هەر مرۆڤ بێ! هەروەهاش شتەکانی تریش ئەوکات دەبوو یەك زمان هەبوایە!.

ئەم تیۆرە وەك کەپرە شینەکەی لەپووش سەرگیراوی بەر رەشە وایە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم تیۆرە لەلایەن پیاوە ئاینیەکانەوە رەواجی پێدراوە.

**(تیۆری سێیەم)** ئەم تیۆرە پێ ی وایە: داهێنانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (مەگێزە ـ الغریزە ) سروشتییە کەلەهەموو کەسێکدا هەیە، گوایا ئەو مەگێزە بووە پاڵی بە ئادەمیزاد ناوە ئەوەی بەر هەستی کەوتبێ یان بەخەیاڵیدا هاتبێ بەوشەی سەر زارەکی دەری بڕیوە، هەر وەك چۆن ئەو مەگیزە لەحاڵەتی هەست بەسۆزو ماخۆڵان دەروونییەکاندا وەك توورەبوون و ترس و خۆشی و ناخۆشیدا کاردەکەنە سەر مرۆڤ و لەڕوومەتی و دەم و چاویدا دەیاندرکێنێ یان رەوشتی ئاسایی لێ تێك دەدەن، هەر ئەو مەگێزەیە پاڵی بەمرۆڤەوە ناوە زمان دابێنێ.

ئەو مەگێزە چونکە لای هەمووکەس چوون یەکە لەدەربڕیندا یەك مەبەستی هەیە، بۆیە شێوەی دەربڕینەکانی لای هەمووان یەك فاکتەرە، بەڵام دەربڕینەکەی لای نەتەوەکان دەچێتە ناو ڕەنگ و روخساریانەوە بۆیە هەر نەتەوەیەك زمانی خۆی هەیە.

**(تیۆری چوارەم)** ئەم تیۆرە دەڵێ: لاسایکردنەوەو چاولێکەری ئەو دەنگانە کە لەسروشت و دەوروبەریان ئەو دەربڕینە دەروونیانە کە بەرگوێ ی مرۆڤ دەکەون وەك دەنگی گیانلەبەران و دەنگدانەوەی ئەوکارانە لەکاتی ئەنجامدانیاندا وایان کردووە بەلاسایکردنەوەیان زمان پەیدابێ ببێ.. نموونەی ئەو دەنگانە کە لەسروشتەوە بەرگوێ دەکەون وەك هاژەی قەڵبەزەو گرمەی هەورو شریقەی هەورە بروسکەو خشەی پەلکەدارو جیڕەی دەرگاو گڵپەی ئاگرو..

ئەوانە سەرچاوەی ئەو سرۆشەبوونە کە مرۆڤیان فێری لاسایکردنەوە کردووە، مرۆڤ بە دەنگەکانیان ئاماژەی بە سەرچاوەی دەنگەکان داوە، هەر ئەوانە بوونە مرۆڤیان هەڵناوە دەنگەکان بڕگەداربکەن، لەسەرەتادا زمان وەك ژیان سادەو ساکاربووەو موفرەداتی کەم بووە، بەڵام کە مرۆڤ بەرەو شارستانییەت هەڵکشاوەو هزری کراوەتەوەو ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕدراوە پێداویستی نوێ ی هێناوەنەتە پێشەوە، زمانیش شان بەشانی ئەو ئاڵوگۆڕانکاریانە هاتووەو پەرەی سەندووە.(٤٢)

---

٤٢– بڕوانە (نشأة اللغة عند الانسان والطفل) (الدکتور علی الواحد الوافي). ل ـ ٢٣ ـ ٣٤ سنه ١٩٣٤. لەنووسینی تیۆرەکانی زماندا لەو سەرچاوە سوودم وەرگرتووە.

بەڕای ئەم تیۆرە زمان لەرێگەی لاسایکردنەوەی دەنگەکانی ناو سرۆشت و بەهۆی چاولێکەری دەنگی دایك و باوکییەوە فێری زمان بووە.

لەناو گەلێ زماندا برێ و شەهەن دەنگیان لەدەنگی ئەوشتانە دەچن کەدەلالەتیان لەسەر دەکەن، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە پەیدابوونی زمان لە دەنگەکانی دەوروبەریەوە هاتووە ئاراوە.

**(٥)**

منداڵ کەلەدایك دەبێ فێربوونی هیچ زمانێکی تێدا هاویشتە نەکراوە، ئەوەش ڕاست نییە کەهەندێ زماننناس ئەجیای ئەوەیان کردووەو دەڵێن گوایا منداڵ بە زکماکی ئامادەگی زمانێکی تایبەتی بۆ دانراوە !.

منداڵی ئادەمیزاد جیا لەبەچەی هەموو زیندەوەران توانای هەموو جۆرە فێربوونێکی هەیە بەتایبەتی زمان کەجۆری مرۆڤ لەناو هەموو زیندەوەراندا بەزمانەوە ناسراوە.

منداڵ کە لەدایك دەبێ دەگری، گریان دەنگە، دەنگێکی گشتییە، منداڵ وەك بەچەی گیانلەبەرانی دیکە نییە، پێویستی بەنگابانی هەیە، بەگریانەکەی ئاگاداری دەدا کەلەژیاندایە، هەم ئاگاداری دەدا کەپێویستی هەیە، یان برسیەتی یان ئازاری هەیە یان شتێکی تر، زمانی پاشەرۆژی ئەو منداڵە لەو دەنگە گشتییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو دەنگە گشتییە کە لەگریاندا بەرجەستەیە وەك ئەو ڕووبارە وایە کەسەرچاوەی ئاوەکەی ئەو هەورەیە کە بەئاسمانەوەیەو لەمە دەبێتە باران و بەسەر زەویدا دەبارێ بەیەکگرتنەوەی دڵۆپەکانی جۆگەکان پڕ لە ئاو دەکەن بەیەکگرتنی جۆگەکانیش ڕووبارەکە دروست دەبێ، دەنگە گشتییەکەی منداڵیش وەهایە، بەچەند قۆناخێکدا تێدەپەڕێ ئەوجا دەبێتە زمان، قۆناخەکان ئەمانەن:

**١ـ قۆناخی گڕوگاڵ:** دەنگە گشتییەکە دەمێنێ وەلێ گروگاڵی لێ جیادەبێتەوە، گروگاڵ دەنگێکی غەمخەمەدارە، منداڵ بە دەربڕینی ئارەزووی دەکرێتەوە، بۆیە حەزدەکات زوو زوو دووپاتی بکاتەوە.

**٢ـ سازدانی پیتی دەنگدار:** پاش گڕوگالْ یان هەر لەوەوە جۆرە دەنگێکی جیا دێنەناو گڕوگاڵەکەوە چوون دەربڕینی دەنگی پیتە دەنگدارەکان بن وەهانە وەك پیتی (ئائا، وو، ی ی )یە.

لەو دەنگانەوە دەنگی پیتی بێ دەنگیش دەکەونە سەر زمانی منداڵ وەك دەنگی پیتی: (ب ، ت ، د).

**(٦)**

مرۆڤ بەزمانەوە ناسراوە، بەهۆی زمانەوە شارەستانییەتی پێك هێناوە، یەكێك لەسوودەکانی ئەوەیە بەهۆی ئەوەوە زنیارییە دەسکەوتەکانی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەی دەگوێزێتەوە، چی پەندو حیکمەت و ئەزموونی رابردووان هەیە وەك خۆیان پارێزگاریان دەکات و لەتەك زانست و تەکنەلۆجیای سەردەمدا بۆ پاشینانی نەتەوەکەی ڕەوانەیان دەکات و بەوجۆرە پاڵ بەڕەوڕەوەی ژیانە دەنێ و بەرەو پێشەوەی دەبات و ناهێڵێ ڕەوتی گۆڕانکاری ڕاوەستێ.

بەهۆی زمانەوەیە ئەندامانی ناو خێزان و تاکەکانی ناو کۆمەڵ لەیەکتری حاڵی دەبن و هاوکاری یەکتری دەکەن , ژیانی ئاسوودەییان بۆ دابین دەبێ. هەروەها میللەتانی ئەم سەر زەمینە زمان لەیەکتری نزیکی کردوونەتەوەو وەك یەك کۆمەڵگای لێ کردوون.

کەواتە زمان ئەو دەفرەیە کەدەبێتە گەنجینەی پاراستنی هەموو هەست و سۆزو هۆشکاریەکی مرۆڤ بە وردو درشتیانەوە، بەکۆن و نوێیانەوە.

*   *   *

## چاوی بەد .. ئەفسانەی چاو

**(١)**

لەئاخاوتنی کوردیدا گەلێ باسی خورافیات دەکرێ یەکسەر ئەفسانەو داستان و بەر زەین دەکەون، ئەفسانە ئەو چیرۆکە خورافیانەن کەبەرگی ئاینییان لەخۆ ئالآندووە، داستانیش چیرۆکن خۆیان دەبەنەوە سەر ڕووداوە مێژوویەکان.

ئەو میللەتەی مێژوویەکی دێرینی هەبێ و بەسەر رۆژگاری پڕ بەتەگەرەو کۆسپدا تێپەڕی بێ و ڕووبەڕووی چەندان ری ێ ی هات و نەهات بووبێتەوە، مێژووی ئەو میللەتە پڕ بە ئەفسانەو داستان بووە، بۆیە وتراوە مێژووی میللەتی بێ ئەفسانەو داستان مێژووێکی ڕووتوقوتەو پشتی پێ نابەسترێ.

ئەفسانەو داستان قەتماغەی ئەو برینە قووڵانەن کە کارەساتە گەورەکان لەقوڵایی ئەو برینانەدا نیشانەی بوونیان لەوێدا خامۆشکردووە، لەپەنای ئایندا لە ئاسانەی مێژوودا خۆیان پەناداوە، لەداوێنی ئەواندا خۆیان گەیاندووەتە ئەمڕۆ.

واتە خۆیان ئاشنای ئەو لاینانە کردووەو بەوانەوە ئالاون، بۆیە ئەستەمە کەسانی ئاسایی ناشارەزا ئەفسانەو داستان لە ئاین و مێژوو جیابکەنەوە، هەندێ جاریش یارمەتی تێپەڕاندنی ئەو لایەنە دەدەن.

بوونی ئەفسانەو داستانی تایبەت بەهەر نەتەوەیەك ئەوە دەردەخات کە دیرۆکی ئەو نەتەوە لەناخی مێژوویدا گەلێ چووەتە خوارەوە بەئاسانی کنەناکرێ و نایەتە ناساندن.

لەهەر شوێنێك داستان چەکەرەی کێشابێ هەڵبەتە لەو شوێنەدا کارەساتی واڕووی داوە رۆژگار نەیتوانیوە پەردەپۆشی بکات.

پەناگەی خۆ حەشاردانی ئەفسانەو داستان و ناو مێشکی ئەو خەڵکانە بووە کەچێژی زۆریان لەچیرۆکی ئاینی و دیرۆکی وەرگرتووە، هەمیشە بەوان دڵنەوایی خۆیان

داوەتەوەو بەوان تینیان بەژیانیان داوە، کەواتە مێشکی ئەوکەسانە ئەو دەفرەبووە کە ئەو دووسامانەی پاراستووە، بۆیە ماوەتەوە چونکە لەناو مێشکیدا خۆی لە قاڵبی چیرۆك ناوەو بووەتە یادەوەرییەکی پێشینانی نەمرو نەوازە، چەند کاریگەرە یەکێك وتەبێژ بێ، لەقاڵبی چیرۆکدا وتەکانی بخاتەڕوو، بەتایبەتی چیرۆکی ڕووداوەکانی پێشینان بێ و بەخەیاڵی رەنگین گوڵ چنی بکات و کۆڕی دیوەخانەکان و جڤاتی پیاوماقوڵانی پێ ساز بکات.

ئەو داستان و ئەفسانانە وەهابوونە، بۆیە ماونەتەوەو بوونەتە شاهیدی ڕووداوە مێژووییەکان.

**(٢)**

ئێمە لەدایك و باوك پێشینانمانەوە، لەڕێگەی بیستنی چیرۆکەکانی بەر ئاگردان و جڤاتەکانی دیوەخانەکانەوە چیرۆکی کورت و درێژمان بیستوون کە پڕ لەڕووداوی سامناك و دڵتەزێن بوون، لەناو پاڵەوەنانی ئەو چیرۆکانەدا کەسانی نەبەزو دلێر هەبوون، دڵمان پێیان خۆش دەبوو، وامان دەزانی کە دژ بە ئەو دێو و درنج و گۆمەتانەی ناو ئەو چیرۆکانە کە دەجەنگێن بۆ ئێمە دەجەنگێن و دوژمنانمان لێ دوور دەخەنەوە بۆیە خۆشمان دەویستن دەمانکردن بەنموونە، ئەو دێوو درنجە سامناکانەش کەخۆیان بۆ نەمانی مرۆڤ مەڵاس دابوو، ئەوانە دوژمنن و دەمان ترسێنن خۆشمان نەدەویستن و ترسیان لە دڵماندا دەچاند، فرەتری کەسانی ناو چیرۆکەکان ئەو جۆرە دەعبایانەبوون کە سەرچاوەی ترس و لەرزبوون، ترسەکەیان بەسەر هۆشدا زاڵ دەبوو، دەبوو بەخەون و خەیاڵ کاری لە ڕەوشتی ناوەوەو دەرەوەمان دەکرد، هەتا ئێستاش تارمایی ئەو دیوو دەعبایانە لەناو هۆشماندا ماون، زانست و زانیارییەکانمان نەیان توانیوە تارماییەکان بسڕنەوە.

ئەو میوانانە کەبەشەو دەهاتنە ماڵمان لەڕووی سوحبەتەوە باسی شەولەبان و گدە بۆرەی بەردەرگاو دیوی خاون کانی و کارێزەکانیان بۆ دەکردین، تارمایی ئەوشتانە لە

ئێمەی منداڵدا دەمایەوە، دەترساین بەشەودا لەسەربان دیو هەبن یان لەبەر دەرگاو حەوشەدا بەشەو دەعبای سامناك هەبن.

که مێوانەکان پایە دۆستیان دەکردو دەڕۆیشتن، ترسیان بۆ ئێمە بەجێ دەهێشت، بەشەو لەترس شەو لەبان و گدە بۆرەی بەر دەرگا نەمان دەوێرا بچینە دەرەوە، دایکم دەیووت: مەترسێن ئەوە ئەوانە سووحبەتیان کرد، مەبەستیان لەشەو لەبان بانگردێنەکەی سەربانە، گدەبۆرەش کوندەی سەر هەرزاڵەکەیە.[٤٣]

بەدڵدانەوەکەی دایکم ترسەکەمان هەندێ کاڵ دەبووەوە، بەڵام ترسی دێوە خاوەن کانیاو کارێزەکان وەك خۆیان دەمانەوە.

داستان و ئەفسانەکان لەگەڵ ئەو وردەشتانەدا یەکتریان دەگرت و دەبوونە سەرچاوەی ترس.

من بەمنداڵی گوێگرێکی سەلاری ئەو چیرۆکانەبووم کەترسیان لە دڵی منداڵاندا دەچاند.

بڕواتان هەبێ من تائێستاش لەسەروچاوەی کانیاوەکان و کارێزەکان دەترسم ـ لەکاتێکدا بڕوام بو خورافات نییە ـ کەبەلای ئەو شوێنانەدا تێدەپەڕم چاو دەگێڕم بزانم دێوی لێ نییە !.

گەلێ جار لەخەونەکانمدا دەیان بینم، ڕاوم دەنێن، خەونەکانم لێ تێك دەدەن، نازانم چییان لێم دەوێ؟!.

## (٣)

کەلتووری کوردەواری پڕە لە ئەفسانەی هەمەجۆر، هەربەشێکی بیگری شایەنی لێکۆڵینەوەیەو هەڵهێنانی ئەو نهێنیانەیە کە لە دێرین رۆژگارەوە هێناونی و لەناو ئەدەب و هونەرو داب و نەریتەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

---

٤٣– جاران لەسەربانی هەر ماڵێك بانگردێن بۆ گوشینی سەربان هەبوو. هەر ماڵێکیش کوندەی ئاویان هەبوو لەسەر هەرزاڵ دایان دەنا، کوندە لەپێستی بزن دروست دەکرا.

یەکێك لەو ئەفسانانە چاودانە کە بەچاوەزار ناسراوە، بڕواناکەم خێزان لەم کوردەواریەدا هەبێ نەزانێ ـ چاودان ـ یانی چی؟.

لەو رۆژەوە کەمندالێ دەبێ چە نۆبەرە بێ و چە تاقانە چە کوڕ بێ چە کچ، بەپێ ی بیروڕای خەڵك سەبارەت بەچاوەزار ئەو منداڵە بەوەی کەباوە لەچاوی چاوداران و کەسانی ڕژدوو بەخیل دەپارێزرێ!.

گوایا رێگە باوی پاراستنی مندالێ لەچاوی چاوداران لەدەڤەرەکاندا کەمێ جیاوازی تێدا هەیە بەڵام هەموویان لەم شتە باوانەی خوارەوە یەك دەگرنەوە:

مندالێ بەتایبەتی ئەگەر کوڕ بێ جگە لەدوورخستنەوەی لەکەسانی رژدوو ئوجاخ کوێر، ئەو منداڵە کەپێڕەوکە دەبێ، رشتە موورێیەکی کورت کەسەری بە کووژەکەیەك یان موورێیەکی شینی سەرنج ڕاکێشی جیا لەمووریەکانی تر، بە قۆپچەکەیەوە دەکەن یان بە مۆم بە پرچییەوە دەبەستن و بەسەر تەوێڵیدا شۆڕی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی کەسە چاودارەکان کە بۆ ئەو منداڵە دەڕوانن یەکسەر ئەو کووژەکەو ئەو موورِیە شینە سەرنجیان ڕابکێشێ، بەوە، ئەو هێزە نەگریسە کە لەچاویانەوە دەردەچێ لەوان بکەوێ و لە منداڵەکە دوور بکەوێتەوە.

چاوەزاری کیژان ملوانکەیەکە لەملی دەکەن پێ ی دەوترێ: (لەپکەشینە) لەناوەراستیدا موورێیەکی شینی بازنەیی پێوە دەکەن و لەناوەڕاستی گەردنیدا دادەنرێ، بۆ ئەوەی سەرنجی چاوداران بۆلای خۆی ڕابکێشێ و کاریگەریەتی چاوە پیسەکان پووچەڵ بکاتەوە.

هەندێ جار بۆ چاو و نەفەس لای مەلا نویشتەی چاوەزار بۆ مندالێ دەکەن و بە مۆم دایدەپۆشن و لەبەرگی دەنێن و بە نێوچاوانی منداڵەکەوە هەڵی دەواسن یان بە قۆچکەکەیەوە دەیدوورن.

ئەمە نموونەیەکی سادەبوو لەبارەی چۆنیەتی پاراستنی منداڵەوە لەچاوی حەسوود.

ئەم پرسی چاوە لەناو خەڵکدا ئەوەندە پەرەی سەندووە لەخورافەوە چووەتە ناو حەقیقەتەوەو لەتەك باوەڕداری ئایندا خۆی گونجاندووەو تێکەڵ بەگەلێ وارو بارەی ژیان بووە.

بۆ نموونە: ئەوەی خانووبەرەیەکی بەرچاوی هەبێ، بۆ ئەوەی لەچاوی حەسوود دووربێ خاوەنەکەی پارچە (قولْپێك) ی شینی بازنەیی بەسەردەرگای دەرەوەی خانوەکەیدا هەڵدەواسێ، ئەو قولْپەشینە لەبازاڕدا دەفرۆشرێ. بۆ ئەوەیە ئەو قولْپەشینە تیری چاوی حەسوودەکە بۆلای خۆی ڕابکێشێ و لەخانووەکە دووری بخاتەوە!.

**(٤)**

پرسی چاوی بەدو نەگریس و خۆ لێ لادانی هەر لەناو خەڵکی سفیلی کوردەواریدا نەبووە، بەڵکو شاعیرە کۆن و نوێکانیش بڕوایان بەکاریگەری چاوی بەد هەبووەو لەناو شیعرەکانیاندا نەك هەر ڕەنگی داوەتەوە بەڵکو پەککەوتن و بەئاوات نەگەیشتنیان لەبواری ژوانی دڵدارەکانیاندا خستووەتەسەر ئەستۆی چاوی بەد، ئەو بۆچوونەیان نەك هەر شیعرەکانیانی رەنگ رێژکردووە بەڵکو زیادە لەوەش گۆشەیەکی شیعرەکانیانی پڕکردووەتەوە.

هەر بۆ نموونە: ئەوەتا یەکێکی وەك نالی دەڵێ:

چاوەکەت ئاگر لەسینەی عاشقی مسکین دەکا

مەستە مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا. (د ، ن ــ ل ١١١)

یان دەڵێ:

رەقیب و مودوعی فیتنەو عەلاقەی چاوی جادوتن

لەگۆشەی گوشەوارەت نائیبی هاروت و ماروتن. (د ، ن ـ ل ٣٢٦)

یان مەحوی دەڵێ:

(لەچاوی بەد خوا حیفظی بکا ئەو شۆخە سەرمەستە

سەریش ئەبڕێ، سەریشی لێ دەدا هەی هەی چ سەربەستە) (د ، م ـ ل ٢٦٤)

مەولەوی شاعیر لەبارەی چاوی بەدو نوێشتەوە پرسی چاوی بەد بە ناوشیعرەکانیدا دەخاتەڕوو کە پەیوەندی بە ئەفسانەی چاوەوە هەیەو بەندە بە ئەفسانەی میللەتانی دیکەوە، کە ئەو خەیاڵەی مەولەوی لەو بارەوە دەخەیتە بەرهۆشت خەیاڵت وێنای

ئەفسانەی میللەتانی تر دەکات، یەکێك لە کچە بەگزادەکانی جاف نامە بۆ مەولەوی دەنێرێ و گفتی دەداتێ کە سەردانی بکات، بەڵام بۆی ڕێك ناکەوێ.. نەوازش بۆ مەولەوی دێنێتەوەو داوای لێکردووە نویشتەی چاوەزاری بۆ بنووسێ و بۆی ڕەوانەبکات.

مەولەویش ئەم پارچە شیعرەی خوارەوەی لەجیاتی نویشتەکە بۆ دەنێرێ و دەڵێ:

**(دەرد وەبانی دەرد زامانی کاری**

**گرد جەلام جەم بی، یە تەریف باری)**

**تا لەدوایی پارچە شیعرەکەدا دەڵێ:**

**(ئینە عادەتێن وەظاهر ئامان**

**وەرنە ئەی سەرخێڵ نازك ئەندامان**

**تۆ ئیند نازکیت جەحەد و یەردەن**

**بینایی خەیاڵ ڕاگەش گوم کەردەن**

**صەفات خەجاڵەت دان وەجامی جەم**

**دیدەی بەد مەرعەکسی وێش بدێو و وەچەم**

**دیدەی بەد دەردش نادیاری بۆ**

**جەکۆ موینۆت تالێت کاری بۆ؟)‌. (د ، م ــ ٢٣١)**

واتە پرسی چاوەزارو نویشتە نووسین نەریتێکی کۆنە، دەنا ئەی سەرخێڵ تۆ ئەوەندە نازکیت هەر خەیاڵێك بیەوێ وێنات بکات، پێ ی ناکرێ و ڕێگەی لێ گوم دەبێ.. تۆ ئەوەندە ناسك و بێگەردی جامی جەم لەئاست تۆدا شەرمەزارە، دیدی بەد کەبۆ تۆ دەڕوانێ لەناو ئاوێنەی بێگەردی تۆدات وێنەی خۆی دەبینێتەوەو لەخۆی کار دەکات.

**(٥)**

چیرۆکی (میدۆزا) چیرۆکێکی گریکییەو باسی ئەفسانەو کاریگەری چاو دەکات.

(میدۆزا) دوو خوشکی هەن بەهەرسێکیانەوە یەك چاویان هەیە، بەو چاوە بۆ هەرکەسێ بڕوانن دەیکەنە بەرد.

(منیرڤا) کەیەکێك دەبێ لە خواوەندەکانی یۆنان، لەپەرستگایەکدا بەسەر (میدۆزا) دا دەچێ کەخەریکی داوێن پیسییە، منیرڤا لەسەر ئەوکارە پیسەی میدۆزا لەپەرستگادا لێ ی توورە دەبێ و بڕیار دەدا سزایەکی سەختی بدات، سزاکەی ئەوە دەبێ وەك پەیکەرێك لەناو گۆڕستانێکدا ڕەق ڕاییگرێ.. وای لێ دەکات، بەڵام ئەوەی سەردانی ئەو گۆڕستانە دەکات و بۆ هەیکەلەکەی میدۆزا دەڕوانێ یەکسەر دەبێتە بەرد و ڕەق ڕادەوەستێ و لەو گۆڕە دەمێنێتەوە، کەمنیرڤا دەزانی گۆڕستانەکە بووە بە پەیکەرگای ئەوکەسانە کە میدۆزا بەبەردی کردوون، داوا لەیەکێك لە پاڵەوانانی یۆنان دەکات کە بڕوات هەیکەلەکەی میدۆزا لەو گۆڕستانەدا وردوخاش بکات و سەری لێ بکاتەوە، لەهەمان کاتدا منیرڤا تەمێ ی ئەو پاڵەوانە دەکات کە ئاگاداری خۆی بێ، میدۆزا هەستی پێ نەکاو بۆی بڕوانێ و ئەویش بکات بەبەرد، بۆیە ئاوێنەیەکی دەداتێ لەکاتی ڕوانینی میدۆزادا لەڕوویدا رای بگرێ بۆ ئەوەی خۆی لە ئاوێنەکەدا ببینێتەوەو چاوەکەی لەخۆی کاربکات.

پاڵەوانەکە، کە دەڕواتە ناو گۆڕستانەکە، دەبینێ میدۆزا چاوی نوقاندووەو نووستووە، دەرفەت وەردەگرێ ملی لێ دەکاتەوەو لاشەکەی وردوخاش دەکات و سەرەکەی بۆ منیرڤا دێنێ.[٤٤]

بەڕای ئەو ئەفسانەیە، میدۆزاو خوشکەکانی جگە لەچاوە ئاساییەکانی خۆیان ئەو چاوەشیان هەبووە کە بەوە خەڵکیان کردووە بەبەرد، بەنۆبە بەکاریان هێناوە.

پرسی چاو لای هەموو میللەتان هەیەو لەتەك مێژووی مرۆڤدا هاتووە، تائێستاش لەگێژاوی تەسك و بۆچوونی کەسانی ئاساییدا دەسووڕێتەوەو بەتاقیکردنەوە نەزانراوە کەئایا چاوی بەد حەقیقەتێکەو هەیە؟ یان خورافەیەو گەورەکراوە!.

ئەوکەسانەش کە بەچاودار دەناسرێن، بەخۆیان شەرمە کە لەناو خەڵکدا واناسراون، خۆشیان نازانن بۆ وانە؟ بۆ خەڵك وابیریان لێ دەکەنەوە، کاتی چاودانەکەشیان لا دیارنییە! ئەگەر وایە چی بکەن نەهێڵن وابن؟.

---

٤٤– بڕوانە (يسقط الحائط الرابع) (أنيس منصور) ل(٩ ـ ١١) دار الطباعة والنشر العربية. القاهرة.

ئەفسانەو چیرۆکەکانی چاوی بەد زۆرن بەڵگەی بوونیان لەناو ئاینەکاندا هەیەو نە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە وایە نە نوکلی کردنیان ئاسانە، تۆ بڵێی ترسی مرۆڤ لەیەکتری و هەڵ نەهێنانی نهێنی چاو ئەو بەدیەی بۆ نەڕەخساندبێ؟.

من بەش بەحاڵی خۆم چیرۆکی سەیرم لەبارەی چاوی بەدەوە بیستون، وەنەبی چیرۆکەکان پراکتیکی بن و بەچاو دیترابن هەموویان پشت بەگێڕانەوە دەبەستن، کەیمان هەن گێڕەوەکەیان بڵێ: بەچاوی خۆم دیم.

دکتۆر مەولود ئیبراهیم کەلەبواری پێکهاتەکانی ئەفسانەی کوردیدا

پسپۆڕە، لەبواری چاوەزاردا چیرۆکێك لەسەر زاری دایکی دەگێڕێتەوە، دایکیشی لەباوکیەوە بیستوویەتی: (لەشوێنێ شایی دەبێ، لەدوورەوە سوارچاکێك سواری ماینێکی رەشی چاپووکە بۆسەر بۆ سەر شایی دەچێ، یەکێك لەناو شاییەکەدا دەڵێ: سەیرکەن ئەو سوارە چتۆ ماینی هەیە، یەکسەر ماینەکە ڕەق دەبێ دەکەوێ، سوارەکە گوێ ی لەو کابرا دەبێ کەوا دەڵێ، ڕێشمەو زینی ماینەکە بەشانیدا دەداو دەچێتە ناو شاییەکەو دەڵێ: ئەوە کێ بوو گوتی ئەو سوارە چتۆ ماینی هەیە؟ گوتیان ئەو پیاوەبوو، ئەویش ڕووی لەناو چاوانی کابرا کرد، کابرا یەکسەر هەردووچاوی کوێر دەبن! کابرای خاوەن ماین بە کابرا دەڵێ: دەبڕۆ ئاوات لێ دەکەم، چما هەرتۆ دەتوانی دەست بوەشێنی؟). [٤٥]

دکتۆری ناوبراو کاریگەری چاوی ئەو دووپیاوەی ناو چیرۆکی دایکی، هەر یەك لەویتردا بەبوونی هێزێکی سەیرزانیوە، کەلەو دوو کەسەدا هەبووە، وەك هەندێ لەزانایانی بایلۆجی پێیان وایە ئادەمیزادی کۆنی پێش مێژوو بۆ بەرگری لەخۆکردن دژ بە سروشت و دەوروبەری جۆرە هێزێکی تێدا هەبووە، بەو ژیانی خۆی لەداوێن سروشتدا دابین کردووە، دوای ئەوەی مرۆڤ بەهۆی ژیریەوە پلەیەکی شارستانی بەدەست هێناوەو بەسەر سروشتدا زاڵ بووە ئیتر پێویستی بەو هێزە نەماوە، وەك ریخۆڵە کوێرە لەبەر بەکار نەهێنانی لەشوێن خۆیدا پووکاوەتەوەو لەکارکەوتووە، بەڵام ئەو هێزە بەتەواوی

---

٤٥- بڕوانە (پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی) مەولوود ئیبراهیم حەسەن (کتێبی سێیەم ـ ل ـ ١٧٩) ماڵی سوهرەوەردی. چاپی تاران.

نەمردووە، جاروبار لای هەندێ کەس سەرهەڵ دەداتەوەو کاری زەرمەندانە دەکات، لەبەر ئەوەی کارەکەی ناپەسەندە لەکێدا دەربکەوێت ئەوکەسە لەناو کۆمەڵدا ناپەسەندەو بە چاوپیس ناودەبرێ، ئەوکەسانە ئەگەر وەهابن، چی بکەن بەدەست خۆیان نییە.

منیش چەندان حکایەتی وەهام بیستون یەکێك لەوانە:

(تازە دەراسەی خەلە دوورینەوە داهاتبوو شێخ جەلالی شێخ محەمەدی گوڵپ، دەراسەیەك دەکڕێت، گەنم و جۆی ئەو ناوەی پێ دەدوورێتەوە، پیاوێك لەدێکەماندا هەبوو ناوی لالۆ حەمەی..

بەنەگریس و چاوبەد ناسرابوو، بەشێخ جەلال دەڵێ:

یاشێخ ئەو خەلەی منەش بدوورەوە، ئەویش دەڵێ بان چاو بۆت دەدوورمەوە بەمەرجێك لەکاتی دوورینەوەدا نەیەیت بەو ناوەدا، دەیدوورمەوە لە گۆنیەی دەکەم بەحازری دەی هێنمە ماڵەوە بۆت کرێشم لێت ناوێ.

کە دەراسەکە دەچێتە سەر گەنمەکەی لالۆ حەمە، لالۆش لە دێ ی گوڵپەوە تاسەر دەخڵەکەی ئەو پێنج کیلۆمەتر دوور دەبێ، لالۆ حەمە دەچێتە سەربانی مزگەوتەکە چاوەڕوانی ئەوە دەکات بزانێ کەی دەراسەکە دەچێتە دورینی گەنمەکەی، کە دەراسەکە دەست بەدوورینەوەی دەکات، لالۆ حەمە لەبانی مزگەوتەوە دەڵێ: ها، ها مەکینەکە دەستی بەدوورینەوەی گەنمەکەی من کرد، بەقسەی شێخ جەلال لەمە لالۆ حەمە دەڵێ: ها، ها مەکینەکە بەری بەدوورینەوەکرد، یەکسەر دەراسەکە پەکی دەکەوێ و دەشکێ!.

شێخ جەلال ئەوەی بەو جۆرە بۆ من گێڕایەوە.. حکایەتەکانی چاوەزار هەر بەگێڕانەوەن، لەپرسی حەقیقەتی چاو بەددا وەهم و خەیاڵ دەوریان داوە لەناو گێژاوی ڕاست و ناراستیدا دەخولێنەوە، ئەوانەی ئەو چیرۆکانە دەبیستن بڕوایان پێ دەکەن، بڕوا پێ کردن ڕەحەتی گیانە.

*        *        *

# پێکەنین

## (١)

ئاخاوتن و پێکەنین دوو دیاردەن هەردووکیان خۆیان بەڕەوشی کۆمەڵایەتییەوە ئاڵاندووە، دەسکەوتی کۆمەڵایەتیش نین، خۆڕسکین و سەرچاوەیان دوو توانای زکماکین، هەڵچوون و دەربڕینیان بەندە بەچالاکی دەرەکی مرۆڤەوە.

خۆدەربڕینی ئاخاوتن ـ گۆ ـ نطق ـ بەراورد بە دەربڕینی پێکەنین لەمنداڵیدا دوا دەکەوێ، گۆی منداڵ وەك نیشانەی زمان بەربوونیەتی پێویستی بەچوونە ناو قاڵبێکی زمانەوانییەو هەیە کەزمانی دایك و باوك و دەوروبەرە، گەلاڵە بوون و بۆچوونی ناو ئەو قاڵبەوە پێویستی بەراهاتن و یارمەتی هەستەکانی هەیە، لەسەرەتای ساڵی دووەمی تەمەندا منداڵ زمانی دەکرێتەوەو دەتوانێ گۆ بە یەکەم وشە بکات.

بەو وشەیە ئامازە بە بەربوونی زمان دەدا، کەچی پێکەنین، لەتەك چاوکردنەوەی منداڵدا لەمانگی یەکەمی تەمەنیدا بەبزەی لێو توانای پێکەنینی خۆی دەردەبڕێ و گوزارشت لە ئامادەگی خۆی دەداتەوە، دیارە توانای پێکەنین پێش توانای زمان گەشە دەکات بەڵام هەر لەیەك قاڵبدا دەمێنێتەوە، گریانیش وەهایە لەتوانایەکی زکماکییەوە هەڵدەچی بەڵام لە دەربڕیندا پێش پێکەنین دەکەوێ وەك ئەو لە قاڵبی خۆیدا دەمێنێتەوەو گۆراندنێکی ئەوتۆی بەسەردا نایە.

ئاخاوتن و پێکەنین و گریان هەرسێکیان تایبەت بە مرۆڤن هەرسێکیان مرۆڤ لە زیندەوارانی تر جیا دەکەنەوەو دەشکرێ پێناسەی مرۆڤیان پێ بکرێ.

پێکەنین و گریان لەزۆر ڕووەوە چوون یەکن: لەقاڵبی خۆیان ناچنە دەرەوە: پێکەنین بەخەندەو گەشانەوەی ڕوومەت و تریقەی دەنگ و بزەی هەردوو لێو و گەشاندنەوەی دیمەنی نێو نیگایە.

گریان دەردانی خەم و ئازارو کرژی و ڕوومەت و فرمێسك ڕشتنی چاو و تێکدانی قیافەت و سەرو روخسارە، بەڵام گونجاندن لەگریاندا فرەترە تا لە پێکەنیندا، دەربڕینی گریان لای منداڵ و ژنان کەمێ ، لای کەسانی خۆ بەزل زانین و بەویقار هەتا کەسانی سادەو ساکاردا جیاوازی هەیە، کەواتە گریان وەك پێکەنین جیڕ نییە.

ئەوشتانەش کەزمان و پێکەنین و گریان خۆیان تێدا دەردەبڕن تایبەت بەمرۆڤن، لەگیانلەرانی تردا دەرناکەون، ئەگەر هەشبن دەربڕینیان بەزمان و پێکەنین و گریان نییە.

**(٢)**

هەریەك لەو سێ دیاردە مرۆیانە: زمان، پێکەنین، گریان، سوودی خۆیان هەیە.

سوودی زمان، لەهەندێ شوێنی ئەم کتێبەدا باسمان کردووە، هەرە گرنگی سوودەکانی: ئەو پێوەندیە بەتینەیە کەتاکەکانی ناو کۆمەڵ پێکەوە دەبەستێ و دەیانکاتە ئەندامی بەکەڵکی ناو کۆمەڵەکەیان یان دەبێتە پردی بەیەکەوە بەستی کۆمەڵگایەك بەکۆمەڵانی دیکەوەو شارستانییەتیان بەیەکدی ئاشنا دەکات، وێڕای ئەوانەش، زمان شارستانییەت دەپارێزێ و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەی پاشینان دەیگوێزێتەوە.

سوودی پێکەنینیش: پارسەنگ کردنی باری لارەسەنگ بووی ترازووی دڵ و دەروونەو دەردانی ئەو زوخاوەیە کە لەنەهاتنەدی ئاواتەکانەوە ناو دەروونیان پڕخەم کردووەو جمگەکانی لەشیان سڕ کردووە.

سوودی گریانیش: دەردانی تەم و گەردی ئەو خەم و کەسەرەیە کەڕووداوە دڵتەزێن و کارەساتە پڕ ئازارانەیە کە بەسەر مرۆڤدا دێن و بەری ڕووناکی لە ئومێدوو ئاواتەکانی دەگرن.

ئەو سێ دیاردەیە ئەو سوودانەو سوودی دیکەشیان هەیە بەڵام کەلەحەددی ئاسایی خۆیان دەرچوون سوودەکانیان لەدەست دەدەن، بەتایبەتی پێکەنینی بێ هۆ کەسیەتی مرۆڤ لەدۆخی ئاسایی خۆی دەباتە دەرەوەو لای خەڵك و کۆمەڵ ناپەسەندی دەکات.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بەپێ ی توانا لەسەر بابەتی پێکەنین بدوێین کەباسێکی تابلێی جیرەو بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، بۆیەش لەپێشەوە هێنامانە ریزی زمان و گریان چونکە ئەوسێ شتە بەمرۆڤەوە تایبەتن و لەزیندەوەرانی تردانین.

پێش ئەوەی هەندێ لەلایەکانی پێکەنین سۆراخ بکەین باش وایە:

وەلامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کەدەلێ: ئەوە بۆچی زانایان وێژاندنیان بەبەشێك لەهەیولای مرۆڤ زانیوە چونکە تایبەتمەندی مرۆڤە کەچی پێکەنینیش لەو تایبەتمەنییەدا لەوێژاندن کەمتر نییە، بۆ پێکەنین بۆ مرۆڤ بەشتێکی وارس ـ العرض ـ دانراوە کەچی وێژاندن کراوە بەبەشێك لەحەقیقەتی مرۆڤ؟

لەپێناسەی مرۆڤدا دەوترێ: مرۆڤ زیندەوەرێکی بێژەرە، ناوترێ مرۆڤ زیندەوەرێکی پێکەنەرە؟!.

رەنگە لەبەر ئەوەبێ فەیلەسووفەکان بێژەریان بە بەشێك لەحەقیقەتی مرۆڤ دانا نەك پێکەنین چونکە ئەوەندەی زمان سوود بەخشە بەمرۆڤ ئەگەر ئەو کەمە سوودەی پێکەنین هەیەتی بەراورد بە سوودەکانی زمان بکرێ یەك لەسەر سەدە، جگە لەوەش پێکەنین بەچاوێکی کەم تەماشاکراوە بەتایبەتی کەبێ هۆ بێ.

زانایان هەر لەکۆنەوە پێکەنینیان بەچاوێکی کەم تەماشاکردووە بۆیە لەکەسی بەنموود دووریان خستووەتەوە.

## (٣)

ئێمە بۆ پێدەکەنین؟ پێکەنین لەکوێوە دێ؟ ئەوشتە کاریگەریانە چین کە پێکەنین لەئێمەدا هەلْ دەچوێنن؟ کاریگەری ناوەکین یان دەروونی و کۆمەلایەتین؟ یان هەردووکیانن؟ ئایا ئەو شتانە کە ئێمە دێننە پێکەنین کەسانی تر لەهەمان هەلوێستدا وەك ئێمە دەخەنە پێکەنین؟.

ئەو پرسیارانە ئەستەمە بە ئاسانی وەلام بدرێنەوە. ئەوەی راستی بێ گەلێ هۆکاری نهێنی هەن کە لە پێکەنیندا بەشدارن و خۆیان دەرناخەن یان هەستیان پێ ناکەین،

نازانین له چه کونجێکی دەروونیدا خۆیان مات کردووەو ناخوازن خۆیان دەرخەن و ئاشکرا بن، ڕەنگە ئاشکرا نەبوونیان لەبێ توانایی ئێمەوە بێ، لەوانەیە نەگەیشتنی ئێمە بەو پایە کەهەموو وردەکاریەکانی پێکەنین بزانین، بۆیە پێمان نەکراوە کلیلی کردنەوەی خەزنەگای ئەو وردە شتانە بەدەست خەین و لەناو زاراوەی خۆیاندا دەقیان بدەین و بەخوێندەواران بلێین فەرموون ئەوە ئەوشتە وردانەن کە لەسەنگەردا لەکەنارێکی دەروونیدا خۆیان حەشارداوەو نێقورچی هەڵچوونی پێکەنین دەگرن و مرۆڤ دەهاژێنن.

دیارە ئەو وردە شتانە کۆمەڵە هێزێکی بۆ ماوەیی زکماکی دەروونی و کۆمەلایەتی پەنانەگی نادیارن، کەچی ئەوەندە کاریگەریان هەیە دەتوانن بەجۆرێ کار لەپێکەنەردا بکەن لەتیلمەی خۆی لای بدەن و لەسەر حەقیقەتی خۆی بیکەنەوە. کەواتە ئێمە ناچارین خۆمان لەهەوڵدانی کەشفکردنی ئەو هۆکارە پەنانەکیانە لابدەین، خۆمان نەخەینە ناو ئەو گێژاوەوە، تەنیا شتە ڕەواڵەتییەکان دەکەینە نموونە، لەو بوارەدا سەیری کاریگەریەکانی پێکەنین دەکەین کە سیخورمەی هروژاندنی پێکەنین دەوەشێنن و کاری خۆیان دەکەن.

**(٤)**

**ئەوشتانە کەدەفری پێکەنینن:**

**١ـ نوکتە تەنز ئامێزەکان:** تەنز توانج و شاندن و گاڵتە پێکردنە، هەر نوکتەیەك تۆ بیگری ناوەخەنەکەی پێکەنینە، یان گاڵتەیە بەکەسێکی وشك و بەدەمارو خۆ بەزل زان، یان گاڵتەیە بە عەقڵی کەسێکی گێل و نەزان، وادەزانێ هەموو شتێ دەزانێ نازانێ کەنەزانە، نوکتە دێت بەشێوازێکی هێمنانەو پڕ لە پێکەنین عەقڵیەتی ئەو کەسە هەڵ دەتەکێنێ و پووچەڵی دەکاتەوە، ئەو وشکە کەڵەکەی کەبینای بۆچوونەکانی خۆی تێیدا دامەزراندبوو دەیرووخێنێ، دەبێ ئەو نوکتەبازە کە نوکتەکە دەگێڕێتەوە ئەوەندە

به مەعلانی بیگێڕێتەوە، لەپڕ پێکەنین لەناخی گوێگرەکانیدا بتەقێتەوە، بەکارێکی وەهابێ پێکەنینەکە کەلێنێك لەناو جەرگەی ئەوشتەدا کەنوکتەکەی بۆ ئاراستەکراوە دروست بکات دەنا نوکتە تەنیا لە جغزی پێکەنینەکەدا دەمێنێتەوە، نوکتە چەند نوێ و هی سەردەمی خۆی بێ کاریگەرترەو لێشاوی پێکەنینەکەی بەگوڕە.

سوودی نوکتە دووشتە: پێکەنین، تەنز وەشاندن.

مەرجە نوکتە لەوەدا کە بۆی دەوەشێنرێ پڕ بەخۆی بێ. (کابرایەك مەلای مەشهووری بردە دادگاو بەقازی وت: مەلا دە دینارم قەرزارە، قازی لەکابرای پرسی شاهیدت هەیە؟ کابرا وتی خوا.

مەلا مەشهوور وتی: (جەنابی قازی قایل نیم، چونکە داواکار دەبێ کەسێك بەشاهید بگرێ ئێوە بیناسن). [٤٦]

**٢ـ شێواندنی ئەو دەقە کەڕەوشتی کەسێکی لەقاڵبداوە:**

شێواندنی ڕەوشت خۆی لەخۆیدا خەڵك دێنێتە پێکەنین. لەناو کۆمەڵدا نموونەی کەسانێك هەن دەقیان بەجۆرە رەوت و ڕەویەیەکی تایبەت گرتووە کەهی ناو ئەو کۆمەڵگایە نییە کەتێیدا دەژیت، خەڵك بەو شێوازەوە دەیناسن، کەکابراش شانازی بەوجۆرە رەوشتە نەوازەوە دەکات.

یاخود جۆرە کەسانێك هەن، بەپێ ی رەویەو رەفتاری خەڵك ناجوولێنەوەو خۆیان بە دەگمەنی خەڵکی دەوروبەرەکەیان دەزانن و نامۆن، خەڵك لێیان بێزار دەبن، کەنوکتە هات ئەو قاڵبە کەکابرای تیایە دەشێوێنی و لەقوڵایی دڵ و دەروونی گوێگراندا پێکەنین دەهروژێنێ.

کابرایەکی زڕتەبۆزی تێکسمڕیاگ، هەمیشە خەنجەرێکی دەبانی لەبەر کەمەرەو تەزبیحێکی کارەبایی دەنگ زلی بەخەنجەرەکەیدا کردووە، کێش و مشکیەکەی سەری دێنێتە بان لووتی، بەلاچاوێك بۆ خەڵك دەڕوانێ و خۆی بەسانی هەورامان ناگرۆڕێتەوە،

---

٤٦– هنری پارگسون ـ Henry pergso ــ ١٨٥٩ ـ ١٩٤١) فەیلەسووفێکی فەرەنسییە، گەلێ لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکەنین نووسیون هەموویانی لە کتێبێکدا چاپکردن و ناوی ناوە (الضحك).

ڕەپ بەناو بازاڕدا دەڕوا، لەناکاو قاچی هەڵ دەزەنێ و بەپشتدا دەکەوێ ئەوانەی ئەو دیمەنە دەبینن پڕ بەدڵ پێدەکەنن.

لێرەدا ئەم پرسیارە دەکرێ، ئایا پێکەنینی ئەو خەڵکە بەو کابرایە لەو هەڵوێستەدا لەچییەوە بوو؟ لەکەوتنی کابراوە بوو یان لەشێواندنی دەقەوە بوو کەخۆی تیایدا لەقاڵب دابوو؟ یان لەو رابردوویەوە کە لەمێشکی خەڵکدا چەسپابوو؟ یان لە هەموو ئەوشتانەوەبوو؟.

خۆ ئەگەر کەسێکی ئاسایی لەو شوێنەی ئەودا بکەوێ، خەڵك پێ ی پێناکەنن، بەڵکو زوو فریای دەکەون و خەمی بۆ دەخۆن.

نوکتەی پڕ لەپێکەنین سوودبەخش نابێ ئەگەر کۆمەڵە کەسێك نەخاتە پێکەنین.

ئەوانە کە بەنوکتەیەك وەك یەك پێدەکەنن مەرجە هەموو لەناسینی ئەوکەسەدا کە توکتەکە ئاڕاستەی دەکرێ لەناسین و ئەزموونداری ئەوکەسانەدا ئامادەگی هەبێ و ئاشنای هەموویان بێ، تۆ دەبینی لەشوێنێکدا کۆمەڵە کەسانێك پێدەکەنن، کە دەچیتە لایان وەك ئەوان ناکەویتە پێکەنین، چونکە لەو هەڵوێستەدا کە نوکتەکە پێکەنین دەهروژێنێ تۆ هاوبەش و هاوبیرنیت ئەمە پاساو بۆ ئەو (کەرە) دێنێتەوە کەلەناو کۆمەڵە ئاژەڵێکدا کە کەرەش لەوێ دەبێ نوکتەیەك دەوترێ ئاژەڵەکان جگە لەکەرەکە هەموو دەکەونە پێکەنین، کەرەکە وا تۆمەتبار کراوە چونکە لەبەر بێ عەقڵی لەنوکتەکە حاڵی نەبووە بۆیە پێنەکەنیوە! نا، ئەوە هۆی نەپێکەنییەکە نییە، بەڵکو هۆیەکە ئەوەیە، ئەو لەرەگەزی ئەو ئاژەڵانە نییەو جیایە، لە ئەزموونی ئەواندا سەبارەت بەبابەتی پێکەنییەکەش هاوبەش نییە ئیتر بەچی پێبکەنێ؟!.

٤ـ نوکتە بۆ پێکەنینە: پێکەنین بۆ خۆشی و گەشاندنەوەیە، (فرۆید) وتوویەتی پێکەنینی ناو ئەو نوکتانە کە مرۆڤ پێیان دەگەشێتەوە جۆرە پاکژکردنەوەیەك لەدەرووندا دەکەن، ئەو گوێ ی بەڕای ئەوانە نادا کە وتوویانە: پێکەنین لەنوکتەدا کەسایەتی ئەو مرۆڤە دادەوەشێنێ کە نوکتەکە دەیکاتە ئامانج، ئەوانە لەڕوێکی دیکەوە دەڕواننە نوکتە.

(فرۆید) پێ یوایە پێکەنین لەنوکتەدا جۆرە نۆشدارییەکی دەروونی دەبەخشێ، کە تیۆری ـ ناهەست ـ اللاشعور ـ ی کەشفکرد گەیشتە ئەو ئامانجە کە دەیووت: گرنگترین

کاری نوکتە پاکژکردنەوەی ناخی ناهەستە کە لەقولایی دەرووندایە، ئەو پاکژکردنەوەی (فرۆید)ە لەتەك پاکژکردنەوەکەی ئەرەستۆدا کەناوی نابوو (کارساسیس ـ پاکژکردنەوە ـ یەکیان دەگرتەوە، ئەم لەبابەتی کۆمیدیادا رەواجی بەکارساسیس دابوو، (فرۆید) یش بەگشتی سوودی پێکەنینی لە پاکژکردنەوەی ناهەستدا بەدی دەکرد، دەیووت: ئەگەر نوکتە بۆ پێکەنین بێ، کاری پێکەنینیش پاکژکردنەوەوەو نەهێشتنی تۆزو ژەنگی ئەو شتانەیە کەوەك خاپەرۆکی پاش خەرمان لەبنی ناهەستدا دەبنە خاشاکی ناو دەروون، ئەو حەزوو ئارەزوو و ئاواتانە کە بۆ مرۆڤ نەهاتبنەدی، لەگۆشەیەکی ناهەستی دەروونندا لاکەوتە دەبن و نامرن، دەستبەردانی خۆیان نابن کەی دەرفەتیان بۆ بێت چە لەواقیعدا چە لەخەونەکاندا خۆیان دەردەبڕن، وەك تۆزی بەربا لەبەر لێشاوی پێکەنیندا پاکژدەبنەوە.

هنری پیرگسون باشی بۆ چووە کەوتوویەتی: پێکەنین ئەو بابەتە نییە وا بەئاسانی خۆی ڕادەستی هەر خامە بەدەستێ بکات و بڵێ فەرموو ئەوە منم، ئەگەر بەئاسانی دەستەمۆ ببوایە هەڵبەتە ئەوەندە ڕای جیاواز ڕاویان نەدەکرد:

پیرگسون وتوویەتی: ئێمە چێژ لە پێکەنین وەرناگرین ئەگەر تەنیا خۆمان گوێ ی بۆ بگرین، چونکە پێکەنین لەنێوان چەند کەسانێکدا دەنگ دەداتەوە.

ئەرستۆتالیس دەڵێ: پێکەنین بۆ کارسایسە، واتە بۆ پاکژکردنەوەی ناو دڵ و دەروونە.

فرۆید دەڵێ: کاری پێکەنین خاوێنکردنەوەی ناخی دەروونە لەو پاشماوانەی کەحەزو ئارەزووە مردووەکانی تێدا پلیشاونەتەوە.

ئەرستۆفانیسی گەورە هونەرمەندی کۆمیدیای یۆنان دەڵێ:

نوکتە هەڵگری پێکەنینە، بۆ راستکردنەوەی باری کۆمەڵایەتییە.

ئەنیس مەنسور نووسەری ناوداری میسر دەڵێ: نوکتە بەکەسێك واتە حەیاو نامووس بردنیەتی.

کەسانی تریش هەن دەڵێن: وەنەبێ نوکتە تەنیا بۆ پێکەنین و رابواردن بێ بەڵکو نوکتە وەك سندوقێ هەزار لۆغانەیە، لە رێگەی گاڵتەو پێکەنینەوە لۆچەکانی تریشی

دەکاتەوە، گاڵتەو سووکایەتی و ئاشکراکردنی گەندەڵی و چاوچنۆکی و چلێسی و ڕژدی و کەساسکردنی خەڵك و شتی تریشی تێدایە.

پێکەنین لە نوکتە جیانابێتەوە.

نوکتە پێکەنینی خۆی هەڵناڕێژێ ئەگەر لەشوێن و زەمینەی خۆیدا نەبێ، ئەو نوکتەیە کەسانی بازرگان یان ئەهلی شار دەخاتە پێکەنین هەمان نوکتە بۆ خەڵکی لادێی و شوانکارەو ئاژەڵدار بێ تام و ساردو سڕەو لێو نابزوێنێ بە پێچەوانەوەشەوە وایە.

کەواتە مەرجە بەنداوی پێکەنین کە نوکتەیە دەشێ لەتەك چێژو ئەزموونی ئەوانەدا کە بۆیان دەگوترێ گونجاو بێ و تەلی پێکەنینیان بهاژێنێ، ئەوانەش کە نوکتەیان بۆ دەهاورێ، بە پێکەنین و تیروتوانجەکەی لەو ڕەوشە ناپەسەندەی هەیانە دایان تەکێنێ.

## ڕێزنان .. یان ڕێزلێوەرگرتن؟..

### (١)

مێژووناسان وایان ڕاگەیاندووە: دەوڵەتی ساسانی بە بنەماڵەو دامەزرێنەرو شوێن و زمانەکەیدا بێگومانە کە دەوڵەتێکی کوردی بووە.

گوایە ئەو دەوڵەتە لەڕۆژێکی ساڵدا لەوەرزی بەهارو مانگی نەورۆزدا، ئەو ڕۆژەی داناوە بۆ ئاهەنگ گێڕانی ساڵانەو خەڵاتی ئەو هاونیشتمانانەی کە لەقەڵەم ڕەوی ئەو دابوونە، پێدەچێ دوو ساڵ جارێك ئەو ئاهەنگە سازکرابێ.

لەو ڕۆژەدا ئەو هاووڵاتییەی لەو ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کارێکی چاکی وەهای دەگمەن و سەرسوڕهێنەری کەم وێنەی کردبێ ویستیبێتی خۆی بکات بە قوربانی بۆ خەڵك، ئیتر ئەوکارەی لەهەر ڕوێك و بوارێکدا بووبێ، گرنگ قوربانی تێدا ڕەچاوکرابێ ئیتر لەبواری فیداکاری سەربازیدا بووبێ یان لەبواری کشتوکاڵ و خزمەتگوزاری و فریادرەسیدا بووبێ.

ئەوانەی کارەکانیان لەناو خەڵکدا دەنگی چاکەی دەدایەوە، کارەکانیان دەدران بەلیژنەی پیران بۆ ئەوەی هەڵیان سەنگێنن و بڕیاری ئەوەی لەسەر بدەن کە خاوەنەکەی لە ئاهەنگی میهرەجاندا لەلایەن شاوە خەڵات بکرێ، تاجە گوڵینە لەملی بکرێ و بەهاووڵاتی پلەیەك و نازناوی پێببەخشرێ لەناو کۆمەڵدا ببێ بە نموونە خەڵك چاوی لێ بکەن.

تەرخانکردنی ڕۆژی میهرەجان کارێکی لەبارو ژیرانەبووە بەتایبەتی لایەنی ڕێزلێنان و خەڵاتکردنی ئەو هاونیشتمانیانە کە کاری مەردانەیان بۆ کۆمەڵ و نەتەوەکەیان کردبێ، ئەمڕۆ دوای هەزارو پێنج سەد ساڵ هاوجۆری ئەوکارانە هەن وەك دەسکردی یەك سات و یەك ڕۆژبن و هەمیشە لەخۆ تازەکردنەوەدان، وەهایەو دەشێ وەهاش بێ

مرۆڤی چاکە خوازوو لێبوردە ڕێزی لێ دەنرێ و بەکارە چاکەکانی هانی خەڵك دەدرێ کەشوێن پەنجەی کارەکانی بکرێن بەرێنموونی کارو ڕەوشتیان و رێ ی ئەوان بەرنەدەن، کاری چاکە هەمیشە چاکەو لەچاکەی خۆی ناکەوێ.

ئێمەی کورد دوای نەمانی دەوڵەتی ساسانی پڕاین و بێ لانەماینەوە هەر هەندێکمان کەوتینە بن دەوەنێك، کەوتینە بەرچنگی داگیرکەرێك، لەوساوە هەوڵ دەدەین یەکبگرینەوە، لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا لەبنکەی فیدرالیزمدا هەندێکمان یەکمان گرتەوە، دەبوو ئەو یەکگرتنەوەماندا ئەزموون لە ڕابردووی پێشینانمانەوە وەربگرین.

**(٢)**

لەوڵاتی تازە رزگار کراودا رێزلێنانی ئەهلی قەڵەم و هزرو رێزلێنانی ئەهلی چەك و پێشمەرگەی دلێر وەك یەکن.

ئەهلی فیکرو قەڵەم ئەو پەردە پۆشیەی کە داگیرکەر مافی گەلی پێ دادەپۆشێ و لەژێریدا ژیانی خامۆش دەکات، ئەوە قەڵەم بووە ئەو پەردە رەشەی لاداوەتەوەو ئاسۆی ڕووناکی بەرچاوی خەڵکی بەرین و فراوان کردووەو بەرەو هۆشیاری پێشیان کەوتووە.

خەباتی پێشمەرگەش تیشکی نووکی قەڵەمەکان رێ ی تێکۆشانی بۆ ڕوون کردونەتەوەو هەستی نەتەوایەتییان جۆش داوەو چەکی ڕووبەڕوو بوونەوەی دژ بەداگیرکەری لەشانکردوون و فێری نەبەزین و بەرخودانی سەختی کردوون، تا بەئاوات نەگەیشتوون لەقوربانی دان نەکەوتوون و کۆڵیان نەداوە.

ئەو دوولایەنە نەمرە شایەنی رێزلێنانن، نا! باوانەڵێن، با بڵێین شایەنی رێزلێ وەرگرتنن، چونکە ئەوانەی کە رێزیان لێ دەنێن لەوان بەرێزترنین.

ئەو پێشمەرگانەی خۆیان خستە ناو کورخانی مەرگەوەو زراوی دوژمنانیان ڕژاند ئەوانە شایەنی ئەوەن و بافتی ئەوەیان هەیە ئاهەنگیان بۆ سازبکرێ وەك کەسانێکی پیرۆز ڕێزیان لێ وەربگیرێ و ببنە نموونەی قوربانی.

ئەو نوسەرانەش کەخۆیان و فرمێسکی قەڵەمەکانیان بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەیان لەکاردابوون، وێڕای ئەوەش کە داهێنەری بیری کوردایەتی و بزوێنەری نیشتمان پەروەرین وەك پێشمەرگە چەکیان لەشان کردووەو بەهانای پێشمەرگەوە چوون ئەوانەش نموونەی قوربانی دانن، هەق هەیە ڕێزیان لێ وەربگیرێ.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی - ١٩٩١ - گۆڕانکاری گرنگ ڕوویان لەکوردستان کرد، لەژێر فشاری وڵاتانی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەشکرە داپلۆسێنەکەی عێراق لەکوردستاندا کشایەوە، رێ بۆ هاتنە ناوشارەکان بۆ پۆشمەرگە کرایەوە، تا لەساڵی (١٩٩٢) هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی ناوشاخ هاتنەوە ناو شارەکان، بەو نیازەی دامودەزگای فەرمی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دامەزرێنن، بەڵام مەخابن کەهاتنەوە ئەو برینانەی ناو شاخ کە ناکۆکییەکان دروستیان کردبوون هێشتا قەتماغەیان نەکردبوو خوێنیان لێ دەتکا، لەناو شاردا کولانەوەو سەریان لادرایەوەو سەرلەنوێ خوێنیان لێ چۆڕایەوە.

لەباتی ئەوەی ئەو دوو حیزبە وەك برا شان بەشانی یەکتری بکەونەکارو خەڵك لەماندووبوونی چەند ساڵەیان بحەوێننەوەو خەریکی بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری رووخاویان بن دەستەویەخەی یەکدی راوەستان و پەڕۆی دوو رەنگەی براکوژیان بەدەستەوە گرت، ڕەنگە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیاندا دەستی دەرەکی ناحەزانیش کاری خۆی کردبێ، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو حیزبە زەمینەی توندوتیژی بەکارهێنانی سازدا، گەلی کوردستان بەو رەوشە سەرسام و شپرزەبوو، دڵی دوژمنانی کوردی پڕلەخۆشی کرد، دوو حیزبەکە لەهەڵپەی ئەوەدابوون هەریەك فرەترین خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، یان هیچ نەبێ تەفرەی بدا نەچێتە پاڵ حیزبەکەی دی، لەمەوە خەڵکیان کرد بەدوو بەشەوە، هەر بەشەی تەشی بۆ لایەنەکەی خۆی دەرێسا، لەمەوە چاك و خراپ نیشانەی جیاکردنەوەیان نەما، لەناو ئەم جۆرە زرووفە تاریکەدا کەسەرانسەری کوردستانی تەنیەوە، ئەو حیزبانە کە لەترسی حیزبی بەعس لەحەوت کون خۆیان

شاردبووەوە، دەرکەوتنەوە، ئەندامەکانیان هەر کام لەو دوو حیزبەی گەرەك بوایە پالّی پێوە دەداو لەژێرەوە فووی بە ئاگری دووبەرەکی و براکوژیدا دەکرد.

هاتنی ئەو زرووفە ناهەموارەش دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ جاشە خۆفرۆش و ئەنفالچییەکان ڕەخسابوو، ئەو زرووفە ئەوانی لەوپەڕی تاوانبارییەوە هێنایە ئەو ڕۆخە کەبەهەریەکێك لەو دوو حیزبە بەخۆیان بەگران بفرۆشن!.

ئەو حیزبەش گوایە خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە: کە ئەوەی رەوشت باش و پەرێزپاك و نیشتمان پەروەر نەبیّ جیّ ی لەناو حیزبدا نابێتەوە، بەلاّم کەدی بەرانبەرەکەی چی خاپەرۆك و لاکەوتەو پەلۆخ هەبوون بۆ لای خۆیدا ڕایکێشان، ئەویش بنەما ڕەوشتییەکانی پێچانەوەو بەدەم بایەوەی دان و کەوتە هەڵپەی زۆربەو بۆر بە.

کوردستان بەگەلیّ بەو جۆرە زرووفە سەختانەدا تێپەڕیوە، هەتا ئێستاش شوێن جنجرۆکی ئەو زرووفە سەختە بەروومەتەوە ماوە، لەگەلّ ئەوەشدا دوو حیزبەکە رەشووی حوکمڕانیان تا ئێستا بەر نەداوەو سەرخێلّی کاروانی بەرەو پێشەوە بردنی چارەنووسی کوردستانن.

لێرەدا وامان بۆ هاتە پێشەوەوە ناچاربین کەمێك لە ئەسڵی بابەت بچینە دەرەوە، بۆیە وامانکرد تا ئەو رێزلێنانانە کە ئەمڕۆ گوێمان لێیان دەبیّ بزانین چۆن قسەیان لەسەر بکەین.

**(٣)**

لەپرسی رێزلێناندا بیری مرۆڤ بۆ ئەوە دەچیّ: ئەو لایەنانەی کە رێزلێنان دەکەن، ئەوانەن کە دەسەلاّت بڕیاری ئەو کارەی بەپیّ ی دەستوور پێدابن، نەك بەئارەزووی خۆیان، ئەوانە لەو کارەیاندا نابیّ لەیاسا لابدەن، بەمەرجیّ رێزلێنانەکەیان لەخانەی بەرژەوەندی گشتیدابیّ، ئەگەر وەها نەبیّ رێزلێنانەکە ڕوو لەشتی نایاسایی دەکات و لەواتا شەرعیەکەی دەچێتە دەرەوە.

وا زانراوه دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات پرسی ڕێزلێنانیان بەدەستووری وڵاتەکەیان سپاردووه، هەرکات پێویستی کرد کاری پێ دەکەن، زانایانیان لەبواری ئەدەب و هونەرو زانست و زانیاری و بوارەکانی دیکەدا ڕێزیان لێ دەنرێ.

هەر بەرهەمێك لەهەر داهێنانێکی نوێدا کاریگەربێ و خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات و لەکۆگای هزری گشتی میللەتانیشدا بایەخداربێ، ئیتر لەهەر بوارێکی مرۆڤانەدابێ ئەو بەرهەمە مایەی شانازی بێ، بۆ ئەو زانا خاوەن بەرهەمانە ئاهەنگی ڕێزلێنانیان بۆ دەگێڕدرێ و لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێزیان لێ دەنرێ و ڕێزیشیان لێ وەردەگیرێ.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ پاڵەوانانی چەکداری ئەو میللەتانە کە تا ئێستا بە ئاوات نەگەیشتوون و خەریکی خەباتی چەکداری و سیاسین پێویستە دوای ڕزگاربوون ئاهەنگی ڕێزلێنانیان بۆ بگێڕدرێ و لەو ئاهەنگەدا یادی پاڵەوانەتیان لە کۆڕی خەباتدا بکرێتەوە، تاجە گوڵینەی نیشتمان لە ملیان بکرێ.

ئەوانەی کەلەچاو خەڵکدا شایەنی ڕێزلێنانن ئەوانەن کە بەئەنجامی شەونخوونی و هەوڵدانی بێ وچاندا کارێکی وەهایان کردبێ سەرجەم خەڵکی نیشتمانەکەی شاهیدی بۆ بدەن کە ئەو کارەی یان ئەو بەرهەمەی ڕاگرە بۆ بەردەوام بوونی ڕەوتی نیشتمان یان ئەوکارە هاوردەی شتێکی نوێ ی وایە خەیرو خۆشی بەخشی بۆ هەمووان مسۆگەربکات و مایەی پاڵ پێوەنانی گواستنەوەی هۆش و بیربێ بەرەو قۆناخێکی نوێ ئیتر لەهەر بوارێکدابێ.

لەوڵاتی ئێمەدا ـ کوردستان ـ تا ئێستا پێوەرێکی دیاریکراو بۆ سەنگ و کێشانی ئەو جۆرە کارانە نییە !.

کوردستانی باشوور کە بوو بەخاوەنی فیدرالیزم چی کۆنە حیزبی مردوو هەبوون سەریان هەڵدایەوەو هەریەك لەژێر دەواری ئایدۆلۆژیای خۆیدا داموودەزگای تایبەت بەخۆی دامەزراندو بەمەن و ترازووی خۆی شتی کێش و پێوان دەکرد، گریمان یەکێك بۆ ڕێزلێنان دەست نیشان کرا، هەر حیزبەو سەنگی مەحەکی خۆی هەیە، تێڕوانینی بۆ ئەو کەسە بەتێسوینی سەنگی مەحەکی خۆی دەست نیشان دەکرێ، بیروڕای حیزبەکە لەودا جەمە، بڕوا ناکەم لەنێوان

سەرجەم حیزبەکاندا یەکێك دەسکەوێت هەموو لەسەری کۆك بن، سا مەگەر ئەوکەسە لەکۆچەڵەی هیچ کامیاندا ئاوی نەخواردبێتەوە، بەڵکو لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە !.

ئەگەر لیژنەیەك بۆ رێزلێنان دامەزرا، چۆن دادەمەزرێ؟. با وادانێین لیژنەیەك لەنوێنەرانی حیزبەکان بۆ ئەوکارە دامەزرا، با واش دانێین هەر ئەندامێکی ئەو لیژنەیە هەڵبژاردەیخۆی وەك ـ thomas ـ ئاسای دانا. (٤٧)

جارێ لەپێشەوە هەڵبژاردەی دوو حیزبە فەرمانڕەواکە هەر یەکەیان لەچاو حیزبەکەی دیکەدا بە خائین و ناپاك دەزانرێ، هەردووکیشیان لە بودجەی خانەنشینیاندا خۆیان ئەگەر مابن یان کەس و کاریان مووچەی نەبەزی وەردەگرن، هەتا ئێستاش نە حکومەت نە پەرلەمان ئەم هێسترە چەقیوەی ناو ئەو زەلکاوی ئەو دوو حیزبەی دەرنەهێناوە !.

ئەی ئەندامانی حیزبەکانی دیکە؟ ئەوانیش دەنگیان لە لیژنەکەدا هەیەو ئەندامن، رەنگە ئەوانیش هەریەك هەڵبژاردەی خۆی هەبێ، دیارە ئەوانیش هەڵبژاردەی دوو حیزبە سەرەکییەکەیان لاپەسەند نەبێ، بێگومان دوو حیزبەکەش هینەکانی ئەوانیان لاقبوڵ نییە، ئەم قبووڵبوون و نەبوونە بێگومان سەرچاوەی ئەو حکومدانە لە میزاجی ئەندامی ناو لیژنەکەوەیە کەئەویش دەچێتەوە سەر میزاجی حیزبەکە جا ئەگەر ئەوبێ و ئەگەر ئەم بێ، هەردووکیان سەرچاوەیان دەچێتەوە سەر ئایدیۆلۆژیای حیزبەکە.

هەر لەبەر ئەوەیە دەبینی لە کوردستاندا ئەو گروپ و لایەنانە کەهەن، کێیان بوێ بەهەوەسی خۆیان ئاهەنگی بۆ سازدەکەن و رێزی لێ دەنێن، گوێیان لەوەنییە ئەوکەسە شایستەبێ یان نا! ئەگەر لایەنە رێزلێنەرەکە کە حیزب بێ ئەوە پێش هەموو شتێ ڕەچاوی حیزبیەت دەکات، رێز لەوانە دەنێن کە لەرۆژی تەنگانەدا لەدەربار ئامادەبووبێ و دەسی لەسەر سنگی دانابێ و ملی لەموو باریکتر کردبێ.

---

٤٧– ئەفسەرێکی ئەمریکی کە ناوی ـ thomas ـ دەبێ لەشەڕی داعشدا لە (حەویجە) لەرێکەوتی (١٠/٢٢/ ٢٠١٥) دا حەفتاو پێنج پێشمەرگە لەدەستی داعش رزگار دەکات، بەو بۆنەوە سەرۆکی ئەمەریکا لە رێکەوتی (٩/١١/ ٢٠٢٠) رێزی لێ دەنێ و گەورەترین میدالیای سەربازی پێ دەبەخشێ.

حیزب هەیە مردووەکانی کەسەر قافڵەی خەباتییەتی لە ساڵوەگەڕی مردنیاندا ڕێز لەهەندێ دەنێ مەبەستی ڕێز لێ وەرگرتنی ئەوکەسانە نییە کەڕێز لێنانیان بۆ دەکات بەڵکو بۆ ئەوەیە لەو ڕووەوە خۆی دەربخات و بەو ئاهەنگە بەزمانی حاڵ بڵێ: جەڵەوی کاروانی ڕۆشنبیری لەدەستمانە، بەوەش پایەو سایەی کۆچکردووەکانی لەدڵی ئەندامانی حیزبەکەدا نوێ دەکەنەوە.

**(٤)**

نووسەرو بەهرەدارانی وڵاتی ئێمە نابێ بەهیچ پێوەرێك بەنووسەرو بەهرەدارانی وڵاتانی خاوەن دەسەڵات و سەربەخۆدا بەراوردبکرێن، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبەوە لە وڵاتی ئێمەدا ئەدەب چۆن هاتووە تا ئێستا هەر وایە، هەموو پشت و پەنایەکی شاعیر بەرهەمەکانی خۆیەتی، لەکونجێکی خەڵوەتخانەکەیدا بەرهەمی هێناون و وەك جگەر گۆشەی خۆی لاواندوونیەتەوەو دڵی داونەتەوەو ڕەوانەی لای دۆستانی ناو کۆمەڵی کردوون، بەو بازیبەندەی لەقوڵی دەبەستن دەناسرانەوە کە خورپەی چە کەسن و ئازاری کێیان چەشتووەو بەفرمێسکی کام عاشیق گەشەیان کردووە.

شاعیرە خاوەن بەهرەکانی وڵاتی ئێمە بەو جۆرە پێشڕەوی کاروانی ڕێگەی درێژخایەنی مێژووی ئەدەبیان کردووەو بەم سەردەمەیان گەیاندووە، چاویان لەخەڵات و بەرات نەبووە، پاداشتی ئەوان هەر ئەوە بووە لەناو خەڵكدا بەرهەمەکانیان نازیان بدرێتێ.

ئەمە وەها بوو تا لەساڵی (١٩٩١) دا کە ئەستێرەی کوردان لەئاسۆدا گزنگی داو سەرلوتکەی شاخەکانی بەپرشنگی زێڕین درەوشانەوەو حکومەتی کوردستان لەبەر ئەو تیشکەدا دامەزرا، ئەوەبوو وەزارەتی ڕۆشنبیری سەر بەحکومەتی کوردستان بڕیاری ڕێزلێنانی بۆ نووسەران و هونەرمەندان لەساڵی (٢٠٠٤) دا دەرکرد، ڕێزلێنانەکە بڕە پارەیەکی مانگانەبوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەردەگیرا، بەراستی کارێکی گەلێ تۆکمەو بەجێ بوو، مەخابن وەزارەت کۆنترۆڵی ناسینی نووسەران و هونەرمەندانی لەدەست

بەربوو، هەر بابابوو دەچوو بەپاڵپشتی ئەم و ئەو داوای ڕێزلێنانی دەکردو بۆی دەردەچوو، ئەوکاتەش ئاشی دوو بەرەکەییەکەش لەگەڕدابوو، وای لێ هات فەرهەنگی ڕێزبەندی ناوی نووسەران بوو بەدەفری چێشتی میجەوەرەکەو ماش و برنج و ساوەرو شلەو وشکەی تێ ی پەسێنران، تەنانەت هەندێ کەسانی دەمڕاستی ناو حیزبەکانیش خێزان و خزمەکانیان بۆ ڕێزلێنانەکە خزاندبووە ناو نووسەران ئان هونەرمەندان!.

پرسی ڕێزلێنانەکە تەشەنەی کرد گەیشتە ئەو ڕاددەیە وەرزشکارانیش داوای بکەن.

بۆیە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان لەرێکەوتی: (١٩/ ٦/ ٢٠٠٠)

لەتەك فەرمانی نەهێشتنی دوو مووچەییدا ڕێزلێنانەکەشی لەنووسەرو هونەرمەندان بڕی.

*   *   *

خۆزگە: پەرلەمانی کوردستان ڕێزلێنانی بەقانون ڕێك دەخست.

خۆزگە: حکومەتی کوردستان لە نەورۆزدا ئاهەنگی ڕێزلێنانی بۆ بەهرەداران، لەبواری ئەدەب و هونەرو زانست و تەکنلۆژیاو بەر خوردان لەپێناو نیشتمان و ئازادی و ئاسایشدا لەو ڕۆژەدا بەفەرمی دەکردو سەرۆکی دەوڵەتی کوردی ڕێزلێنانەکەی لەئاهەنگەکەدا دەبەخشی.

*   *   *

٢٣/ ٧/ ٢٠٢٣